# گزینگ


١٦

گۆڤـــارێکی وەرزانەی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە

هاوینی ١٩٩٧(١٣٧٦)

- وتووێژ لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو: هۆمەر دزەیی
- هەوێتی لە گۆڕانهاتووی نەتەوایەتی و تێتنیکی:کوردەکان لە تورکیا و ئورووپا!
- کۆماری کوردستان لە ئاوێنەی بەڵگە نامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیادا
- کۆمارناسی: ساخکردنەوەی تاریخی گیرانێک
- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ ڕەخنەگر و شاعیر: «حەمەسەعید حەسەن» دا
- فیلمێکی ڕادیکاڵ لەمەڕ سەرهەڵدانی کورد

وتاری مێژوویی، ئەدەبی، زمانناسی، ڕەخنە، شێعر، کورتە چیرۆک، ڕانانی کتێب، هەواڵی کولتووری و هونەری و...



**به یادی شاعیری ناوداری کورد: مامۆستا حەسیب قەرەداغی (١٩٣١-١٩٩٧)، کە ماوەیێک لەوەپێش، لە گوڵزاری زەردهەڵگەڕاوی زێدەکەی غەریبانە بۆ هەمیشە کۆچ دەکا و نایێتەوە...**

# نایێمەوە

حەسیب قەرەداغی

بۆ بێمەوە.. تۆ دەتوانی بەڵێنی خۆت بە جێ بێنی؟
لە کوێ بەڵێنەکانت کوشت، بەڵێنی نوێ لەوێ بێنی؟
بۆ بێمەوە، بۆنی باخت وا بە بادا و
هێشتا سوخمەت نەکرابۆوە.
بۆ بێمەوە.. خۆ بولبولی پاسەوانیش، کە دەرت کرد
هێشتا سۆزی نەبڕابۆوە؟!
بۆ بێمەوە؟
تۆ ئەو چامەی چەندین خامەم بۆت خستە دەنگ،
کەچی میحرابی چاوی تۆ بۆ نوێژێکم نەیدا لە زەنگ.
بۆ بێمەوە؟
چراخان بوویت لە پشتمەوە کوژایتەوە،
وەکوو ڕۆمانی دڵداریی بێ قارەمان بڕایتەوە.
بۆ بێمەوە؟
تۆ ئەستێرەی شەوانم بووی، من گەڕیدەی ئاسمانی تۆ
من هەر شەوەی لە شارێ بووم،
بانگ نەکرامە سەر خوانی تۆ،
بۆ بێمەوە؟
تۆ پێت ووتم جەژنانەکەت بۆ ئەم جەژنە ماچی لێوە
هەر ماچێکیش تامی نەورۆز و باران و
گوڵ و پەیامی وا پێوە

نە ماچم کرد، نە جەژنانەت کردە کۆشم
تۆ دەتەوێت من ئەو عەیبانەت بپۆشم!
نایێمەوە؟... بۆ بێمەوە؟
لە کام تینا بتوێمەوە؟
بۆ کامە شەم بخولێمەوە؟
منی باخی شێعر و بەستە، بۆ کام وەرزت بشنێمەوە؟
نایێمەوە، بۆ بێمەوە؟
شکستی تازەجۆش خواردووم، بۆ پێت خۆشە
بشکێمەوە؟!
نایێمەوە.
من ئەو دەرگام، لە سەر (مەهدی) بووم، داخرام
زۆر حەستەمە بکرێمەوە...
بۆ بێمەوە؟ نایێمەوە
وا نەزانیت ووشک دەبم...
من ئەو تۆوەم بە بارانی سەر پەڵەیێک دەڕوێمەوە،
دەبم بە گوڵ، دەبم بە مەی دەخورێمەوە،
لە بازاڕی دڵداراندا، من ئەو قەرزەم دەدرێمەوە
هەر گوڵ زۆرە، بەیانیەک لە ناو گۆیکەی
یەکێکیاندا وەکوو ئاورنگ هەڵدێمەوە.

****

# گزینگ ـ ژماره ١٦

هاوینی١٩٩٧(١٣٧٦)

## نێوەرۆک

قسەی ئەو ژمارەیە ........................ س.ج. هێرش ٤
وتووێژ لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو: هۆمەر دزەیی ......... ئامادەکردنی هاشم وعەلی ٥
حەولدان بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی کوردی، ڕاگەیاندنی گروهی لێکۆڵینەوە ١٠
هەوێتی لە گۆڕانەهاتووی نەتەوایەتی و ئێتنیکی: م.ف.براونێسن....ح. قازی ١١
مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا(٨)....................... «ژیلا.ف»و «تەیفور» ٢١
کۆمەڵی دراساتی نێو نەتەوەیی ........................ ٢٦
کۆماری کوردستان لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکانی... بریتانیادا......... ئەنوەر سوڵتانی ٢٧
وەڵامێک لە سەر «کێ پاشای کوشت»......................... د. حەسەن جاف ٣٠
کۆمارناسی: ساخکردنەوەی تاریخی گیرانێک .................. ح قازی ٣٢
ئاڵەکۆک، گێژەڵوکەی جەعل و زریانی تەحریف ............... تاهیر عەلیار ٣٧
خەڵاتی ئاشتی بۆ یاشار کەمال ........................... هێدی ٤٠
باسێکی زمانناسی، پاشگری (انە)... ................ عەبدوڵلا ئیبراهیم زادە ٤١
فیلمێکی ڕادیکاڵ لەمەڕ سەرهەڵدانی کورد... ............. هاشمی ئەحمەدزادە ٤٤
هەڤپەیڤینێک لەگەڵ ڕەخنەگر وشاعیر: حەمەسەعید حەسەن دا ..........س. ڕەحیم ٤٦
شێعر: تەعبیری خەونێکی ئاڵۆز ......... ... .........قاسم مونەیەدزادە(هەڵۆ) ٤٩
شێعر: تارماییەکانی سێبەر! ........................ هاشم کۆچانی ٥٣
شێعر: سەرابی ڕێگاکان وشتی تریش ....... .............. پشکۆ نەجمەددین ٥٤
کورتە چیرۆک: واوەیلا .......................... ر. مەسعوود ٥٥
کورتە چیرۆک: سەمای مێیەتی ......... .............. ح.ک زمناکۆ ٥٨
کورتیلە چیرۆکی فرانتس کافکا ......................... هێدی ٦٠
ڤانگۆک دوایین نامە دەنووسێ ......................... هەندرێن ٦١
خورافات لە کۆمەڵی کوردەواریدا ..................... س. گ. ماکوان ٦٢
ڕانانی کتێب: «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ... ...... .. . س.ج. هێرش ٦٦
ڕانانی کتێب: «سیاسەتی دەوڵەتیی لەمەڕ زمانی کوردی» و «ڕاز» .....ح.قازی ٦٨

ISSN 1104 - 3473
چاپی سوێد: ژووییەی ١٩٩٧

**سەرنووسەر:**
سولەیمانی چیرە (هێرش)
**دەستەی نووسەران:**
هاشمی ئەحمەدزادە
ئەمیری حەسەنپوور
حەسەنی قازی
عەبباسی وەلی
**ڕاوێژکار:**
عەلی کەریمی

**ناوونیشان:**
**GZING**
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden
**ژمارەی فاکس:**
Fax: +46 - 650 - 94029
**ئی ـ مەیل:**
E-mail:chireh.solaiman
@hudiksvall.mail.telia.com.
**ژمارەی پۆستگیرۆ:**
Postgiro: 443 5022-1

• **گزینگ**، گۆڤارێکی وەرزیی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.
• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.
• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ نیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.
• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.
• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ناتێردرێنەوە.

## قسەی ئەو ژمارەیە

س.ج. هێرش

دوای ئەوەیکە دەستەی نووسەران کار و ئەرکی خۆی بە شێوەی ڕەسمی دەستپێکرد، سەبارەت بە ڕێباز و شێوازی گۆڤارەکە، کۆمەڵێک پێشنیار و خاڵی گرینگ سەرلەنوێ خرانەوە بەرچاوی سەرنج، کەوا لێرەدا بۆ ئاگاداری خوێنەرەوان هێندێکیان ڕادەگەیێندرێن.

١) گۆڤاری گزینگ تا ژمارە ١٥، «فەرهەنگی ـ ئەدەبی» ناسراوبوو کەوا لەم ژمارەیەڕا بە گۆڤارێکی: **«زانستی سیاسی ـ فەرهەنگی»** دەناسرێ و عینوانە ئینگلیسییەکەشی بەمجۆرە دەنووسرێ:

Journal of Kurdish Politics and Culture

ئەوەی ڕاستی بێ، هۆی گۆڕانی عینوانەکە، بەر لە هەموو شت ئەو مەبەستەی دەستەی نووسەران دەگرێتەوە کە لە ژمارەی داهاتووڕا بڕیار وایە پێرست و پوختەی بابەتەکان، هەروەها کورتەیێک لە وتار و نووسراوەکان بەتایبەت ئەو وتارانەی کە زیاتر لایەنی تیۆری و لێکۆڵینەوەیان هەیە، بە زمانی ئینگلیسی چاپ بکرێن، بۆ ئەوەی کۆڕوکۆمەڵە زانستی و زانستگاییەکانی هەندەران و هەروەها خوێنەرەوانی غیرە کوردیش، تاڕادەیێک بە ڕێباز و نێوەرۆکی گزینگ ئاشنا بن. لە سەرێکی دیکەشەوە، عینوانەکە دەبوو هەم لەگەڵ ڕێباز و نێوەرۆکی گزینگ وەک ڕەنگدەرەوە و ناسێنەری هەوێتی نەتەوەیی و فەرهەنگیی کوردی یەک بگرێتەوە و هەمیش لە نێو ئینگلیسی زمانەکاندا جێی سەرنج و پەسند بێ.

ئاشکرایە کە واژەرۆکی **«زانستی سیاسی ـ فەرهەنگی»** (politics & culture) دەتوانێ گەلێک بابەت و مەبەستی جۆراوجۆری مێژوویی، نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و تەنانەت ئەدەبی و هونەریش بگرێتەوە. بەڵام کاکڵ و واتای «زانستی سیاسی» لەگەڵ مەسەلەی باوی سیاسی، جیاوازە و نابێ ئەو مەبەستەی لێ چاوەڕوان بکرێ؛ هەرچەند مەسەلەی سیاسیش تا ئەو ڕادەیە دەرفەت دەدرێ کە لە بەستێنی باسی پرۆسەی **«نەتەوە ــ دەوڵەت»** (nation-state)ی کوردیدا بێ، نەک باسی سیاسی بە مانای ڕۆژانەی ژۆرنالیستی.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو خاڵەی سەرەوەدا، لە تەواوی ئەو نووسەرانەی کە بابەتی لێکدانەوەیی (analitical)، یان نووسراوەی لەو چەشنە دەنێرن، داوادەکرێ کە پوختەیێکی باسەکەشیان (لانیکەم لە ١٠٠ وشەدا، بە کوردی) ڕەوانە بکەن. دیارە، وتوویژ، شێعر، چیرۆک و هەروەها هەواڵی کولتووری و هونەری لەو مەبەستە ئاوارتە دەکرێ و دەستەی نووسەران بەگوێرەی پێویست ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنێ.

٢) حەوجێ بە گوتن نییە کە گۆڤاری گزینگ، گۆڤارێکی ئاکادێمی نەبووە و نییە، بەڵام تا ئەو جێیەی بلوێ، هەوڵ دەدرێ ڕێوشوێنی ئاکادێمی لە نووسین و لێکۆڵینەوەدا ڕەچاو بکرێ. بۆیە لەمەودوا، زیاتر گرینگیی بەو نووسراوانە دەدرێ کە بە فاکت و سەرچاوە و زانیاریی هەڵسەنگێندراو پشت ئەستوور بن.


٣) هەر وەک ئاشکرایە، گزینگ تا ئێستە شێوە ڕێنووسێکی یەکدەست و یەکگرتووی لەبەرچاو نەگرتووە و تەنانەت لە باری شێوازی لەهجە و درکاندنی هێندێک وشە و زاراوەشدا کە لەلایەن نووسەرانی مەڵبەندە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەکارهێنراون، شێوەیێکی هاوسان و هاوئاهەنگی نەبووە بەتایبەت لە باری فۆنێم و فۆرمی وشەوە زیاتر تێبینی خاوەن وتارەکان لەبەرچاو گیراوە. بۆ وێنە، لە بەکارهێنرانی ڕێنووسی وشەدا وەک: ئێوارە+یێک= ئێوارە+یەک، بەلا+یێک=بەلا+یەک، خواردەمەنی+یەک = خواردەمەنی+ێک، هەرچۆن+ێک بێ=هەرچۆنی+یەک/هەرچۆنی+ێک بێ، دەنووسرێت=دەنووسرێ، دەڕوات= دەڕوا، چۆوە=چووەوە، چۆنێتی=چۆنیەتی... نێتی=نییەتی، دۆزێوە=دۆزییەوە... هەروەها بۆ شێوازی لەهجەو درکاندن، وەک: هەندێک=هێندێک، جوگرافیا=جوغرافیا، ئەخۆم =دەخۆم(وابزانم لە زۆربەی نووسراوەکاندا ئەو «ئە»یانە کراون بە«دە» و جیاوازییەکە چارەسەر کراوە)، پەیوەندی= پێوەندی، شیعر=شێعر، تیادا=تێیدا، هەموو=حەموو...

هەڵبەت سەرەڕای هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی ئەو جیاوازییانە لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە، خاوەنڕایان و نوسەرانیش دەتوانن لە پێناو ئەو مەبەستەدا بەشداری بکەن و بە ناردنی پێشنیاری باش و بەکەڵک گۆڤارەکە یارمەتی بدەن.

٤) بە پێی ئەو نامە و پێشنیارانەی تا ئێستە بە گزینگ گەیشتوون، یان بە پێی ئەو باسانەی لێرەولەوێ کراون و بیستراون، هێندێک پێیان وابووە کە گزینگ چ لە باری نێوەرۆک و شێوازی نووسین و چ لە باری کەسایەتییەوە، ڕەنگی ناوچەیی (موکریانی) هەبووە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەبەستە و هەروەها گەلێک مەسەلەی دیکەی لەو چەشنە، بڕیاروایە دەستەی نووسەران، لە ژمارەی داهاتوودا پرسیارنامەیێک نێوئاخنی گۆڤارەکە بکا و بۆ خوێنەرەوانی خۆی بنێرێ. دوای پێداهاتنەوەی وەڵام و پرسیارەکان ـ ئەگەر بە دروستی وا بووبێ، دەبێ ئەو لایەنەش بە گوێرەی توانا و بە بەشدارییی نووسەرانی هەموو پارچەکان بەربەست بکرێ.

٥) هەروەک لە ژمارەکانی پێشووتریشدا مەسەلەی ڕەخنە و بابەتی ڕەخنەیی (critical) باوبوو، دیسانیش دەرگای گزینگ بۆ هەر چەشنە پێشنیار، ڕەخنە، بەسەرکردنەوە و وەڵامدانەوەیێک ئاواڵەیە، بە مەرجێک سنووری ئەزاکەتی زمان و قەڵەم بپارێزرێ. دیارە، وتاری جواب وجوابدانەوە کە بگاتە ڕادەی «جوابە جەنگی» پێشگیری لێ دەکرێ.

٦) حاشای لێناکرێ کە گزینگ وەک زۆربەی تێکۆشانە کولتوورییەکانی کوردی، دیاردەیێکی پیاوانە بووە و ژنان زۆر کەم خۆیان تێدا نواندووە. هەڵبەت ئەو بۆشاییەش دەبێ بە هەوڵ و هیمەتی ژنان پڕبکرێتەوە و لەوبارەشەوە، گزینگ بە سەکۆی ئاوپڕژێن کراو پڕ لە گوڵاو، پێشوازیان لێدەکا و باوەشی هاوکارییان بۆ دەکاتەوە. ■



وتووێژ لەگەڵ هونەرمەندی ناسراوی کورد: هۆمەر دزەیی

# «من مرۆڤێکی ڕۆمانتیکم»

ئامادەکردنی: هاشم ئەحمەدزادە و عەلی کەریمی

● پێشوازیی بەتین و هەموولایەنەی جەماوەری کوردی دانیشتووی سوێد لە نەورۆزی ١٩٩٦دا لە هونەرمەندی کورد،هۆمەر دزەیی،جارێکی تر لەلایەن کوردەکانی دانیشتووی بریتانیا لە نەورۆزی ١٩٩٧دا دووپاتبووەوە. ئەم پێشوازییە بێوێنەیە لە هونەرمەندێک کە پتر لە کاسێتێکی لە نێو کۆڕوکۆمەڵی کوردیدا بڵاونەبووەتەوە و هۆگرەکانی زانیارییەکی ئەوتۆیان لە سەری نییە، هانی داین داوای لێبکەین وتووێژێکمان لەگەڵدا بکات. کاک هۆمەر بە دڵئاوالەیی و ڕووخۆشییەوە پێشنیارەکەی قەبوڵ کردین و ڕۆژی ٢٧ی مانگی مارس لە لەندەن من وکاک عەلی کەریمی چووینە لای و ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێننەوە ئاکامی ئەو وتووێژەیە. بەر لەوەی وتووێژەکە دەست پێبکرێ کورتەیەک لە ژیاننامەی ئەو هونەرمەندەتان پێشکێش دەکەین.

کاک ،هۆمەر دزەیی، لە ساڵی ١٩٣٧ لە دێی ،دووگردکان، لە ناوچەی هەولێر لە دایک بووە. لە پاریس دیپلۆمی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەرگرتووە و لە زانکۆی ،ریدینگ،ی ئینگلستان بەکالاریۆسی لە ئاداب وەرگرتووە. هەروەها چەند کۆرسێکی ماستری لە زمانەکانی ئینگلیسی، ئاڵمانی، فرانسەیی و سپانیۆلی تەواوکردووە. کاک هۆمەر، لە زۆر زمانی ئورووپایی و ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شارەزایی تەواوی هەیە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٤دا چەند گۆرانییەکی لە ڕادیۆ بەغدا ـ بەشی کوردی، تۆمار کردووە. لە ساڵی ١٩٥٧وە تا ناوەڕاستی شەستەکان بەرپرسی بەشی هونەریی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا بووە. لە ساڵی ١٩٦٣دا، چەند سروودێکی نیشتمانی بۆ ڕادیۆی ،دەنگی کوردستان، تۆمار کردووە. ساڵی ١٩٨٨ چووەتە ئامریکا و لە ساڵی ١٩٢٢وە کارمەندی بەشی کوردیی دەنگی ئامریکایە.

دیارە بیر و ڕاکانی کاک هۆمەر لەم وتووێژەدا، بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی و پێوەندییان بە بەشی کوردیی دەنگی ئامریکاوە نییە.

**□ کاک هۆمەر، تکایە سەرەتای کاری هونەریی خۆتان لە بواری گۆرانیدا باسبکەن.. گوڵی خوێناوی و جوانی بێناو یەکەم گۆرانی ئێوە لەمێژساڵە بڵاوبوونەتەوە. بفەرموون چۆن بوو ئەم شێعرانەت هەڵبژارد و مێژووی تۆمار کردنی ئەم گۆرانییانە دەگەڕێتەوە کەنگێ؟**

ـ شێعری ئەم گۆرانییانە، هی مامۆستا «گۆران»ن. مێژووی ئەم گۆرانییانە زۆر دەگەڕێتەوە دوایە. یەکەمجار لە چلەکاندا برادەرێکی زۆر دەنگخۆش بە نێوی مەحمود محەممەد (ناسراو بە «خولەی حەمە لیلێ») لە بەشی کوردیی رادیۆ بەغدا ئەم گۆرانییانەی گوتووە. ئاوازی ئەم گۆرانییانە نازانم هی کێن، بەڵام بێشک هی خوولە نین. زۆرکەس دەڵێن کە ئاوازەکان هی ڕەفیق چالاک بوون، بەڵام لای زۆر کەسیش وا نییە و تائێستا ڕوون نییە ئاوازی ئەم دوو گۆرانییانە واتە گوڵی خوێناوی(باغچەی پاشا...)و جوانی بێناو(قژ کاڵی لێوئاڵی...) کێ دایناون. ئەو شێوەیەی خوولەی حەمە لیلێ پێی گوتووە جیاوازییەکی لەگەڵ شێوەی من هەیە. هی ئەو سووکتربوو. ئەوەی من بە حوکمی ئەوەیکە ماوەیەکی زۆر لە ئورووپا ژیابووم ویستم شێوەکەی وا بگۆڕم کە لەگەڵ گوێچکەی ئورووپاییەکان باشتر بگونجێ. ئەم شێوەیە دەکرێ لە گۆرانی (ئامۆزاگیان) کە لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە و منیش گوتوومە ببنیرێ. بۆ نموونە ئەمن شێوەی فۆلکلۆری "ئامۆزا گیان"م کە زۆر سووکتر دەگوترێ گۆڕیوەتە سەر

←

شێوەیەکی خاوتر. هەمان دەستکاریم لە گوڵی خوێناوی و جوانی بێناویشدا بە دوو هۆ کردووە: یەکەم بۆ ئەوەیکە لەگەڵ گوێچکەی ئوڕووپاییەکان جوانتر بگونجێ و دووهەم لە بەر ئەوەیکە من بۆخۆم وەک ئینسان سروشتێکی ڕۆمانتیکم هەیە. هەروەها بە لێکدانەوەی خۆم من گەرووم لەگەڵ ئەم شێوەیە باشتر دەگونجێ. پێش ئەوەی ئەم گۆرانییانە لە ڕادیۆی بەغدا تۆمار بکەم لە ئوڕووپا لە ئەوڕۆز و دانیشتنی خۆمانەدا ئەم شێوە گوتنەم ڕەچاوکردبوو.

**☐ ئەم گۆرانییانە چ ساڵێک تۆمار کران؟**

ــ جوانی بێناو لە ساڵی ١٩٦٨ لە تەلەڤیزیۆن تۆمار کرا، بەڵام بڵاونەکراوە. گوڵی خوێناوی لە ئەورۆزی ٧٠ تۆمار کرا و بڵاوبۆوە. لە ٧٥ دووبارە جوانی بێناوم بە شێوەیەکی تر تۆمارکردەوە. لە ٦٨دا گرووپی ئەنوەر قەرەداغی مۆسیقاکەیان بۆ لێدام. بەڵام لە ٧٥ بەداخەوە بە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ و چوونی گرووپە موسیقا کوردییەکان بۆ شاخ، گرووپێکی مۆسیقای عەرەبی هاوکارییان کردم و هەر لەبەر ئەوە شێوەکەی گۆڕا.

**☐ کاک هۆمەر، لە مێژووی هونەر وئەدەبدا زۆر شۆڕەسوار دەبیندرێن کە سەرەڕای بەرهەمی کەم زۆر ناسراون و ناویان هەر لە ئارادا ماوە. بۆ نموونە لە بواری شێعر و ئەدەبدا کەسانێک وەک سوارەی ئێلخانی زادە، مامۆستا حەسەنی قزلجی... یان لە ئەدەبی بێگانەدا کەسێکی وەک کریستوفێر مالرۆ تەنیا بە هۆی یەکدوو بەرهەم ناویان دەرکردووە. پێموایە ئێوەش یەک لەو کەسانەن کە بە هۆی دەرکردنی کاسێتێک ناوا ناسراون. پرسیار ئەوەیە ئەگەر سوارە بە هۆی مەرگی ناوەخت و قزلجی بە هۆی قەفەسی تەنگی حیزبایەتی و مالرۆش بە هۆی کوژران لە دوئێلێکدا، نەیانتوانی بەرهەمی زۆر بخوڵقێنن؛ ئێوە بەخۆشییەوە ئێستاش جوان و قیت وقۆزن... بۆچی درێژەتان بە کاری هونەری نەداوە؟**

ــ دەبێ پرسیارەکە بە جۆرێکی تر بکەین واتە دەبێ بپرسرێ چۆن بوو دەستم پێکرد نەک چۆن بوو وازم لێهێنا؟ من هونەرم وەک پیشە قەت ڕەچاو نەکردووە، واتە قەت گۆرانیبێژ نەبوومە. بۆ نموونە گوتنی دوو گۆرانیی گوڵی خوێناوی و جوانی بێناو تەنیا بە ڕێکەوت بەبۆنەی ئەورۆزی ٦٨و ٧٠ گوتراون. ڕاستە لە ٥٤ کاتێک لە بەغدا خوێندکاری سانەوی بووم چەند گۆرانییەکم لە ڕادیۆ گوت و یەکدووساڵ بڵاوکرانەوە، بەڵام لە ٥٥ کاتێک چوومە ئوڕووپا گوتم بڵاویان مەکەنەوە و بە خۆشییەوە ئەوانیش بە قسەیان کردم و شەماڵ سائیب لە نامەیەکدا بۆی نووسیم کە خۆی بە دەستی خۆی ڕەشی کردبوونەوە. هەر وەک دەبینن من قەت وەک پیشە گۆرانیبێژ نەبووم لەبەر ئەوەی سەیر نییە وازیشم لێهێنابێ

**☐ هۆی کۆمەڵایەتی دەکاردابوو یان...؟**

ــ ناڵێم هۆی کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵام نەک زۆر. ڕاستە من لە بنەماڵەیەکی ئاغازادە هاتوومەتە دنیا و باب وباپیرانم هەموو ئاغای دەرەیی بوون بەڵام کاکم (کاک ئەحمەد) پیاوێکی زۆر پێشکەوتوو بوو و گوێی نەدەدا قسەی هێندێک لە خزمان کە بە لایانەوە عەیب بوو من بچم لە ڕادیۆ گۆرانی بڵێم و ئەوەیان پێ چاوەشی بوو. جارێکیان داوام لە کاکم کرد دوای تەواوکردنی خوێندنی سانەوی بچم ئاکادێمیای هونەریی بخوێنم. کاکم زۆری بەدڵ نەبوو، بەڵام وانەبوو پێشگریشم لێبکات. ڕاستە تا ڕادەیەک هۆی بنەماڵەیی لە ئارادا بوو بەڵام خۆ دەمتوانی بە گوێیان نەکەم و ئەمکارە بکەم. ئەوەی ڕاستی بێ خۆشم زۆر ماندوو نەکرد و خۆم تەرخانی خوێندنی زانستی سیاسەت کرد و لە بواری هونەردا وەک ئاماتۆر مامەوە.

**☐ لەو دواییانەدا هاتوویە سەر شانۆ و ئەمجارەیان تەنیاش نی، بەڵکوو هاوکارێکی جوانیشت لەگەڵ خۆت هێناوە مەبەستم «لارا»یە، دەکرێ هۆی گەڕانەوەی ئەمجارەتان بۆ باس بکەی؟**

ــ با دە پێشدا باسی ئەوە بکەم لە ساڵی ٧٥ من لە باڵوێزخانەی عێراقی لە ڤیەنا ئیشم دەکرد، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکاتی عێراق بۆ بەشداری لە ئاهەنگی ئەورۆز لێی گێڕامەوە. من لەم گەڕانەوەیەدا دیسان دوو گۆرانییەکانی گوڵی خوێناوی وجوانی بێناوم تۆمار کردەوە وچەند گۆرانییەکی تر وەک: بریندارم، ئامێنێم تاقانەی دایە و گۆرانییەکی تورکیشم تۆمار کرد و دیسان خواحافیزیم لە گۆرانی گوتن کرد و گەڕامەوە ئوڕووپا.

گەڕانەوەی ئەمجارەشم هەروا دیسان بە ڕێکەوت وکاتی یە. دەزانن کە ئێستا کوردێکی زۆر لە ئوڕووپا و ئامریکا دەژین و لە ناو ئەوانەدا زۆر هونەرمەندی کورد وەک ناسری ڕەزازی، ئەجمەی غولامی، مەزهەری خالەقی و... هەن و چالاکی دەنوێنن، هێندێک خەڵک لێم دەپرسن باشە ئەی تۆش بۆ شتێک ناکەی، جارجارە خویەک نانوێنی؟ منیش ڕاستییەکەی ئەو فکرەم لا خراپ نەبوو، وەک ئینگلیسی گوتەنی: Why not?(بۆچی نا؟) ئەوەبوو کە پار لە سەر داوای «ڕەوەند موزیک» هاتمە سوێد و ئەمساڵیش لە سەر داوای مەڵبەندی کوردی لە لەندەن هاتمە ئێرە هەروەک دەبینن ناوناوە ئەم کارانەم کردووە بەڵام قەت نەبووم بە گۆرانیبێژێکی پیشەیی وتەواووەخت.

**☐ ئەدی «لارا»؟**

ــ دیارە دەنگ بەهرەیەکە خودا بە ئینسانی دەبەخشێ وبە فێربوون نییە «لارا» ش هەر بە زگماکی دەنگی خۆش بوو. کاتێک سێ چوارساڵانە بوو کە لێرە لە لەندەن دەژیاین هەستم بە دەنگ خۆشی کرد و لەوەش گرینگتر دەمدیت زۆری حەر لە گۆرانییە و بەشێوەیەکی سەیر سەرنج دەداتە مۆسیقا. نیتر من ئیشم لەگەڵ کرد و زانیم کە زۆر زوو فێر دەبێت. لارا وردەوردە فێری گۆرانی ئینگلیسی، کوردی، فارسی وعەرەبی بوو بەمجۆرە مامۆستای پیانۆ ودەنگم لێرە و لە ئامریکا بۆگرت و بایەخێکی زۆرم پێدا. لارا ش وەک بابی خۆی دەچێ و نایەوێ وەک گۆرانیبێژی پیشەیی خۆی نیشاندا و ئەوەش هەر جارجار خۆیەک دەنوێنێ پێش هاتنمان بۆ لەندەن فارسەکان لە ئامریکا بانگیان کردبوو بۆ کۆڕێک، لەوێ گۆرانییەکی «گوگووش»ی گوتبوو کە زۆری پێشوازی لێکرابوو. قەراربوو گۆرانییەکی کوردیشیان بۆ بڵێ بەڵام چونکە مۆسیقاژەنی نەبوو نەیتوانیبوو.

**☐ کاک هۆمەر، باسێکی گشتیمان لە سەر مۆسیقای کوردی بۆ بکە. مۆسیقای کوردی لە هەلومەرجی ئێستادا چۆن دەبینی و ئیمکانی گۆڕانکاری و پێشکەوتن لەم بوارەدا چۆنە؟ مۆسیقای کوردی هەتا کەنگێ دەبێ لە بازنەی دووپاتکردنەوەی فۆلکلۆردا خول بخواتەوە و مۆسیقای کلاسیک و نوێی کوردی کەنگێ خەتی تەواویان لە نێواندا دەکێشرێ؟**

ـ هونەری کوردی هەتا ئێستا بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی بووە لە فۆلکلۆر و ئەویش دەریایەکی بێ بنە و هەتا لێی هەڵێنجی بنی نایە. بەداخەوە بەشێکی زۆری فۆلکلۆری کوردی فەوتاوە. بەخۆشییەوە بەشێک لە فۆلکلۆری کوردی بەهۆی زەحمەتی هێندێک کەس، چ بە دەنگ وچ بە نووسران تۆمار کراوە و لە فەوتان ڕزگاری بووە. بەڵام مرۆڤ نابێ هەر لە چوارچێوەی فۆلکلۆردا خۆی قەتیس بهێڵێتەوە. لێرەدا پرسیار ئەمەیە پیاو چۆن دەتوانێ مۆسیقای نەتەوەی خۆی وەپێش بخات؟ بەڕای من ئەوانەی هەتا ئێستا خەریکی کاری مۆسیقا بوون وێناچێ کارەکەیان لە سەر بناخەیەکی ئاکادێمیک دەست پێکردبێ. زۆربەی مۆسیقاژەن وگۆرانیبێژانی ئێمە، هەرکەس لە ماڵی خۆی وبەڕای خۆی کارێکی کردووە و ناوی ناوە پێشخستنی مۆسیقای کوردی. لەوانەیە کەسانێک بەتایبەتی جیلی گەنج ئەمەیان پێ پێشکەوتن بێ و پێیان خۆش بێ، بەڵام هەن کەسانێک کە ئەم گۆڕانکارییەیان بە دڵ نییە. بە بڕوای من مەرجێکی سەرەکی بۆ گۆڕانکاری لە مۆسیقای کوردی هەبوونی ئاکادێمیایەکی هۆنەری یە کە لەوێ لە سەر بناخەیەکی زانستی بۆ پێشخستنی مۆسیقای کوردی هەوڵ بدرێ. دیارە هەبوونی ئاکادێمیایەکی وا بەستراوەتەوە بە هەبوونی دەوڵەتی کوردی. لە ئاکادێمیایەکی ئاوا دایە کە مرۆڤی وا باردێت کە بتوانێ ئاواز دابنێت. هەتا ئێستا لە کوردیدا کەسمان نییە بتوانێ ئاواز دابنێ. لە دانانی ئاهەنگدا دەبێ هەم شێوەی کوردی بوونی بپارێزرێ وهەمیش نوێ بێ.

☐ کارەکانی ئیقباڵ حاجبی لەم بوارەدا چۆنن؟

ـ نەمبیستوون.

☐ جوان حاجۆ؟

جوان حاجۆم بیستووە وپێم کارێکی نوێ وجوانە. «کامکار»ەکان کاری جوان وبەپێزیان کردووە. دیارە ئەوان بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانیان مۆدێرن کردووە، کارێک لە چەشنی کارەکانی من و ئەمە شتێکی ڕێکوپێکە. چونکە فۆلکلۆری کوردی هەرچەند خۆشیش بن زۆر یەکنەواختن ودەبێ گۆڕانکارییەکیان تێدا بکرێ کە هەر یەک شت دووپات نەبێتەوە ومرڤی پێ وەڕەز نەبێت.

**☐ کاک هۆمەر، ڕات لە سەر بابەتەکەی کاک ناسری ڕەزازی کە لە مامۆستای کورددا بڵاوی کردەوە و تێیدا ئێوە و شەماڵ سائیب بە پێشەنگی مۆسیقای نوێی کوردی دادەنێ چییە؟**

ـ ئەو شتەی کاک ناسر لە سەر منی نووسیوە هەمووی ڕاستە و پێموایە ئەو زۆر بە جوانی نووسیویە و منیش زۆری سپاس دەکەم. لە پێوەندی لەگەڵ کاک شەماڵ سائیب دا دەبێ بڵێم: من و ئەو زۆر هاوڕێی نزیک بووین و من زۆرم خۆشدەویست، بەڵام لە هەمان کاتدا بەردەوام کێشەمان بوو کاک شەماڵ لە من بە تەمەنتر بوو من لە سەرەتادا دەمەویست لاسای ئەو بکەمەوە. بەڵام زوو وەخۆ هاتمەوە و ئەو کارەم نەکرد. ڕاستە کاک شەماڵ گەیشتە لووتکە و زۆر کەس بەتایبەتی لاوەکان کە لە لاوک و حەیران ماندوو ببوون، زۆریان نوێخوازی کاک شەماڵ بەدڵ بوو. بەڵام کاک شەماڵ زۆر بە لای مۆسیقای عەرەبیدا کەوت و هیچ هەستی کوردیی لە کارەکانیدا نەما وبە تەواوی کەوتە ژێر کارتێکەریی مۆسیقای عەرەبی کە ئەوە بە لای من دیاردەیەکی جوان نییە.

**☐ کاک هۆمەر نکۆڵی لە ڕۆڵی هەبوونی دەوڵەتی کوردی و ئاکادێمیای هونەری لە پێکهێنانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە مۆسیقادا ناکرێ، بەڵام تۆ بڵێی لە هەلومەرجی نەبوونی دەوڵەتی کوردیشدا مەجال نەبێ بۆ هێندێک گۆڕانکاری؟ وەک ئەوە وایە بڵێین هیچ کوردێک نابێتە پزیشکێکی چاک هەتا دەوڵەتی کوردی نەبێ.**

ـ هەم نا و هەم نا... نا، بەو مانایە کە کوردی دەرەوەی وڵات زەختی لەسەر نییە کە پێشی بگیرێ لە هەنگاونانەوە بۆ گۆڕانکاری لە مۆسیقای کوردیدا. نا، بەو مانایە کە باشە هونەرمەند لە سەر چ بناخەیەک دەست بەم گۆڕانکارییە دەکات؟ دەبێ ئاکادێمیایەکی هونەری ئەساس وزەمینەی مۆسیقای کوردی لەبەرچاو بێت بۆ وەدیهێنانی گۆڕانکاری. لەبەر ئەوەی بەرناوردی دوکتور (پزیشک) و مۆسیقازان بەرناوردێکی ڕاست نییە. تا ئەو جێگایەی من بزانم لە کۆنە سۆڤیەت هێندێک کار لە باری هێنانە سەر کاغەزی نۆتی گۆرانییەکوردییەکان کراوە کە ئەوە خۆی یارمەتییەکی باشە بۆ تۆمارکردنی مۆسیقای کوردی و وەک بناخەیەک بۆ کار لەسەرکردن بە ئامانجی پێشخستنی.

**☐ کاک هۆمەر، با لە دنیای هونەر و مۆسیقادا بێینە سەر دنیای سیاسەت. ئەختێک باسی نێوانی خۆت وسیاسەتمان بۆ بکە، لە ڕابردووی ژیانی سیاسیت ولە ئێستا...**

ـ منیش وەک هەموو کوردێک بە هۆی دابەشبوونی وڵاتەکەمان تێکەڵاوی سیاسەت بووم و کابرا گوتەنی سیاسەت لەگەڵ خوێنمان تێکەڵاو بووە. زۆر چاکم لەبیرە لە ساڵی ١٩٤٣ کە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم، کۆمەڵەی ژێکاف(ژ.ک)پەڕیبۆوە ئەودیوی سنووری دەستکرد و ئەوکات کەسانێک سەرەڕای منداڵیمان ئێمەیان لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژ.ک دا ڕێکدەخست و زۆر باشم لەبیرە لە لاپەڕەی هەوەڵی هەموو کتێبەکانماندا دەمانئووسی ژ.ک و ئاڵایەکی لولوخواردووی کوردستانمان بە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ لە لاپەڕەی کتێبەکانماندا دەکێشاوە. مامۆستاکانیشمان چونکە کورد بوون هیچ دەنگیان نەدەکرد و پێشگیرییان نەدەکردین...

**☐ وەک لەبیرت بێ ئەودەمی ژ.ک تان وەک کورتەی چی بەکاردەهێنا؟ کۆمەڵەی ژیانی کورد یان ژیانەوەی کورد... چونکە ئێستا باسێکی وا لە نێو لێکۆڵەرەوانی کورد هەیە و لە نێوانیاندا جیاوازی دەبیندرێ لە سەر ئەسڵی وشەکە.**

ـ ... من پاشان زانیم دەبێ ئەوە ژیانەوەی کورد بێ. ئەوکات هەر دەیانگوت ژ.ک. پاشان دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان جموجۆڵی سیاسی لە کوردستانی عێراق هەر بەردەوام بوو و بنەماڵەی ئێمە بەگشتی لە گەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان بوون و ئەمنیش وێڕای وان. کە چوومە ئورووپا لە چوارچێوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا چالاکیم هەبوو و ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکاران بووم لەگەڵ دوکتور کەماڵ فوئاد، سەعد ی دزەیی(برام)، کاوس قەفتان و... پاشان کرام بە بەرپرسیاری بەشی هونەری و فۆلکلۆریی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد. ئەم ڕەوتە لە نێوەڕاستی پەنجاکانەوە هەتا ناوەڕاستی شەستەکانەوە بەردەوام بوو و چالاکییە هونەرییەکانی کۆمەڵەم بەڕێوەبرد وەک مۆسیقا، نەورۆز... ئەوەش بڵێم هەڵپەرکێکەرێکی باشیش بووم. تاکوو لە ٧٥

←

بەدوای تێکشکانی شۆڕش وازم لە حیزبایەتی هێنا و لەو سەردەمیڕا ئیتر خۆم بیر وباوەڕی سەربەخۆم هەیە و تێکەڵاوی سیاسەت هەم، بەڵام نەک بە شێوەی ئاکتیڤ.

**☐ کاک هۆمەر، لە لێکدابڕانەکەی مەکتەبی سیاسی و مەلامستەفا دا لایەنی کامیانت گرت؟**

ـ وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە.

**☐ باشە، بە پێی هەبوونی کوردێکی زۆر لە دەرەەی وڵات، چاوەڕوان دەکرێ کە ئەو خەڵکە بتوانن کارتێکەرییان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوەوە هەبێ. لە مێژووی گەلانی تردا زۆرجار بینراوە دانیشتووانی دەرەوەی وڵات هۆیەکی سەرەکی بوون لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان. بەداخەوە لە دەرەوەی وڵات ئێستاش هەر درێژەی ڕەوتی ڕووداوەکان و لایەنەکانی ناوەوە دەبیندرێ وکارتێکەرییەکەی ئەوتۆ بەدی ناکرێ. ڕای ئێوە لە سەر ئەرکی کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات چییە؟**

ـ بە بڕوای من کوردانی دەرەوەی وڵات، بە پێی ئەوەیکە لە فەزایەکی ئازاد ودێمۆکراتیکدا دەژین ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانە. ئەگەر کولتووری تایبەتی کوردستان وەک هەمووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەجالێکی وا نادات بە ڕووناکبیرانی ناوەوەی وڵات، لێرە لە دەرەوەی وڵات دەبێ ڕووناکبیران ڕۆڵێکی وا بگێڕن کە ببێتە نموونە بۆ ئەوانەی ناوەوەی وڵات. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە لە کوردستان کولتووری سیاسی، ئازادی و دێمۆکراسیمان نییە. لە ئورووپا ئەم کولتوورە بە دەیان ساڵە لە ئاستی خێزان و کۆمەڵدا سەقامگیر بووە و ئێمە دەبێ لێی فێرببین. ئێمە دەبێ فێری ئەوە بین کە دەتوانین بیروڕای جیاوازمان هەبێ و دیسانیش بە یەکەوە کار بکەین. ئێمە دەبێ باوەڕمان بە مافی ئۆپۆزیسیۆن هەبێ. بەڵام بە داخەوە هەروەک ئێوە ئاماژەتان بۆ کرد لێرە لە دەرەوەی وڵاتیش ئێمە ڕەنگدانەوەی دیاردە ناحەزەکانی ناوەوە دەبینین. ناتەبایی و دوژمنایەتی ڕێی یەکگرتن و هاوکارییان بەستووە. بە بڕوای من ڕۆشنبیری کوردی دەرەوەی وڵات دەبێ لە ئاست ڕووداوەکانی ناوەوە هەڵوێستی هەبێ و نەترسێ ڕووداوە ناڵەبارەکانی کوردستان لە قاو بدات. هێندێک کەس دەڵێن ئێمە نابێ چیلکە بە ئاگرەوە بنێین و ئاگری ناکۆکییەکانی ناوەوە خۆش بکەین. من پێموایە بە پێچەوانە، ئەوەی لامان ڕاستە دەبێ داکۆکی لێبکەین و ئەوەی پێشمان هەڵەیە دەبێ بەرپەرچی بدەینەوە. بۆ نموونە کاتێک ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و باڵەکەی تری حیزبی دێمۆکرات لێک جیابوونەوە ئێمە دەبوایە گوتبامان کامە لا دە هەڵە دایە و کامە لا ڕاستە و لایەنە خراپ و باشەکانی هەردووک لامان خستبا ڕوو. بۆ یەکیەتی و پارتییش هەر دەبێ وا بکەین. ئەگەر ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵات هەڵوێست بگرن، پێموایە کار دەکاتە سەر دانیشتوانی ناوەوە. جابۆیە ئێمە نابێ پشتی پشتی لە لایەنەکانی کورد بکەین، دەبێ بە هەموو توانامانەوە کردەوەکانیان هەڵسەنگێنین و چاکە وخراپەکانیان لە قاودەین.

**☐ وەک ئاگادارێکی سیاسی و وەک کەسێک کە لە پێوەندیی بەرەوام دان لەگەڵ هەواڵەکانی کوردستان، ڕاتان لە سەر هەلومەرجی کوردستان بەتایبەتی خوارووی کوردستان چییە؟**

ـ ڕاستییەکەی ئەوەیە دەبێ کورد پێش هەموو کەسێکی تر بۆ خۆی پشتی خۆی بخورێنێ. دیارە هەلومەرجی جیۆپۆلیتیکیی کوردستان شتێکی ئەستەم ودژوارە، چوار دەوری کوردستان بە دەوڵەتانێک گیراوە کە نایانەوێ کورد سەربەخۆ بێ و بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدەن چەت لە کاری کوردەکان باوێن. بەداخەوە کورد قەت خاوەنی ڕێبەرایەتییەکی سیاسی ئەوتۆ نەبووە کە بتوانێ لە لێکدانەوەی ئەم هەلومەرجە دژوارانەدا، لە هەموو بارێکەوە سەرکەوتوو بێ. ڕێبەرانی کورد دەبێ لە سەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی بجوڵێنەوە نەک لە چوارچێوەی قازانجی بەرتەسکی حیزبایەتییەوە. من سەبارەت بە دواڕۆژی کوردستان گەشبین نیم. بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر ڕەشبینیش نیم. میللەتانی جیهان زۆریان کارەساتی تاڵ بەسەر هاتووە و تووشی گەلێک گیروگرفت هاتوون. بەڵام ئاخیری تێهەڵچوونەوە و سەرکەوتوون. نەتەوەی کوردیش سەرەڕای ئەو هەموو مەینەتە ڕۆژێک هەڵدەستێتەوە و بێگومان سەرکەوتوو دەبێ. میللەتان قەت نامرن، شەوی ڕەش بەسەر دەچێ و ڕووناکی وەدیدێ.

**☐ کاک هۆمەر لە سیاسەتەوە بۆ ڕادیۆ... ئێوە چەند ساڵێکە لە ڕادیۆ ئامریکا ئیش دەکەن و زۆربەی کوردان دەنگتان دەبیسن. من پێموایە ئێوە لە کاری رادیۆدا تووشی زۆر گیروگرفت لە چەشنی زاراوەکان و وشە و... دەبن، ئەگەر دەکرێ هێندێک باسی شێوەی چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانەمان بۆ بکەن. بۆ نموونە ئێوە گیر وگرفتی زاراوە سەرەکییەکانتان چۆن چارەسەر کردووە، خۆ خودانەخواستە ڕەوشی فیفتی فیفتیتان ڕەچاونەکردووە؟**

ـ با لە گیروگرفتی زاراوەڕا دەست پێبکەین. بەداخەوە ئێمە وەک کورد خاوەنی زمانێکی ستاندارد نین. چەند لەهجەی سەرەکی و بگرە چەندین بن لەهجەشمان هەیە. بەڵام هەروەک دەزانن دوو لەهجە لە ئەدەب ونووسراوەی کوردیدا زاڵن: ١) کرمانجی ژووروو؛ ٢) کرمانجی خواروو یان بە قسەی زمانەوانان کرمانجی ناوەڕاست. دیارە خەڵک بە شێوەیەکی ڕەمەکی ئەم دوو زاراوانە بە سۆرانی وکرمانجی نێودەبەن. ئێمە لە رادیۆ ئامریکا بەگشتی ئەم دوو زاراویەمان دەکارهێناوە ، ڕاستە گۆرانی و زازا و هەورامیشمان هەیە، بەڵام خۆ ئێمە ناتوانین هەمووان دەکار بێنین. ئەم هەڵبژاردنە بە پێی زۆربوونی قسەکەران و ئەدەبیاتی ئەم دوو زاراوە سەرەکیانەیە. جا هەرچەند ئاخێوەرانی کرمانجی بە ژمارە پترن بەڵام ئێمە لێرە سیاسەتی فیفتی فیفتیمان ڕەچاوکردووە. ئەم سیاسەتە لە کوردستان ئاکامی باش نەبووە، بەڵام بۆ رادیۆکەی ئێمە شتێکی باشە. دەوڵەمەندیی ئەدەبی کوردی بەسۆرانی هۆیەکی ئەم سیاسەتەیە. هەرچەند ئێستا کرمانجییش دەورێکی زۆر باش وگرینگ دەبینێ و جێگای هیوایە. جا ئێمە بە شێوەیەکی تێکەڵاو بە هەردووک زاراوەکان قسە دەکەین و پرۆگرامەکانمان بڵاودەکەینەوە.

لەمەڕ گیروگرفتی وشە، ئاشکرایە تەنیا لە هەلومەرجی هەبوونی دەوڵەتدا وشەی نوێ جێی خۆی بە تەواوی دەکاتەوە. ئەوە دەوڵەتە کە بەهۆی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی وەک خوێندنگە ومیدیا و... وشە تازەکان دەباتە نێو جەماوەر و دەیانکاتە باو. بە هۆی نەبوونی دەوڵەتەوە ئێمەی کورد لە بواری وشەوە زۆر فەقیرین. لەبەر ئەوەی گەڕەلاوژەیەکی سەیر پەیدا بووە و هەر کەسە لەبەر خۆیەوە وشەیەک دادەنێ و پێیوایە لە هەمووان باشترە، من لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد دا لێم بیست کە ئەویش بە دەست ئەم گەڕەلاوژەیەوە ناڵەی دێ. ئێمە لە

رادیۆ ئامریکا هەوڵ دەدەین بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو سەرچاوە و بڵاوکراوەی کە بە دەستمان دەگات بۆ دانانی وشە کەڵک وەرگرین. زۆرجار ڕەخنەمان لێدەگیرێ کە وشەی نامۆ بەکاردێنین و زۆرجاریش پێشوازیمان لێدەکرێ. من زۆرجار گوتوومە رادیۆ ئامریکا وەک تیغێکی دوودم وایە، هەم چاکە وهەم خراپ. هەم دەکرێ خزمەتی زمانی کوردی پێبکرێ وهەمیش بەپێچەوانە. ئەوەیکە ئەم رادیۆیە بە زمانی کوردی پرۆگرام پێشکەش دەکات هەلێکی گەورەیە بۆ پێشەوە بردنی ئەم زمانە. بەڵام ئەگەر ئێمە لە هەڵبژاردن ودانانی وشەدا وشیار نەبین و بە هۆی ئەم رادیۆیە وشەی سەیر وسەمەرە بڵاوبکەینەوە، لام وایە کارێکی باشمان نەکردووە. ڕاستییەکەی ئیمکانی ئێمەش بۆ دانانی وشە سنووردارە و خەڵک لایان وانەبێ ئێمە هەموو پرۆفیسۆرین و هەموو شتێکمان لە دەست دێ. نا، ئێمەش وشە دادەڕێژین و ئەوە دەمێنێتەوە زانایانی زمان کە ڕایان لە سەر دروستی ونادروستی ئەم وشانە چ بێ.

**☐ ئایا ئێوە دەتوانن وەک کاربەدەستانی رادیۆ ئامریکا، لێژنەیەکی زمانەوانی لە پسپۆڕانی کورد پێکبێنن و هەوڵ بدەن بۆ پێشخستنی زمانی یەکگرتووی کوردی؟**

ـ وەک کارمەندی رادیۆ ئامریکا, نا... چونکە خۆی رادیۆیەکی دەوڵەتی یە و دیارە ئەرک و ئامانجی خۆی هەیە. بەڵام وەک تاقەکەس ئێمەش دەتوانین وەک ئێوە لە هەوڵی شتی وادا بین. دیارە زۆرجاریش لە رادیۆ بانگەوازمان داوە کە زمانزانانی کوردیارمەتیمان بدەن و هیواداریین ئەم کارە بکەن.

**☐ کاک هۆمەر، هیچ زانیاریتان هەیە کە چەندەتان گوێگر هەیە و رادیۆکە لە نێو خەڵکدا چەندە جێگای خۆی کردووەتەوە؟**

ـ بێ هیچ گومانێک رادیۆی دەنگی ئامریکا ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە و کورد قەت شتی وای بەخۆیەوە نەدیوە کە لە رادیۆیەکی ئاوا سەحێب نێو زمانی خۆی ببیسێ. هەر لەسەرەتاوە دەوڵەتانی فارس و تورک وعەرەب زۆریان پێناخۆش بوو ئەم رادیۆیە کرایەوە. ئەوە دانپێدانانێکی گەورەیە بۆ ڕەسمیەت دان بە زمانی کوردی لە ڕیزی زمانی نەتەوەکانی تردا. خەڵکێکی زۆر پێوەندیمان پێوە دەگرن و دەستخۆشانەمان پێدەڵێن. تەنانەت کەسانێک کە ڕەخنەشیان لە شێوەی ئاخافتنماندا هەیە هەر دەڵێن کە کارێکی گرینگ دەکەن و رادیۆکەیان بە دڵە. هێندێک لە زمانزانەکان ڕەخنەمان لێدەگرن کە زمانی کوردیمان تێکداوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە هەبوونی رادیۆکەیان لا گرینگە. بەگشتی پێشوازییەکی زۆرمان لێکراوە. ئێستا ئاماری دروستی گوێگرانمان لە دەستدا نییە، بەڵام لە داهاتوودا هەوڵی ئەم کارە دەدەین. تەنیا ئەوە بەسە کە بڵێم بە پێی ئەو نامانەی پێمان دەگەن گوێگرمان یەکجار زۆرە بەتایبەتی لە ناو کوردەکانی تورکیا

**☐ ئێستا با بێینە سەر کتێبەکەتان، «چیرۆکی ئەویندارییم». دەپێشدا بڵێم کە بەڕای من کتێبەکەی ئێوە لانیکەم لە باری زمانەوە و بەتایبەتی ئەو فەرهەنگۆکەی کە وەک پاشکۆی کتێبەکە بڵاوتان کردووەتەوە، کارێکی کەم وێنەیە و بەرهەمێکی دەوڵەمەندە و جێی پیرۆزبایی یە. بەڵام وەک بەرهەمێکی ئەدەبی پێمولیە زۆر قسەی لەسەرە و دەبێ خاوەنرایان لە هەموو بارێکەوە هەڵی سەنگێنن. لە وتووێژێکی ئاوا کورتدا ناکرێ بە پیر ئەو ئەرکە گرینگەوە بچین. تەنیا دەمەویست ئاماژە بە دوو خاڵان بکەم:**

**١) لە کۆنتڕانست و بەرئاوردکردنی ڕۆژئاوا و کوردستان، وێنەکان وا نیشان دراون کە لایەنی پێشکەوتوویی و ئازادی هی ڕۆژئاوایە و لایەنی دواکەوتوویی هی کوردستان. بۆ نموونە لە باسی ئافرەتدا، ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەند کراوە و تەنانەت باسی «ماچی بە دزی»دەکەی. من ناڵێم ماچی بە دزی وەک ئێوە دەڵێن خۆش نییە، بەڵام بۆ دەبێ ئەو شتەی کە بە ئافرەتی ڕۆژئاوایی ڕەوا دەبینرێ بە ئافرەتی کورد ڕەوا نەبیندرێ؟ مەبەستم مافی ژنە نەک ئیشتیای پیاو.**

**٢) لە باسی توێژ وچینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا ستایشی هەموویان دەکەی و لە ئاغا و دەروێشەوە بگرە هەتا سەپان وشێخ ومەلا... بە هەموویان هەڵدەڵێی. تۆ مافی خۆتە ئەوانەت هەموو خۆش بوێن، بەڵام وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دەکرێ مرۆڤ ڕەخنە لەو هەڵوێستە بگرێ کە ئاخر ئایا لەو کۆمەڵگەیەدا چین وتوێژی پێشکەوتووخواز و کۆنەپەرست نابێ لێک هەڵاواردرێن؟**

ـ من لە نووسینی ئەم کتێبەدا ویستوومە تەنیا هەست و ئەوینی خۆم سەبارەت بە وڵاتەکەم دەرببڕم، لایەنی سیاسی و پێشکەوتوویی و شتی وام لەبەرچاو نەگرتووە، تەنیا هەستی خۆم دەربڕیوە نەک شتێکی تر.

**☐ ئێوە مەبەستتان هەرچی بوو بێت کە بەرهەمی ئەدەبی هاتەدەر، دەکەوێتە بەر چاوی ڕەخنەگرانەی خوێنەرەوان. لە شێوەیەک لە ڕەخنەی ئەدەبی دنیای ئەمڕۆدا قسە لە سەربەخۆیی تێکست واتە نووسراو دەکرێ و وەک «ڕۆلان بارت» دەڵێ: نووسەر مردووە و ئەوەی دە حەسێب دێ تێکستەکەیە. جا ئەو شتانە و زۆر شتی تر کە لە سەر بەرهەمەکەی ئێوە دەگوترێ لە سەربنەمای ئەم بۆچوونەیە. ئاشکرایە هەر بەم پێوانەیەش دەبێ باسی لایەنی بەهێزی بەرهەمەکە بکرێ... ئەوەش بڵێم لێرەدا مەسەلەی ڕوانگە دێتەگۆڕێ ومن پێموانییە هەموو کەس بە یەکچاو بڕوانێتە دیاردەکان و شتەکان. پێی شیکردنەوە و بیروڕای جیاواز لەمەڕ پێشکەوتوویی و... دێتەگۆڕێ.**

ـ من کە کوردستانم بەجێهێشتووە ئاوام دیتووە کە لە کتێبەکەمدا باسی دەکەم. دیارە من زۆر ساڵە لە کوردستان دوور بوومەتەوە. ئێستا کە بە خەیاڵ دەگەڕێمەوە دوایەئەم شتانەم دێنەوە بەرچاو. لەو ساڵانەی دووریدا، دیارە زۆر خۆشی وناخۆشیم بینیوە وەک لە پێشیشدا باسم کرد من ئینسانێکی ڕۆمانتیکم و وەک هەموو ئینسانە ڕۆمانتیکەکان بۆ نموونە (زۆربای یۆنانی) و (لۆرد بایرۆن) وزۆر شاعیرانی تری ڕۆمانس ڕابردووم لا پیرۆزە.

**☐ ئەگەر بێتوو باسەکە ئاوا قووڵ بکەینەوە و بچینە سەر تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانتیسم، هەڵبەت لەویشدا جوانی و ئاحەزی لێک جیا دەکرێنەوە، بڕوانە ویکتۆر هۆگۆ و بۆچوونی ئەو لە سەر ژان والژان و ژاوێر و کۆزێت وبنەماڵەی تۆرنادیە... یان تەنانەت لە هێندێک ئەدەبی سەدەی بیستیشدا بۆ نموونە "ئەدەبی لادێ" کەسانێک وەک یاشار کەماڵ سەرەڕای گەڕانەوە بۆ دوایە، دیاردەکانی کۆمەڵایەتی لێک جیادەکەنەوە و هەموو شتێک بە چاوێک نابینن.**

ـ تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر پێشکەوتن، ڕاستییەکەی من ئەگەرچی لایەنی پێشکەوتوویی تیکنیکی لە ئەڕووپادا زۆر دەبینم بەڵام

←

پێموانییە ئورووپا (ڕۆژئاوا) لە باری کۆمەڵایەتیشەوە پێشکەوتووە. بۆ نموونە من دەڵێم بۆ دەبێ وا بیر بکەینەوە ماچی ئازاد و لەبەرچاوی خەڵک پێشکەوتوویی یە؟ من ماچی بە دزیم پێخۆشە. دیارە من لە باری مافەوە لە سەر مافی ژن وپیاو بە شێوەیەکی یەکسان پێدادەگرم. بەڵام لام وایە کچیش هەر ماچی دزی پێ خۆشترە. من دەزانم ڕۆژئاواییەکان زۆر هەست بە خۆشی و بەختیاری ناکەن.

☐ **کاک هۆمەر، با ئەم باسە هەڵگرین بۆ هەلێکی تر... پێتوایە گۆڤارێکی کوردی لە دەرەوەی وڵات دەبێ چۆن بێ و ڕات لە سەر گۆڤاری گزینگ چییە؟** ـ لە ڕاستیدا گۆڤار و ڕۆژنامە هەتا زۆر بن باشترە. بە لەبەرچاوگرتنی گیروگرفتی چاپ و بڵاوکردنەوە باشترە نووسەران هەوڵ بدەن بە یەکەوە کاربکەن و گۆڤاری بەپێز دەربکەن. ئەمە باشترە لەوەیکە هەر کەس لە بەر خۆیەوە و بەتەنیا گۆڤارێک دەرکات کە بە کردەوە دوای ماوەیەک دەوەستێ.

من ناو ناوە گزینگم بە دەست دەگات و پێم گۆڤارێکی باشە. هەتا ئێستا وتارەکان و لێکدانەوەکانیم پێ باش بووە. من هەموو ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گزینگ ناناسم تا ئەو جێیەی ئاگام لێیە کاک حەسەنی قازی و مامۆستا ئەمیری حەسەنپوور لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانن. ئەوانە ئینسانی ناسراو و شارەزان و دڵنیام کاری گۆڤارەکە زۆر وەپێش دەخەن. بە گشتی گزینگ م پێ گۆڤارێکی باشە و هیوادارم لە داهاتووشدا سەرکەوتووانە درێژە بە کاری خۆی بدات.

☐ **کاک هۆمەر، ئەگەر پەیامێکت هەبێ و بتەوێ بە خوێنەرەوانی گزینگ ی ڕابگەیێنی فەرموون.**

ـ من پێموایە کوردانی دەرەوەی وڵات نابێ گۆڤارە کوردییەکانیان لا سووک بێت و دەبێ تا ئەو جێگایەی بۆیان دەلوێ ئەم گۆڤارانە بکڕن و بەشدارییان تێدا بکەن و بایەخیان پێبدەن. تۆ ئەگەر سەیری جوولەکە و ئەرمەن بکەی ئەوانیش قۆناخی وایان تێپەڕاندووە و هەر ئاوا توانیویانە دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. کوردەکان گەرچی هەستی نەتەوایەتییان زۆر بەهێزە بەڵام بەداخەوە نازانن دەبێ چ بکەن. چونکە هەست بە تەنیایی بەس نییە و دەبێ تێکەڵاوی زانست بکرێ.

☐ **کاک هۆمەر یەکدنیا سپاس...**

ـ سپاس بۆ ئێوەش، هیوادارم سەرکەوتوو بن.

⊡ ⊡ ⊡ ⊡ ⊡ ⊡ ⊡

## حەولدان بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم

لە مانگی فێڤرییەی ساڵی ١٩٩٦ بە دەستپێشخەری کاک نەدیم داغ دێوەرەن و پشتیوانی دارایی بنیاتی کولتووری لەمەودوا(Stiftelsen framtidens Kultur) حەولی دامەزراندنی کتێبخانە و پێکهێنانی نێوەندی سەنەد و بەڵگەی کوردی دەستپێکرد. بە پێی ناساندنێکی سەبارەت بە ئامانجەکانی ئەوکارە بە ئینگلیسی بڵاوبووەتەوە. ئەوکتێبخانەیە لە سێ بەش پێکدێ: کتێبخانە، کۆکردنەوەی سەنەد و بەڵگە و بنکەیەکی کامپیوتێری لە سەر کوردۆلۆژی.

ئێستا کاری بنکەی کامپیوتێری دەستی پێکردووە و لە سەر هێڵی Internet ، لاپەڕەی خۆی هەیە. کتێبخانەی کوردی تاکوو ئێستا لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردناس و زانای کورد و لاوەیی پێوەندی دامەزراندووە و بۆ ئەوەی وەک دەستەی ڕاوێژ یارمەتی کارەکانی بدەن، لەوانە:

پرۆفسۆر عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ، مامۆستا عومەر شێخمووس، دوکتور ئەمیر حەسەنپوور، دوکتور مارتین ڤان براونێسن، دوکتور یوهانێس مەییر ـ ئینگورسن، دوکتور مکاییل شایەت، پرۆفسۆر شاکرۆی خدۆ و پرۆفسۆر جۆیس بلاو.

هیوادارین کاری دامەزرانی ئەو کتێبخانەیە سەربگرێ و لەقەدەر خۆی لە خزمەت بە فەرهەنگی کورد تێبکۆشێ. ☐

## ڕاگەیاندنی پێکهاتنی گروهی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژنی کورد

## Kurdish Women´s studies and Activism: A Global Research Network

ئامانجی ئەم گروهە پەرەپێدانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژنی کورد و پێوەندی جینسییەت(gender relations) لە کوردستان و دەرەوەی وڵاتە. یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو دەستەیە پێوەندی دانان لە نێو ئەوانەیە کە خەریکی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژنی کوردن یان لە بزووتنەوەی ژنی کورددا چالاکی دەکەن. بەرنامەیێکی ئەو گروهە دانانی کتێبێکە سەبارەت بە ژنی کورد، دانانی بیبلیۆگرافیای ژنی کورد، هەروەها دامەزراندنی ئارشیو و کتێبخانەی تایبەتیی ژنی کورد.

بۆ بەشداریکردن لەم پرۆژەدا یان بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر پێوەندی بە ئادرێسی خوارەوە بگرن(زمانی نوسین:کوردی، فارسی، ئینگلیسی):

Dr. Shahrzad Mojab
Assistant Professor OISE/UT
252 Bloor Street West
Toronto, Ontario
CANADA M5S 1V6
Fax: (416)926-4725
E-mail: smoiab@olse.utoronto.ca

# هەوێتی لە گۆڕانهاتووی نەتەوایەتی و ئێتنیکی: کوردەکان لە تورکیا و ئوڕووپا![١]

Shifing national and ethnic identities: the Kurds in Turkey and Europe
Martin Van Bruinessen
March 1996

**نووسینی مارتین ڤان براونێسن**
**وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی**

هەوڵی سەرەکی من لەو باسەدا ئەوەیە بیسەلمێنم کێشەی کورد کە لە سالآنی ۹۰ دا بەرەو و ڕووی تورکیا بووە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ پرسی کورد کە لە سالآنی ۱۹۲۰ و ۱۹۳۰دا وەڕووکەوت و هەروەها ئەو جورە سیاسەتانەی «نەتەوەچێکەر» کە لە سەروبەندی پێشووتردا زۆر سەرکەوتووانە جێ جێ کران، لە وانەیە لە سەروبەندی ئێستادا ئاکامی پێچەوانەیان هەبێ. لە ماوەی چارەکەی دووهەم وسێهەمی ئەم سەدەیەی تێیداین، ڕەوتی گشتی لە نێو کوردەکانی تورکیا، ئێران و عێراق دا ئەوەبووە بەرەبەرە لە نێو «دەوڵەت نەتەوەکان»ی تورکیا، ئێران و عێراق دا یەکانگیر ببن و لە کوردە هاوکوفەکانی خۆیان لە وڵاتە دراوسێیەکان دوور کەونەوە. بەڵام ئەم ڕەوتە لە سالآنی ۱۹۷۰وە بە پێچەوانە بووە. بووژانەوە و سەرهەڵهێنانەوەی ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی لە ڕێکی جیهانی دا شوێنی لە کوردانیش کردووە. ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە دەوروبەری جیهانیدا ڕووی داوە، لەمەش زیادتر، بە شێوەیەکی جیدی پاوانی پێشووی دەوڵەتانی لە سەر ئامراز و کەرەستەی «نەتەوەچێکردن» لاواز کردووە و هەنگاوی سەرکوتکەرانە کە ڕاستەوڕاست بۆ کپکردنی دەربڕینی هەستی ناسیۆنالیستی کوردی [هەڵهێندراوەتەوە] شوێنی پێچەوانەیان بووە و لە جیات ئەوەی لە نێوی بەرن بوونەتە هۆی بەهێزتربوونی.

**نەتەوە چێکردن، سەرکەوتنەکان و تێکشکانەکان**

لە سالآنی ۱۹۲۰ بەم لایەوە، تورکیا، عێراق و ئێران سیاسەتێکی ئەوتۆیان بەڕێوە بردووە تا دانیشتووانی وڵاتەکانیان کە لە باری ئێتنیکییەوە جۆراوجۆرن دەسەریەک کەنەوە و نەتەوەی یەکدەستیان لێ ساز کەن، ئەوانەی کە پێشتر بە هۆی وەفاداری دینی و سەر لە پێناوی بنەماڵە فەرمانڕەواکان بەیەکەوە ڕاگیرابوون. ئەو سێ دەوڵەتە تازەیە، زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانیان لە نێو خۆیاندا دابەشکرد و، لە چوارچێوەی هەر سێی ئەم دەوڵەتانەدا ئەو گرووپە ئێتنیکەی کە سەلماندوویە وەخۆکردن و یەکانگیرکردنی کاری هەرە زەحمەت و دژوار بێ، کوردەکان بوون.[٢] دیارە ئەو دژوارییە وەنەبێ لە بەر هێز و توانای ناسیۆنالیزمی کوردبێ، بەڵکوو زیادتر دەگەڕێتەوە سەر ژمارەی کوردەکان و بناخەی کۆمەڵایەتیی عەشیرەتی کۆمەڵگەکەیان.

ئەوە ڕاستە، کە تا سەرەتای سالآنی ۱۹۲۰، لە نێو چینە خوێندەوارەکاندا ناسیۆنالیستی کورد و کۆمەڵەی ناسیۆنالیستی کوردی هەبوون کە تێیاندا خەڵکی هەرێمی جۆربەجۆر و بە بەسترانەوەی دینی جۆراوجۆرەوە بە یەکەوە بەشدارییان تێدا دەکردن. لەگەڵ ئەوەشدا نفوزی ئەوان بە گشتی لە نێو دانیشتووانی کورددا بەتەواوی بەرتەنگ بوو ئەگەر لە گەڵ دەستەڵاتێکی دەستڕۆیشتووی ئەریتی وەکوو شێخ سەعیدی پالوو، شێخ مەحموودی بەرزنجی سلێمانی یان سەرۆکی شکاکان سمایل ئاغا ڕێک نەکەوتبایەن. ئەو ڕاپەڕینە گەورانەی وا لە لایەن ئەو دەستەڵاتە ئەریتییانەوە ڕێبەری کران جوێ بوون لە سەر بزێوییە ئەریتییە عەشیرەتییەکان لە دژی ڕێژیمە نێوەندییەکان بە ئەوەی ڕا کە تۆو (element) ێکی ئاشکرای ناسیۆنالیستی لە واندا بە دیارەوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی بەشدارانی ئاسایی[لەو ڕاپەڕینانەدا] ئەنگێزەی تێوەچوونیان لە بەر وەفاداری سەبارەت بە سەرۆکە عەشیرەتییەکانیان یان ڕێبەرە دینییەکان و گوێ لە مستی ئەوان بوو، نەک لەبەر هەبوونی هەستی سەر بە نەتەوەی کوردبوون.[٣]

جێگەی سەرنجە، ئەو سەر بزێوییانە لە ڕووبەرێکی جوگرافیایی بەرتەنگ دا مانەوە و پشتیوانییەکەی زۆر کەمیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە لێکرا. سەرەڕای بەربڵاوی وشیاریی سەبارەت بە هەوێتی کوردی، هێشتا ئاواتێکی پتەو بۆ سەروەری(حاکمییەت) لە سەر بنەمای ئێتنیسیتەی کوردی لە گۆڕێدا نەبوو. پەیماننامەی سێڤر(۱۹۲۰)بە ڕوونی هێمای بەو دەرەتانە کردبوو ئەگەر زۆربەی کوردەکان ئاواتێکی ئەوتۆیان دەربڕیبایە،[بەڵام ئەو دەمی]بۆ زۆربەی کوردەکان هاوپێوەندیی عەشیرەتی یان ناوچەیی، یان پێڕەوی لە ئیسلام بوو کە حیسابی بۆ دەکرا. تا کۆتایی ۱۹۲۲، ڕێبەری کوردی عێراق شێخ مەحموودی بەرزنجی بیری لە هاوکاری لە گەڵ بزووتنەوەی کەمالیستی لە ئانادۆڵی دەکردەوە لە سەر بناوانی هەوێتی هاوبەشیی موسوڵمانی (هەڵبەت، دیارە بێزوقێزی هاوبەشیش لە بوونی بریتانیاییەکان لە هەرێمدا).

لە هەر سێ وڵاتەکاندا، سەرکوتکردنی سەربزێوییە کوردییەکانی سالآنی ۱۹۲۰ نیشانەی دەستپێکردنی سیاسەتەکانی «نەتەوەچێکردن»ە کە تەنێ وردەوردە خۆیان دەگرت و دادەمەزران. ڕاگواستن و دوورخستنەوەی بەکۆمەڵ، بۆمببارانی هەوایی لادێیەکان و بە لانیکەمەوە لە کەیسێکدا ئەو کارەی کە وێدەچێ زەبر وزەنگێکی ژێنۆسیدیانە بێ لە دژی خەڵکی بێچەک و لاشەڕ نیشانەی لایەنی هەرە دڕندانەی ئەو سیاسەتانە بوون.[٤] لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر گرینگتر و ئاخرەکەی زۆر سەرکەوتووانەتر، ئەو شێوەیە زۆر هێمنانەترانە بوون کە ڕێژیمەکانی نەتەوە چێکەر لە هەموو جێگەیەک دەستیان داوەتێ: خوێندنی گشتیی تۆبزی، خزمەتی گشتی لە ئەرتەشدا(بە لانیکەمەوە بۆ پیاوان) و [دامەزراندنی] ڕادیۆ و چاپەمەنی

ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت. پاوانکردنی نووسین بە کوردی، کە بە شێوەیەکی زۆر توندتر لە تورکیا و ئێران داسەپێندرا، پێوەندی ئەمدیوئەودیوی سنوورە دەوڵەتییەکانی بەرتەنگ کرد و دەستەبەری ئەوە بوو زمانی کوردی بەرەو پێش نەچێ و نەبێ بە ئامرازێکی لەبار بۆ پێوەندی لە چوارچێوەی مۆدێرن و شارستانیدا. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا، دنیای تازە تەنێ بە ڕێگەی زمانی دەوڵەتدا شیاوی دەست وێڕاگەیشتن بوو، ئەو کوردانەی کە بە تورکی خوێندەواربوون و هاوکووفە کوردەکانیان کە عەرەبی یان فارسییان بەکاردەهێنا دەستیان بەوەکرد لە عالەمی ڕەمزیی جیاوازدا خۆیان ببیننەوە.

لە بەرایی سەدەی بیستەمدا، جیاوازی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کەمتر بوو و، پێوەندیی هاسان، لە نێوان ئەندامانی دەستە ئێلیتی بەشە جیاوازەکانی کوردستان لە گوڕێدابوو. لەو کۆمەڵانەدا کە دوای ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەمبووڵ دامەزرێندران و، دیسان لە ١٩١٨، ئێمە ئەندامانی کوردی عێراقی ئێستا و تورکیای ئێستا دەبینین، ئەوان لە عەینی گۆڤارە کوردییەکاندا هاوکارییان دەکرد و هیچ گیروگرفتیان نەبوو بۆ لێتێگەیشتنی نووسینەکانی یەکتر. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دەیەکانی دواتردا، کوردە ئێلیتەکانی سێ وڵاتەکە و، بەدووی ئەواندا دانیشتووان بەگشتی، دەستیان بەوەکرد لە یەکتری دووربکەونەوە. کوردەکانی عێراق بێئەوەی دەست لە کوردبوونی خۆیان هەڵگرن، وردە وردە زیادتر بوون بە عێراقی و تەنانەت تا ڕادەیەکیش عەرەباوی بوون، ئەوانی ئێران زیادتر بوونە ئێرانی و کوردەکانی تورکیا زیادتر بوونە تورکییایی. ئەوە ڕاستە کە وشیاریی لەمەڕ هەوێتییەکی هاوبەشی کوردی و ئیدەی ڕووتی قازانجی هاوبەش وەنەبێ قەت بە یەکجاری لەناوچووبێ، بەڵام قەڵشتی فرەوانبووی نێوان فەرهەنگ و بۆچوون ڕێی لە کردەوەی هاوبەش گرتووە.

پەروەردەی نارەسمی، بەتایبەتی بە ڕێگەی بەشداریی سیاسی، چ لە ماشێنی سیاسەتی پارتییە دامەزراوەکاندا و چ لە ڕێکخستنە زۆر ئیدەئۆلۆژییەکانی بەرهەڵستکارییدا، شایەد زیادتر یارمەتی فرەوانتر بوونی ئەو قەڵشتەی دابێ تا سیاسەتە ڕەسمییەکانی حکوومەتی. کوردەکانی عێراق، خووخدەیەکی سیاسی عێراقیی جیاوازیان وەرگرت و، ئەو کوردانەش لە تورکیا کە نەتوابوونەوە جۆرە شێوەیەکی سیاسییان وەخۆ کرد کە دەستبەجێ لە ئی کوردەکانی عێراق یان ئێران دەکرایەوە. تا ئاخر و ئۆخری ساڵانی ١٩٧٠، کاتێک کە بزووتنەوە سیاسییەکانی جەماوەریی کوردی لە تورکیا و ئێران و هەروەها لە عێراق سەریان هەڵدا، گەڵاڵەکردنی ئامانجەکانیان ئاوێنەیەک بوو لە دمەتەقەی عەرەبی، فارسی و تورکی و شایەد زیادتر لە هەموو شتێکی کە بەتایبەتی کوردی بێ. جێی سەرنجە، تەنانەت بۆ چەمک(concept)ی کلیلی وەکوو ئۆتۆنۆمی، کوردەکانی ئەو سێ وڵاتانە زاراوەی جیاواز بەکاردەهێنن.

تەنانەت ئەو نموونەیەی کە بەگوێرەی ئەو ناسیۆنالیزمی کورد وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەری هەڵهێنا دەرەجەی سەرکەوتنی تێکۆشانی تورکیا بۆ نەتەوە چێکردن دادەگرێتەوە. ئەمن تووشی ژمارەیەکی زۆر کوردی ناسیۆنالیستی چالاک بووم کە (پێشتر) تا کاتی خوێندن لە زانکۆ خۆیان بە تورک زانیوە یان تەنانەت دواتر هەوێتی کوردی خۆیان "دۆزیوەتەوە"، لە ناو پارتی ورێکخراوە جۆربەجۆرەکان کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لە تورکیا پەیدا بوون، تەنێ یەکیان، پارتی دێمۆکراتی کوردستانی تورکیا (تکدپ)، ئیلهامی لە پارتییەک هەر بە هەمان نێو لە عێراق وەرگرت، ئەوانی دیکە بە دەم وەگەڕخستنی سەرانسەریی سیاسی لە تورکیا پەیدابوون و، لە زۆربەی کەیساندا وەکوو دەستەی جیابووەوە لە بزووتنەوە سیاسییەکانی تورکیا ڕاوێژی زاریان، بیرکردنەوەیان و شێوەی دمەتەقەکردن و موناقەشەیان و ئەو بابەتانەی موناقەشەیان لە سەردەکرد هەموو وەک ئی تورکیا وابوون و زۆر کەم وەئی کوردەکانی عێراق و ئێران دەچوون. زۆربەی قسەوێژانی جیاوازیخوازی نوێی کوردی لە تورکیا ــ ئەمن پێموایە، ئەوە، لێوردبوونەوەیەکی گرینگە ــ لەناو ئەو جۆرە کەسانە هەڵکەوتن کە زۆر [قووڵ] لە فەرهەنگی تورکیدا یەکانگیر ببوون. ئەوان گشتیان دەقی ئەو جۆرە کتێبە مەدەنییانەیان خوێندبووەوە کە لەلایەن فوسون ئۆیستەل لە وتەکەی لەم کۆنفرانسەدا شیکرانەوە و، زۆربەیان لە پلەیەک لە ژیانیاندا ستایشتکاری ئاتاتورک بوون.

هەڵبەت ئەوە بە زەحمەت جێی سەرسوڕمانە، چونکوو نموونەی زۆری ئەوتۆ لە نێو بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی دیکەدا دەبیندرێ، بەتایبەتی لە کۆلۆنییەکانی پێشووی ئوڕووپادا. لە گاندی یەوە بگرە تا پۆل پۆت، ڕێبەرانی ناسیۆنالیست لە کۆلۆنییەکاندا لەژێر نفووزی قووڵی پێکهێنەری مەدرەسە و زانکۆکانی دەوڵەتەکۆلۆنیالیستییەکاندا بوون و، زۆربەی بیروڕاکانیان لە پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە تەک فەرهەنگی کۆلۆنیالیستەکاندا فرچکی گرت. هەمان شت لە سەر ڕێبەرانی بزووتنەوە هەرێمییەکان ڕاستە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا لە «دەوڵەت ــ نەتەوە»کانی ئوڕووپاییدا پەیدا بوون. سەرهەڵهێنانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە نزیکەوە بە دەستوێڕاگەیشتنی زیادتر بە خوێندنی بەرز لە ساڵانی دوای شەڕی جیهانی گرێدراوە و هەروەها بە زێدەبوونی وەگەڕکەوتنی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی (کە هەر دووی ئەوانە یارمەتی کرد بە یەکانگیربوونی ئێلیتی کورد لە فەرهەنگ و سیاسەتەکانی تورکیدا) و داکشانی خێرای بناخە نەریتییەکان لەوان ساڵاندا.[5]

ئاڵوگۆڕ لە ١٩٨٠کانەوە بە پێچەوانە و بە بارێکی دیکەدا گەڕاوە لە ئاست ئەو دیەنەی وا سەبارەت بە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ ـ ١٩٨٠ دێتە بەرچاو. تێکەڵاوی و پێوەندی لە نێوان کوردەکانی وڵاتە جۆربەجۆرەکان زیادی کردووە و، ڕەنگە ئێرانی لێ دەرچێ. قەڵشتی چاوە ڕوانکراوی نێوان کوردەکانی هەر وڵاتە و هاونیشتمانە ناکوردەکانیان فراوانتر بووەتەوە. ئەوە بەرو بووی دەستەیەک هۆکارانە، کە لە نێو ئەواندا چوار هێشووی (cluster)سەرەکی دەکرێ بناسرێتەوە:

**ئەلف:** زوڵم وزۆریی سەخت و توندوتیژ لە دەربڕینی هەستی جیاوازیخوازی یان تایبەتی کورد(و تەنانەت زۆر زیادتر چالاکی ڕێکخراوەیی سیاسی) لە تورکیا، عێراق و ئێران، کە ئاکامی لە شوێن خۆ هەڵقەندرانی بە لێشاوی دانیشتووان، چ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە و چ بۆ دەرەوەی سنوورەکان لە هەرێمدا بووە.

بێ: باشتربوونی بەرچاوی ئامرازی گواستنەوە و پێوەندی، کە ئاکامی ئەوەش بووەتە هۆی زێدەبوونی بەرچاوی وەگەڕکەوتنی (mobility) خەڵک و بیروڕا، کە تەنێ دەکرێ تاڕادەیەک لەلایەن حکوومەتەکانی دەوڵەت ڕا کۆنترۆڵ بکرێن.

پێ: بوونی ژمارەیەکی گەورەی کۆمەڵگەی موهاجیری تورک وکورد لە ئورووپای ڕۆژئاوا و، جەوێکی سیاسی لە وێ کە لایەنگری لە فەرهەنگە کەمایەتییەکان دەکا.

تێ: تەواوبوونی شەڕی سارد و لەبەریەکهەڵوەشانی یەکێتی شوورەوی( کەجەرەیانی شەڕی کەنداو دەکرێ بە یەک لە نیشانەکانی دابندرێ).

**جووڵانی دانیشتووان لە هەرێم**

بەربەرەکانی بەگوڕی تورکیا لە دژی ناسیۆنالیستە کوردەکان دەستبەجێ بە دوای کوودەتای عەسکەریی ساڵی ١٩٨٠دا، بووە هۆی ئەوە کە زۆر لەو کوردانەی ببوونە سیاسی ڕاکەن بۆ وڵاتە دراوسێیەکان(تەنێ بۆ ژمارەیەکی کەم لەوانە ئورووپای ڕۆژئاوا یەکەم سەرپشک بوو). لە سەرەتاوە کوردستانی ئێران شایەد دراوسێی هەرە بەخێرهێنەر بوو، سەرەڕای شەڕ و پێکدادانی عەسکەریی لە نێوان بزووتنەوەی کورد و ئەرتەشی ئێران و «سپای پاسداران». ئەو پەنابەرانەی لە تورکیاڕا هاتبوون لە لادێیەکانی کوردستانی ئێران یان لە ئۆردووگەی پارتیزانەکاندا دەژیان و، لەوێ لەگەڵ زمان، خووخدە و فەرهەنگی سیاسی کوردەکانی ئێران ئاسیاو بوون ـ تا ئەو ڕادەیە کە لە کێشەکانی نێوان خانەخوێیەکانیشیاندا تێوەگلان.

لەبەر ئەوەی کە هێرشی عەسکەریی ئێران لە دژی کوردەکان سەرکەوتووانە بوو، پارتیزانە کوردەکانی ئێران و میوانەکانیان ڕەپاڵ نران و بە دەستەی بچووک دابەشبوون و خۆیان لە نزیک سنوور گرتەوە و، دواتر لە سنوور پەڕینەوە (١٩٨٢ ـ ١٩٨٣). لەو سەروبەندە ناسکەدا، یەک لە ڕێکخراوەکانی کوردی عێراق، پدک( قیادەی مووەقەتە)، لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی لە دژی کوردەکانی ئێران هاوکاری دەکرد و، پارتییەکەی دیکەی کوردی عێراق، ینک، لە باری عەسکەرییەوە چالاکانە پشتیوانی لە کوردەکانی ئێران دەکرد. کوردە ناسیۆنالیستەکانی ئێران لە کوردستانی عێراق بنکەیان دانا، کە لەو بنکانەدا نەک هەر پارتیزانە جەنگاوەرەکان بەڵکوو سیاسی بێچەکیش بە خاووخێزانەوە دەژیان. زۆربەی کوردەکانی تورکیا، کە لە سەرەتاوە هیوایان بەوە ببوو کە لە ئێران داڵدە و پەناگەیەک بۆخۆیان بدۆزنەوە، ئەوانیش چوونە سەرووی عێراق. بەدەم درێژەکێشانی شەڕی نێوان عێراق ـ ئێران ژیان لە هەرێمەکە هەتا دەهات دژوار و دژوارتر دەبوو و ، لە کاتێکدا چ ئاسۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕێکی گرینگ لە تورکیا بەدی نەدەکرا[کوردەکانی تورکیا] چاویان لە ئورووپا بڕی. بە ئێران یان سووریادا و، زۆرجار بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆدا، زۆر لەوان ئاخرەکەی وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتە ئورووپاییەکان سەریان دەرهێنا.

بە هەمان شێوە و بەلێشاو، جەرەیانی هاتنی پەنابەران لە ئێرانەوە بەرەو تورکیا بەڕێوەبوو، بەو هیوایەی کە ڕێگایەک ببیننەوە بۆ چوون بۆ ئامریکا و ئورووپای ڕۆژئاوا کوردە عێراقییەکانی هەرە سەرنجڕاکێش لە وان ساڵاندا لە تورکیا پەنابەر نەبوون بەڵکوو تووریستی بەنیسبەت دەوڵەمەند(و ناسیاسی) بوون. ئەمن واق وڕمانی خۆم بە دیتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە جلوبەرگی کوردی(عێراقی)دا وەبیردێ کە لە نێوەڕاست ساڵانی ١٩٨٠ لە گەڕەکەکانی ئاکسارای ـ لالەلی ـ بەیازیتی ئەستەمبووڵ لە گەشتوگوزاردا بوون، بێئەوەی خۆیان پێبزانن، ئەوان واسیبەتەبوون و ، جۆرە دان و ستاندنێکیان لە نێوان کوردەکانی تورکیا و عێراق(شایەد، کوردی ناسیاسی) پێکدەهێنا. زیادبوونی وەگەڕکەوتن کە حزووری ئەوان لە ئەستەمبووڵ نیشانەیەکی بوو ئەو پەیامەی هێنایەگۆڕێ کە«ڕاستەقانییەکی کورد»هەیە کە درەنگ یان زوو دەبێ بناسرێ و ددانی پێدابهێندرێ. (ئەگەرچی ماوەیەکی زیادتریشی پێبچێ بۆ ئەوەی ڕێکبوونێکی گشتی بکرێ سەبارەت بە وەی کە ئەو «ڕاستەقانییەی کورد» چییە).

بە ئاوایەکی زۆر بە گوشارتر هەبوونی ئابەدڵی ڕاستەقانییەکانی کورد بە هۆی دوو شەپۆلی گەورە و لەباری هێزەکییەوە ئارامی تێکدەری هاتنی پەنابەران لە عێراقەوە بە سەر ویژدانی گشتی تورکیادا داسەپا، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕوویدا، بە دەیان هەزار نەفەر لە بەر هێرشە ژێنوسیدییەکانی ئەنفال لە عێراقەوە ڕایان کردە تورکیا.[٦] نزیکەی ٦٠٠٠٠کەس توانیان بێنە ناو تورکیا و، لەوانە ڕەنگە نیوەیان دوای ئەوەی کە عێراق لێخۆشبوونێکی دیکەی ڕاگەیاند گەڕابێتنەوە عێراق. ئەوانی دیکە لە ئۆردووگەی چادریدا لە نزیک ماردین، دیاربەکر و مووش لە هەلومەرجێکی باوەڕپێنەکراودا(ئەگەر بە نەرمی بیڵێین) دامەزران. گەیشتنی ئەو کوردە عێراقییانە شوێنێکی گەورەی لە سەر وشیاریی گشتی تورکیا کرد، چ لە ناو کوردەکان و چ لە ناو ناکوردەکاندا. ئەوە بۆ یەکەمجار بوو کە خەڵک بتوانن ببیستن بە کوردی لە ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆندا قسەدەکرێ.

تورکیا دەستی لەوە گێڕاوە کە ئەو کوردانە وەک پەنابەر بناسێ و، ئەگەر واکرابا ئەوان شیاوی هێندێک ماف دەبوون(و ئەوە خەرجێکی زۆری هەڵدەگرت)، ئەوان وەک "خەڵکی لەشوێنی خۆ هەڵکەندراو" ناودێرکران و، گوشاری هەرە زۆریان خرا سەری بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە عێراق. جیاوازیی جووڵانەوە لە گەڵ ئەو کوردە پەنابەرانە کە لە عێراقەوە هاتبوون و پەنابەرانی تورک لە بولگارستانەوە کە هەر لەو سەروبەندیداگەیشتبوونە تورکیا گەیشتە بەراوردکردنی خۆلێنەبوێر و ناکام لێدەرخستن کە، بەچاو دەستەڵاتدارانەوە، کوردەکان بە لێبڕاوی لە تورکەکان جیاوازن و، ئەوان لێیان ناوەشێتەوە هەمان مافیان هەبێ.[٧]

سەرەڕای هەوڵدان بۆ تاق خستنەوە و بە دووررڕاگرتنی کوردە عێراقییەکان لە دانیشتووانی خۆجێیی، ئەوە نەکرا و، هەردووک لا یارمەتییەکی بەرچاویان کرد بە وشیاریی یەکتری، سەبارەت بەشێوەی دوان، فەرهەنگ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی یەکدی. ئەو ئاسیاوبوونە نزیکترە، هەڵبەت، دەیتوانی بە دوو شێوە هەڵسووڕێ دەیتوانی وشیاریی سەبارەت بە هەوێتییەکی هاوبەش بە هێزتر بکا، بەڵام لە هەمان کاتدا وشیاریی سەبارەت بە جیاوازییەکان زیادتر بکا و، تەنانەت پێشداوەریش سەبارەت بە یەکتری پتەوتر بکا ئەمن لەو بڕوایە دام کە ئەوە هاوکات هەردووک شوێنتێکردنی هەبووە لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ڕەنگە، وەک بزووتنەکانی پێشووی دانیشتووان کە ئاماژەی پێکرا، ژمارەی ئەو کوردانەی زیادتر کردبێ کە هێندێک زانیارییان سەبارەت بە شێوە ئاخافتنەکانی باکووری و باشووری هەبوو و ئاگاداری بارودۆخی کوردەکان بوون لە وڵاتە دراوسێیەکاندا. ئەوە یارمەتی کرد بە یەکانگیری "نەتەوایەتی"کوردەکان.

دووهەم شەپۆلی خەڵک کە حەولیاندا لە عێراق ڕابکەن، لە ئاوریلی

١٩٩١بوو و، له ڕوانگەی تورکیاوە ئەوە هەڕەشەیەکی زۆرتری پێوە دیاربوو. شکانی ئەرتەشی عێراق له کووەیت و داوای ئامریکا له خەڵکی عێراق بۆ ئاوەژووکردنەوە و تێکڕووخاندنی سەددام حوسێن ئاکامی ڕاپەڕینێکی گەورە بوو لە سەرووی عێراق(هەروەها لە شوێنی شیعە لێ نیشتەجێی خوارو). لەگەڵ ئەوەشدا وا دەرکەوت کە بەشە هەرە گرینگەکانی ئەرتەشی عێراق دەستیان لێ نەدراوە و وەک خۆیان ماونەتەوە. سەربزێویی خوارووی عێراق بە توندوتیژییەکی بێبەزەییانەوە تێکشکێنرا و، دوای ئەوە ماشێنی شەڕی کاریگەری عێراق چووە سەر کوردەکان و تورکومانەکان لە سەروو. یەکەم شارەکانی کە لەلایەن ئەرتەشەوە گیران لەگەڵ زەوی تەخت کران و دانیشتووەکانیان بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتنە بەر ئازار و، ئەوەش بووە هۆی کۆچڕەوی گشتی لە شارەکانی دیکەوە بەرەو ئێران و تورکیا. ستوونی زرێپۆش و هێلیکۆپتێری گوللەهاوێژ (helicopter gunships) وەدوای خەڵکی قەرەیەخەی بێچەک کە خەریکی هەڵاتن بوون کەوتن، بێئەوەی دەست بپارێزن کوشتیانن و برینداریان کردن. ئەوجارە بە دەیان هەزار کەس نا بەڵکوو بە سەدان هەزار کەس بوون کە لە ترسان خۆیان گەیاندە سنووری تورکیا. گەیشتنی ئەوان و دەستگێڕانەوەی تورکیا بۆ وەرگرتنیان، لەبەر چاو کارگێڕانی تێلێڤیزیۆنە لاوەکییەکان دەکرا و ئەو کارەساتە بە زیندوویی لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو دەکرایەوە.[٨]

ئەوە یەکەم درامای ئینسانی بەو بەربڵاوییە بوو کە ڕاستەوخۆ لەلایەن تێلێڤیزیۆنی مانگیلە(satellite)وە بڵاودەکرایەوە ئەو هەلومەرجە، لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا کە کوردەکان ببوونە قوربانی ڕێژیمێک کە لە ماوەی سالی پێشوودا شێلگیرانە لە چاپەمەنی و ئامرازە ڕاگەیەنە گشتییەکانی ڕۆژئاوادا وەک شەیتان ناسێندرابوو، بیروڕایەکی بە هێزی گشتی بۆ لە سەر کردنەوە و بە دەنگەوە هاتنی کوردەکان ساز کرد. حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان نەیاندەتوانی خۆیان لەبەر گوشاری گشتی دانیشتووەکانیان بۆ دەستتێوەردان[و تەگبیر لێکردن]بگرن. ئەوە لەو ڕۆژانەدا بوو کە سەرۆک کۆماری تورکیا ئۆزال ولاتەکەی خۆی وەک "پارێزەری کوردان"(کورتلەرین حامیسی) ڕاگەیاند و بەڵێنی سازکردنی ناوچەیەکی پارێزراوی لە نێو خاکی عێراق دا بۆ ئەوەی ئەو پەنابەرانە بەڵکوو بە ساغی لەوێ بگیرسێنەوە. هاوپەیمانەکانی تورکیا لەگەڵ ئەوەبوون کە ژمارەیەکی ئەوتۆی پەنابەران (تەنانەت ئەگەر بە شێوەی ڕەسمی هەر وەک"کەسی لە شوێنی خۆ هەڵقەندراو" یش دابندرێن) بارێکی قورسی شیاوی هەڵگیران نابێ[بە شانی]تورکیاوە و پشتیوانیان لە پێشنیاری ئۆزال کرد بۆ پێکهێنانی "ناوچەیەکی هێمن" لە سەرووی عێراق ئەمن لە خوارەوە دەگەڕێمەوە سەر ئاکامەکانی ئەو نێو نەتەوایەتییەکردنەی پرسی کورد [٩] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی کە لێرەدا بە دەرەجەی یەکەم سەرەنجی دەدەمێ، شوێنی ئەو ڕووداوانەیە لە سەر وشیاریی گشتی لە تورکیا.

مەسەلەی کورد لە عێراق چیدیکە نەدەکرا وەکوو گیروگرفتێکی نێوخۆیی عێراق چاو لێبکرێ، زۆر ئاشکرا و ڕوون بوو کە(ئەم مەسەلەیە)ڕاستەوخۆ لە قازانجی گرینگی ئابووری و هێمنایەتی تورکیا هاڵابوو. تەنانەت لە ئامرازە ڕاگەیەنە گشتییە سەرەکییەکاندا مەسەلەی کوردی عێراق لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفتی کوردی تورکیا خۆی باس و قسەی لێوەدەکرا و، ئەوە گەیشتە ددانپێداهێنانی زێمنی مەسەلەی کورد وەک یەک لە بابەتە توفە سیاسییەکانی تورکیا. ئەوەی بە سەر کوردەکانی عێراق هاتبوو جارێکی دیکە وشیاریی ئێتنیکی و هاوپێوەندیی کوردەکانی تورکیای بەهێزترکرد. لە زۆر جێگایان کوردەکانی تورکیا دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی خۆراک و مادەی تری ڕزگاریدەر و، نێردران بۆ پەنابەرانی سەر سنوور(بەڵام ئەوە دەبێ پێی لێبنرێ کە دەرەجەی ئەو هاوپێوەندییە چالاکانەیە لە تورکیا قەت نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە کوردەکانی ئێران نیشانان دا). ئەو ڕاستییەی کە دەستەڵاتدارانی تورکیا فەرق و جیاوازییان لە نێوان پەنابەرە کورد و تورکومانەکان دادەنا و، ئەوانی دواییان وەردەگرت و حەولیان دەدا کوردەکان لە کۆڵ خۆیان کەنەوە تەنێ ئەو بۆچوونەی بەهێز دەکرد کە تورکیا، سەرەڕای دەربڕین و ئارداوێژی گەلویستانەی ڕەسمی، فەرق وجیاوازی لە نێوان کوردەکان و تورکومانەکاندا دادەنێ. لە کاتێکدا سنووری ئێتنیکی لە نێوان کوردەکانی عێراق و کوردەکانی تورکیادا، کە لە ماوەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا پەیدا بووە، نزیک دەبووەوە، سنووری نێوان تورکەکان وکوردەکان لە تورکیا دەستی کردووە بەشێوەیەکی لە زێدە بێتەگۆڕێ ـ بەلانیکەمەوە تا ڕادەیەک لە نەتیجەی بڕیاردانە سیاسییەکانی تورکیا.

**هەڵدانی پکک**

چیرۆکی ساڵانی ١٩٨٠ ـ ١٩٨٥لە چەند لایەنێکەوە باسی تێکشکان و چەوسانەوەیە. سیاسەتی هەڵە بە وردی ئەو بەرەوپێشچوونانەی ڕەخساند کە ئەو سیاسەتانە بە مەبەستی ڕاگرتن یان بەربەستکردنی ئەوان گەڵاڵەکرابوون، سەرکوتکردنی هەموولایەنەی بزووتنەوەی کورد لە بەرایی ١٩٨٠کان لەوەدا سەرکەوت تاکوتەرای لیبێرال و دێمۆکرات لەو بزووتنەوەیەدا نەهێڵێ. پکک، شایەد لەبەر تەبیعەتی داخراوی ڕێکخراوەکەی و ڕەنگە لەبەر ئەوەش کە ئەو ڕێکخراوەیە بەپێچەوانەی بزووتنەوەکانی دیکە باڵە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ڕێکخست، تەنیا ڕێکخراوێک بوو کە توانی لە نێو خۆی تورکیا و لە هەرێمێکی هەراوتردا بمێنێتەوە وبژی.

لە ساڵی ١٩٨٠پکک بەنیسبەت ڕێکخراوەیەکی بچووک بوو و، تەنێ چەند هەزار ئەندامی هەڵسووڕ و لایەنگری هەبوو و، لە نێو کورداندا پشتیوانییەکی جەماوەری ئەوتۆی لێنەدەکرا. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ ـ ١٩٨٥دا ئەو ڕێکخراوە شێلگیرانە خەریکی بەخۆداهاتن و گەورەبوونەوە بوو، نەک هەر بەر ئەوەی وەکوو دوژمنی هەرە مەترسیداری ئەزم وهێمنی ڕەفتاری لەگەڵ دەکرا و هەروەها لەبەر ئەوەش کە چاپەمەنی گەلیی سەر بە حکوومەتی زۆریان لە سەر دەنووسی. دەستەڵاتدارانی سیڤیل و عەسکەری لەو سەروبەندیدا بێ پسانەوە ئەوەیان دادەگرتەوە کە دەوڵەت بە هێز وتوانایە(لەجیاتی ئەوە، بۆ وێنە بڵێین، دەوڵەتی عادڵ وخێرخوازی پارێزەری هاوولاتییەکانی) بە ئیستگرتنی زۆر لە سەر هێز وتوانایی، ئەوان بە شێوەی زێمنی ڕایانگەیاند پکک، بە ڕەوتی زەبر وزەنگەوە و ئەو لێزانییەی کە بۆ مانەوە و بەرگەگرتنی گشت«ئاخر» زەبرەکانی کە ئەرتەش وەشاندوویە نیشانی داوە، تەنیا ئالترناتیڤی جیدییە.

پکک، پێوەندیی زۆر چالاکانەو شێلگیرتری لە تەک ڕێکخراوە ←

پارتیزانییەکانی فەلەستینی و، دواتر لە تەک حیزبوڵای لوبنانی دامەزراند. زیادتر لە هەموو گرووپێکی کورد یان تورک. ئەوە نەتەنیا بووە هۆی دەستراگەیشتنی وان بە ئامراز و هۆی تەدریب و پەروەردە لە خوارووی لوبنان بەڵکوو هەروەها شوێنێکی ئاشکراشی کردەسەر قەوارەی پارتی ومیتۆدەکانی خەباتی، ئەمن لە سەرەوە باسم کرد کە ڕامانی کەمالیستی و بۆچوونەکانی ڕچەی خۆی بە سەر زۆربەی پارتییە کوردەکان لە تورکیادا هێشتووەتەوە، لە وانە پکک ش ــ ئۆیجالان بۆخۆی لە چەندین بۆنەدا باسی فرووسماوبوونی خۆی بە ئاتاتورک کردووە[10]و، لە ئامانجەکانی پارتییەکەیدا مرۆڤ بە ئاشکرایی تیشکدانەوەی خەباتی کەمالیستی بۆ سەربەخۆیی تەواو دەناسێتەوە. نفووزی دووهەمی شکڵپێدەر ئی بزووتنەوەی فەلەستین بوو و، لە ڕێگەی حیزبوڵاشەوە، ڕادیکالیزمی شیعە بە ڕاڕەوی شەهادەتەوە.

پێوەندیی هەرە نزیکی پکک لەگەڵ سێرڤیسە زانیارییەکانی سوریا و، هەروەها هۆی جوگرافیایی ـ سیاسی ئەو هاوپەیمانییە، چاک پێیانزاندراوە و حەوجێ بە لە سەر ڕۆیشتنی زیادتر ناکەن. ئەوە بۆ نکوڵی لێکردن نابێ کە سوریا تا دەرەجەیەک کۆنترۆلی بە سەر پکک دا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، دانانی پکک بە بووکەپەڕۆیەکی دەست سوریا هەتابڵێی هەڵەیەکی پیسە. پکک هەوڵی ئەوەی داوە باری هێلکەکانی بە یەکجار نەبزێوێ و سەرکەوتووانە ئاڵوگۆڕی بە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە دراوسێیەکانی تورکیا کردووە. هەروەها توانیویە پشتیوانییەکی سەرنجڕاکێش لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بۆ خۆی دابین بکا، هەم لە کوردستانی تورکیا و هەم لە کوردستانی عێراق. لە بەرایی ساڵانی ۱۹۸۰دا پکک یەکەم بنکەکانی خۆی لە سەرووی عێراق دامەزراند و، بە لەوێ بوون بۆ زیادتر لە دەساڵ دەرجەیەک لە پشتیوانی لە نێو کوردەکانی عێراقدا بۆخۆی وەدەست هێناوە ـ یەکەم ڕێکخراوی کوردی دەرەوەی عێراق کە کارێکی ئەوتۆی کردبێ.[11] شەڕی خۆکوژی لە نێوان دوو پارتییە سەرەکییەکەی کوردیی عێراق کە ئێستا ئەوە دووساڵە بەردەوامە کارێکی وای کردووە کە ئەو پارتییانە خۆشەویستیی خۆیان لە نێو دانیشتووان‌دا تاڕادەیەکی زۆر لە کیس بدەن. ئەوە ڕێگە دەکاتەوە بۆ پارتی ئەوتۆی کە لە ڕیشەوە نوێنەرایەتی شێوەی بە تەواوی جیاوازی سیاسی دەکەن، دوو بەدیلی هێزەکی بریتین لە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان کە ئێران پشتیوانی لێدەکا و پکک ی"تورکیا".

**کوردەکانی ئوڕووپای ڕۆژئاوا**

لە نێوان "کرێکارانی میوان"ی تورکدا کە لە ئاخرونۆخری ۱۹۵۰کانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئوڕووپای ڕۆژئاوا، ژمارەیەکی زۆر هەن کە بە دەم چەند دەساڵی ڕابردوودا"پێیان زانیوە" کە تورک نین بەڵکوو کوردن. تەخمین کردنی ژمارەی کوردان لە نێو کرێکارانی تورکدا لە هەندەران وەک تەخمین کردنی ژمارەی کوردان لە تورکیا دا کاری کران نییە و، هەر لە بەر هەمان هۆ وسۆنگە. دەستەڵاتدارانی ئاڵمانی ژمارەی کوردەکانیان لە وڵاتی خۆیان بە ٤٠٠٠٠٠ کەس تەخمین لێداوە ـ ڕەقەمێکی کە واوێدەچێ بە پێی ئەو گریمانەیە داندرابێ کە کوردەکان ۲۰ لە سەدی دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن، هەر بۆیە ئەو ڕێژەیە دەکرێ لە سەر دوو میلیۆن دانیشتووی بنەچەکە"تورک"ی ئاڵمانیش لەبەرچاوبگیرێ.[12] جگە لە چەند نموونە هەڵگرتنی چبوونی دانیشتووان نەبێ، کرێکارانی میوان قەت بە شێوەیەکی بە تەکووز لێیان نەپرسراوە کە ئەوان بۆخۆیان لە باری ئێتنیکییەوە چۆن خۆیان دەناسێنن.

بێتوو ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و لە نێوان زەمانی دیاریکراودا کرابان، ئەمن بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێمە زێدەبوونێکی بەرچاومان دەدی لە سەدی ئەو کەسانەی خۆیان بە کورد دەناساند لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا. هەمان شت لە نێو خۆی تورکیادا قەوما، جگە لەوانەی کە بە ڕاستی بە کوردی (یان زازایی) دەدوێن خەڵکی ئەوتۆش هەن کە دایکوباوکیان وا دەکەن(یان یەکیان دایک یان باوک)، خەڵکی ئەوتۆی کە دایکەگەورە یان باوکەگەورەیان کوردە و، خەڵکی دیکەی ئاواش کە دەگەنەوە سەر ئەژدادی کوردی. چ شتێک ناتوانێ پێش بەو کوردە هێزەکییە لێوارییانە بگرێ کە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا کوردبوونی خۆیان بدۆزنەوە و دایگرنەوە.

تا ئاخر و ئۆخری ساڵانی ۱۹۷۰، بەڕێژە ژمارەیەکی کەم لە کرێکارانی موهاجیر هەوێتی کوردی خۆیان دادەگرتەوە. زۆربەی کرێکاران، بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕەچەڵەکی لادێییان هەبوو، پێیان خۆش نەبوو تێکەڵاوی کاری سیاسی بن وخۆیان لە سیاسەت دەپاراست. لەمەش زیادتر،دەوروبەری ئوڕووپایی ئەوانی وەک تورک دەناساند و، لە زۆر پێوەندییاندا ئەوە هەوێتی بەجێ بوو. کوودەتای ۱۹۸۰ی تورکیا ژمارەیەکی زۆر ئینسانی سیاسی، کردە پەناخواز کە زۆربەیان گەنجی کورد بوون. حوزووری ئەوان و، هەڵبەت دەنگوباس سەبارەت بە شەڕی پارتیزانی لە تورکیا، بوو بە پاڵوێنە(catalyst) یەک بۆ وشیاریی ئێتنیکی کوردی.

بەراوردکردنی دوو وڵاتی ئوڕووپایی بەیەکەوە سەرنجڕاکێشە چونکوو دوو شێوەی تەواو جیاواز و شایەد لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکتری نیشان دەدا لەمەڕ وەگەڕخستنی ئێتنیکی و چالاکی ناسیۆنالیستی. سوێد ژمارەیەکی گەورەی کۆمەڵگەی کرێکاری تورکی نییە، بەڵام بەڕێژە کۆمەڵگەیەکی گەورەی پەنابەرانی کوردی لێیە کە بەڕێژە خوێندەوارییان لەسەرەوەیە. بەتایبەتی نووسەران، ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیرانی دیکە سوێدیان وەک داڵدە و پەناگەی خۆیان هەڵبژارد. سوێد دەرەتانێکی زۆر لە بەر دەست گشت کۆمەڵگە موهاجیرەکان دەنێ بۆ خوێندن، چاپ وبڵاوکردنەوە بە زمانی زگماکی خۆیان. نووسەرانی کورد لە سوێد لەو وڵاتە هەلومەرجێکی لەبار و دنەدەریان بەدیکردووە بۆ ئەوەی کوردی (کرمانجی ــ تێبینی وەرگێر)[ببێ]بە زمانێکی مودێرنی ئەدەبی، کارێکی ئەگەر لە تورکیا مابانەوە پێیان نەدەکرا، تەنانەت ئەگەر زمانەکە لەوێ پاوانیش نەبووبایە. لەبەر ئەوەی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی سوێد تەنانەت بەر لەوەی بگەنە ئەو وڵاتەش زۆر سیاسی بوون، پکک تەنێ ژمارەیەکی کەمی لە نێو ئەواندا بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا، ئەگەرچی ژمارەی ئەو کەسانەش کە بە هۆی پێزانینەوە دەستیان کردووە بە لایەنگری لێکردنی کەم نییە. لەلایەکی دیکەوە لە ئاڵمان، کە ژمارەی هەرە زۆری کرێکاران سیاسی نەبوون، ڕێکخەرانی پکک زەمینەیەکی زۆر بە پیتتریان دۆزییەوە بۆ ڕاکێشانی پشتیوان و لایەنگری تازە. بە تایبەتی ئەندامانی قەراغ کەوتووی وەچی دووهەم کە لە ئاڵمان گەورەبوون بە تێوەچوون لە

چالاکییەکانی پککەوە مانا و خۆبەهێندگری تێدا دەبیننەوە. ژمارەیەکی زۆر و زەوەند لە پیاو و ژنی گەنج ژیانی خۆیان لە پێناو پارتی ناوە و ئامادەیی ئەوەیان تێدایە خۆیان بەخت بکەن، تارادەیەکی ئەوتۆی کە بە دەگمەن لە رێکخراوە سیاسییەکانی دیکەدا دیتراوە. پارتییە رەقیبەکان، چ کوردی یان رادیکالی چەپ، دەستیان لەوە هەڵگرتووە دژایەتی پکک بکەن و گەیشتوونەتە دەرەجەی جۆربەجۆر لە هاوکاری کردن لە گەڵیدا، یان بەلانیکەمەوە دڵراگرتنی دوولایەنە.

کۆمەڵگەی کورد لە تاراوگە گرینگییەکی نێوەندی وەدستهێناوە بۆ بزووتنەوەی کورد لە تورکیا (بەرادەیەکی کەمتر بۆ بزووتنەوەی کورد لە عێراق و ئێران). پارەیەکی زۆر لێرە کۆدەکرێتەوە بە مەبەستی پشتیوانی مالی لە چالاکییەکان لە تورکیا ــ و زۆربەی ئەو یارمەتییانە، واوێدەچێ دڵخوازانە بن. پیاوی گەنج لێرە بەرەو خەبات رادەکێشرێن بۆ گێرانی دەور لە بزووتنەوەدا ــ هێندێکیان وەک جەنگاوەری پارتیزان دوای ماوەیەک مەشق لە لوبنان، ئەوانی دیکە وەک رێکخەر، دیپلۆمات، تێکنیسییەنی جۆربەجۆر. پکک و رێکخراوە پشتیوانەکانی زنجیرەیەکی بەربلاو رۆژنامە و گۆڤار بە تورکی، کوردی و زمانە سەرەکییەکانی ئورووپایی بلاودەکەنەوە، کە چۆنیەتی تێکنیکیان لە ماوەی سالاندا هەتا هاتووە باشتر بووە. دامەزرانی پارلمانی کورد لە دەرەوەی ولات لە سالی ١٩٩٥دا، کە تا ئێستا تێکۆشانی هەرە روون و ئاشکرای پکک نیشان دەدا بۆ ئەوەی ببێ بە فاکتۆرێکی ئامال ــ دەولەت، زیادتر ئەوە دادەگرێتەوە کە نێوەندی چالاکی سیاسی (بە پێچەوانەی چالاکی عەسکەری) گوێزراوەتەوە بۆ ئورووپا.

پاوانکردنی رەسمی پکک لە لایەن ئالمان و فرانسەوە لە سالی ١٩٩٤ وێناچێ شوێنێکی گەورەی هەبووبێ. دەستەلاتدارانی پۆلیسی ئالمان لەو بڕوایە دان لەوەتا ئەو پاوانە کراوە پشتیوانی لە پکک لە نێو کوردەکانی ئالمان زیادی کردووە، ئەگەرچی چالاکییەکانی بۆ چاوەدێران زۆر کەمتر بە دەرەوەیە. ئەو خۆ پێشاندانانەی کە وا زاندراوە پکک رێکیان دەخا نزیکەی ٥٠٠٠٠ خۆپێشاندەر کۆدەکاتەوە ــ کە ئەوەش دەیکا بە فاکتۆرێکی جیدی سیاسی لە ئالمان.

**چالاکییەکانی زمانی و فەرهەنگی لە ئورووپا**

شایەد تەنانەت زۆر گرینگتر لە وەخۆخستنی سیاسیی کوردان لە تاراوگە لە درێژخایەندا چالاکییەفەرهەنگییەکان لەلایەن رووناکبیرانی کورد لە ئورووپا بێ، ئەمن لەو بڕوایەدام کە شوێنێکی درێژخایەنی سیاسیشی دیبێ. تا سالی ١٩٨٠، کوردی زمانێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی لە نێو مالێ لە ژیانی لادێدا بەکاربهێندرێ، بەلام زۆر بە زەحمەت هەڵدەسوورا کە بابەتی هاوچەرخی سیاسی وکۆمەلایەتی بەوزمانە (مەبەستی نووسەر زاراوەی کرمانجی یە ـ تێبینی وەرگێر) باسی لێوەبکرێ. سیاسی و رووناکبیرە کوردەکان بە تورکی بیریان لە بیرە هەرە گرینگەکانی خۆیان دەکردەوە و، نیدە هەرە بەرزەکانی خۆشیان بەو زمانە دەردەبڕی، چ بە قسەکردن وچ بە نووسین. چەندێک لە یەکەم نووسەرەکان کە بە کوردی چیرۆکیان نووسی لە پێشدا ئەوانیان بە تورکی گەلالە دەکرد و دوایە وەریان دەگێڕان. لەو بارەیەوە ئالوگۆڕ زۆر بووە، کوردی دەولەمەندتر بووە و ئەوەندە پێشکەوتووە کە وەکوو ئامرازێک بۆ دەربڕین و وتە (discourse)ی مۆدێرنی سیاسی و ئەدەبی کەلکی لێوەردەگیرێ. زۆر لەوانەی کە ١٥سال لەمەوپێش بە کوردییەکی چڵ ونیوەچڵ یان بە زاراوەیەکی ئاناسایی قسەیان دەکرد، ئێستا بەسەر شێوەیەک لە کوردی ستاندارددا زالن.

ئەنستیتووی کوردی پاریس، کە لە سالی ١٩٨٣ لەلایەن کوردە رووناکبیرەکانی دانیشتووی ولاتە جۆربەجۆرەکانی ئورووپا دامەزرا، پێشەنگی ئەو حەولانە بووە بۆ کردنی کوردی سەروو (کرمانجی) بە زمانێکی ستاندارد بە رێگەی پێکهێنانی زنجیرەیەک کۆنفرانس و دەرکردنی گۆڤارێک کە لیستەی ئەو زاراوانەی کە رێکەوتنیان لەسەر کراوە بۆ کەلوپەل و بابەتی جۆربەجۆری ژیان بلاودەکاتەوە. ئەنستیتوو هەروەها کۆکراوەیەکی دەولەمەندی لە کتێب و بەلگە لەمەڕ مێژوو و فەرهەنگی کورد لە کتێبخانەی لێکۆلینەوەی خۆیدا کۆکردووەتەوە. دواتر، ئەنیستیتووی کوردی لە برووکسێل (١٩٨٩)و بێرلین(١٩٩٣)دامەزران، کە هەر کامیان لە باری پێڕەو و بەرنامە و شێوەی چالاکییەوە لە ئەوانی دیکە جیاوازن، بەلام هەموویان یاریدەی سەقامگیربوون و بە هێزبوونی زمان و فەرهەنگی کوردی دەدەن.

گۆڤار و کتێب بە کوردی لە ئالمان، فرانسە، بێلژیک، هولەند و بەتایبەتی لە سوێد بلاودەبنەوە. هەژماری ئەو بلاوکراوانە وردەوردە زیادیان کردووە، لەم سالانەی دواییدا بەرهەمهێنانی سالانەی کتێبی کوردی هەر لە سوێد لە نێوان ٤٠ تا ٥٠بەرگ بووە(کە لەوانە نیوەیان بە زاراوەی کرمانجی بوون).[13] ئەوە راستە کە ئەو کتێب و گۆڤارانە قەت زۆر بە بەربلاوی بلاونابنەوە، چونکوو دابەشینەوەی کاریگەر دەربخستووە ئەرکێکی دژوارە. ئەوانەی ئەم بلاوکراوانە دەخوێننەوە تاکوو ئێستا تەنێ برێتی بوون لە دەستەیەکی بچووک لە کوردەکان و "کوردانی هێزەکی" لە ئورووپا. بەلام ئەو ئالقەی خوێنەرەوە و نووسەرە لەگەڵ ئەوەشدا جەماوەرێکی رەخنەییان پێکهێناوە بۆ بەرەوپێشبردنی زمانێکی مۆدێرنی پێنووسین. ئەو کرێکارە موهاجیرانەی کە دەگەڕێنەوە ولات کتێب وگۆڤاران لە تەک خۆیاندا دەبەنەوە تورکیا، بەلام ئەو بلاوکراوانە زۆر زەحمەتە بگەنە دەست خەڵکێکی زۆرتربە بەراوردکردن لەگەڵ ئەوانەی ئورووپا.

ئەو (وەزعە) گۆڕا کاتێک کە لە سالی ١٩٩١ قانوونی بلاوکردنەوە بە زمانانی ناتورکی هەلوەشاوە و، کرا کتێب و گۆڤار بە کوردی لە نێو خۆی تورکیادا دیسان چاپ بکرێن. کتێبی ئەوتۆی کە پێشتر لە ئورووپا چاپ کرابوون لە تورکیا چاپکرانەوە و، چەندین گۆڤاری کوردی نووسینگەی خۆیان لە ئورووپاوە گواستەوە تورکیا. گۆڤاری کوردیی نوێش دامەزران و، چاپکردن بە کوردی بەراستی بوژایەوە.

زیندووبوونەوەی کرمانجی وەکوو زمانێک کە لەڕاستیدا بەکاردەهێندرێ(و نەک هەر وەک رەمزێکی هەوێتی بەبایەخێکی کەمی بەکارهێنانەوە) جێی سەرنجە کاتێک لەگەڵ دۆخی زمانە کەمایەتییەکانی دیکەدا هەڵبسەنگێندرێ. لە نێو ئیرلەندییەکاندا، گەیلیک قەت ئەو دەرەجە لە بایەخەی وەدەست نەهێناوە، سەرەڕای ئەو هەلومەرجە لەبارەی کە لەسەرەتاوە بەدیدەکرا. لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا ژمارەی کرمانجی ئاخێوەران بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. دەورەی فێرکردنی زمان کە

له سەرانسەری ئورووپا ڕێک خران ئەو زمانەی کە وردەوردە دەبێ بە ستاندارد تێیاندا بە دەرس دەگوترێتەوە بەو کەسانەی کە هەوێتی کوردییان هەڵبژاردووە بەڵام زمانی یەکەمیان تورکی، زازایی یان کرمانجی ناستاندارد بووە، چ لە نووسیندا و، چ تا ئەو جێگەیەی ئەمن دەزانم، لە دەربڕینی زارەکیدا، ئێستا کوردی بە شێوەیەکی لە زێدە بەکاردەهێندرێ.[١٤]

ئەنستیتووە کوردییەکان، چاپەمەنی کوردی و دەورەی زمانی کوردی کە لە ئورووپای ڕۆژئاوادا هەڵدەسووڕێن، بەگشتی لە ئاست کۆنترۆڵی دەوڵەتی تورکیا بەرگەیان گرتووە و، ئامرازی نەتەوەچێکردنیان بۆ بزووتنەوەی کورد پێکهێناوە کە لەگەڵ ئەو حەولانەی کە لە لایەن دەوڵەتانەوە بە شێوەی نەریتی کراون شیاوی بەراوردکردنن. لەساڵی ١٩٩٥ ئامرازێکی بەهێز وتوانای دیکە لەو دەرەتانە زیادی کرد، ئەویش دەزگای تێلێڤیزیۆنی مانگیلە(satellite)ی مێد ـ تێڤێ بوو، کە (بەرنامەکانی) بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاودەکاتەوە بەڵام دەکرێ لە ئورووپای ڕۆژئاوا و بەشێکی گەورەی ئاسیاش ببیندرێ. ڤیدیۆ کاسێتی بەرنامەکانی مێد ـ تێڤێ لە شوێنی دیکەش لە نێو کۆمەڵگەی کورددا دەستاودەست دەگەڕێ. دەرسی زمانی ستانداردی کوردی، فیلمی کۆنی تورکی کە بە زمانی کوردی دوبلە کراون و، بەرنامەی زیندووی دمەتەقە لە ستودیۆ کە هاوکات خەڵکی دیش لە شوێنی جۆربەجۆری جیهانەوە بە تەلەفۆن بەشداری تێدا دەکەن لە زومرەی بەرنامەی حەوتوویی ئەو دەزگایە بوون.[١٥]

دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی ئەو وێستگە تێلێڤیزیۆنییە لەلایەن پککەوە کرا، بەڵام حەولی داوە کە دیمەنێکی زۆر فرەلایەنی پێشکێش بکا ـ ئەگەر هەر لە سەر قەراو بڕیەکانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی تێلێڤیزیۆنی (بریتانیایی)ش بێ، کە ڕێگەی داوە ئەو ویستگەیە دەستی وە مانگیلە ڕابگا و ئەو دەستەڵاتدارییەشە کە چاوی بە سەر بەرنامەکانەوەیە. کوردەکانی سەر بە بیروڕای جیاواز گورج لە توانایی شۆڕشگێڕانەی وێسگەیەکی ئەوتۆ گەیشتن و بە دڵگەرمییەوە پشتیوانیان لێکرد. خەڵک بە پێشینە و بیروڕای جۆربەجۆرەوە بۆیان لواوە بیروڕای خۆیان کە بە ئاشکرایی لە ئی ڕێبازی پکک جیاوازن لە بەرنامەکانی ئەم تێلێڤیزیۆنەدا دەربڕن، بێئەوەی قسەکانیان سانسۆر بکرێ.[١٦]

**لە نێوەندکردنەوە(decentralising)ی تێکنۆلۆژی و لەخاککردنەوە (deterritorialisation)ی مەسەلەی کورد**

مێد تێڤێ تەنێ ئاخرین نموونەی بەرەوپێشچوونی تێکنۆلۆژییە کە سەرووبەر کۆنترۆڵی حکوومەتی نێوەندی ناهێنێ و شوێنی ئەوەی هەیە کە سەرووەری تاقانەی دەوڵەتیی بە شێوەیەکی جیدی پێشێل کا. موسەجەلە(زەبتی سەوت) داهێنانێکی پێشووتر بوو کە دەورێکی گەورەی لە نێوەندکردنەوەدا هەبوو. شریتی قسەوپەیامەکانی خۆمەینی، کە لە عێراقەوە بە قاچاغی دەبرانەوە ئێران یارمەتی ئەوەی کرد کە بناخەی شۆڕشی ئیسلامی لە نێوەڕاست و ئاخرو ئۆخرەکانی ١٩٧٠دا دابندرێ. هەر ئاواش شریتی مووزیک و گۆرانی وبەیت وباوی بەشە جۆربەجۆرەکانی کوردستان چاک دەفرۆشران و کوردەکان لەو ساڵانەدا بەخۆشییەوە گوێیان لێ هەڵدەخست. ئەوانە کوردەکانی هەرێمە جیاوازەکانیان فێر کرد کە لە زاراوای یەکتری باشتر تێبگەن و، بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو بۆچوونەیان دادەسەپاند کە فەرهەنگی کوردی زیندوو و دەوڵەمەند و جۆرراوجۆرە. حەکایەتخوانانی نەریتی، واتە دەنگبێژان، لە ڕابردوودا پارێزەری بیرەوەریی مێژوویی و پێوانە ئەخلاقییە نەریتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوون، هەروەها لێکدەرەوەی ڕووداوەکانی هاودەم. حەکایەتخوانی ئەوتۆ زۆر کەم ماون، بەڵام لە سۆنگەی شریتی دەنگگر، ئێستا دەکرێ چیرۆکەکانیان لە هەرێمی زۆر بەربڵاوتردا ببیسترێن. ئاستەکردنی دەنگی دەنگبێژ، گۆرانیبێژ و موبەلیغان ئێستاش دەورێکی بەرەوژووربەری لە یەکانگیری و وشیارییدا هەیە.

وێستگەی ڕادیۆی هەرزانتر و سووکتریش کە لە ئاخری ١٩٦٠ەکانەوە پەیدابوون(لە تەک دەزگای ڕادیۆیی گەڕۆک کە زۆر زوو نێوبانگێکی فرەیان پەیدا کرد) شونێکی زۆر و زەوەندیان هەبووە. ئەوە بەتایبەتی کوردەکانی عێراق بوون کە کەڵکێکی زۆریان لەوانە وەرگرت بە مەبەستی بانگەشە(پرۆپاگەندا)، ڕادیۆی پکک لە سەرووی عێراق، ئەگەر هێشتاش دەنگی مابێ، وێناچێ گوێگری زۆری هەبووبێ، ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆن ئامرازی هەرە بە توانا وکاربڕن بۆ یەکانگیری نەتەوایەتی و، لە ڕاستیشدا ئەوان ئەو دەورەیان لە ئێران، عێراق و تورکیا تەواو بە دڵ گێڕاوە (ئەمن لە زمان چەندین دۆستی کوردەوە بیستوومەکە دایکە ئەخوێندەوارەکانیان، کە لە لادێ دووره دەستەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا دەژین، دوای هاتنی تێلێڤیزیۆن بۆ گوندەکانیان لە ساڵانی ١٩٨٠دا فێری تورکی بوون).

هاتنی مێدتێڤێ مزگێنیی ڕقەبەری لە نێو دوو نەتەوەچێکەراندا دەدا، کۆماری تورکیا و بزووتنەوەی کورد.

ماشێنی فاکس، تەلەفۆنی بێتەل و بڵاوکراوەی مانگیلە بەستێنی پێوەندی و تێکەڵاوی دەستبەجێی لە نێو گرووپ و تاکوتەرایان لە چوارقوڕنەی گۆی زەویدا پێکهێناوە کە بۆ دەوڵەتان تەواو زەحمەتە چاویان بە سەریانەوە بێ، چ دەگا بەوەی سانسۆریان بکەن. کوردەکان لە ئورووپا و ئامریکای باکووری دەرەتانی کەڵکوەرگرتن لە ئینتەرنێت یشیان تاقی کردووەتەوە: پۆستی ئەلێکترۆنی، شاشەیەکی دەنگوباس، گرووپێکی دەنگوباس و وێب سایتێکیشیان لە سەر هێڵی WWWسازکردووە. ئەو تێکنۆلۆژییە پێشکەوتوو وبەڕێژە گرانە هێشتا لە دەستوێڕاگەیشتنی زۆربەی هەراوی کوردان بە دوورە، زۆربەی ئەوان تەنانەت بە هەبوونیشی نازانن. بەڵام ئێلیتێکی نوێی زۆر خوێندەواری گەنجی کورد هەتا دێ ژمارەی لە زیادبوون دایە و، لە چوارقورنەی گۆی زەوی دەژین، کە بە کەڵکوەرگرتن لەو ئامرازانە پێوەندییەکی بەردەوامیان لەگەڵ یەکتری هەیە وئامانجیان ئەوەیە ئەو تێکنۆلۆژییە نوێیە بۆ خزمەت بە نەتەوەچێکردنی کوردی بەکاربهێنن.

گشت ئەو تێکنۆلۆژییانەی باسیانکرا، لە تەک بوونی کۆمەڵگەی گەورەی کورد لە ئورووپای ڕۆژئاوا (ولە ئامریکای باکووری و لە ئوسترالیا )لایەنێکی نوێیان لە بزووتنەوەی کورد زیادکردووە، دیاردەیەکی نوێ کە بۆ ئەوە بێنێدیکت ئاندرسۆن زاراوەی"ناسیۆنالیزمی دوورمەودا"(long-distance nationalism)داتاشیوە.[١٧] تاکوتەرا وکورد بەکۆمەڵ لە نێو کوردی هەندەراندا ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە خەباتی

پارتیزانی بوون کە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەرپاکراوە. ئەگەرچی ئامانجی ئاشکرای خەبات هێشتا خاکی و جوگرافیاییە و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆمی لەسەردایە، [بەڵام] بزووتنەوەکە تەقریبەن بووە بە تۆڕێکی نادیار کە لە گۆی زەویدا بڵاوبووەتەوە.

هەرچەشنە ناساندن و پێناسەیەک بەکاربهێندرێ بۆ دیاریکردنی ئەوەی نەتەوە چییە، بەکردەوە بە هەموو ناساندنێک کوردان لە ماوەی دوودەیەی ڕابردوودا بوون بەیەکی ئەوتۆ و تاڕادەیەک خۆیان لە«دەوڵەت ــ نەتەوە»کانی عێراق و تورکیا دوورخستووەتەوە. ئەوەش بەتایبەتی بە ڕێگەی بەرەوپێشبردنی فەرهەنگێکی جەماوەری گشتی کراوە ــ تۆوێکی پێویست بۆ نەتەوەبوون، بەگوێرەی هێندێک ناساندنی بە نفووز[١٨] ــ و ئەوەی کە کوردەکان دەرەجەیەکی بەرزتر لە ئاستی یەکانگیریی نێوکۆییان پەرەپێداوە.

لە هەمان کاتدا، ئەوان بوون بە کۆکراوەیەکی کۆمەڵایەتی کە کەمتر لە باری خاک و جوگرافیاوە دەناسرێ. کوردستان وەکوو خاکێکی مێژوویی گەلی کورد هێشتاش وەک(بابەتێکی) نێوەندی لە وشیاریی کوردیدا ماوەتەوە، بەڵام لەسەدی ئەو کوردانەی کە لەڕاستیدا لە کوردستاندا دەژین لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو داکشاوە. لەبەر لەسەرەوەبوونی ڕێژەی زەوزوو، دانیشتووانی هەرێم ژمارەی ڕەبەقیان هەر لە زیادبووندا بووە، بەڵام ئەوانە ڕەنگە ئێستا تەنێ نزیکەی دوولە سێی گشت کوردەکان بن و، تەنانەت کەمتریش. لە تورکیا کۆچکردنی هێزی کار، هەڵاتن لەبەر شەڕ و بە تۆبزی چۆلکردنی لادێیان بە میلیۆنان خەڵکی ناچار کردووە کە زێدی خۆیان بەجێبهێڵن و بگوێزنەوە بەشەکانی دیکەی وڵات یان هەندەران و، ئەوەش بە توندی تەبیعەتی مەسەلەی کورد و هەلومەرجی ڕێگا چارەکردنەکانی دەگۆڕێ.

ئەستەمبووڵ و شارە گەورەکانی دیکە ئێستا دانیشتووی زۆری کوردیان هەیە، کە لە هێندێک گەڕەکی تایبەتیدا بە تێکپەستراوی کۆبوونەوە. هەرێمەکانی ڕۆخی مێدیتێرانە و ئێژەش ژمارەیەکی زۆر کوردیان بەرەولای خۆیان ڕاکێشاوە، کە وردەوردە کوتێکی بەرچاویان لە دانیشتووانی ئەو هەرێمانە پێکهێناوە. لە زۆربەی ئەو جۆرە جێیانەدا زۆربەی موهاجیرە کوردەکان لە چینی خوارەوە، کەمخوێندوو، کەم مووچە و بەرات، پێکهاتوون و لەلایەن خاوەنکار ودەستەڵاتدارییە ناوچەییەکانڕا فەرق جیاوازییان لەگەڵ دەکرێ. گرژی وناخۆشی لە نێوان دانیشتووانی لەمێژینەی ئەو هەرێمانە و ئەو کوردە تازەماڵانە وردەوردە سازبووە، لەوەتا شەڕی پارتیزانی دەستی پێکردووە هەر لە زیادبووندا بووە چونکوو زۆر لە گەنجانی ئەو ناوچانە کە لە خواروی ڕۆژهەڵات لە خزمەتی سەربازیدا بوون لە وێ ژیانی خۆیان لە دەست داوە.

ئەوەی کە دەکرێ بە"لە خاککردنەوەی"مەسەلەی کورد نێودێر بکرێ، لەبەر شوێنی دوولایەنەی کۆچکردنی بەکۆمەڵ و جیهانی بوون، بە هیچ کلوجێک ئەوە ناگەیێنێ کە وەسوەسەی جیاوازیخوازی بەرەبەرە لاواز دەبێ، ئەو وەزعەی کە هێندێک لە سیاسییەکان چاودێری دەکەن. موهاجیرە کوردەکان لە ڕۆژئاوای تورکیا یان لە ئورووپا زۆر زیادتر لەمەڕ جیاوازیی ئێتنیکی خۆیان ئاگادارن لە چاو ئەو کوردانەی کە (لە بەشەکانی تورکیا )ی کوردستاندا دەژین. بزووتنەوەی جیاوازیخوازی لەلایەن کوردەکانی تاراوگەوە بەتوندی پشتیوانی دەکرێ، ئەگەرچی ژمارەیەکی کەم لەوانەیە بگەڕێنەوە بێتوو ڕۆژێک کوردستانێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆم سازبێ(مرۆڤ دەکرێ پشتیوانی جوولەکە ئامریکاییەکان لە دەوڵەتی ئیسراییل وەبیربهێنێتەوە بۆ ئەوەی سەرەدەری لێبکا کە ئەو کارە شتێکی ڕیزپەڕ نییە.) لەگەڵ ئەوەشدا، مەسەلەی کورد لە تورکیا ئیتر چیدیکە ناکرێ بەتەنێ لە چوارچێوەی ناوچەییدا بناسێندرێ، چونکوو کەمایەتیی کورد لە ڕۆژئاوای تورکیا هەتا دێ زیادتر جێیەکی هەڵکەوتوو لەو مەسەلەیەدا دەگرێ. هەبوونی چینێکی خوارەوەی گەورەی ئەداری کورد، دەرفەتە هەرە لانیکەمەکانی وەگەڕکەوتنی کۆمەلایەتی کە لەبەر فەرق جیاوازی لەگەڵ کردنی ئێتنیکی تەنانەت پێشیشی لێدەگرێ، لەوانەیە لە داڕۆژدا مەترسییەکی گەورەتر لە بزووتنەوەی جیاوازیخوازی پارتیزانی لە خوارووی ڕۆژهەڵات بۆ تورکیا بێ.

**ئاسۆگەکان**

توندوتیژبوونی کێشەی نێوان کۆماری تورکیا و بەشێکی گەورە لە دانیشتووانی کورد بەردەوامە. لەهەر دووکلا لەسەرەخۆ و ئەرمەکان ملیان بۆ توندوبەگوڕەکان ڕاکێشاوە و ئاسۆگی چارەسەرکردنێکی ئاشتییانە زۆر ڕوون نییە، ئەگەر عەقڵ و ژیری سەرنەکەوێ ـ ئێمە لەوانەیە شاهیدی بۆ یەکچوونی بەردەوام و زەبروزەنگی لە زێدەو دڕندەیی بین کە تێیدا یان بزووتنەوەی جیاوازیخوازی کورد لە باری فیزیکییەوە تێکوپێک دەدرێ یان خەرجی کۆمەڵایەتی شەڕ ئەوەندە گران لە سەر تورکیا ڕادەوەستێ کە بەدیلی جیابوونەوە، کە تائێستا بیر بۆی نەچووە، بە ڕێگا چارەی هەرەباش دادەندرێ.

بیروڕای زۆربە لە نێو باڵی عەسکەری تورکیادا هێشتاش وێدەچێ ئەوەبێ کە بە هێندێک تێکۆشانی زیادتر لەوانەیە پکک بە یەکجارەکی تێکبشکێ. تاقیکردنەوەی دوازدە ساڵی ڕابردوو، کە تێیدا پەیتا پەیتا شکانی پکک ڕاگەیێندراوە، شک وگومان دەهێنێتە گۆڕێ. ئەوە ڕاستە کە لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا هێزەکانی ئەرتەش هێندێک زەبری قورسیان لە پکک وەشاندووە و واوێدەچێ ئەو ڕێکخراوەیە لە باری عەسکەرییەوە لە چاو چەند ساڵ لەمە پێشەوە لاوازتربووبێ، ئەگەرچی، ئەو کارە تەنێ بە ڕێگەی گواستنەوەی فیزیکی دانیشتووانی وەرزێر کە پشتیوانیان لە پارتیزانان دەکرد و کاولکردنی بە هەزاران لە لادێیەکانی ئەوان مەیسەربووە، سیاسەتێکی کە وەزەندێکی گەورەی بە پێوەندی نێوان دەوڵەت و دانیشتووان گەیاندووە. لەمەش زیادتر، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وا دابندرێ کە شکانی عەسکەری پکک هەر تاوێک ناتاوێکی دی سەردەگرێ، پکک ژمارەیەکی گەورە تێکۆشەری دنەدراوی پاشکەوتەی هەیە و هاسانیش دەتوانێ زۆر کوڕوکچی گەنجی دیکە وەخۆخا [و بیاننێرێتە مەیدان] ، کەسی ئەوتۆ کە ئامادەن لە ڕێگەی ئاواتە سیاسییەکانیاندا خۆیان بەخت کەن.

هەروەها مرۆڤ ناتوانێ چاو لە دەستکەوتە سیاسییە گرینگەکانی پکک بقووچێنێ، کە ئێستا پشتیوانییەکی بەربڵاوی بۆخۆی لە نێو کورداندا وەدەستهێناوە. خۆشەویستبوونی پکک، سەرەڕای زەبروزەنگی دڕندانەی جاروباری لە دژی کوردی بێچەک، تاڕادەیەکی زۆر لەبەر ئەو ناکارە زۆر ←

درندانەترەیە کە هێزەکانی ئەمنییەتی تورک لە هەرێمدا هەیانە، کە بەشێکی سەرەکی لە دانیشتووانی کوردی لە دەوڵەت نامۆ (alienated)کردووە. ئێستا هەتادێ هەڵناواردنی پکک لە دانیشتووانی کورد بەڕوونی، بە گشتی زیادتر زەحمەت دەبێ. ئەم کێشە چەکدارانەیە وشیاریی کوردەکانی سەبارەت بە هەوێتی جوێی ئێتنیکی خۆیان زیادکردووە و بووتە هۆی سازبوونی هەستێکی دەستبەجێ کە لە باشترین دۆخدا ئەوان بە هاوولاتی دەرەجە دوو دادەندرێن. لەبەر ئەوەی کە زۆربەی قسەوێژانی لە سەرەخۆ و ئەرمونیانی کوردان سووکایەتییان پێکراوە یان لەلایەن دەستەلاتدارانەوە بەندکراون، زۆران بەو ئاکامە گەیشتوون کە پکک وەک تەنیا هێزێک ببینن کە نوێنەرایەتییان دەکا. لە قسەکردنی خۆمانەدا ئەوان لەوانەیە سەبارەت بە سیاسەتەکانی پکک یان مێتۆدەکانی دڕدۆنگ بن بەلام ئەوە چیدی سەبەب نییە بۆ ئەوەی خۆی لێ بێ ساحێب کەن[و لەسەری نەکەنەوە]. لەنێوبردنی پکک بە بێ کوشتاری بەکۆمەڵی کوردێکی زۆری قەرەیەخە و بێچەک هەڵناسوورێ.

ئەمە ئەو لایەنەیە کە هەڵوێستی ئەرتەشی تورکیای لە خوارووی رۆژهەلات وەک ئامریکاییەکان لە ڤێتنام و ڕووسەکان لە ئەفغانستان لێکردووە یان ـ زۆر ڕاستەوخۆتر شیاوی بەراوردکردن ـ لە چێچنستان. ئەو ئەرتەشانەش پێیان نەکرا کە بەهێزتربوونی هەرە زیادتری خۆیان بکەن بە سەرکەوتن. نەیانتوانی جەنگاوەری پارتیزان و خەڵکی بێچەک و ئاسایی لە یەکدی هەڵناوێرن و بێپسانەوە لادێییە ئاساییەکانیان کوشتوبڕ کرد و، بەوشێوەیە ئاگری ڕق و بێزاری تەقریبەن تەواوی دانیشتووانیان بە دژی خۆیان خۆش کرد. ئەرتەشی ئامریکا ئاخرەکەی ناچارکرا لە ڤێتنام پاشەکشە بکا و، ڕووسەکان لە ئەفغانستان کشانەوە وەدەرچوونیان لەبەر ئەوە نەبوو لەوێ سەرکەوتنی عەسکەرییان وەدستهێنابێ بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە شەڕ ببووە هۆی ئێش وئازار لەبەرەی نێوخۆدا، چەت وگیروگرفتی کۆمەلایەتی، گرێوگۆڵی هەرە سەختی خووگرتن بە نارکۆتیک و زەبروزەنگ، بێباوەڕی قووڵ بە حکوومەت و دووبەرەکییەکی قووڵی لە کۆمەڵگەدا سازکردبوو.

خەرجی کۆمەلایەتی شەڕ لە کوردستان هەر هەمان تەبیعەتیان هەیە و وەکوو خەرجە ئابوورییەکان هەر زیاد دەکەن. ئێستا شتێکی وەک سیندرۆمی ڤێتنامی تورکی لە ئارادایە، بەکارهێنانی نارکۆتیک و مادەی ئەلکۆڵی هەردێ وزیادتر دەبێ و ئاستی زەبر وزەنگ لە کۆمەڵگەدا هەر بەرەژوورتر دەچێ. هێندێک لە دەستەلاتدارییەکانی پۆلیس و قەرەیەخە وێدەچێ بەدەم قەومانی شەڕەوە زۆر بە قووڵی ڕاکێشرابنە نێو کاری قاچاغی بە قازانجی نارکۆتیک و چەک فرۆشتن. پێشێلکران و تێکچوونی گشتی باری مافی مرۆڤ نەک هەر لەناوچە کوردییەکان، بەڵکوو لە سەرانسەری تورکیا، بۆ حاشالێکردن نابێ، ونبوونی خەڵک و کوژرانیان بە دەست"کارگێڕی نەناسراو"، کە هێزە ئەمنییەتییەکان بە گشتی شکی ئەوەیان لێدەکرێ دەستیان لەو جۆرە کوشتنانەدا هەبێ و، ڕووداوی وەک ڕاپەڕینی غازی لە ١٩٩٥، کە تێیدا پۆلیس بە ئانقەستە ـ و بێئەوەی تاوانی بێتەوە سەری! تەقەی لە خەڵک کرد بۆ ئەوەی خۆپێشاندەرەکان بکوژێ، بووەتە هۆی ئەوە کە زۆر لە هاوولاتیان، نەک هەر کوردەکان بە تەنێ، باوەڕیان بە دەوڵەت نەمێنێ. دووبەرەکی قووڵ لە کۆمەڵگەی تورکدا دەستی پێکردووە خۆی وەڕوو بخا و مەترسی ئەوەی کە عەمەلیاتی پارتیزانی لە خوارووی ڕۆژهەلات و ئەو شەڕەی لە دژی دەکرێ بتەنێتەوە و ببێتە شەڕێکی نێو خۆ لە ڕۆژئاوای تورکیا (لە نێوان تورک و کوردان و، یان سوننی و عەلەوییان) بە هیچجور بۆچوونێکی خەیاڵی نییە.

ئەگەرچی هێندێک گرووپی بەتوانا وێدەچێ قازانج و بەرژەوەندییان لە درێژەی ئەم شەڕەی ئێستادا هەبێ، دەکرێ هیوای ئەوە بکرێ کە ئەو کەسانەی کە پێیان خۆشە پێش بە پێکەوەسووتانی تەواوی تەڕ و ویشکەوە بگرن بێنەڕوو بەر لەوەی زۆر درەنگ بووبێ. دەکرێ ڕێگەیەک بۆ دەرکەوتن لەم دۆخەی ئێستای کێشەکە بە بێ کوشتاری بەکۆمەڵ یان جیابوونەوەی تەواو بدۆزرێتەوە. ئەمە دەکرێ بە ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ ئەو ڕێبەرە کوردانە بکرێ کە لە نێو خەڵکدا خۆشەویستن و ددانیان پێدادەنرێ و، هەروەها مەیل و ئامادەیی بۆ دانی ئازادی زیادتر بە کوردەکان و فەرهەنگەکەیانی دیکەی کەمایەتی و لەگەڵ دانی ئیمتیازی سیاسی. چ پێش بەوە ناگرێ کە بۆچی لە وتووێژێکی ئەوتۆدا باسی چلۆنایەتی قانوونی کردنی پلۆرالیزمی فەرهەنگی و سیاسی لە تورکیا نەکرێ و، [باسی ئەوە کە]داخودا لامەرکەزی، ئۆتۆنۆمی و فێدرالیزم دەکرێ بەشێک لە چارەسەری جێی پەسند بن نەیەتەگۆڕێ. هەرچۆنێک بێ پلۆرالیزم (چەندایەتی)، مژارێکی بێگانە نییە بۆ تورکیا. ئاناددۆڵی هەمیشە مووزایکێکی فەرهەنگی بووە، ئیمپراتوری عوسمانی بە ڕێگەی سیستمی میللەت پلۆرالیزم و ئۆتۆنۆمی نارەسمی بۆ هەرێمە سەربزێوەکانی باڵکان و، ئەستانە عەرەبی وکوردییەکانی کردە قانوونی. مژاری دەوڵەت ـ نەتەوەیەکی یەکدەست، کە لە فرانسە وەرگیراوە(کە لە هەمان کاتدا خۆی بۆی دەرکەوتووە کە خۆشی دەوڵەت نەتەوەیەکی یەکدەستی ئەوتۆ نییە )ڕەنگە بیسەلمێنێ کە تەنێ پەرەدەیەک بێ لە[چیرۆکی]مێژووی تورکیادا. وەک زۆر لە دەوڵەتەکانی هاودەم، تورکیا لەوانەیە بۆی دەرکەوێ کە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی بە شێوەی هەرەباش لەوەخۆکردنی شێوەی نوێی پلۆرالیزمی فەرهەنگی و سیاسی دایە. ■

## پەراوێزەکان

١) ئەمە دەقی باسێکە وا لە سیمپۆزیۆمی نێونەتەوایەتی "پێناسەکردنەوەی نەتەوە، دەوڵەت و هاوولاتی" لە زانکۆی مەرمەرە، ئەستەمبووڵ نێوەندی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوایەتی، ٢٨-٢٩ی مارسی ١٩٩٦، پێشکێش کراوە.

٢) سوریا، کۆمارەکانی ئەوپەڕی قەفقاز و تورکەمەنستان، کە گشتیان دانیشتووی کوردی بەرچاو بەلام کەمیان هەیە، لە دەرەوەی لێدوانی ئەم باسەی ئێستان.

٣) بڕوانە شیکردنەوەکەی من سەبارەت بە سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە کتێبی Martin van Bruinessen, "Agha, Shaikh and state: The Social and Political Structures of Kurdistan"(London: Zed books, 1992), pp. 265-305.

هەروەها بزووتنەوەی سمکۆ لە کتێبی: Kurdish tribes and the state of Iran: the case of Simko´s revolt, in R. Tapper, ed , The conflict of tribe and state in Iran and Afghanistan ( London: Croom Helm, 1993) pp. 364-400.

٤) ئەو سیاسەتە زاڵمانەیانە بابەتی نووسراوەکانی Lucien Rambout(Pére Thomas Bois),Les Kurdes et le droit(Paris: Éditions du Cerf,1947).

وە، خدر گۆکتاش Hider Göktaş, Kürtler:isyan-tenkil(Istanbul:Alan,1991). پێکدەهێنن.

هەم بریتانیاییەکان لە عێراق و هەم تورکیا کوردە سەرهەڵداوەکانیان لە سالانی ١٩٢٠و١٩٣٠کاندا بۆمباران کرد. ئێران تا بەر لە سالانی ١٩٥٠ وای نەکرد.

سەرکوتکردنی سەریزێوی دەرسیم لە ساڵی ١٩٣٧دا بە تایبەتی دڕندانە بوو و بۆ ئەوە دەبێ بە ژینۆسید نێودێر بکرێ، ئەو زاراوە لە لایەن ئیسماعیل بێشکچی لە کتێبەکەیدا لە سەر ئەم بابەتە بەکارهاتووە.

Tunceli kanunu(1953)ve Dersim jenosidi(Istanbul: Belge, 1990)

بۆ تێڕوانینێکی بە بەڵگە لەوبارەیەوە بڕوانە نووسراوەکەی من لە کتێبی:

"Genocid in kurdistan? The suppression of the Dersim rebellion in Turkey(1937-38) and the chemical war against the Iraqi Kurds" in G. J. Andreopoulos, ed., Genocide: conceptual and historical dimensions(Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 1994), pp.141-70.

ئەم نووسراوەی مارتین بڕوانێسن لە لایەن وەرگێڕەوە کراوەتە کوردی خواروو و بەنێوی «ژێنۆسید لە کوردستان؟ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی دەرسیم لە تورکیا(٣٧-١٩٣٨) و شەڕی کیمیایی لە دژی کوردەکانی عێراق(١٩٨٨)، لە ژمارەی ١٢و١٣ی گۆڤاری *ڕابوون* دا بڵاوکراوەتەوە.

٥) ئەو جەریانە بە وردە ڕیشەوە لە نووسراوەکەی من: "Kurdish society, ethnicity, nationalism and refugee problems", in Ph. G. Kreyenbroek&Sprel, eds., The Kurds: Aconteporary overview(London: Routledge, 1992), pp. 33-67. باسی لێوەکراوە.

ئەو نووسراوەیە لە لایەن وەرگێڕەوە کراوەتە کوردی خواروو و بەنێوی:«کۆمەڵگەی کورد، ئێتنیسیتی، ناسیۆنالیزم و گیروگرفتی پەنابەران» لە ژمارەی٣ی گۆڤاری گزینگ، ١٩٩٤دا بڵاوکراوەتەوە.

٦) سەختی و توندوتیژی ئەو هێرشانە و، ئیدعای کوردەکان کە گازی ژاراوی بە بەربڵاوی دەکارکرا، لەو کاتیدا لەلایەن هێندێک ڕۆژنامەنووسەوە گومانی لێدەکرا و تەنیا دوای ١٩٩١ ئەو شک و گومانە ڕەوییەوە و سەلما کە وەزع زۆر لەوە خراپتر بووە کە پێی زاندراوە، کاتێک کە بەڵگەکانی حکوومەتی عێراق کەوتە دەست کوردەکان و بۆ توێژینەوە نێردرا بۆ دەوڵەتە (وڵاتە) یەکگرتووەکانی ئامریکا. بڕوانە:

Human Rights Watch/Middle East, Iraq´s crime of genocide: the Anfal campaign against the Kurds(New Haven: Yale University Press, 1995)

بۆ پێداچوونەوەیەکی بیبلیۆگرافی سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی لە سەر ئەو ڕووداوانە بڕوانە نوسراوەی من:

"Genocide of the Kurds". in Israel W. Charny, ed, The widening circle of genocide (Brunswick: Transaction Books, 1994), pp. 165-91.

٧) مەحمەد عەلی ئەسلان:

Mehmet Ali aslan, Mülteci Kürtler(Ankara: Demokrasi, 1988); Erbil Tuşlap, Zehir Yöklü Bulutlar: Halabçe´den Hakkari´ye(Ankara:Bilgi, 1989);

ئومیت فرات ئەت ئال:

Ümet Firat et al, Halebçe´den kamplara…Kürtler(Istanbul; Alan-Belge, 1990); IHD Diyarbakir, Siirt,…şubeleri,"Ölaganüstü Hal Bölge"raporu-1990(Ankara: Yurt, 1991).

٨) ئەوەندە خەڵکەش چوونە ئێران، لە سەر سنوور پێشیان نەگیرا و هێشتیان دەرباز بن و، لەوێ کوردەکانی ئێران وەفریایان کەوتن ویارمەتی ئینسانییان پێکردن. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر نەبوونی ڕۆژنامەنووسی لاوەیی لەوێ وەزعی سنووری ئێران، بەزەحمەت گەیشتە دنیای دەرەوە. تورکیا، پەنابەرانی لە سەر سنوور ڕاگرت، جگە لە تورکومانەکان نەبێ کە وەریانگرتن و ناردیاننە کەمپێک کە لە ناوچەیەک لە نێوەڕاستی تورکیا ساز کرا.

٩) دوو لێکۆڵینەوەی نوێ سەبارەت بە بەرعۆدەییە نێونەتەوایەتییەکانی عەمەلیاتی"پرۆڤاید کامفۆرت (ئاسوودەیی پێکهێنان" (کە "ناوچەی هێمن"ی دامەزراند) و هێزی "چەکوچی ئامادە"ی هاوپەیمانەکان (کە پارێزگاری لە ناوچەی هێمن دەکا) بریتین لە نووسراوەکانی:

Helena Cook, The safe haven in northern Iraq: international responsibility for Iraqi Kurdistan(London: Kurdistan Human Rights Project, 1995)

Baskin Oran, "Kalkik horoz": çekiç güç ve Kürt devleti(Ankara: Bilgi, 1996).

١٠) بۆ وێنە بڕوانە هاوپرسەکی لەگەڵ مەحمەت عەلی براند:

Mehmet Ali Birand, Apo ve P.K.K(Istanbul: Milliyet, 1992).

١١) پشتیوانی لەو دیوی سنوورەکانەوە لە بزووتنەوەی کورددا شتێکی تازە نییە. پدک ی بارزانی لە کۆتایی ١٩٦٠ هێندێک پشتیوانیی چالاکی لە نێو کوردەکانی ئێران و هەروەها کوردەکانی تورکیا لە حەکاری و ئەستانی ماردین ی (ئەو دەمی) وەدەستهێنا، کە ڕێگەی بۆ دابین کرا. هەر ئاواش ینک ی تاڵەبانی لە ئاخر و ئۆخری ١٩٧٠کان پشتیوانی و یارمەتیی گرینگی تەداروکاتی لە کوردەکانی تورکیا وەرگرت.

١٢) ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن دەستەڵاتدارانی پۆلیسی ئاڵمان بە هۆی نائارامییەکانی نەورۆزی ١٩٩٦ لە بەر دەست چاپەمەنییەکان نرا. دوو ڕەقەمی دیکەش هەر ئەودەمی سەبارەت بە توانایی پکک لە ئاڵمان پێشکێش کران و، لەوانەیە زۆر جێی باوەڕتر بن چونکوو بە پێی چاوەدێری باری ڕۆژ کراون ـ دەگوترێ کە پکک نزیکەی ٧٥٠٠ میلیتانتی بەگوڕی هەیە و، نزیکەی ٥٠٠٠٠ کوردیش ئامادەییان هەیە لە خۆپێشاندانەکانی پکک دا بەشداری بکەن.

١٣) ئەو تەخمینانە لە لایەن حەسەنی قازی، ڕاوێژکاری ئەدەبی کوردی شورای فەرهەنگی دەوڵەت لە سوێد لەبەر دەست من نراوە. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، دوازدە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی یارمەتییان وەرگرتووە بۆ چاپی کتێب بە کوردی. یەک لەوان، ئاپێک، تا ئێستا ٧٢کتێبی چاپ کردووە، کە ٣٧ بەرگیان بە کرمانجی یە.

١٤) لە سەرەتاوە پکک ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆی کوردی بوو کە وێدەچوو گرینگییەکی ئەوتۆ نەدا بە بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی، گشت بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی بە تورکی بوون. بەو زووانە ئەویش سەرنجێکی زیادتری داوەتە سەر زمانی کوردی، بە هۆی پشتگرتنی پێکهاتنی کۆبوونەوە و کۆنفرانس لە سەر زمان و، کاری هەرە گرینگ و بە کەلک، ئامرازی دەربڕینی کوردی واتە بڵاوکراوەکانی مێد ـ تێڤێ. پرۆپاگەندای دژی پکک زۆر جار ئەوەبوو کە ئۆیجالان بۆ خۆی نازانێ بە کوردی بدوێ، یان بە کوردییەکی زۆر خراپ قسە دەکا، بەڵام ئەو ئێستا زۆر لە وتار و قسەکانی خۆی بە کوردییەکی ڕەوان دەردەبڕێ.

١٥) یەکەم لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بەرنامەکانی مێد ـ تێڤێ و شوێنکردنەکانی کە ئەمن لێی ئاگاداربم ئەوەیە کە لە لایەن زانای پسپۆڕی کامیونیکاسیۆن ئەمیری حەسەنپوور( بۆ خۆی کوردێکی ئێرانە) دانیشتووی مۆنتریال، کراوە لە وتارێکدا لە زانکۆی ئازادی بێرلین لە ٧ی نۆڤامبری ١٩٩٥ بە نێوی:

"Med-TV, Britain and the Turkish state:a stateless nation´s quest for sovereignty in the sky" "مێد ـ تێڤێ، بریتانیا ودەوڵەتی تورکیا: حەولی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بۆ وەدەستهێنانی سەروەری لە ئاسمان"

١٦) لە کاتێکدا کە ئەم نووسراوەیە لە ژێر ئاخرپێداچوونەوەدا بوو، مێد ـ تێڤێ لە ئاسمان ئاوا بوو و ڕەنگی نەما، ئەوەش ئاکامی تێکۆشانە دیپلۆماتییە سەرکەوتووەکانی تورکیا بوو. ئەو ماوەیەی کە دەدرا بە بڵاوکردنەوەی قسەکانی ئۆیجالان(کە بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەشداری دەکرد لە دمەتەقەکانی ستۆدیۆی برووکسێل) لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا واوێدەچێ کە ئیدعاکانی تورکیای داگرتبێتەوە لەمەڕ ئەوەی کە مێد ـ تێڤێ سەر بەخۆ نییە بەڵکوو ئامرازێکی پروپاگاندای پکک یە و هەربۆیەش بڵاوکردنەوەی لە مانگیلەوە پاوان کرا. لەگەڵ ئەوەشدا، چ هۆیەک نییە کە مرۆڤ وای دابنێ، دەزگایەکی تازە جێی ناگرێتەوە. لە سەر مانگیلەیەکی دیکە و بە ڕێلەکردنی بەرنامەکانی لە وێستگەی دیکەوە.

تێبینی وەرگێڕ: ئەو پێشبینییەی نووسەر بە ماوەیەکی کورتی دوای دەرکەوتنی ئەم نووسراوەیە وەڕاست گەڕا و سەرەڕای هەموو جۆرە حەولێکی تورکیا و هاوکاری هێندێک دەزگای ئەمنییەتی لە بێلژیک و ئینگلستان مێد ـ تێڤی بەرنامەکانی خۆی دەستپێکردەوە و جارێکی دیش سەروەریی کوردانی لە ئاسمانان داگرتەوە.

17) Benedict R.O´G. Anderson, Long-distance nationalism: World capitalism and the rise of identity politics(Amsterdam:Centre for Asian Studies, 1992).

18) Anthony D. Smith, National identity(London: Penguin Books, 1991).

ئانتۆنی د. سمیت لە کتێبەکەیدا نەتەوە ئاوا دەناسێنێ "خەڵکێکی بە نێوکراوی ئینسانی کە خاکێکی هاوبەش، ئەفسانەی هاوبەش و بیرەوەری مێژوویی هاوبەش، فەرهەنگێکی جەماوەریی هاوبەش، ئابوورییەکی هاوبەش و ماف وئەرکی قانوونی هاوبەش بۆ هەموو ئەندامەکانی هەبێ." سەرنج بدەن کە ئەم پێناسەکردنە بە باشترین شێوە لەتەک دەوڵەت ـ نەتەوەی کلاسیکی و ئی خەڵکی تورکیا جوردێتەوە، بە پێی ئەم ناساندنە، ئێتنیسیتە یان هەرچییەکی دەبێ با ببێ، ئەوانە بەیەکەوە نەتەوەیەک پێکدەهێنن. لە کاتێکدا، هەر بە پێی ئەم ناساندنە کورد نەتەوە نین، یان تا ڕادەیەکی کەمتر یەکی وان. هەروەها لەوەش سەرنج بدەن کە ماف و ئەرکی قانوونی هاوبەش لەوانەیە لە تیئۆری دا(بە قسە) هەبێ بەڵام کردەوەی قانوونی و بەڕێوەچوون و دەکارکردنی قانوون لە سەر کوردان بە فەرق و جیاوازی لەگەڵدانان بووە.

# مافی ژن له کۆمەڵی کوردەواریدا

باسێکی مێژووی لە سەر مافی ژن

(٨)

لێکۆڵینەوە و نووسینی: ،ژیلا.ف، و ،تەیفور،

### ٢/٣ یاسای مەسیحی

زۆربەی یاساکانی تەورات لە لای مەسیحی دەمێنێتەوە و ئێنجیل زیاتر باسی پێوەندی خودا و مرۆڤە، لە زبانی عیساوە گوتراوە کە «پێتان وا نەبێ من هاتووم تەورات یا "صحف الانبیاء" بەتاڵ بکەمەوە بەڵکوو هاتووم هەتا تەواوی بکەم»[١]

ئەوەندە هەیە پیاوە ئایینی یەکانی مەسیحی دەبووا شتێکی جیاواز لە تەورات دروست بکەن و شەریعەتێکی تازە بهێننە گۆڕێ، هەر کام لە پاپەکان بە پێی داوخواز وپێویستی سەردەم هێندێ داب و یاسای تازەیان فەرمان داوە کە هەمووی لە کتێبێک بە نێوی"کۆمەڵی حوکمەکانی شەرع" دا کۆکراوەتەوە و کتێبی شەرعی کلیسایە کە لە ساڵی ١١٣٩ بەولاوە بە هێندێک کەم و زیاد کردنەوە یاسای ئایینی مەسیحی تێدا نووسراوەتەوە و بەسەر کۆمەڵی مەسیحییان دا زاڵ بووە و لە ١٩١٨دا کراوە بە ئاخر بڕیار. جیاوازییەکی زۆر گەورە کە لە نێوان جوو و مەسیحیدا هەیە بوونی مریەم وەکوو ژنی پیرۆزە، لە ڕاستیدا «کلیسا بۆ خۆی پەرەستنی مریەمی هان نەدا. کلیساداران مریەمیان وەکوو دژ بە ژارێک لە بەرانبەر دایە حەوا دا هێنابووە گۆڕێ. بەڵام دوژمنی کردنیان سەبارەت بە ژن کە ئەویان وەکوو "پەیکەری لاوازتر" و سەرچاوەی سەرنج ڕاکێشی زۆربەی گوناهەکان دەزانی... هەر مابوو. یانێ ئەوە خودی خەڵک بوون کە لە باخی سەدەکانی ناوەڕاستدا جوانترین گوڵیان بەخێو کرد و مریەمیان کرد بە خۆشەویست ترین کەسی مێژوو. ئەمە لە ڕاستیدا گۆڕینەوەی پەرەستنی ژن خودای دایک بوو بە پەرەستنی مریەم، وەکوو دایکی خودا. ئەم خولقاندنەی خەڵکی بەم شێوە پێکهات کە لە ساڵی ٤٣١ دا، "سیریل" گەورە قەشەی ئەسکەندەرییە، لە بەیانێکی بەناوبانگدا کە لە "ئەفسوس"دا دای، زۆربەی ئەو پەسنانە کە خەڵکی غەیرە مەسیحیی ئەفسوس لە قوڵایی دڵەوە بە ژن خودای گەورە "ئارتمیس – دیانا"یان دەدا، ئەو بۆ مریەمی بەکار برد. هەر لەو ساڵەدا شەورای ئەفەسوس سەرەڕای ناڕەزامەندی دەربڕینی مەسیحییەکان ناوبانگی "دایکی خودا"ی دا بە مریەم و ئەو پەسنەی کرد بە بڕیار. بەرە بەرە تەواو ئەو شتە ناسکانە کە تایبەتی ژن خوداکانی دیکە وەکوو "ئاستارتە"، "کوبلە" ، "ئارتمیس" ، "دیانا" و "ئیسیس" بوو لە پەرستنی مریەمی عەزرادا کۆ بووەوە. لە سەدەی شەشەم دا، کلیسا بڕیاری دەرکرد کە هەموو ساڵێک سێزدەی مانگی ئوت (مانگی دووەمی هاوین-گەلاوێژ) کە پێشتر جێژنی ئیسیس و ئارتمیس دەگیرا وەکوو جێژنی ڕویشتنی مریەم بۆ ئاسمان جێژن بگیرێ. مریەم بوو بە پشتیوانی پیرۆزی خەڵکی قسطنطنییە و بنەماڵەی ئیمپراتوری. هیچ دەستەیەکی گەورە نەبوو کە وێنەی مریەمی وەپێش نەخرێ و لە دنیای مەسیحیی یۆناندا هیچ کلیسا و ماڵێک نەبوو (ئێستاش نییە) کە بە وێنەی مریەم نەڕازێندرابێتەوە.

ڕەنگە شەڕەکانی سەلیبی(خاچ) بووبێتە هۆی هێنانی ئایینی مریەم پەرستی کە بە شێوەیەکی خۆماڵیتر هێنابێتیە ئورووپای ڕۆژئاوا.

لە ڕاستیدا خەڵک بۆ بەرەنگاری لەگەڵ زوێری و بێ بەزەیی بوونی خودایەک کە پیاوان دروستیان کردبوو، پیویستییان بە دایکێکی نەرم و بە بەزەیی هەبوو، هەتا ئەو ڕادەیە کە لە دوعاکانیاندا گلەیی خودایان بەلای دایکیەوە دەکرد و پێیان وابوو خودا ناتوانێ لە قسەی دایکی دەرچێ. خەڵک هەزاران چیرۆک و ریوایەتیان لە بەزەیی و هەستی دایکانەی مریەم دروست کرد کە لە کتێبی مەزنی ئەفسانە زێڕینەکاندا کۆ کراوەتەوە.»[٢] ئەوا لێرەدا چەند بڕگەیەک لە یاسای ئەم کتێبە دێنینەوە:

« ـ دایکانیان هان دەدا کە منداڵەکانیان شیر بدەن.

ـ بڕوا وا بوو کە ئەگەر کوڕ بەرلە ژن هێنان پێوەندی سیکسی نەبووبێ دەبێتە هۆی بەئەمەک بوونی ژن و پیاو بۆ یەکتر.

ـ لە تەمەنی حەوت ساڵەیی دا دەکرا نێوزەد بکرێ بەڵام گواستنەوە بۆ کچ دوازدە ساڵ و بۆ کوڕ چواردە ساڵ دیاری کرا بوو. دواتر ژێر پازدە ساڵ قەدەغە کرا.

ـ ئەگەر کوڕ و کچ بالق بوایەن بۆ هاوسەریی ڕەزامەندی باوک و دایک مەرجیپێویست نەبوو.

ـ مارەیی لە لایەن پیاوەوە دەدرا بە باوکی کچە و دیارییەکیش بە کچ دەدرا.

ـ لە پێشدا گوتنی بەڵێ بۆ هاوسەریی لەلایەن هەردووک لاوە بەس بوو بەڵام لە سەدەی دوازدە بەولاوە دەبووا قەشەیەکیش لە نێواندا هەبا.

ـ هاوسەریی لەگەڵ کەسێک کە غوسڵی "تەعمید" نەدرا بوو بەرگری دەکرا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هاوسەریی لەگەڵ جوو، کۆیلە و تەنانەت موشریکانیش پێش دەهات و سزای نەبوو.

ـ هاوسەریی لە نێوان ژن و پیاوێکدا کە تا چوار پشتیان جیا نەبا ئیزن نەدەدرا، واتە ئامۆزا و پورەزا بۆ یەک نەدەبوون. ( ئەمە دەتوانێ دوو هۆی هەبێ، یەک: بەرگری لە کۆبوونەوەی دارایی لە بنەماڵەیەکدا ـ دژ بە ژیانی

عەشیرەتی، دوو: بەرگری لە نەخۆشیی هاوخوێنی.)

- منداڵ لەبەربردن قەدەغە بووە و وەکوو قەتڵی نەفس ژمێردراوە.

- سزای زینا زۆر قورس بووە. لە برینی گوێ و کەپۆوە هەتا کوشتنی ژنی زیناکار بەدەست شووەکەی. بەڵام ئەم کردەوەیە زۆر بووە و بۆ خاوەن موڵکەکان لە ڕاستیدا سزا نەبووە.

- ژن و مێرد هەتا مردن دەبووا پێکەوە بژین و تەڵاق نەبوو، مەگەر ژن زینای کردبا، یا یەکێک لە ژن و مێردەکان لەدین وەرگەڕاباوە.»[3]

- بە بۆچوونی کلیسا ژن هێشتا ئەو حەوایە بوو کە پیاوی لە بەهەشت هێنابووە دەرێ و کەرەسەی شەیتان بوو بۆ فریودانی پیاو. تەنانەت لە کۆیلەی پیاو بە نزمتر دەزانرا.

- ژن دەبووا بێ ئەملاوئەولا گوێ لە مستی مێردەکەی بایە.

- ئیزنی لێدانی ژن درابوو. لە سەدەی سێزدەهەم دا وشەی " ئینساف" لەم یاسایە زیاد کرا ـ ئەندازەی ئەو دارەی کە دەبووا پێی لێبدرێ دیاری کرا.

- شایەتی ژن لە دادگا نەدەبیسترا.

- تاوانی دانەوە (جەزا) بۆ ژن نیوەی پیاو بوو.

- ژن مافی نوێنەرایەتی موڵکی خۆی نەبووە و مێردەکەی ئەو کارەی دەکرد.

- ژن مافی نەبوو ببێتە دوکتور(حەکیم). - ژنی دەرمانکەر بە جادووکار دەناسرا و دەسوتێندرا.

- ژن هەموو کاری نێوماڵی بە ئەستۆوە بوو و لە کۆمەڵ و بازار و کشت و کاڵیشدا دەیتوانی بەتەواوی بەشدار بێ. لەو کارانە کە تایبەتی بە ژنان هەبوو دەیتوانی ئەندامی کۆمەڵەی تایبەت بە ژنان بێ.

- ژنان بۆ کاری بەرانبەر لەگەڵ پیاودا مزەی بەرانبەریان وەرنەدەگرت.

- ژن لە جێژن و دابی ئایینیدا دەیتوانی بەشدار بێ (لە دەورانی فینۆداڵی ئورووپا دا ژنانی ئەشراف ــ خاوەن موڵکە گەورەکان؛ گەیشتنە ڕادەیەک لە ڕێز و پایەبەرزی کە تا ئەو دەم وێنەی نەبوو. دیارە تەنیا ژنانی خاوەن کۆشک و بارەگا).

- ژن دەیتوانی بەتەنێ بڕواتە دەرێ.»[4]

- لەناو مەسیحیدا ژن دەڕۆیشتە کلیسا، بەڵام دەبوو حیجابی هەبێ. پولیس بە خەڵکی دەگوت "ژنان لە کلیسادا ساکت بن لە جێگایەکی خوارتر لە پیاوان دانیشن، نابێ لە کلیسا قسە بکەن ـ پیاو نابێ سەری خۆی داپۆشێ چونکە ئەو جەلالی خودایە، بەڵام ژن جەلالی پیاوە. پیاو لە ژن نییە بەڵکوو ژن لە پیاوە و پیاو بۆ ژن چێ نەبووە و ژن بۆ پیاو چێ کراوە. بۆیە ژن لەبەر فریشتەکانیش بێ، دەبێ سەری خۆی داپۆشێ.[5]

- ئایینی مەسیحی یەکژنی دەکاتە باو و دوبارە مێرد کردن و ژنهێنان بە پەسن نازانێ و تەڵاق تەنیا کاتێک ئیزن دەدا کە ژن یا مێرد لە مەسیحی بوون لابدا [ئەمە جگە لە بەرانبەرکێ لە گەڵ جوو، بەرانبەرکێیەکیش بووە لەگەڵ فرەژنی لە ڕۆم دا].٦

**٣. مافی ژنی موسوڵمان**

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی گشتی بەپێویست دەزانین زۆر بە کورتی ئاماژەی ئەوە بکەین کە لە نێو هۆزەکانی عەرەب دا ژیانی ژن چۆن بووە.

زۆر جار دەگوترێ کە ژن لەو کۆمەڵانەدا هیچ مافیان نەبووە و کچانیان زیندەچاڵ کردووە و لە قورئانیشدا ئاماژەی پێ کراوە بۆ نموونە (سورەی تکویر ئایەی٨ و٩ـ الاسراء ٣٣) دابی زیندەچاڵ کردنی کچ ماوەیەکی زۆر کورت بووە و تەنیا لە نێو تایفەی "بەنی تەمیم بن مەڕ" دا بووە و چیرۆکەکەی ئاوایە کە ئەم تایفە دەبووا باجی بە "نوعمان" پادشای "حیرە" دابا و ماوەیەک باجەکەیان نەدا. نوعمان سوپای کردە سەریان و منداڵەکانیانی بە دیل برد. ئەم کردەوەیان زۆر لا گران بوو و ڕویشتن داوای منداڵەکانیان کرد. نوعمان داواکەیانی بە جێ نەهێنا و ئەوان داوایان کرد کە ژنەکانیان بدەنەوە. نوعمان گوتی کچەکانتان مێردیان کردووە. من بڕیار دەدەمە دەستی خۆیان. ئەگەر ویستیان بمێننەوە دەنا لەگەڵ ئێوە بگەڕێنەوە. هەموو کچەکانی بەنی تەمیم گەڕانەوە جگە لە کچی "قەیسی ئیبنی عاسم" نەبێ کە لە لای مێردەکەی "عەمرۆی ئیبن مەشرەج" مایەوە. قەیس لەم کردەوەی کچەکەی وەها تووڕە بوو کە سوێندی خوارد لەوە بە دوا ئەگەر کچی بوو بیکوژێ. زۆر کەسی دیکەش لە دووی ئەو بڕیارە کەوتن. بەڵام خنکانی کچان زۆر درێژەی نەبوو و یەکێک بە نێوی "سەعسەعەی ئیبن ناجیە" هەستا و خۆی کردە فیدای کچان و ئەو دابە لەبەین چوو.[7]

ئێمە دەزانین کە ئێستاش لە "هیند" خێزانی وا هەیە کە لەبەر دەستکورتی، کچەکانیان بە زیندوویی دەکەنە خۆراکی دڕندان یا خۆ زیندەچاڵیان دەکەن یا دەیان خنکێنن. ئەمانە پێڕەوانی زۆر هەژاری ئایینی زەردشتی کۆنن. پێمان وایە ئەمە زۆر ناگەڕێتەوە بۆ ئایین و زیاتر پێوەندی بە هەژارییەوە هەیە. لەو کۆمەڵە هەژارانەدا کوڕ هەر ئەوەندە بوو بە دە ساڵ نانی خۆی دەردێنێ، بەڵام کار بۆ کچ نییە و لە کاتی مێرد کردنیشدا دەبێ پارەیەکی زۆر خەڵاتی مێردەکەی بکرێ، ئێستا ئەگەر بێ سەوادی و نەزانین و دواکەوتوویی کۆمەڵ لە هەژاریی زیاد بکەین تێدەگەین بۆ شتی وا دەقەومێ. ئەو دەمیش ئەگەر شتی وا لە نێو هێندێ تایفەی دورەدەست و دواکەوتوودا هەبووبێ زۆر غەریب نییە. بەڵام عەقڵ تێوەناچێ کچی سەیدی قورەیشییان زیندەچاڵ کردبێ. چون قورەیش ئەهلی بازرگانی بوون و ئاگایان لە شارستانییەتەکانی ڕۆم و یۆنان و ئێران بووە. ئەوەش دەزانین لەچاو ژیانی شارستانییەتی ئەودەمدا (بۆ وێنە لە ڕۆم) هەرچی کۆمەڵ عەشیرەتی ترە نرخی ژن پترە، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەڵەکەیدا گرینگترە. هەروەک دەزانین پێغەمبەر دایکی گەورەی کردووە و لەنێو بنەماڵەی دایکیدا گەشەی کردووە. بوونی ژنێک وەکوو خەدیجە کە توانیویەتی نوێنەری بازرگانی بۆ خۆی هەڵبژێرێ، نیشاندەری دەست ڕویشتوویی ژنان لەو دەورەدایە.

لە سەدەی پێنجمی زایینیدا (نزیک بە سەد ساڵ پێش ئیسلام) پەردەداری کەعبە دەمرێ و پێش مردن کچەکەی خۆی کە ژنی قەیس تاجری گەورەی مەکە بوو، کرد بە جێ نشینی خۆی بۆ پەردەداری کەعبە و فەرمانداری مەکە. دواتر ئەم خاتوونە بە قازانجی کوڕەکەی خۆی چاوپۆشی لەو ئەرکە دەکا. ئەمە نیشان دەدا کە ژن تەنانەت توانیویەتی ببێ بە پەردەداری کەعبەش[8] هەروەها بوونی مەلا و قەشەی ژن (کاهینە) کە یەکێک لە بەناو بانگەکانیان "تریفە" کاهینی یەمەنە کە دەڵێن رووخانی ئاوبەندی مەئاربی پێش گۆیی کردبووە. ئیتر نێوی زبراء، سەلما، غفیراء

←

کە لە حمیریە بوون و فاتمە کە لە مەکە بووە. ئەمە نیشان دەدا کە لانی کەم لەباری پلە و پایەی ئایینییەوە ژنان لەگەڵ پیاوان مافی وەک یەکیان هەبووە.[9]

کۆمەڵی عەشیرەتی و داخراوی هۆزەکانی عەرەبستان وەکوو هەموو کۆمەڵەکانی دیکەی لەم وێنە، داب و نەریت و یاسای تایبەتی خۆیان هەبووە. ئەم جورە یاسا ناوچەییانە کە بە پێی هەلومەرجی ژیان لە ناو و خاک و کولتوورێکی تایبەتیدا دادەمەزرێن، زۆر جار تەنانەت لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دیکە جیاوازییان هەیە و ناکرێ بە گشتی چاوی لێ بکرێ و ئەگەر یەک تایفە یا عەشیرە بەسەر ئەوی دیکەشدا زاڵ بووبێ کەمتر وا بووە کە یاساکانی خۆی بەسەریان دا بسەپێنێ. بەڵام ئایینی ئیسلام کە لە تایفەی قورەیشەوە دەستی پێیکرد دەیەویست خۆی بکا بە ئایینی گشتی و بەو بۆنەوە هۆزەکانی عەرەب لێک گرێ بدا. بۆیە دەبووا یاسایێکی گشتی دابمەزرێ کە بتوانێ سەرنجی هەموو لایەک رابکێشێ یانێ لەلایەکەوە دژایەتی زۆری لەگەڵ ئەوانی پێشوو نەبێ لە لایەکی دیکەشەوە جیاوازییەکان لە نێو بەرێ. لە باری فەلسەفەوە رەدی ئایینە سەرتاییەکانی داوە کە هەر هۆزێک بۆ خۆی خودایەک و بتی خۆی هەبوو، بەڵام لە کردەوەی کۆمەڵایەتیدا نوێ و کۆن تێکەڵاو کران. تەنیا ئایینی جێکەوتوو کە لە دەوروبەریان بوو، ئایینی جوو بوو و کێشەی هەرە گەورەی سەرەتای ئیسلام بە پێی مێژوو لەگەڵ ئەم ئایینە بووە و هەر وا کە باسمان کرد، زۆر لە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی لەوێ وەر گرتووە.

دواتر کە ئەم ئایینە لە سنووری عەرەبەکان دەرچوو دەبووا بەرانبەرکێ و پێشبرکێ لەگەڵ یاسا دامەزراوەکانی مەسیحیەت لە بیزانس، زەردەشتی لە ئێران و جوو لە ناوچەکانی دەور و بەری عەرەبستان بکا و رێک خستنێکی زیاتر لەوەی کە لە پێشدا پێویست بوو لەتەکیا بکرێ و ئەم ئەرکە خراوەتە سەرشانی زانا گەورە ئیسلامییەکان.

ـ « فەرز وایە کە یاسای بەکاربراو لە ئیمپراتوری ئیسلامیدا بە "قورئان دادەنرا چونکە موسوڵمانانیش وەکوو جووان یاسا و ئایینیان بە یەک دادەنا. هەر تاوانێک گوناه بوو و هەر گوناهێک تاوان. بۆیە زانستی فیقهی ئیسلامی رشتەیەک لە زانستی دینی بوو... کاتێک سەرکەوتنەکانی هێزەکانی موسوڵمان مەیدانی کردەوە و بەرپرسایەتی شەریعەتی ئیسلامی بەربلاو کردەوە و شتی تازە هاتەگۆرێ کە قورئان لەوبارەوە ئەمرێکی نەبوو. هێندێک لە زاناکانی ئیسلامی حەدیس یان پێکهێنا کە بە راشکاوی یا بە لاوە ئەم شتانەی وەڵام دەدایەوە. بۆیە حەدیس بوو بە سەرچاوەیەک بۆ فیقهی ئیسلامی. جێگای سەیر ئەوەیە کە حەدیسەکان لە حوکم و یاسای رۆمی و بیزانسی و زیاتر دووپاتە کردنەوەی ئەسڵ و حوکمەکانی "مشنا" و "گمارا"ی جوو بوو.[10]

دیارە دەزانین بە دەیان هەزار حەدیس هەیە زۆر جار لەنێو خاوەن نەزەردا لەسەر راست و درۆ بوونیان کێشە هەبووە و هەیە.

یەکێک لەو بلیمەتانە کە بێ لەبەرچاوگرتنی شەریعەت و را جۆربەجۆرەکان یاساکانی دەرهێناوە "ئیمام موحەممەد غەزالی" (٤٥٠ ـ ٥٠٥ هـ ق/ ١٠٥٨ ـ ١١١١ز) یە کە لە "نصیحت الملوک" دا مافی ژنی لە ئیسلامدا لە ژێر ١٨ خاڵدا کۆ کردۆتەوە، بەم شێوەیە:

سەبارەت بەو شتانەی کە خوای گەورە ژنانی سزا داوە:

"چونکە حەوا میوەی دارێکی بەهەشتی خوارد کە خوا نەهی کردبوو بیخۆا، خوای پاک لە هەژدە بابەت دا ژنی سزا داوە.

١ـ پۆنی مانگانە؛

٢ـ زایین؛

٣ـ جیابوونەوە لە باوک و دایک و شوو کردن بە بێگانە؛

٤ـ زگ پڕ بوون؛

٥ـ بێ دەسەڵاتی بە سەر خۆیدا (خۆی بڕیار بۆ خۆی نادا)

٦ـ کەمتر بەش بردن لە میرات دا؛

٧ـ سزاواری تەڵاق دان و بێدەسەڵات لە تەڵاق وەرگرتن دا؛

٨ـ شەرعی بوونی چوار ژن بۆ پیاو بەڵام بۆ ژن تەنیا یەک مێرد؛

٩ـ بە دروستی کە جێی ژن لە ماڵە و دەبێ لە ماڵ دانیشێ؛

١٠ـ بە دروستی کە لەماڵدا دەبێ سەری خۆی داپۆشێ (حیجابی هەبێ)؛

١١ـ شایەتی دوو ژن بەرانبەر بە شایەتی پیاوێکە؛

١٢ـ بە دروستی کە ژن نابێ لە ماڵ وەدەر کەوێ مەگەر خزمێکی لەگەڵ بێ؛

١٣ـ بە دروستی کە پیاو لە نوێژی هەینی و جێژنەکانی ئایینی و مەجلیسی تازیەدا بەشداری دەکا و ژن نا؛

١٤ـ ناشایست بوون لە حوکمرانی [دەسەڵاتداری] و دادیارییدا؛

١٥ـ بە دروستی کە شایستەیی هەزار بەشی هەیە و تەنیا یەکێکیان شیاوی ژنە؛

١٦ـ بە دروستی کە ئەگەر ژن خراپەیەک بکا تەنیا نیوەی لەو عەزابەی کە لەو دنیادا بە خەلکی دیکە دەگا بە ئەو دەگا؛

١٧ـ بە دروستی کە ئەگەر شووەکەی بمرێ دەبێ چوار مانگ و دە رۆژ ماتڵ بێ ئینجا مێرد بکاتەوە [عیدە]

١٨ـ بە دروستی کە ئەگەر شووەکەی تەلاقی دا دەبێ سێ مانگ یان سێ پۆنی مانگانە راوەستێ و ئەودەم شوو بکاتەوە.

غەزالی پێشەکی بە ئاماژەکردن بۆ میتۆلۆژی ئادەم و حەوا بۆ هەتاهەتایە ژن دەکاتە تاوانبار و قەرزداری پیاو. و نابەرانبەرییەکە بە سزای خودا بۆ ژن دادەنێ. یانێ پیاوان لەو کردەوانەدا هیچیان لەسەر نییە و ئەمری خودا بەرێوە دەبەن.

دەکرێ خاڵەکانی غەزالی بکەین بە سێ بەشەوە.

**بەشی یەکەم:**

ئەو خاڵانەیە کە جیاوازی فیزیۆلۆژیکی و سروشتی پیاو و ژن دەست نیشان دەکا و هیچی لەگەڵ ناکرێ و یاسای سروشتی و "ئیلاهییە".(خاڵی ١، ٢ و ٤) بەڵام نابێتە هۆی مافی تایبەتیش بۆ پیاو بەڵکوو لە راستیدا دەبێ ببێتە هۆی مافی تایبەتی بۆ ژن. بۆ وێنە منداڵ هێنان نەتەنیا نابێ هۆی کز و کەمی ژن بێ، بەڵکوو دەبێ هۆی ئەوە بێ کە مافی زیاتر بکرێ.

ـ خوێن لەبەرچوونی ژن یەکێک لەو گۆڕاڵانەیە کە کۆمەڵی پیاو سالار هەموو کاتێک دژی ژن بەکاریان هێناوە و تەنانەت بە سپلۆتیان زانیوە (بڕوانە بەشی ئایینی زەردەشتی) ئێستاش لە کوردەواریدا ژن لە کاتی پۆن دا دەڵێ لەشم پیسە و بە پێی ئایەی ٢٢١ی سورەی بەقەرە بە ئازارێک ←

ناسراوە و حوکم دراوە کە پیاو لەو کاتەدا نزیکی ژن نەکا. ئەمە بۆتە هۆی بەڕاست زانینی چەند ژنی و سیغە کردن و لەگەل کەنیز و خولام نوستن و....

- زگ پڕ بوون و زایین یەکێک لە جیاوازییە بنچینەییەکانی ژن و پیاوە و هەروا کە غەزالی دەلێ ئەم ئێش و ژانە سزا و عەزابی گوناهەکەی حەوایە(؟!) بەلام ئاکامی ئەم دووانە دەبێتە بەدنیا هێنانی منداڵ و ژن دەکا بە دایک. لە نێو هەموو کۆمەلێکدا دایک بوون جێگای ڕێز بووە (زیاتر لەبەر منداڵەکە هەتا لەبەر خۆی) بەلام بمانەوێ و نەمانەوێ داهاتووی مرۆڤ لەدەست دایکان دایە. لە قەولی پێیغەمبەرەوە دەگێڕنەوە کە «بەهەشت لە ژێر پێی دایکان دایە» کە وابوو نابێ هۆی سەرکزی ژن بێ ئەو جورەی غەزالی بۆی دەچێ.

**بەشی دوەم:**

ئەو خالانەن کە حقوقی مەدەنی پێکدێنن و ڕاستەوخۆ بە ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە بەستراونەتەوە. (خالی ٦، ٧، ٨، ١١، ١٤، ١٦، ١٧و ١٨) ئەمانە مافی ژن لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەلدا، یانێ لە بنەماڵە و لە دەرەوەدا دیاری دەکەن و هەموو کاتێکیش لەگەل مافی پیاو هەلسەنگێندراوە.

لەکاتی میرات بردن و شایەتی داندا ژن دەبێتە نیوەی پیاو. لەو دنیاش بە نیوە عەزاب دەدرێ و لە قەساس دا نیوە تۆلەی لێ دەکرێتەوە. لە کاتی مێردکردندا دەبێتە یەک لە چوار، لە کاتی چوونەدەرەوە لەماڵ دەبێتە "زەغیفە" کە دەبێ یەکێک ئاگای لێ بێ و بڕوای پێناکرێ بۆ خۆی بەتەنێ بێ، لە تەلاق و لەکاتی جێژن و سەرقەبران و نوێژی هەینی و دادیاریی و حکوومەت دا دەبێتە هیچ.

- دەکرێ وا بیر بکەینەوە کە ئەودەم هەموو خەرج و ئەرکی دابینکردنی ژیان بەدەست پیاو بووە بۆیە لە میراتدا بەشی ژن کەمتر دراوە. (سورەی النساء ئایەی١١و ١٢ - میرات بۆ نێر دوو ئەوەندەی مێ یە، میرات لە ژن بردن نیوەی پیاوە، ئەگەر منداڵی هەبوو یەک لە چوارە. میرات بردنی ژن چواریەکی بەجێ ماوە و ئەگەر منداڵی هەبوو یەک لە هەشتە. - ئەگەر پیاوێک چەند ژنی هەبوو هەموویان پێکەوە بە ئەندازەی یەک ژنیان دەکەوێ).

دیارە ئەگەر بەچاوی ئەوڕۆ سەیر بکەین، کە ژن هەر ئەو خەرج و ئەرکەی هەیە کە پیاو هەیەتی، بەو مانایەیە کە کار دەکا و کرێ خانوو دەدا و... باسەکە دەبێتە شتێکی دیکە. گرێدانی نیوە بەشی میرات بە نیوە بەش بوون لە شایەتیدا زۆر زەحمەتە. ئەو ژیانی ئابوورییە و ئەمیان عەقلی ژن دەباتە ژێر پرسیارەوە. تەنیا دەکرێ بلێین ژیانی ئابووری لە هەموو شتەکانی دیکەشدا ڕەنگ دەداتەوە. زۆر جار بیستوومانە بە ژن دەلێن نیوە عەقل. دیارە ئەم نیوە عەقلەش هەر ئەوەندە بڕ دەکا هەتا شایەتی بدا ئەگەر بیەوێ بڕیار بدا ئەو چکەش نامێنێ. (خالی١٤).

- تەلاق دان (البقرە ٢٢٧ تا ٢٣٢،٢٣٦و٢٣٧) مافی بێ ئەملاوئەولای پیاوە. ژن و مێردایەتی قەرارێکە، موعامەلەیەکە کە بە پێی هەلو مەرجێکی دیاریکراو لە نێوان مێرد و بابی کچدا دادەندرێ، کە بە نرخێکی دیاریکراو ڕێکدەکەون و تەنیا مێرد ئەو مافەی هەیە کە ئەم قەرارە تێکبدا مەگەر ئەوەی کە مەرجی تایبەتی دانرابێ و پیاو ئەو مەرجەی بەجێ نەهێنێ (ئەو دەم ژن دەتوانێ موعامەلەکە تێکبدا) بەلام پیاو بێ هیچ مەرجێک دەتوانێ ئەو شتەی کە کڕیویەتی چاو پۆشی لێ بکا. لە هیچ ئایینێکی پێشووتردا تەلاق بەو ئاسانییە نەبووە کە لە ئیسلامدا هەیە. ئەمە لە لایەکەوە باشە بۆ بەرگری کردن لە درێژەدانی نالەباری لە نێو بنەماڵەدا و باش نییە لەبەر ئەوەی کە بنیاتەکانی بنەماڵە سست دەکا و بە کەیفی پیاو سەروخواری پێدەکا. بەرگری کردن لە تەلاق و جیابوونەوەی ژن و مێرد، زۆر ئایە و حەدیسی لەسەرە. بۆ وێنە: «ئەگەر کێشەیەکتان لە نێوانیاندا [لە نێوان ژن و پیاودا] دیت یەکێک لە بنەماڵەی مێرد و یەکێک لە بنەماڵەی ژن ئاشتیان لە نێواندا پێبکێنن، خودا ئەوان دەکا بە دوستی یەکتر، خودا دانا و ئاگایە.» (النساء ٣٥) یان ئایەی ١٩ کە دەلێ: «ئەگەر ژنەکانتان بەدل نییە ڕەنگە زۆر شت هەبێ کە بەدلتان نەبێ بەلام خودا قازانجی زۆری لەو کەسە یا شتەدا داناوە.» یان حەدیسی «ابغض الطلاق عندالله الطلاق.» (گەرچی تەلاق حەلالە بەلام خودا پێی خۆش نییە).

ئەگەر پیاو سوێندی لەسەر تەلاق خوارد ئەوە هەتا چوار مانگ بۆی هەیە پەشیمان بێتەوە. ئەم کارە (تەلاقی ڕەجعی) دوو جار زیاتر نییە و جاری سێهەم گەڕانەوەی بۆ نییە. مەگەر ژنەکە مێردێکی دیکە بکا و لەویش تەلاق بستێنێ ئەودەم دەکرێ بێتەوە لای مێردی یەکەم. ئەم مەرجە بۆتە هۆی دابی خراپی مارەبەجاش کردن. مافی ژن لەکاتی تەلاق داندا تەنیا مارەییە. ئەگەر پێش ئەوەی نزیکی لەگەل بکرێ تەلاق بدرێ نیوەی مارەییەکەی دەکەوێ. لە هەموو ئەمانەدا پیاو سەرپشکە و ژن بۆی نییە داوای تەلاق بکا مەگەر هۆی تایبەتی هەبێ وەکوو شێتیی پیاو، نەدانی نەفەقە، بەجێ نەهێنانی ئەرکی مێردایەتی و... کە لەم حالەتانەدا حاکمی شەرع بڕیار دەدا.

بەپێی ئایەی ٢٢٩ی سورەی بەقەرە ئەگەر ژن دەست لە مارەییەکەی هەلگرێ، دەتوانێ تەلاق وەرگرێ. وەک فارس دەلێن "مارەییم حەلال گیانم ئازاد". ئەمە "خەلع"ی پێیدەگوترێ و پەشیمان بوونەوەشی نییە.

ئەگەر پیاوێک تۆمەتی زینا لە ژنەکەی بدا و نەتوانێ بی سەلمێنێ، دەتوانێ لەعن ی بکا. لەو حالەدا ژنیش پیاوەکەی لەعن دەکا کە تۆمەتی زینای لێداوە و پێک حەرام دەبن و تەلاقیان دەکەوێ. ئەمە (لعان)ی پێدەگوترێ و بادانەوەشی بۆ نییە.[11]

- هەتا چوار ژن بۆ پیاوێک. ئەم چوار ژنە هاوتان و مافیان وەک یەکە (دیتمان لە ئایینی زەردەشتیدا ژنەکانی یەک پیاو مافیان وەک یەک نەبوو).

« دوو و سێ و چوار ژن بهێنن، بەلام ئەگەر دەترسێن کە [نەتوانن] بە عەدالەت لەگەلیان بجولێننەوە لە ژنێک زیاتر مەهێنن» (النساء ئایەی ٣ و ٤) ئەم حوکمە ڕەدیشی هەیە «هەرگیز ناتوانن لە نێوان ژنان دا عەدالەت بکەن، تەنانەت ئەگەر زۆر دلیشتان پێوەبێ. کەوابوو وەدووی هەوا و هەوەس مەکەون و ژن سەرگەردان مەکەن» ( النساء ئایەی ١٢٨ ) دیارە ئەم ڕەدە لەباری کۆمەلایەتی و ئەخلاقییەوە کار دەکا و ترسێک لە پێش پیاو دادەنێ. بەلام چونکە عەدالەت پێکهێنان بۆ خۆی شتێکی نیسبی یە، بەرپەرچی حوکمەکە ناداتەوە بەتایبەت لەباری نرخی یەک بە چواری ژنەوە لە بەرانبەر پیاودا.

هەر وەک دەزانین ماوە بۆ ڕاگرتنی ژن دانەندراوە، بۆ وێنە (مەبەست لە هێنانەوەی ئەم وێنە ئەوەیە کە سنووری ئیزنەکە دیاری بکەین) پیاو دەتوانێ بە شەوێک چوار ژن بهێنێ و بەیانی هەموویان تەلاق بدا و شەوی دواتر چواری تر بهێنێ. تاڕادەیەک کە ئیمام حەسەن ۲۵۰ تا ۳۰۰ ژنی هێناوە. ڕەنگرێزێکی خەڵکی بەغدا بە نێوی ئیبنی تەبیب هەشتا و پێنج ساڵ ژیا و نۆسەد ژنی هێناوە.

ئیزن نەدان بە ژن، کە لە یەک مێرد زیاتری نەبێ، ئەگەر لەگەڵ ڕاگرتنی ماوەی نێوان دوو مێرد کردن (خاڵی ۱۷ و۱۸) کۆ بکرێتەوە، تەنیا یەک هۆی هەیە، ئەویش زگ پڕ بوونی ژنە. منداڵ دەبێ بابی دیار بێ کێیە. نەتەنیا لەبەر ناسینەوە بەڵکوو لەبەر میرات و کەفالەت و... کە دیارە لە هەموو یاسا و ئایینەکانی مرۆڤدا تا ئێستا هەر وابووە. مەگەر ئێستا کە بەپێی گەشەکردنی زانست دەتوانن دەری خەن کە ژن منداڵی هەیە یان نا.

ـ ئەگەر ژن نیوەی پیاو میراتی برد، دەبێ شایەتی دانیش کە مافێکی حقوقییە نیوە بێ و تاوان دانەوەشی نیوە بێ. ئەمانە پێکەوە هاوپەران، دیارە ئەگەر کەسێک نیوە ئینسان بوو، ناتوانێ دادیاری بکا و ئەوەی نەتوانێ دادیاری بکا دەسەڵاتداری و حکمڕانیشی بۆ نابێ. ئەم حوکمانە هەموو پێکەوە گرێ دراون. فەلسەفەکەشی ئەوەیە کە «پیاو کارزانی ژنە، چونکە خودا بە هێندێ کەس دەستڕۆیشوویی داوە بەسەر هێندێکی دیکەدا چونکە لە ماڵی خۆیان خەرجیان داون، ژنی چاک فەرمانبەرە.» (النساء ئایەی ٢٤)

**بەشی سێهەم:**

بەشی سێهەمی خاڵەکان کولتوورین، ڕواڵەتی کۆمەڵ دیاری دەکەن و بەپێی نەریتی جیاواز دەتوانن بێچمی جیاوازیان هەبێ. (خاڵی ۳، ۵، ۹، ۱۰، ۱۲.۱۳و۱۵) بۆ وێنە ڕاگرتنی حیجاب لە لادێیەکی کوردستان نە دەکرێ و نەپێویستیشە وەکوو شاری بەغدا و تاران بێ.

ـ جیابوونەوەی ژن لە ماڵە بابی خۆی و چوونە نێو بنەماڵەی پیاو و بە ئەندامێکی بنەماڵەی پیاو ژمێران. دابێکی زۆر کۆنی کۆمەڵی عەشیرەتی پیاو سالارییە و چونکە ماڵ بە موڵکی پیاو ئەژمێردراوە ژنیشی لەگەڵ خراوە. پیاو خاوەنی ژنە و ژن کێڵگەی پیاو (سورەی البقرە ۲۲۳)، ژن بۆ پیاو دروست کراوە (النحل ۷۲ ـ الروم ۲۱)

ئێستاش لە کوردەواریدا ماڵ بە مانای ژنیش بەکار دەبرێ. وەک دەڵێن ماڵ و مناڵ، یا دەڵێن ماڵمان، کە ئەگەر لەگەڵ وشەی مەڕوماڵات بەراوردی بکەین هەمووی هەر یانێ موڵک و خاوەنی ئەم موڵکانەش پیاوە. دیارە پێشتر وا هەبووە کە پیاو چۆتە سەر بنەماڵەی ژن. کە لە کوردەواریدا پێی دەگوترێ: زاڤا بەندی [بەندی بە مانای لەبەند کران، کە بۆ خۆی لاتاوێکە بۆ پیاو]، یان زاوای سەرماڵ. دواتر ژن و پیاو بۆ خۆیان لە هەردووک بنەماڵە جیا بوونەتەوە و بنەماڵەیەکی دیکەیان پێکهێناوە. کەچی لەم بنەماڵەی تازەش دا ـ هەرچەند بە ڕەنج و کاری هەردووکیان پێکهاتبێ هەر پیاو سەرپشکە و نێوی منداڵەکان دەچێتەوە سەر بابیان و بە ژنەکەش دەڵێن ژنی فلانە کەس. یانێ کۆمەڵ کولتووری کۆنی هەر ڕاگرتووە. بنچینەکەشی هەر ئەو حوکمەیە کە گوتمان دەڵێ پیاو کارزانی ژنە. بەڵام لەبیری نەکەین کە ئەم حوکمە تەنیا ژن و شوو ناگرێتەوە و دەبێتە هۆی خاوەن دەسەڵات بوونی باب بەسەر کچ و، برا بەسەر خوشک و تەنانەت ئامۆزا بەسەر پوورەزادا، هەتا ڕادەی کوشتن. (بڕوانە بەشی ۱ یاسای عێراق). هەر لێرەڕا ئەوە دروست دەبێ کە کچ لەکاتی مێرد کردندا ڕای نییە و باب یا باپیر، مام و... یەکێک لە پیاوانی بنەماڵەی باب بڕیاری بەمێرددانی دەدا و مارەییەکەی [نرخەکەی] دیاری دەکا. پیاوێک کە ژنەکەی کڕی ـ بەگشتی ـ چاوەڕوانی ئەوەیە کە ژنەکەی گوێ لە مست و فەرمانبەر بێ و ئەگەر نەبوو «ئەو ژنانەی بە گوێتان ناکەن ئامۆژگاریان بکەن و لەگەڵیان مەنوون و لێیان بدەن. ئەگەر بەگوێیان کردن، بەهانەیان پێ مەگرن و ستەمیان لێ مەکەن.» (النساء ۳۵)

یەکدوو خاڵی تایبەت هەیە کە لە سنووری دەسەڵاتی ژندایە. یەک: ئەوەیە کە بێوەژن پرسی پێیدەکرێ بۆ هەڵبژاردنی مێرد و ئەو بۆ خۆی بڕیار دەدا، دوو: ژن لەسەر ماڵ و موڵکی تایبەتی خۆی دەسەڵاتی تەواوی هەیە و پیاو مافی دەست بەسەردا گرتنی نییە. ژنانی ئورووپا هەتا سەدەی ۱۹ مافێکی بەم شێوەیان نەبووە.

ـ لە ماڵەوە مانەوە بەپێی ئایەی ۳۳ سورەی ئەحزاب بۆ ژنانی پێغەمبەرە و، چارشێو بە خۆدادان و داپۆشینی لەش و خشڵ و زێڕ: بە پێی ئایەی ۲۹ سورەی نوور بۆ پیاوان و بە پێی ئایەی ۳۰ بۆ ژنان. دیارە داپۆشینی لەش بۆ پیاوان و لەچاو ژناندا هەر هیچ نییە. ژن دەبێ لە نامەحرەم ڕوو بگرێ. نامەحرەمیش ئەو پیاوەیە کە چوار پشت پێیەوە دوورە وەکوو ئامۆزا و پوورەزا. ژنی کافریش بە نامەحرەم ژمێردراوە. پیاوی پیر کە لە مێردایەتی کەوتووە نامەحرەم نییە. ئەمە بۆتە هۆی خەساندنی ئەو پیاوانەی کە لە نێو خەڵوەتی ژناندا کاریان کردووە.

بابەتی حیجاب، ئەوڕۆ لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر لەسەر زارانە و دەخرێتە بەر لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە. لە سووچێکی دونیا طالبانی ئەفغان هەموو ژنان بە پێی ئەم حوکمانە لەماڵ زیندانی دەکەن و لە سوچێکی دیکەش پەڕگرە ئیسلامییەکان لەسەر حیجاب ژنان وەبەر گوللە دەدەن. هەڵگرتن و دانانی حیجاب باسی ئەم سەدەی هاوچەرخی وڵاتە ئیسلامییەکان بووە. کولتووری کۆن و تازە، شەڕەکەیان تەواو نەبووە. ڕەزا خان هەڵی دەگرێ و خومەینی دایدەنێتەوە. موستەفا کەمال هەڵی دەگرێ و حیزبی ریفاە دایدەنێتەوە. ئێمە لەکاتی خۆیدا ئەم باسە درێژە دەدەین، بەڵام لێرە تەنیا ئاماژە بەوە دەکەین کە هۆیەکانی ئەم حوکمانە دەبێ چ بووبێ. بێ ئەوەی خۆمان لە باسی قووڵی شریعەت وەردەین.

دەزانین کە خۆ داپۆشین (حیجاب) لە بابل باو بووە و ژنانی دەست ڕۆیشتوو ڕووی خۆیان لە خەڵک شاردۆتەوە هەتا گەورەیی خۆیان بکەن بە ئەفسانە و لە پشت پەردەدا بیهێڵنەوە. ئەم دابە وەک زۆر داب و یاسای دیکەی بابل چۆتە نێو شەریعەتی بەنی ئیسرائیلەوە کە لە بابل ژیاون و دوایی لە تەوراتدا وەک یاسا هاتووە. گوتمان کە بنچینەی یاساکانی مەسیحیش هەر ئەوانەی تەوراتە ـ جگە لەوانەی کە حوکمی دیکەیان بۆ دەرچووە باقی لە جێی خۆیان ماونەتەوە.

لە بیزانس و دواتر ڕۆم و هەموو ئورووپادا هەتا سەدەکانی نێوەڕاست ئەم یاسایە زۆر بە توندی بەڕێوە چووە، تەنیا ئەرکی ژن ئەوە بووە کە خۆی بشارێتەوە و منداڵ بەخێو بکا، "کچان بە شێوەیەک لەماڵێ دەمانەوە و تەریک ڕادەگیران کە زۆر جاران تەنانەت خزمەتکارانیش نەیاندەدیتن. مێرد یەکەم جار شەوی زەماوەند ڕووبەندی بووکی هەڵدەداوە و دەی

دیت.[12]

بۆ خەڵکی ئاسایی هەتا سەدەی ١٨ و ١٩ ئەم یاسایە هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئەشراف و دەستڕویشتووان وەلایاننا ـ دیارە بەس لەنێو خۆیاندا ـ کاتێک کۆمەڵ نیازی بەکاری ژنان پەیدا کرد و ژن هاتە بازاڕی کارەوە، ئەوە کلیسا بوو کە ناچار بە پاشەکشە بوو. ئێستاش بۆ ژنانی ئایینی کە لە کلیسا و کەنیسەدا کار دەکەن ڕاگرتنی حیجاب یەک لە مەرجەکانە.

ئایینی ئیسلام هەر لەسەرەتاوە بەرانبەرکێیەکی زۆر توندی لەگەڵ ئایینی جوودا هەبوو و پاشان کە بۆ خۆی بڵاوبۆتەوە و ناوچەکەی داگرتووە و بۆتە هاوسنووری بیزانس لەگەڵ ئەوانیشدا کێ بەرکێی هەبووە و دەبووا نیشان بدا کە لە ئەوان باشترە هەتا سەرنجی خەڵکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. کاتێک لە کۆمەڵێکدا خۆ داپۆشین ئەوەندە گرینگی پێدراوە کە باسمان کرد دیارە دەبێتە پێوانەی هەڵسەنگاندنی چاکیی و خراپیی. کە وابوو لەم بەرانبەرکێیەدا دەبووا تانە و تەشەر لەخۆیان دوور بکەنەوە و یەکەم بابەتی تانەو تەشەری کۆمەڵی دواکەوتوو ژنانن. بۆیە دەڵێ: «وەکوو ژنانی سەردەمی نەزانین مەکەن» (سورەی ئەحزاب ئایەی ٣٣) یان دەڵێ: خۆیان داپۆشن با لە کۆڵان ڕێگەیان پێنەگرن. (هەمان ٥٩) دەنا لە چۆڵیی عەرەبستاندا خۆ شاردنەوە لە ماڵ، نە دەکرا و نەپێویستیش بووە.

نیشان نەدانی خشڵ و زێڕ دەکرێ ئاوا چاو لێ بکرێ کە ئەم ئایینە ـ وەکوو سەرەتای هەموو ئایینەکانی دیکە ـ لە لایەکەوە خۆی بە ئایینی هەژار و فەقیر زانیوە و لە لایەکی دیکەوە نەیویستووە سنوور بۆ مۆڵکییەتی ماڵ و دارایی دابنێ، بەس گوتوویە فیز لێ مەدەن! واتە دڵی هەژاران مەئێشێنن.

ئیتر دیارە ئەگەر کەسێک مافی ئەوەی نەبێ لەماڵ بچێتە دەرێ چۆن دەتوانێ لە جێژن و نوێژی هەینی و ناشتنی مردوودا بەشدار بێ. ئەمانەش هەموو لەبەر ئەوە بووە کە ژن لە کاری کۆمەڵایەتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی بێبەری بکرێ. بەڵام چونکە لە هێندێ کۆمەڵی وەرزێریی و ئاژەڵدارییدا بە کردەوە نەگونجاوە، هەر گوێشیان نەداوەتێ.

ڕیوایەتێک هەیە لە وەسییەتی پێیغەمبەر بۆ عەلی ئیبنی ئەبوتالب، کە زۆر وەکوو سەرچاوە بەکاردەهێنرێ. ئەم ڕیوایەتەش کەم و زۆر دووپاتەی خاڵەکانی غزالی یە و لێرەدا بۆ ئاگاداری دەیهێنینەوە:

«ئەی عەلی! ژنان بۆ نوێژی هەینی ئامادە نەبن. بانگ[ی نوێژ] و ئیقامەنەدەن، نەچنە سەردانی نەخۆش و ناشتنی مردوو. لە نێوان سەفا و مەروە دا هەرا نەکەن. سەرنەتاشن. نەبنە بەرپرسی دادیاریی. پرسیان پێ مەکەن[بۆ کار]. سەری ئاژەڵ نەبڕن مەگەر ناچار بن. "لبیک"بە دەنگی بەرز نەڵێنەوە. لە تەنیشت قەبران دانەنیشن و گوێیان لە خوتبە نەبێ و، خۆیان چاکەی خۆیان نەڵێن. بە بێ ئیجازەی مێردیان لە ماڵ نەچنە دەرێ. ئەگەر بە بێ ئیجازەی مێرد بچنە دەر، خودا وجبرەئیل و میکائیل لەعنەتیان بکا. بە بێ ئیزنی مێردیان هیچ نەبەخشن. ئەگەر مێردەکەیان لێیان تووڕە بوو و تەنانەت ستەمی لێکردن، شەو لە دەرێ نەمێننەوە.»[13]

دیارە ئەم حوکمانە بەشێوەیەکن کە جێگای تەفسیر دەهێڵنەوە. بە تایبەت دەست نیشان ناکرێ کە سزای کەسێک کە بەرێوەی نەبا لەم دنیادا چییە و کێ دەبێ ئەو سزایە بە تاوانبار بدا. بۆیە ئەگەر تەفسیر بێژەکان بۆ خۆیان مەبەستی دەسەڵاتداریان نەبا و تایبەتییەکانی کۆمەڵی جووتێری بەسەر بیر و ئەندیشەیاندا زاڵ نەبا دەیانتوانی بە جۆرێکی دیکەی بگونجێنن کە ئەوەندە زەخت لەسەر ژن نەبێ.

بەشێکی دیکەش هەیە کە غەزالی باسی نەکردووە و ئێمە دواتر بەجیا باسی دەکەین.

درێژەی هەیە

سەرچاوەکان


١ـ *ئێنجیل لوقا* بەشی ٢.

٢ـ کورت کراوە *تاریخ تمدن*/ ویل دورانت، بەرگی ٤، ل ١٠٠٢ - ١٠٠٤.

٣ـ *تاریخ تمدن*/ ویل دورانت بەرگی ٤ ل ١١٠٨ - ١١١٠.

٤ـ پێشوو ل ١١١٢.

٥ـ *تاریخ تمدن* / ویل دورانت. بەرگی ٢ ل ٦٩٩.

٦ـ پێشوو ل ٧٠١.

٧ـ *تاریخ تمدن اسلام* / جرجی زیدان /جواهر کلام/ ل ٩١٩

٨ ـ پێشوو ل ١٣.

٩ـ پێشوو ٤١٠.

١٠ـ سەرچاوەی ٣ ل ٢٨٩.

١١ـ*اسلام در ایران*/ **پطروشفسکی**/ کریم کشاورز ل١٨٨.

١٢ـ Reay Tannahill / Sex in history / **محسن مینوخرد**/ گۆڤاری نقطه ژمارە ١.

١٣- مجله سیاست خارجی ویژه مطالعات زنان.


*******

## «کۆمەڵی دراساتی نێونەتەوەیی»

**لە ٣٨مین کۆبوونەوەی ساڵانەی ،کۆمەڵی دراساتی نێونەتەوەیی، International Studies Association کە لە مانگی مارسی ١٩٩٧ لە تۆرانتۆی کانادا پێکهات، سێ بابەت سەبارەت بە کوردستان پێشکەش کرا:**

**١- نەرگیس جانەفە گونلوک** Nergis Canefe Gunluk **(زانستگای یۆرک، کانادا): ،لێکدانەوەی درێژخایەنی "کێشەی کورد": چۆنێتی ستراکچرایی ناسیۆنالیزمی بەرگریکەر و پرسیاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،**

**٢- دنیس کانوەی** Denise Conway **(ئەنستیتووی ئۆنتاریۆی دراساتی پەروەردە** ORSE **کانادا): ،ژنان دەستەوبەرۆکی نائەمنی: خەباتی ڕۆژانەی ماڵی سەرۆک ژن لە تاجیکستان و کوردستانی عێراق.،**

**٣- مایکل گانتر** Michawl Gunter **(زانستگای تیکنۆلۆژی تێنێسی، ئەمریکا): ئەنالیزمی حیزبی کرێکارانی کوردستان(پ ک ک)ی تورکیا(پێشانگەی پۆستێر).**

▲▲▲

# کۆماری کوردستان لە ئاوێنەی بەڵگە نامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیادا

وەرگێڕان و ئامادەکردن: ئەنوەر سوڵتانی

Fo.371/35092/150953

١٩ی ئاپریلی ١٩٤٣

ئێران - نهێنی

لە «سێر ر. بولارد» [باڵوێزی بریتانیا لە تاران]ەوە بۆ جەنابی ئیدەن [وەزیری دەرەوەی بریتانیا]

نوێنەری ئەعلاحەزرەتی شا، ڕێزی خۆی پێشکەش بە سکرتێری یەکەمی دەوڵەتی ئەعلاحەزرەتی شا لە کاروباری دەرەوە دەکات و شانازی هەیە لەگەڵ نامەکەیدا، نوسخەی نامەی کۆنسوولیەتی گشتی [بریتانیا] لە تەورێز(ژمارە٧)تان بۆ بنێرێ، کە بریتی یە لە ڕاپۆرتی کۆنسوول«ئوگادێن» لەمەڕ سەردانی ئەم دواییەی شاری ورمێی.

تاران ـ ٣٠ مارچی ١٩٤٣

[ڕاپۆرتەکە سەرجەم ٧لاپەڕەیە و زۆر لایەنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی شاری ورمێ و ئازەربایجانی گرتۆتەبەر: ئەرتەشی ئێران، ئەرتەشی ڕووس، کورد وئاسایش، بارودۆخی خەلە وخەرمان، پڕوپاگەندەی سیاسی و... من لێرەدا، تەنیا پاراگرافی ژمارە ١، ٢، ٣و٤ تەرجەمە دەکەمەوە کە نزیکەی دوولاپەڕەونیوی ڕاپۆرتەکەی گرتووەتەوە و باسی مەسەلەی کورددەکات.]

**پاشکۆ**

لە کۆنسوولی گشتی «ئورکیهارت»ەوە بۆ سێر ر. بولارد لە تاران

تەورێز، ٢٠ی مارچی ١٩٤٣

شانازیم هەیە بەوەی ڕاپۆرتی جەنابی «ئوگادێن» جێگری کۆنسوول لەمەڕ سەردانی ئەم دواییەی ورمێتان بۆ دەنێرم.

٢) جەنابی«ئوگادێن» تووشی نارەحەتی هاتووە بۆ سەفەرکردن بە قەتار و پاپۆڕی سەر گۆل[ی ورمێ]، بەتایبەت لەم وەرزەی ساڵدا، بەڵام بە بڕوای من سەفەرەکە، بایەخی ئەو زەحمەتانەی هەبووە و پێشنیاردەکەم ئەو سەفەرە، لە کۆتایی مانگی ئاپریلیشدا دووپات بێتەوە، ئەویش بۆئەوەی زانیاریمان لە سەر هێرشکاریی کوردەکان هەبێت، کە دوور نییە دەست پێبکات.

٣) ڕاپۆرتی جەنابی «ئوگادێن» ڕەسمێکیان بۆ دەکێشێ کە گەلێک بۆمان بۆ ئاشنایە: باخێکی پڕپیت وبەرەکەت، کە بە درێژایی بەری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ کشاوە و ئاواڵەیە بۆ بانگهێشتنی کوردی برسیی چیایی. ئێرانییەکان دەیانەوێ پێگەی جەندرمەی خۆیان سەرلەنوێ دامەزرێننەوە و بە هێزیان بکەن، بەڵام ڕووسەکان نە لەگەڵ ئەو ژمارە پێگەیەی کە ئێرانییەکان دەیانەوێ، موافەقەت دەکەن؛ نە لەو بنکانەشدا کە ئیجازەیان دەدەن، دەهێڵن جەندرمەیەکی ئەوتۆیان تێدا بێت. بەم پێیە، تاقمێکی وەها لاواز، لەلایەن کوردەکانەوە یا ڕاو دەنرێن ویاخود لەناودەچن، ئەو کوردانەی کە بە ئاشکرا ئەمساڵیش وەک پار لێبڕاون و دەڵێن جەندرمە نابێ جارێکی دیکە، لە ناویاندا پێگە دابمەزرێنێت.

ر. و. ئورکیهارت

[پاراگرافی ٤و٥و٦ پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە کوردەوە نییە و تەرجەمە نەکران ـ وەرگێڕ]

**زیادکراوی پاشکۆ**

یادداشت

من لە ڕۆژی ٢٦ی فەبریوەریدا، تەورێزم بەجێهێشت و بە قەتار چووم بۆ ورمێ... لە سەعات ٥ ونیوی بەیانی [ڕۆژی ٢٧]دا، گەیشتمەجێ.

٦) کورد و ئاسایش

دەلیلێکی زۆر بە دەستەوەیە بۆئەوەی باوەڕ بێنین بەوەی کورد ئەوەندەی دەتوانن خۆیان چەکدار دەکەن. بەنرخی یەکجار گران وبەو پارەیەی وا لە حاسڵی گەنمی پار کەوتووەتە دەستیان، چەک دەکڕن. وا دەردەکەوێ کە لە هەموو ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا، ترسێک نیشتبێتە سەردڵی وەرزێران، نەکا ڕووداوەکانی پار دووپات ببنەوە. هیچ شتێک نەکراوە و نەگوتراوە بۆ ئەوەی ترسەکەیان ڕامالرێ، ڕووداوەکانی ئەم دواییەش (کە دواتر باسیان دەکرێ)، یارمەتی باشتربوونی بارودۆخەکەیان نەداوە.

وەڵامی مەسەلەکەش، لەلای ڕووسەکانە. ئێرانییەکان پاڵیان لێ داوەتەوە و هەرچەشنە عەیب وناتەواوییەک بێتە پێشەوە دەڵێن«Non mea culpa» ڕووسەکانیش بەو قسە بێ بناغەیە وەڵامیان دەدەنەوە کە کاری ئەوانیش نییە. بەڵام ئەو «دەست شۆردنەوە» دوو لایە نییە، چارەسەری مەسەلەکە ناکات. من دوای پێوەندی گرتن لەگەڵ کاربەدەستی ئێرانی و ڕووسی لە ورمێ هەست بەوەدەکەم ڕووسەکان بەبێ هیچ چەشنە سیاسەتێک هاتوونە ئەم وڵاتەوە و خۆیان تووشی تەنگ وچەڵەمەیەکی دڵتەزێن کردووە. بیروبۆچوونی ڕووسەکان لە سەرەتادا ئەوەبوو ئێرانییەکان هیچ چەشنە یارمەتییەکیان نادەن بەڵام کورد ــ کە توند و تیژ دژ بە ئێرانییەکان دەوەستن، ڕەنگە ئەمکارە بکەن، بەم بۆنەوە هەوڵیان دا لەگەڵ کورد ببن بە دۆست و تەنانەت تا ئەو شوێنە چوونەپێشەوە، کە

چەکداریشیان کردن. لەبەر ئەوەی کاروبار لە «قەوقاز» بۆ ڕووسەکان باش چووەپێشەوە، کوردەکان بە شێوەیەکی سروشتی وگەلێکیش توندوتیژ بوون بە لایەنگریان. بەڵام ئەگەر ئاڵمانییەکان سەرکەوتبایەن و لە قەوقازەوە چووبانە ناو ئێران، دڵنیام ڕووسەکان چاویان بە چەکی خۆیان دەکەوت کە لەلایەن هەر ئەو کوردانەوە کە دیمەنی تاڵان و بڕۆی زۆریان لەبەرچاو دەکرایەوە، دژ بە خۆیان بەکاردەهێنرا.

هەرچۆنێک بێت، ڕووسەکان کە ئەم سەرەتاییەیان بۆ کورد دامەزراند، وەک کەسێکی شکستخواردوو دێنەپێش چاو کە دۆستێکی ماندووی بەگۆنگەڵیان هەیە. «م. ماکسیمۆف» کۆنسوولی ڕوس لە ورمێ، وێدەچێ ڕێز لە پێویستییەکانی هێدیکردنەوەی بارودۆخ لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و بەرهەمهێنانی ڕادەیەکی زۆری خواردەمەنی و خەڵە بگرێ. ماکسیمۆف لە چەند دەرفەتێکدا، یارمەتی کاربەدەستانی ئێرانی لە پێناو ڕاگرتنی کوردەکان لە سەر نەزم و نەسەق، داوە و گومانێکی کەم لەوەدا هەیە کە ئەم هاوکاریکردنەی ماکسیمۆف لەگەڵ ئێرانییەکان، شوێنێکی ئەخلاقیی گرینگ لە سەر کورد دابنێت، گەرچی ڕوسەکان بە ئاشکرا نایانەوێ دەستی ئێرانییەکان ئاواڵە بهێڵنەوە (کە دوور نییە هۆیەکەشی هەر ئەوە بێت دەیانەوێ پێشینەیەکی باشیان وەک «پارێزەر»ی کورد هەبێت)، بەڵام من لام وا نییە ڕووسەکان کارێکی لەوە زیاتر بکەن کە داوا لە کورد بکەن ژانەسەر نەخولقێنن. جێگری کۆنسوولی تورکیا لە ورمێ، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بیردەکاتەوە. ناوبراو لە پڕوپێست دا باسی کردەوەی دوو ڕووسی دەکرد کە بە کوردی قسە دەکەن و دەیگوت ناویان «یۆسفۆف» و «جەعفەرۆف» بووە کە بەگوێرەی قسەی ئەو، دایم لە ناو کوردان هاتووچۆیانە. هەوەها دەیگوت گومانی هەیە کۆنسوولی سۆڤیەت خۆی ئاگاداری کردەوەی ئەو دوو کەسە بێت، لە کاتێکدا ئەو ئیمکانەش کە ڕووسەکان هێندێ پیلانیان لە ژێر سەردا بێت، ناتوانرێ بەتەاوی بدرێتەدواوە.

وادیارە، لانیکەم ئەوەش گونجاوبێت، کە ئەو جاسووسانە زیان بەخشترنەبن لەو ئەفسەرە سیاسییانەی خۆمان لە کوردستانی عێراق و ئیشوکاریان بریتی بێت لە ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتداریەتی ڕووس لە هەڵسوکەوتی کوردەکان. هەرچۆنێک بێت، ڕووسەکان گومانێکی کەم و زۆریان لە ئێمە هەیە وئەوەش بە شتێکدا دەردەکەوێت کە کوردێکی هێدی و هێمنی دانیشتووی ورمێیان بە ناوی «محەمەد سەدیق» گرت و لەو ناوچەیەی کە ڕووسی تێدا نیشتەجێن، دەریان کرد. ئەو گومانەی کە ئەو کەسە، «جاسووسی بریتانیا» بێت، بەڕواڵەت لەو ڕاستییەوە سەری هەڵداوە کە ناوبراو، کوڕی کوردێکی عێراقییە، گەلێک خوێندەوارە ویەک لە پسپۆڕییەکانی بریتی یە لەوەی شارەزاییەکی باشی لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە.

جێگری کۆنسوولی تورکیا، ئێستاش هەر زۆر بە مەسەلەی بەردەوامبوونی هێرشی کوردانی چەکدار لە درێژایی سنووری تورکیاوە، خەریکە و دەڵێ کاربەدەستێکی تورک لە ناوچەی سەرسنوور نووسیویە و گوتوویەتی خەڵک بە توندی سەبر وتاقەتیان لە دەست دەدەن و ئەگەر هێرشیەکان ڕانەگیرێن، مەترسی ئەوەی هەیە خەڵکەکە، لە دەسەڵاتی ئێمە بچنە دەرەوە و بۆ تۆڵە سەندنەوە، بچنە ناوخاکی ئێرانەوە. ناوبراو نە خەمی چارەنووسی کورد دەخوات و نە بیر لە شوێن دانانی هێرشەکە لە سەر پێوەندیی نێوان تورکیا و ئێران دەکاتەوە. لەوە دەترسێ ئەگەر تاقمە چەکدارە تورکەکان سنووربڕن، واهەیە سووک وهاسان بکەونە شەڕی لەشکری سۆڤیەتەوە ــ ڕووداوێک کە دەبێ بە هەموو قیمەتێک بەری لێ بگیرێ. جێگری کۆنسوول لە کۆتاییدا پێی گوتم هێزەکانی تورک لە سەر سنوور، لە بەهاردا تاڕادەیەکی زۆر بەهێزدەکرێن. پێویستە ئەو هیوایە هەبێت کە ڕووسەکان لەم جموجۆڵانە و هۆگەلێک کە کارەکەیان پێویست کردووە، ئاگاداربکرێنەوە، دەنا بێگومان بیر لە ئەنگێزەی نهێنی دیکە دەکەنەوە. لە هێرشی ئەم دواییانەی کورد[ی ئێران] بۆ سەر خاکی تورکان، کوردەکان ۱۰۰۰ سەر مەڕیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و ڕووسەکانیش ۲۰۰ سەریان پێبڕاوە کە داویاننەتەوە بە جێگری کۆنسوولی [ی تورکیا]. ناوی هێرشکەرەکانیشیان پێ داوە بەڵام دەڵێن ناتوانن بیانگرن. تورک، ئەم ڕوانگەیە بە «نەویستن» واتادەکاتەوە نەک بە «نەتوانین». هەروەها جێگری کۆنسوول، سەرقاڵی ئەو مەسەلەیە کە هەر کات هەوا دەرفەتی پێبدات، نزیکەی ٥٠ ماڵەتورک کەوا چەند ساڵە لە ئازەربایجان دەژین و لە بەر ترسی کوردان ناوێرن بگەڕێنەوە شوێنەکانیان، بۆ تورکیایان بگێڕێتەوە.

من هەستی ئەوەم کرد جێگری کۆنسوولی تورکیا زیاد لە ئەندازە جەخت دەکاتە سەر خراپبوونی دۆزی ناوچەکە، بەڵام لام وایە مافی خۆی بێت و پێویستە ئەوە بسەلمێنێت کە هەر کەس بۆ ماوەیەکی زۆر لە ورمێدا بژی، ناچار وای لێدێت کاروباری کەم بایەخی ناوچەیی وەک مەسەلەیەکی گرینگی نێونەتەوەیی ببینێت. بێگومان «نەشات بەگ» کەسێکی بە جەربەزە و هەرەکەیە و بینەرێکی لاوەکی پێی گوتم کاتی کۆنسوولی پێشووی تورک لە ورمێ بوو، ئەو وەک «واگۆن»دەچوو و «نەشات بەگ» وەک «لۆکۆمۆتیو». شک لەوەدا نییە وەک خۆم بینیم، دەستی بە سەر حاکم [ی ورمێ]دا دەڕوات بەڵام لە ڕێگەی ئەم تاکتیکانەوە بە هیچ کوێ ناگات. ناوبراو، ئێرانییەکان ــ بە هۆی خراپی و کەمکارییانەوە، بەکەم دەژمێرێ و بە خۆمی گوت پێویستەدوای شەڕ[یاسای]"کاپیتۆلاسیۆن" دامەزرێتەوە. من لام وایە ئەوە ڕوانگەی خۆی بێت بەتەنیا وهیوادارم وا بێ پێچوپەنا خۆی بە هاوڕێ سۆڤیەتەکەی خۆی نەناساندبێت. «نەشات بەگ» خۆی داستانێکی بۆ گێڕامەوە کە دەیگوت ڕاستەوخۆ لە ئەفسەرێکی ئێرانی بیستووە. ئەفسەرەکە، قوماندانی هێڵێکی بەرگریی بووەلە سەردەمی هێرشی ڕووسەکان بۆ سەر ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. هێڵەکە، پێکهاتبوو لە دوو خەندەکی موازی یەکتر، کە دووهەمیان بە فاسیلەیەکی زۆر، کەوتبووە پشت ئەوی دیکەیانەوە. ئەفسەرەکە، (١٠) ریاڵی لە هەرکام لە پیاوەکانی خۆی سەندبوو، بۆ ئەوەی لە هێڵی دووهەمیان دابنێ. کاتێ ڕووسەکان گەیشتنێ، دیارە لە مێژبوو ئەفسەرەکە بەرەو تاران ڕێ کەوتبوو. کەسێکی ئەوتۆ، ئاشکرایە هەموو شەرت ومەرجێکی تێدایە ببێ بە جەنەراڵ[ی ئێرانی].

جیا لە مەسەلەی هێرشی کوردان بۆسەر خاکی تورکیا، لە ماوەی مانەوەمدا لە ورمێ، دوو ڕووداوی گرینگ ڕوویدا:

لە ٢١ی فەبریوەری[١٩٤٣]دا، جەندرمە وکوردەکانی «ئیبراهیم بەگی شکاک» پێکیاندادا، جەندرمەکان لە سەر جادەی سەرەکی سەڵماس ــ

ورمێ لە شوێنێکدا کە چیاکان لە نزیک گۆلی ورمێ نزم دەبنەوە، چوونە مەتەریزەوە. سێ جەندرمە وسێ کورد کووژران. کۆلۆنێل «مەهین» ئەفسەری فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی لە ورمێ و کۆنسوولی رووس پێکەوە چوون بۆ چاوپێکەوتنی «ئیبراهیم بەگی شکاک» کە خۆی وا نیشان دەدا ئاگای لە رووداوەکە نییە، کارێکی ئەوتۆیان پێنەکرا بەلام بەشداریکردنی کۆنسوولی رووس لە وتووێژەکاندا بە گشتی وای دەگەیاند کە رەزامەندییەک بووبێت بۆئەوەی تەکانێکی توند وناخۆش بە ئیبراهیم بەگ بدرێت. مێژووی رووداوەکە، دەگەرێتەوە زۆر پێش ئێستا. ماوەیەک لەوە پێش «زێرۆ»ی ناسراو، کە «هەکاری» یەکی عێراقییە و خاوەنی هیچ گرینگایەتییەک نییە، هاتە ئێران ولە گوندی «کوکیا»ی ملکی کۆلۆنێل ئەفشاردا، نیشتەجێ بوو. ناوبراو ئەفسەرێکی ئێرانی یە و دەڵێن ئێستا لە تارانە. زێرۆ خۆی لەگەل رووسەکان رێکخست و ئیجازەی مانەوەی پێدرا. ئینجا هێندێ لە هۆزەکەی خۆی لە عێراقەوە هێنا ونازناوی «بەگ»ی بە خۆیەوە بەست. بنکەی جەندرمەی ئێرانی لە ناوچەکەی ئەودا نەبوو. بەلام هیچ رێگریی و دزییەک لە ملکی دا نەدیبیندرا، جا هەر ئەوەندەی ئێرانییەکان ویستیان بنکەیەک و بە هەلکەوت تاقە مەنزلێکی نێو رێگا لە خاکی ئەودا دابمەزرێنن ـــ چونکە دوو بنکەی دووربەری شوێنەکە لە یەکتر دوور بوون، ئیبراهیم تووشی ئیرۆیی هات و بریاریدا نابێ لە زێرۆی تازە پێگەیشتوو، ناخۆشەویستتر بێت. ئینجا دزیی بچووک بچووک لە سەر جادەکە دەستی پێکرد ـ ئەوجادەیەی وا پێش هاتنی جەندرمە، ئاشتی و ئاسایشتی زۆر باڵی بە سەردا کێشابوو، ئەم بارودۆخەش بە پێکدادانی رۆژی ۲۱ی فەبریوەری گەیشتە لووتکەی خۆی.

رووداوی دووهەم لە رۆژی یەکشەمەی شەشی مارچ[ی ۱۹٤۳]دا، روویدا. کاتێ کە کورد و ئاسوری گوندی نازلوو [ی ورمێ]، پێکەوە هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی تازە دامەزراو، کە تەنیا دوو جەندرمە پارێزگارییان لێدەکرد. ئاغای گوندەکە، «حەسەن بەگی هەنارە»وا ناسراوە کە مرۆڤێکی خراپی بەدناوبێت و رێبەری هێرشکەرەکانیش برازای ئەو بوو. لەو دوو جەندرمەیە یەکێکیان بریندار کرا وئەوی دیکەیان خۆی بەدەستەوە دا. کوردەکان خەریک بوون بریندارەکە لەناو بەفردا بەجێبێلن کە نارەزایی نواند وپێی گوتن ئەرکی سەر شانیانە پارێزگاریی زیندانییەکەیان بکەن، ئەوانیش نایانە پاڵ دیوارێک و زۆر لەسەرەخۆ تەقەیان لێکرد. هێزی یارمەتیدەری جەندرمەش لەلایەن کوردەکانەوە پاشەکشەیان پێکرا و دوو کەسیان لە دەستدا. لە رۆژی ۱۷ی مارچ [ی ۱۹٤۳]، ئەفسەری فەرماندەی ئەرتەشی ئێران لە ورمێ، هاورێ لەگەل سەرۆکی جەندرمەری، کۆنسوول و ژمارەیەک ئەفسەری رووس، چوون بۆ نازلوو. کوردێکی زۆر گیران بەلام بە شوێنیدا، بەرەلاکران. دەگوترێ کۆنسوولی رووس پێی گوتوون پێویستە بنکەیەکی جەندرمەیان هەبێت ـ چ پێیان خۆش بێت، چ نەبێت. هەر ئاژاوایەکی دیکەش، بەتوندی وەلام دەدرێتەوە. دەگوترێ بارودۆخەکە ئێستا ئاساییە.

لە چیاکانی لای باشووری رۆژئاوای ورمێ، «نووری بەگ»هێشتا هەر سەرۆکە. لەم دواییەدا، ئێرانییەکان ویستیان بنکەیەکی جەندرمە لە «نوشنۆئاباد»دابنێن بەلام نووری بەگ هێندێ چەکداری خۆی نارد بۆ ئەوەی پێش بەکارەکە بگرن. ناوبراو بێ خوێنرشتن سەرکەوت وپرۆژەکە وەستێندرا. هەروەها دەگوترێ نووری بەگ سێ ئەرمەنی هەن کە لە مەرکەزکەی واتە «ئەنبی» کاری بۆ دەکەن و فیشەک و قومبەلەی بۆ دروست دەکەن.

رووداوێکی دیکە، چەن حەوتوو لەمەوپێش لە گوندی «بەربەروود» روویدا، کە گرینگایەتیی سیاسی نەبوو و تێیدا ئەرمەنییەکی گەنج ـ کە پێشینەی خراپی هەیە، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی یارمەتی لە نێوان ئەرمەنییەکاندا بۆ تانگێکی ئەرتەشی رووس! لە مالێکدا، ۱٦تمەنی مالەکەی داوەدواوە و داوای ۲۰تمەنی کرد. لە کاتێکدا خەریکی هێرشکردنە سەر خاوەن ماڵ بوو، کوری کابرا گەیشتێ و ویستی بە شەنەیەک لە ماڵ وەدەری بنێ. لە ئاکامدا ئەرمەنییەکە دەمانچەیەکی دەرهێنا وتەقەی لە کورەکە کرد وکوشتی، ئینجا هەلاتە شاخی. دەگوترێ کۆنسوولی رووس دەستووری داوە پیاوکوژەکە بگیرێ و بدرێتە دەست عەدالەت.

ئاکامی قسەکانم: رای گشتی ئەوەیە ئەگەر رووسەکان نیشان بدەن کە لێیان قەبوڵ ناکەن، کوردەکان تالان و برۆی پارەکە، دووپات ناکەنەوە. وەک رووسەکان بەتایبەت «م. ماکسیمۆف» لەم دواییەدا، بەرەیەکی قایمتریان بەرانبەر بە کوردەکان گرتووە، ترسێکی کەمتر هەیە لەوەی شەر لە نێوان کورد وجەندرمەی ئێرانی بقەومێت. بەلام ئەگەر چاو لە داهاتوویەکی دوورتر بکەین، کۆمەلگای مەسیحی ورمێ لەوە دەترسێ ئەگەر رووسەکان پێش ئەوەی ئەرتەشی ئێران بەتەواوەتی بەهێز بکرێن و ئاسایشتی گشتی بپارێزن، ناوچەکەبەجێبێلن، کورد پشت دەکەنە مێژوو و وەک گورگی سەر ئاغل دێنە خوارەوە.

تاقە پێشنیارێکی بنەرەتی بۆ هاتنە دەر لەم گیر وگرفتەم لە «فەرماندە کەمال» سەرەکی جەندرمە ئێرانییەکان ژنەفت. ناوبراو گوتی باشترین چارەسەر ئەوەیە پەیمانی ئێستای ئینگلیس ـ رووس ـ ئێران هەلوەشێتەوە و ئێرانییەکان لە دژی «میحوەر»* شەر رابگەیێنن و بەم شێوەیە، لە جیاتی هاوپەیمانێکی بێکردەوە، ببن بە لایەنێکی هەلسووراوی چالاک. لە حالەتێکی ئەوتۆدا، رووسەکان ـ بەبروای ئەو، ناتوانن دژ بە ئامادەیی ئەرتەشی ئێران لە ئازەربایجانی رۆژئاوادا هەلوێست بگرن، کە بیەوێ خۆی بەهێز بکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە بەرانبەر کوردەکاندا بوەستێ. ناوبراو ئەوەشی لێ زیادکرد وگوتی زۆرێک لە ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێران هەمان بۆچوونیان هەیە. رەنگە ئەو بۆچوونە راست بێت، بەلام ئەگەر وابێت، من گومانم لەوەدا هەیە سەرکەوتنێک بێت بۆ پێشرەوی کردنی رووسەکان و خواستێک بێت لە شوێنی خۆیدا و ئەم گۆرانکارییەی پێکهێنابێت. واهەیە رووسەکان چاوەروانی ئەوەبن، پێشنیارێکی ئەوتۆیان زۆر لە سەرەخۆتر، ئاراستە بکرێت.

□□□

* مەبەست بەرەی ئالمان و ئیتالیا و ژاپون و هەروەها عوسمانی(تورکیا)یە لە بەرانبەر هێزە هاوپەیمانەکان(ئینگلیس، سۆڤیەت، ئەمریکا و...)دا.

تێبینی: لە ژمارەی داهاتوو بەدواوە تەرجەمەی «رۆژژمێری تەوریز» کە کۆمەلەی یادداشتەکانی کۆنسوولیەتی تەوریز لەمەر بارودۆخی کوردە، بلاودەکرێتەوە.

# وەڵامێك لەسەر«كێ پاشای كوشت»

د. حەسەن جاف

له پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاه و هەناسەی گەرم
کـــەسێ شێتانە بەردم تێگرێ، من بەرقی تێ دەگرم
«مەحوی»

بەڕێز مـامـۆسـتـا صـەلاح شـاکـەلی، لە گـۆڤـاری *مامۆستای کورد*، ژمارە٢٩ی بەهاری ١٩٩٦دا وتارێکی بە سەردێڕی «کێ پاشای کوشت» بڵاوکردۆتەوە، کە گوایە بەسەر هاتەکانی ناو ڕۆمانی «پاشایان کوشت»ی خوسرەو جاف بەڕاست نەهاتۆتە بەرچاو. نووسەر دەیەوێ پێمان بسەلمێنێ، کە کوشتنی حەمەپاشا لە چوارچێوەی دوژمنایەتی هۆزەکیی ناچێتەدەر. ئەمە بە کورتی کەرەستەی سەرەکیی وتارەکەیەتی.

خوسـرەوجـاف بڕیاری داوە وەڵامی هیچ ڕەخنەیەک لە نووسـینەکـانی نەداتەوە[1]، چونکە لەو بڕوایەدایە، کە زۆر لە ڕەخنەگرانی کورد بێلایەنانە ڕەخنە ناگرن و وەک خۆی دەڵێ نە نان بۆ نانەوا ونە گۆشت بۆ قەساوە. بەڵام من بەشبەحاڵی خۆم، بە قورسم زانی وەڵامی وتارەکەی کاک صەلاح نەدەمـەوە، چونکە نـووسـینەکـەی لەوانەیە پاش چەند ساڵێک، ببـێتـە بەڵـگەیەکی مـێژوویینەی چەواشەکەر و سەرلێشێـوانی خوێنەرانی کوردی پاشەڕۆژی بەدواوەبێت. خوێنەری وردبین باش دەزانێ ئەگەر مێژوو لە سەر بنەڕەتی «چۆن و بۆ؟» دانەمـەزرێ دەبێـتـە مـەتەڵۆک و داسـتـانگێڕانەوە وجێگەی ڕاستیی تێدا تەنگ دەبێتەوە.

بۆ خـوێنـەرانی [خـوێنـەرەوانی] بەڕێز ئاشکرایە کـە هەر دوو دەوڵـەتی عـوسمـانی و ئێران هەمـیشـە ڕێبـازی سیاسـەتی«جیاکـەرەوە زاڵ بیت»یان لەگەڵ هۆز و بنەماڵـەکانی کورددا بەکارهێناوە، تابتوانن لەم ڕێگەیەوە بە ئاسانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە کوردستاندا بەدەست بێنن و نەهێڵن یەکیەتی و یەکدڵی لە نێوان کورددا بچەسپێ و بۆ ئەمە هەمیشە هەوڵیان داوە فـەرمـانڕەوایانی کـورد بەگژ یەکـتـردا بکەن و هەروەها خزم و برا وکەسوکاری ئەم فـەرمانڕەوایانە لە دژ یەکـتر هان بدەن و شەڕ وئاژاوە لە نێـوانیـان دا بێننەکـایەوە. لەم ڕووەوە سـەفـەرنامـەکـەی «ریچ» پڕە لەم داستانە. مەحموودپاشای بابان گوتەنی، مەگەر تاعوونێ بە ناو بنەماڵەی باباندا بڵاوبێتەوە و هەموویان ڕامالێ وتەنیا یەکێکیان بمێنێتەوە، ئینجا کار سەقامگیر بێ[2].

وەکوو دەزانین فـەرمانڕەوایانی بابان دژی فـەرمانڕەوایانی ئەردەڵان بوون وبەدرێژایی تەمـەنی ئەم دوو مـیـرنشـینە، بە پیـلانی هەر دوو دەوڵـەتی عـوسمـانی وئێران لەشکریان لەیەک کردووە و هەزاران کوردی بێتاوان لەم شەڕانەدا خوێنیان ڕژاوە[3].

لاوازبوونی ئەم دوو مـیـرنشـینە و مـیـرنشـینەکـانی دیکەی سەرتاسەری کـوردسـتـان و ناکـۆکـیی نێـوان فـەرمـانڕەواکـانی وەک بنەمـاڵـە و هۆز و تیرەکانی کورد، کە هەمیشە شیروتیریان لە یەک سووە بۆتە هۆی ئەوە کە ئەم دوو دەوڵەتە بتوانن بە ئاسانی لە نێویان بەرن، بەڵام تا کاریان پێیان بووە و لە بەرژەوەندیان بووە یارمەتیان بدەن بە لای خۆیانیان دا ڕاکێشاون و دڵنەوازییان کردوون. هەرکە زانیویشیانە جێی مەترسین هەوڵیان داوە لە ناویان بـەرن. سـوڵـتـان مـەحـمـوودی دووەم کـاتێ زانی مـانەوەی ئەم میرنشینانە دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی مەرکەزییەتی دەوڵەت و شیواندنی گوایە ئیسلاحات،ئەم میرنشینانەی یەک بەدوای یەک لەناوبرد، چونکە لەو بڕوایەدام کـاربەدەسـتـانی ئەم دوو دەوڵـەتە هەسـتـیـان بەم ڕاسـتـیـیـە کردبوو، کە ئەگەر میرنشینی بابان و میرنشینی ئەردەڵان لەگەڵ میرنشینە سەربەخۆییەکانی تردا یەکیان بگرتایە هیچ هێزێکی بێگانە زەفەری پێ نەدەبردن و هەرگیز لە ناونەدەچوون[4].

بێگومـان هۆزی جـاف، کـە هۆزێکی گـەورە و بەناوبـانگی کـورد بووە، هەمـیشـە کاربەدەستانی ئەم دوو دەوڵـەتە هەوڵـیان داوە نەهێڵن هاوکـاری لەگەڵ فـەرمانڕەوایانی بابان وئەردەڵان دا بکەن. تەنانەت دەست تێوەردانی فـەرمـانڕەوایانی ئەم دوو مـیـرنشـینە لە کـاروباری نـاوخۆی ئەم هۆزەدا لە چوارچێـوەی ئەم سـیاسـەتە بەدەر نەبووە. کـاتێ بە وردی سـەیری کـتـێبی مـێژووی ئەردەڵانی مەستوورەی کوردستانی دەکەین، بەڕۆشنی چمکێکی دیاریی ئەم سـیاسـەتەی باسـمـان کرد بۆ دەردەکـەوێ، ئەگینا دەبێ چۆن هەڵوێستی میـر ئەمـانوڵڵاخـان، کە هۆزی جافـی تاڵان و قـەڵاچۆکـردووە لێکبـدەینەوە، ئەگـەر نەڵێین هاندەرێکی نەبووە[5]! ئـەگـــەر وایـش ڕێککەوتبێ، سەرۆکێ بەپێچەوانەی ئەم سیاسەتە ڕفتاری کردبێ، ئەوە لەناو براوە. کوشـتنی زاهیـربەگ، باپیرە گـەورەی (١١٥٥ک)بنەمـاڵـەی بەگزادەی جاف لەلایەن ئەحمەدخانی سێیەم، میری ئەردەڵانەوە، بە پیلانی نـادرشـای ئەفشـار بووە[6]. ئەم سـیـاسـەتەیش پاش بەسـتنی پەیماننامـەی ئەرزەڕۆمی دووەم لە ساڵی ١٨٤٧دا، کە جەنگی گەرم لە نێـوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمـانیدا خاوبۆوە و جەنگی گەرم لە نێوانیاندا نەما، ماددەی هەشتەمی ئەم پەیماننامەیە ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە نابـێت هـیـچ هـێـزێکی سـەربـەخـۆی کـورد لـە نـاو خـاکی ئـەم وڵاتـەدا سـەرهەڵـبدات. لە مـاددەی ناوبراودا هاتووە کـە هەر دوو دەوڵـەت لە سـەر ئەوە ڕێککەوتن، کـە بە هێزی هەردوولا، لەو عـەشایەرەکوردانەی کە لە سـەر سنـوورەکـان هاتوچۆ دەکـەن و ئاژاوە دەنێـنـەوە، بدەن و لەشـکری هەردوولا لە سەر سنوورەکان جێگیربن[7]. ئیتر لەم قۆناغەدا بوو، کە هۆزی جاف یەکجار بەهێز ببوون، بەتایبەتی دوای لەناوچوونی میرنشینی بابان؛ کە ئەوان بوونە هێزی گورزوەشێنی مـیرنشینەکە، دیارە بە لەناوچوونی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەش لە جاف بەولاوە، لە کوردستانی باشووردا، هێزێکی تر نەبوو جێگەی سیاسـەتی ئەو دەسەڵاتە بگرێتەوە. دەوڵەتی عـوسمـانی

بۆ ڕاکێشانی ئەم هێزە نازناوی پاشایەتی بە حەمەپاشا بەخشیوە، واتە دەوڵەتی عوسمانی دانی بە دەسەڵاتی هۆزی جافدا ناوە و داوای لە حەمەپاشا کردووە واز لە کۆچەرایەتی بێنێ و لە ناوچەی شارەزووردا نیشتەجێ بێ. ئەوەبوو سەردار عومەرپاشا[8] داوا لە حەمەپاشای جاف دەکا لە ناوچەی شارەزووردا نیشتەجێ بێ، بەڵام حەمەپاشا سەرپێچی لەم فەرمانە دەکا، چونکە لای وابوو ئەم نیشتەجێبوونە لەگەڵ سەربەخۆیی عەشایەری جافدا ناگونجێ. حکوومەتی عوسمانیش کە ئەم هەڵوێستە دەبینێ بۆ وشارخستنە سەر حەمەپاشا سەرۆکەکانی تیرەی شاتری وهاروونی بۆ بەغدا بانگ دەکا. ئەم ڕاستییە لە ڕۆژنامەی «الزوراء» (٢٢٧ی ١/مانگی صەفەری ١٢٩٠ک ـ ١٨٧٢/٤/٩ز)دا، دەربارەی دەست تێوەردانی حکوومەتی عوسمانی لە کاروباری تیرەکانی جاف دا، بە ڕوونی دەکەوێتەبەرچاو.

جا کاک صەلاح، ئەگەر سیاسەتێ لەکاردا نەبووبێ بۆچی دەوڵەتی عوسمانی دەنێرێ بەشوێن سەرۆک تیرەکانی شاتری و هاروونی دا، کە سەربەخۆ لەگەڵ بەغدادا هاوکاری بکەن و حەمەپاشا وەلا بخەن و زەویوزار بە سەریاندا دابەشبکەن[9]؟ هەروەها ئەگەر سیاسەت لەکاردا نەبێ بۆچی فەرهادمیرزای مامی ناصرەدین شای قاجار وشاردەخاتە سەر عەشایەری جاف، بەتایبەت حەمەپاشا و حەبیبوڵلاخانی باوەجانی، سەرۆکی تیرەی باوەجانی کە هاوکار و پشتیوانی حەمەپاشا بووە، بگرێ[10] و وشاربخاتە سەر حەمەپاشا، کە جاف گوندنشین بکا و ئەگەر قبوڵیان نەکرد لێیان بدرێ و بە هێزی سەربازی لێشیان درا[11]؟ هەروەها دەڵێین ئەگەر مەسەلە سیاسەت نەبێ، دەبێ بۆچی دەوڵەتی عوسمانی داوای خۆبەدەستەوەدانی حەمەپاشای جاف لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکەیانەوە بکات و بەرانبەر بە شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ناوببرێ؟ ئەم داخوازییەی دەوڵەتی عوسمانی لە حکوومەتی ئێران لە یادداشتەکانی میرزا مەلکم خاندا، کە لە گۆڤاری «بررسیهای تاریخی» (ژمارە٥، ساڵی ١٩٧٠)دا بەرچاو دەکەوێ. ئەمانە هەمووی تێکڕا بەڵگەی ئەوەن، کە کوژرانی حەمەپاشای جاف ڕووداوێکی ڕووتی نێو عەشایەری خۆ بەخۆ نەبووە، بەڵکوو پیلانێکی ناڕاستەوخۆی سیاسیی دەوڵەتی عوسمانی بووە. چونکە چ ئێران و چ عوسمانی هەرگیز نەیاندەویست هێزێکی سەرەکیی وا لە کوردستاندا پەیدا ببێ کە هەڕەشە لە دەسەڵاتیان بکا، شیرەمێرد واتەنی ئەم زاتە، واتە حەمەپاشای جاف سەری بۆ عوسمانی و ئێران شۆڕنەکردەوە و پەنجەی لەگەڵ ڕۆم و عەجەمدا دەدا[12].

هەرچی کوژرانی ئەحمەدبەگی وەلەدبەگەلە لایەن هەمەوەندەوە، کە گوایە دارودەستەی ناوبراو خزمێکی شەریف چلەوی هەمەوەندی کوشتبوو، ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە بەپێی کەسانی هاوچەرخی ئەو سەردەمە، یا نزیکی ئەو سەردەمە، وەک پیرەمێرد، کەریم بەگی جاف[13] و هاوچەرخی ئێستای وەک عەلائەددین سەجادی[14]، حەسەن فەهمی جاف[15]، مستەفا بەگی جاف[16]، حەمەسەعیدبەگی وەلەدبەگ، حەمەسەعید بەگی جاف، حسێن بەگی حەسەن بەگی جاف و عەلی بەگی کوڕی، هەموو لە سەر ئەم باوەڕەن، کە خەستبوونەوەی ناکۆکیی نێوان جاف و هەمەوەند لە سەر کوژرانی خولەپەزە بووە و هەر لەبەر کوژرانی خولەپەزەش بووە، کە جوامێر هەمەوەندی ناودار پەنای بکوژەکانی حەمەپاشای داوە.

هەرچی مەسەلەی بەکارهێنانی وشەی «تۆڵە سەندنەوە»ی مەحموود پاشایشە، کە گوایە بەندە بە سادەیی بەکارم هێناوە، ئەی کاکی بەڕێز من ئەبوایە چ وشەیەکی ترم بەکار بهێنایە؟ بەلای منەوە، گرۆهێ، تیرەیێ لە هێڵی گشتی عەشیرەتەکەی بچێتەدەرەوە وبە پیلانی بێگانە بجووڵێتەوە و سەرۆکی هۆزەکەی بکوژێ، دەبێ چۆن ڕەفتارێکی لەگەڵدا بکرێ؟ خۆ ئەو کاتە دادگای (لاهە) نەبووە، کە مەحموودپاشای جاف بەپێی یاسا شکاتی ببردایەتە بەری.... فەرمووتە بەندە بە ساکاری کێشەکانم لێکداوەتەوە، بێگومان ڕاستت نەپێکاوە، چونکە بەندە پشتم بە بەڵگەی مێژووبینە بەستووە و ئەکادێمییانە ڕوانیومەتە ڕووداوەکان و بەردەوام کردوون، بەڵام بەڕێزتان کورتەی بەسەرهاتەکانی ئەم باسە گرینگە مێژووبینەتان (کە بەشێکی بەرچاوی مێژووی نەتەوەکەمانە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا) لە سۆفی عەلی خەڵکی گوندی قولەبەرزە و حاجی عەبدوڵلای ڕەمەزان و دێوانەساڵحی کەماڵەیی خەلکی گوندی عارفەڕەش بیستووە...

جا نازانم ئایا من ساکارانەم ڕوانیوەتە ڕووداوەکە، یا بەڕێزتان؟ من لێرەدا هیچ قەزاوەتێ ناکەم، با خوێنەری بەڕێز خۆی سەرپشک بێ...

نیتر هیوادارم کەمێ وردتر لە ڕووداوە مێژووبینەکان بکۆڵینەوە بۆ گەشەپێدانی مێژووی نەتەوەکەمان.

## پەراوێزەکان

١) بڕوانە: پێشەکیی *«مرۆڤ لە ڕێڕەوی پێگەیشتن دا»*، وەرگێڕانی خوسرەو جاف لە فارسییەوە، بەغدا، ١٩٩٦.

٢) *رحله ریچ فی العراق*، العام ١٨٢٠، ج١، **کلودیوس جیمس ریچ**، ترجمه بهاءالدین نوری، بەغداد، ١٩٥٧، ص٢٢٩.

٣و٤) بڕوانە: *تەئریخی سلێمانی و وڵاتی*، ئەمین زەکی بەگ، بەغدا، ١٩٢٩ و هەروەها *مێژووی ئەردەڵان*، **ماهشەرەف خانمی مەستوورەی کوردستانی**، وەرگێڕانی د. حەسەن جاف وشوکور مستەفا، بەغدا، چاپی یەکەم ١٩٨٩.

٥) ـــــــــــــــ، ل١٩٢-١٩١.

٦) نەخشی هۆزی جاف لە سای چەند سەرۆکیانەوە لە مێژووی کورددا، *گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق*، دەستەی کورد، ژمارە ٢١-٢٢.

٧) *امیرکبیر وایران*، **دکتر فریدون ادمیت**، تهران ١٣٤٨، ص١٢٦.

٨) عومەرپاشا دوای ڕەشیدپاشا بووەتە والی بەغدا، سیاسەتێکی یەکجار تیژی لەگەل عەشایەرەکانی عێراقدا، بە عەرەب و کوردەوە بەکارهێنا، هۆزەکانی کوردیش بوون بە قۆچی قوربانیی ئەم سیاسەتەی عومەرپاشا، بەتایبەتی چەند ئازایەکی لە هۆزی ئازای هەمەوەند لە ناوبرد. بڕوانە: لمحات اجتماعیه فی تاریخ العراق، الحدیث د. علی الوردی، ج٢، ص٢١٦

٩) *ئەم قسانە بەم پێوانە باویان نەماوە*، **د. حەسەن جاف**، بەغدا، ١٩٩٦، ل ٦٦

١٠) کتێبی دەستنووسی سەید تاهیری هاشمی، بەسەردێڕی «مەولەوی تاوگۆزی»، بە فارسی.

١١) *تاریخ مردوخ*، **شێخ محمد مردوخ کردستانی**، ج٢، ص١٩٧-١٩٥.

١٢) گۆڤاری ژیان، ساڵی ١٠، ژمارە ٤٥٠؛ هەروەهابڕوانە: *العراق الحدیث*، **لونگریک**، ترجمه سلیم طه التکریتی، بەغداد ١٩٨١، ص٥٤.

١٣) *تەئریخی جاف*. ل١٨٥

١٤) *خۆشخوانی*، **علاءالدین سجادی**، بەغدا، ل ١٢٢.

١٥ و١٦) *مێژووی هۆزی جاف*، دەستنووس.

# ساخکردنەوەی تاریخی گیرانێک

حەسەنی قازی

**لەبەر نەبوونی دەرەتانی ئازاد بۆ نووسینی مێژووی سیاسی لە بەشێکی وڵات، لەبەر بەهێنددنەگرتنی ڕابردوو وەکوو ڕێنوێن ومەشخەڵی ڕێگەی ئێستا و لەمەودوای ژیانی سیاسی نەتەوەی کورد و ئەو ڕاستییەی کە لە نێو کورداندا زۆربەی ئەوانەی لە سەر مێژووی سیاسییان نووسیوە دۆینێیان بە پێوانەی ئەمڕۆ پێواوە، یان لە باری سەرنجی ڕۆژی ڕێکخراوەیەکی سیاسی و یان سۆز و بەرژەوەندییەکی تایبەتییەوە بۆی چوون و، ئەمانی سەنەد و بەڵگە و زۆر هۆکاری دیکە، هێشتاش زۆر لایەنی مێژووی کۆماری کوردستان ڕوون نییە. نازانین باری ئەو شارانەی لە ژێر دەستەڵاتی کۆماردابوون و کۆمەڵگەی دەوروبەریان چۆن بووە. نازانین داوودەزگا و کارگێڕییەکان چۆن هەڵسووڕاون، بەکورتی و بە کوردی هەتا زیادتر لە سەر مێژووی کۆمار بکۆڵینەوە هەر کەمە، بەڵام مەرج ئەوەیە ئەوەی دەنووسرێ بە بەڵگە پشت ئەستوور بێ.**

**ئەمن بەشبەحاڵی خۆم تێدەکۆشم لەمەودوا بەکەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی دەستم وێیان ڕادەگا و بە لەبەر یەک ڕانان و بەراوردی زانیارییەکانیان و، زانیاریی تری لە ڕەوتی کاردا دەست دەکەون لە ڕوونکردنەوە و نووسینەوەی بابەتە جۆربەجۆرەکانی لەمەڕ کۆمار بەشداری بکەم. هیوادارم کەسانی دیش لەوبارەیەوە تێبکۆشن و ڕانەمێنن.**

یەک لەو ڕووداوانەی زەمانی کۆمار کە هێندێک لێڵە و تائێستا بەتەواوی ڕوون نەبووەتەوە مەسەلەی چلۆنایەتی و هۆی گیرانی قاسمی قادریی قازی، عەبدولرەحمانی زەبیحی و دلشادی ڕەسوولی ـ سێ کەس لە هەڵسووڕێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف بە دەستی ژاندارمەی حکوومەتی نێوەندی ئێران لە نزیک ورمێ یە.

تا ئەو جێگەی ئەمن بزانم سەرچاوەیەک کە بە دووروودرێژی لەو ڕووداوە دوابێ کتێبی سەرلەشکر ئەحمەدی زەنگەنەیە.[1] برای بەڕێز عەلی کەریمی لە نووسراوەیکدا[2]، هەڵەبوونی ئەو تاریخەی وا لەلایەن زەنگەنەوە باس کراوە دەستنیشان کردووە، بەڵام وەکی دی هەر پێی بۆچوون و گریمانە ڕیزە ناکامێکی دەرخستووە کە زۆریان پێویستییان بە لێدوان و لێکۆڵینەوەی زیادتر هەیە. لەم نووسراوەیەدا ئەمن حەول دەدەم هێندێک تیشک بخەمەسەر یەک لەو ڕووداوانە واتە تاریخی گیرانی قادریی قازی. زەبیحی و ڕەسوولی.

ئەگەرچی لێرەدا مەبەست دیاریکردنی تاریخی گیرانەکەیە، بەڵام بۆ ئاگاداری خوێنەرەوە لە پێشدا باسەکەی سەرلەشکر زەنگەنە لە کتێبەکەیەوە ڕادەگوێزمە ئێرە. لە سەر ئەو ڕووداوە زەنگەنە دەنووسێ: «لە سەرەتای آبان ماه ١٣٢٤ (نۆڤامبری ١٩٤٥ ـ نووسەر) ؟! بە تیپی ڕەزاییە و هەنگە ژاندارمەرییەکەی خەبەر گەیشت کە هەیئەتێکی تەبلیغاتی لە لایەن حیزبی کۆمەڵەی مهاباد و قازی محەممەدەوە بەرەو ڕەزاییە دێن تالەوێ لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی ڕەزاییە دیدار وگفتوگۆ بکەن و ئەوانیش وەکوو خۆیان بۆ نافەرمانی هان بدەن. دەگوترا کە ئەو هەیئەتە هێندێک سەنەد وبەڵگەی پێیە و بڕیار وایە بچنە ماڵی زێڕۆبەگی بەهادوری (لە کوردە تێکدەرەکانی عێراقی) لە کۆکیا و کۆبوونەوەی دیدار و وتووێژ لەگەڵ سەرۆکە کوردەکانی ڕەزاییە لە ماڵی وی بکرێ. بۆ وەدەستهێنانی ئەو سەنەد و بەڵگانە بەر لەوەی هەیئەتەکە بگاتە جێ لە کۆکیا (ناوی گوندێکە لە محاڵی باڵانیش کە زێڕۆ بەهادوری لەوێ دەژیا) ژمارەیەک ژاندارم لەمێشەڵانی خوارووی باڵانیش لە سەر ڕێگای مهاباد تاقەت کران تا هەرکە چاویان بە هەیئەتەکە کەوت بیانگرن. هەرکە ئەو ئوتومبیلەی هەیئەتەکەی تێدابوو وەدیارکەوت ئەو ژاندارمانەی لەوێ لە کەمینیان دابوون فەرمانی ڕاوەستانیان پێدا، بەڵام شۆفیرەکە گوێی نەدایە و لە سەر لێخوڕین بەردەوام بوو و لەنێو ئوتومبیلەکەوە دەستیان کرد بە تەقە لە مەئموورەکان. بە بەرزبوونەوەی دەنگی تەقە خۆڕاگری ژاندارمەکان توند وتیژتر بوو، ئوتومبیلەکە گەمارۆ درا و سەرنشینەکانی تەسلیم بوون. ئەوانە جگە لەو دوو چەکدارەی تەقەیان کردبوو بریتی بوون لە سێ کەس لە ئاژیتۆرەکانی حیزبی کۆمەڵەی مهاباد: عەبدولرەحمانی زەبیحی و دلشادی ڕەسوولی و قاسمی قادری. (عەبدولرەحمانی زەبیحی و دلشادی ڕەسوولی کە هەڵاتوون ئێستا لە عێراقن). لە ئوتومبیلەکە وچەمەدانەکانیاندا هەشت نامە دۆزرانەوە کە دەبوو لەلایەن قازی محەممەدەوە بۆ میرجەعفەر باقرۆف ڕەئیس جمهووری ئازەربایجانی شوورەوی بە ڕێگەی کونسوولی شوورەوی لە ڕەزاییە بنێردرێن. نامەکان بە زمانی کوردی بوون. لە یەکێک لە نامەکاندا کە بە فارسی وەرگێڕدرا قازی محەممەد ئاماژەی کردبوو بە سەفەری خۆی بۆ باکۆو دیتنی سەرانی شوورەوی و وتووێژی دۆستانەی خۆی لەگەڵ ئەوان باس کردبوو و داخی دەربڕیبوو کە هیچکام لەو بەڵێنانەی پێیدرابوون جێبەجێ نەکراون. نێوەرۆکی نامەکانی دی بریتی بوون لە داواکردنی چەک وتەقەمەنی بۆ ڕاپەڕینی کوردان لە دژی حکوومەتی نێوەندی ئێران، تەواوکردنی داوودەزگای وێستگەی ڕادیۆیی، ناردنی کاغەز بۆ ڕۆژنامە و تەبلیغات، دانانی چاپخانە و هتد...

←

گیراوەکان قۆڵبەست(تحت الحفظ) ناردرانە ڕەزاییە وئەو خەبەرە گورج ناردرا بۆ ستادی ئەرتەش و داوا کرا دەستبەجێ وەسیلەی گواستنەوە بنێردرێ بۆ بەندەری شەرەفخانە تا بێ ئیستگرتن لە تەورێز بنێردرێنە مەرکەز(تاران). (دیارە ئەگەر لە ناردنی ئەوان تەنەخی کرابا و شوورەوییەکان ئاگادار بووبان بێشک خۆیان تێهەڵدەقوتاند و نەیاندەهێشت ئەوان بنێردرێنە تاران) دەستبەجێ گیراوەکانم ناردە بەندەری گولمانخانە و لەوێوە بە کەشتی ناردمنە شەرەفخانە و لەوێ بە وەسیلەیەک کە لەلایەن ستادی ئەرتەش ئامادەکرابوو گیراوەکان برانە تاران و درانە دەست ستادی ئەرتەش. سەنەد و بەڵگەکانیشم بە ئیستوارێکدا کە خۆی گۆڕیبوو و جلکی شوانانی دەبەرکردبوو لە ڕێگەی مهابادەوە ناردە تاران ودوای ٤٨ سەعات گەیشتنە دەست ستادی ئەرتەش. ئەو سەنەد و بەڵگانە دواتر لە ئەنجوومەنی ئاسایشتی کۆڕی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بە کەلکی [سکالای] ئێران سوودیان لێ وەرگیرا. لە تاران لە سەرهەنگ حەبیبوڵای دەیهەمی نەفسەری روکنی دووی ستادی ئەرتەشم بیست کە گوتی: «هەر کە سەنەد و بەڵگەکان گەیشتن دەستبەجێ هەڵسەنگێندران و ناردران بۆ ئاغای تەقی زادە سەفیری ئێران لە ئینگلیستان تا لە وێوە بنێردرێن بۆ حوسێنی عەلا سەفیری ئێران لە ئامریکا تا لە ئەنجوومەنی ئاسایشتی کۆڕی نەتەوەیەکگرتووەکان کەلکی لێ وەربگرێ.»

لە بەر ئەوەی کۆپی ئەو سەنەدوبەڵگانە کاتی گیرانی ڕەزاییە لەنێوچووبوون من حەولم دا لە ستادی ئەرتەش یان وەزارەتی کاروباری دەرەوە پێشینەیان بدۆزمەوە تا لەم بیرەوەرییانەمدا بیانهێنم، بەداخەوە سەرنەکەوتم.»

هەڵبەت لەسەر ئەو قسانەی زەنگەنە لێرەولەوێ شت نووسراوە[٣] و جگە لە کردەوە و ڕێبازی فکری خۆی لە بواری نووسینیشدا کاری ئەوتۆی کردووە کە ئیعتیباری زانیارییەکانی کز دەکەن.[٤]

لێرەدا مەبەست تاریخی ڕووداوەکەیەکە بە هیچجور وەک ئەو دەڵێ«آبان ماه ١٣٢٤»نییە. لە گۆواری «هاواری کورد»دا(ژمارە١، ڕەزبەری ١٣٢٤شمسی)ئۆکتۆبری ١٩٤٥، کە بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار لە مهاباد چاپ وبڵاوکراوەتەوە لە وتارێکدا بە زمانی فارسی بە قەڵەمی م.ح (کە وێدەچێ سەید محەمەدی حەمیدی بێ) بەنێوی «نویسندەگان فارسی بخوانند» بەم شێوە باسی ڕووداوەکە کراوە: "سه نفر از اهل مهاباد که چند ماه قبل برای امورات شخصی به رضائیه میرفته‌اند ژاندارمهای "بالانش" هر سه را دستگیر و یکسره به تهران فرستاده و اکنون در قصرقاجار بسرمیبرند و تاکنون از آنها سوالی نشده معلوم نیست بەچه گناهی زندانی شده‌اند(هاواری کورد ـ ل ٢٢) ـ سێ کەس لە خەڵکی مهاباد کە چەند مانگ لەمەوبەر بۆ کاروباری شەخسی دەچوونە ڕەزاییە ژاندارمەکانی (بالانیش)هەر سێکیان گرتن و یەکسەر ناردیانن بۆ تاران و ئێستا لە قەسری قاجارن و هەتا ئێستا چ پرسیارێکیان لێ نەکراوە و مەعلووم نییە بە چ گوناهێک گیراون. ـ

لەوەڕا دەردەکەوێ کە زەبیحی و ئاوالانی بەر لە "آبان ماه ١٣٢٤"گیراون. کۆکراوەی سەنەد و بەڵگەی لەمەڕ پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی ئامریکا[٥]، تاریخی ئەو گیرانە بەوردی باس دەکا و بەراوردکردنی ئەو تاریخەی لەو تێلگرامەی سەفیری ئامریکا لە تاران بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئامریکای ناردووە لەگەڵ خەبەری بەربوونی زیندانییە کوردەکان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، کوردستان، بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە١٤، ساڵی یەکەم، چوارشەمۆ ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(هەتاوی) ـ ١٣ی فێڤرییەی ١٩٤٦ی زایینی ـ هۆ و تاریخی ئەو گیرانە ساخ دەبێتەوە.

ئەو سەنەدەی پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی ئامریکا وا لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا ئاوایە: "(لە تێلگرامی ژمارە ٦٤٩، بە تاریخی ٢٤ی ئووتی ١٩٤٥، سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ،سەفیر ڕادەگەیێنێ: لە ١٤ی ئووتی (١٩٤٥) (٢٤ی گەلاوێژ ١٣٢٤ی هەتاوی) ـ تێبینی نووسەری ئەم باسە) ژاندارمەکانی ئێرانی کە ژمارەیان زۆرتر بووە هەیئەتێکی ٥ کەسی کوردیان گرتووە و کاغەز وسەنەدێکی زۆریان لێ وەدەست هێناون و لەوانە نەخشەی ئەو کوردستانە سەربەخۆییەی کە هێنراوەتەگۆڕێ و خاکی تورکیا، ئێران و عێراق وەبەردەگرێ. سەفیر هەروەها ڕایگەیاندووە "ئێرانییەکان بە توندی باوەڕیان وایە کە ئەو بەرنامەیە هەمووی لەبن سەری ڕووسەکان دایە و ئەوان بەڕێوەی دەبەن و ئەو ڕووداوە زۆر بە هێند دەگرن».

لە ژمارە١٤ی کوردستان کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا خەبەری بەربوونی تێکۆشەران ئاوا باسکراوە: مزگینی!! وەڵام گەیشتووە کە سی آزادیخوای ایمە: «عبدالرحمان ذبیحی و دلشاد وقاسم قادری کە هەشت مانگ لەمەوبەر لەلایەن کاربەدەستانی فاشیست مابی ایرانی بە ناحەق بەدیل گیران و یەکسەر بردنیانە تاران لە حمدی خودا دەگەل آزادی ایمە ئەوانیش آزاد کراون و ئەم روژانە خزم وکەس و برایان بەوان شاددەبن».

دیسان لە ژمارە ١٧ی کوردستان دا، چوارشەمۆ ١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(ی هەتاوی) ٠٢ی فێڤرییەی ١٩٤٦(ی زایینی) ئەو خەبەرە ئاوا هاتووە:"دیسان مزگینی!! لە ژمارە ١٤دا وەلامی آزادبوونی برا گیراوەکانمان بە عرض خویندەوارانی خوشەویست گەیاند لە دوای بلاوبوونەوە بری قسە پەیدا بو و ایمەی ناهومید و بەلکو لە نوسینی ئەو مزگینیەش پەشیمانیمان کیشا بەلا خودای بەرز دلی ایمەی نەشکاند و مزگینیەکەی بەراست گیراین کە سوپاس بو خودا هەر سیکیان چەند روژە گەیشتونەتە تەوریز و پیشوای خوشەویست یەکی دووهەزار تمەنی خەلات کردون.»

دیسان بە پێی نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان (ژمارە ١٨، دوشەمۆ ٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ ـ ٢٥ فێڤرییە ١٩٤٦) زەبیحی و ئاوالەکانی "شەوی ٣-١٢-٢٤(٢٢ی فێڤرییەی ١٩٤٦ی زایینی ـ تێبینی نووسەری ئەم باسە) واردی مالە خویان (مهاباد)بون" کە وابوو، ئەوان لە تاریخی ١٤ی ئووتی ١٩٤٥(٢٤ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی تا ١٥ یان ١٦ی فێڤرییەی ١٩٤٦(بە لەبەرچاوگرتنی نووسراوەی ژمارەی ١٧ی کوردستان" چەن روژیکە گەیشتونە تەوریز")٢٥ یان ٢٦ی ڕێبەندان ١٣٢٤ی هەتاوی لە زیندانی عەجەمان دابوون. واتە ئەم مانگانەی خوارەوە:

حەوتووی کۆتایی گەلاوێژی ٢٤ ـ خەرمانانی ٢٤ ـ ڕەزبەری ٢٤ـ خەزەڵوەڕی٢٤ـ سەرماوەزی ٢٤ ـ بەفرانباری ٢٤ ـ کۆتایی ڕێبەندانی ٢٤(١٤ی ئووتی ٤٥، سێپتامبری٤٥، ئۆکتۆبری ٤٥، نۆڤامبری ٤٥ ـ دیسامبری ٤٥، ژانڤییەی ٤٦، نیوەی دووەمی فێڤرییەی ٤٦).

سەبارەت بە گیرانی زەبیحی، قادری و ڕەسووڵی وەک باس کرا بە ←

ڕاگوزاری شت نووسراوه. د. عەبدوڵای مەردوخ لە نووسراوەکەیدا [6] دەڵێ: «عەبدولرەحمانی زەبیحی (سکرتێری ژ.ک) و دڵشاد ڕەسووڵی و قاسمی قادری قازی سێ ئەندام و بەرپرسی ماندوویی نەناس بە دوای کارێکدا ناردران کە ئەرکی ئەوان نەبوو» د. مەردوخ ناڵێ ئەو کارە چ بووە، بۆ ئەرکی ئەوان نەبووە و بە فەرمانی چ کەسێک چوون بۆ جێبەجێکردنی؟ کاک محەمەدی شاپەسندی لە نووسێنیکیدا [7]، بێئەوەی لە باسی گیرانی زەبیحی و ئەوان بە دووروودرێژی بدوێ دەنووسێ: «بەپێچەوانەی نووسینی سەرلەشکر زەنگەنە، زەبیحی و هاوڕێکانی کاتی گەڕانەوە لە پەیمانی سێ سنوور گیران» هەر لەونووسراوەیەدا دەڵێ: «سەیر نییە ئەگەر دوای پەنجاساڵ لە بیرم نەمابێ گۆڤاری (نیشتمان) چەند ژمارەی لێ دەرچووبوو، تا بەینێک لەمەوپێش وامدەزانی لە (٩)ژمارە زیاترە. دوای (٧و٨و٩)نیازمان بوو (نیشتمان) لە (مەهاباد)چاپ بکەین. مەکینەیەکی نیو فولسکاب وهێندێک حەرفمان دەست کەوت و گوێستمانەوە بۆ مەهاباد پێش ئەوەی دەست بکەین بە چاپی ژمارە یەکی نوێ زەبیحی بەسەردا گیرا» بەداخەوە کاک محەمەد باسی تاریخی چاپکرانی ئاخرژمارەکانی نیشتمان(٧ و٨و٩ بەسەریەکەوە)ناکا. ژمارەی ٧و٨و٩ی نیشتمان [8] لە خاکەلێوە، بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٣(ی هەتاوی)چاپکراوە، ئەو تاریخە تا گەلاوێژی ١٣٢٤واتە بەدیل گیرانی زەبیحی و ئەوان لە نزیک ڕەزاییە نزیکەی ١٤ مانگ پاش چاپ بوونی ئاخرژمارەکانی *نیشتمان* ە و بە ساخکردنەوەی تاریخەکان دەردەکەوێ لەو ناوەدا واتە لە جۆزەردانی ١٣٢٣(ژووەنی ١٩٤٤) تا گەلاوێژی ١٣٢٤(ئووتی ١٩٤٥) ـ کاتی گیرانی زەبیحی و ئاوالانی ـ ئەوان ئازاد بوون و لە کۆمەڵەدا کاریان کردووە جا بۆیە ناکرێ دەستبەجێ بەدوای چاپکرانی ئاخرژمارەکانی نیشتمان دا گیرابن.

بە پێی ڕۆژنەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ.ک، ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٣(ی هەتاوی)(٧ی مارسی ١٩٤٥ی زایینی) "ڕۆژی بنیادی چاپخانەی ژ.ک لە سابڵاغ(مهاباد)ە، کاک محەمەدی شاپەسندی لە درێژەی ئەو نووسراوەیدا باسمان کرد دەنووسێ: پێم خۆش نەبوو چاپخانەکە بێ ئیش بمێنێتەوە، بە دەرفەتم زانی گۆڤارێک بە ناوی (ئاوات) چاپ و بڵاوبکەمەوە، ناوەرۆکی (ئاوات)بریتی بوو لە پارچە پەخشانێکی ڕەمزی بە ناوی (برای دوورم) سەبارەت بە گیرانی زەبیحی، ژنێکی نیقابدار(تەرجومە)، موحاکەمەی هیتلەر(هیتلێر) لە جەهەننەم دا و چەند پارچە شێعر... پاش بڵاوکردنەوەی ئاوات (موحەممەدی یاهو) وەڵامی بۆهێنام کە لێژنەی ناوەندی ژ.ک و زیاتر لە هەمووان (حاجی مصطفی داودی) لێم نارازین چونکوو پێویست بوو بۆ دەرکردنی ئاوات ئیمتیاز وەربگرم و پرسیان پێبکەم. پێم ووت ڕاستە من ئەوکارەم بۆ هاتنەوەی زەبیحی دانابوو، بەڵام دەمویست توانای خۆم بۆ ئەم ئیشە تاقی بکەمەوە... پاش یەک دوو هەفتە پێیان ڕاگەیاندم پێویستە واز لە دەرکردنی ئاوات بێنم چونکو چاپخانەی گەورەمان بۆ هاتووە پێویستە خۆمان ئامادە بکەین..."

بەم پێیە حەولی کاک محەمەد بۆ ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئاوات دەبێ لە ئاخر و ئۆخری گەلاوێژی ١٣٢٤(ئووتی ١٩٤٥)دا بووبێ. وەک «*هاواری کورد*» کە ژمارەی ١ی لە ڕەزبەری ١٣٢٤دا بڵاوبووتەوە و وەک ئاماژەمان پێکرد باسی گیرانی زەبیحی و ئاواڵەکانی تێدایە.

دوای چاپ بوونی ئاخر ژمارەکانی نیشتمان هێندێک سەنەد هەن دەیسەلمێنن کە عەبدولرەحمانی زەبیحی لە سەر چالاکی خۆی لە لایەن کۆمەڵەی ژێکاف و دواتر دوای ئازادبوونی بەناوی حیزب و کۆمار بەردەوام بووە.

بۆنموونە لەگەڵ کۆنسوولگەری شوورەوی و بریتانیا لە تەورێز پێوەندی گرتووە. لەم نامەیەیدا کە وەکوو «گەڕێنەندەی چاپەکانی»کۆمەڵەی ژ.ک بە ڕێگەی کۆنسوولی شوورەوی لە تەورێز بۆ مۆلۆتۆف وەزیری کاروباری دەرەوەی شوورەوی ناردووە [9] ئەمە جوان دەردەکەوێ. هەر لەو نووسراوەیەی کاک محەمەیش دا ئەو مەبەستە تەئیید دەکرێ: «دوای سەفەری یەکەمی باکۆ (مەبەست سەفەری گەورەپیاوانی کورد بۆ باکۆ لە مانگی نۆڤامبری ١٩٤١ بەر لە دامەزرانی کۆمەڵە یان زیندوو بوونەوەی هەڵسووڕانی سیاسی ڕێکخراو لە موکریان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی ـ ١٦ی ئووتی ١٩٤٢یە ـ تێبینی نووسەری ئەم باسە) کە زەبیحی بۆ چاپکردنی نیشتمان و قاسم ئاغای ئێلخانی زادە بۆ ڕاوێژکاری لە تەورێز بوون، ئاگادارم دوو یادداشتی زۆر گرنگ بە زمانی ئازەری سەبارەت بە بارودۆخی ئەوسای کوردستانی ئێران بەتایبەتی و کوردستانی گەورە بە گشتی وداواکاریەکانی گەلی کورد لە ئێران بەهۆی حەسەن ئۆف کۆنسوولی سۆڤێت لە تەورێز بۆ وەزارەتی دەرەوەی سۆڤێت ناردراوە...»

بە پێی ئەو پەیوەستەی لەگەڵ نامەی باسکراودا نێردراوە(بڕوانە پەراوێزی٩) تاریخی ناردنی ٧ی بەفرانباری ١٣٢٣(ی هەتاوی)ـ ٢٨ی دیسامبری ١٩٤٤ە واتە نزیکەی ٧ مانگ دوای چاپ بوونی ئاخرژمارەکانی نیشتمان (٨،٧ و٩). کەوابوو ئەو سەردانەی تەورێز ناکرێ بە مەبەستی چاپکرانی نیشتمان بووبێ چونکوو ئەو دەم ئیتر چاپ کردنی ڕاوەستاوە.

وێنەیەکی تێکڕایی کە جگە لە عەبدولرەحمانی زەبیحی و قاسمی ئێلخانی زادە، وەهابی بلووریان، نەجمەدینی تەوحیدی، عەبدولرەحمانی ئیمامی، سمایل خانی فەروخی و مەحموودی وەلیزادەی تێدایە و لە تەورێز گیراوە قسەی کاک محەمەد بۆ بوونی زەبیحی و قاسم ئاغا لە تەورێز لەوکاتەدا دادەگرێتەوە.

ویلیام ئیگلتن ی کوڕ لە کتێبەکەیدا [10]، نموونەیەکی دیکە لە هەڵسووڕانە دیپلۆماتییەکانی زەبیحی باس دەکا و دەنووسێ: «لە ئاخر و ئۆخری دیسامبردا(بە لەبەرچاوگرتنی دەقی باسەکەی لەو شوێنەدا مەبەستی دیسامبری ١٩٤٥ە کە دیارە ئەو تاریخە ڕاست نییە چونکوو ئەو دەمی زەبیحی لە تاران لە زینداندا بووە ـ تێبینی نووسەری ئەم باسە) قازی محەمەد ئیختیاری دا بە عەبدولرەحمانی زەبیحی و عەلی ڕیحانی بۆ پێوەندی لەگەڵ کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێز سەبارەت بە ئیمکانی دامەزراندنی جورە پێوەندییەکی ڕەسمی لە نێوان کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی ئایندە و شانشینی یەکگرتوو (بریتانیا) و هێزە ڕۆژئاواییەکانی دیکە. وەڵامی کۆنسوول لە ڕوانگەی کوردانەوە لێڵ و بە دڵ نەبوو».

ئەو پێوەندییە دەبێ بەر لە ئووتی ١٩٤٥ یان دوای بەربوونی زەبیحی و ئاوالانی لە زیندانی تاران و هاتنەوەیان بۆ سابڵاغ لە فێڤرییەی ١٩٤٦ کرابێ. تەنانەت زەبیحی لەو «سپاس ومعذرت»ەیدا کە لە کوردستانی ←

ژماره ١٨ (٤ی ڕەشەمەی ٢٤)دا چاپی کردووه دەڵێ: «...عدەیەک له برایان که به تەشریف هینانی خویان مفتخریان کردبوم لەبەر ماموریتیک که پیم رجوع کرا نەم توانی بچمەوه خزمتیان». ئەوەش دەیسەلمێنێ که ئەو دەستبەجێ دوای هاتنەدەر له زیندان له کار و هەڵسووڕانەکانی حیزب وکۆماردا بەشدار بووه.

مەبەست له هێنانەوەی نموونەی زەبیحی جەخت کردنەوەی ئەو ڕاستییەیه که سەرەڕای ئاڵوگۆڕپێکهاتن له تەبیعەت و قەوارەی کۆمەڵەی ژێکاف دا وبوونی به حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زۆربەی نزیک به تەواوی دامەزرێنەران و بەتایبەتی هەڵسووڕێنەرانی ئەو کۆمەڵەیه لەکاروبار و هەڵسووڕانەکانی حیزب وکۆماردا ـ که سنوورێکی ئەوتۆیان له نێواندا نەبووه ـ بەشداربوون و هێندێکیان له داوودەزگاکانی کۆماردا له کاربەدەستانی هەره پایەبەرز بوون.

وادیاره هێندێک له قسه و و بۆچوونەکانی دواتر( بۆ نموونه چەند برگەیەک له نووسراوەکەی بەڕێز دوکتور عەزیزی شەمزینی له تێزی دوکتورییەکیدا) هەڵسەنگاندنی ڕۆژ بن تا ئەوەی که له زەمانی دەستپێکردنی کاری حیزب و سەرەمی کۆماردا هاتبنه گۆڕێ.

ئەگەرچی له ئۆرگانەکانی حیزب وکۆماردا (ئەو بەڵگانەی وا من دیتومن) ـ جگه له کورته ئاماژەکەی (هاواری کورد) نەبێ ـ گیرانی زەبیحی، قادریی قازی و ڕەسوولی به وردی و به ڕوونی باس نەکراوه، بەڵام بەربوونیان له زیندان بووەته هەوێنی شێعری شاعیران و یارمەتی مالییان بۆ کۆکراوەتەوه. بۆ ئاگاداری خوێنەرەوه گشت ئەو باسانەی پێوەندی بەم ڕووداوەوه هەیه ڕادەگوێزینه ئێره.

کوردستان ژماره ١٥. شەممۆ ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ـ ١٦ی فێڤرییەی ١٩٤٦

«ئەو آغایانه آعانەیان بو محبوسین ری نیشتمان نقد پرداخت کردوه.

| ردیف | نیووشهرت | مبلغ به ریال |
|---|---|---|
| ١- | جناب حاجی بابەشیخ | ١٠٠٠٠ |
| ٢- | رحیم آغای سیف قاضی | ٤٠٠٠ |
| ٣- | احمد اغای ایلخانی زاده | ٣٠٠٠ |
| ٤- | حاجی کاکه رحمن ایلخانی زاده | ٣٠٠٠ |
| ٥- | ابراهیم آغای ایلخانی زاده | ٣٠٠٠ |
| ٦- | سید محمد امین هیمن شاعر ملی | ٥٠٠ |
| ٧- | عبدالرحمن هەژار شاعر ملی | ٥٠٠ |
| ٨- | ابراهیم اغای قهرمانی | ٣٠٠٠ |
| ٩- | حسن اغای دهبوکری زاده | ١٥٠٠ |
| ١٠- | حاجی کریم پنجوی | ٥٠٠ |
| ١١- | رحمن ولی زاده | ٥٠٠ |
| ١٢- | حمید بلوریان | ٥٠٠ |
| ١٣- | ملا عبدالله مفتی زاده | ١٠٠ |
| ١٤- | حاجی عبدالخالق حسن زاده | ٢٠٠ |
| ١٥ | حاجی فتح اللەناصری | ١٥٠ |
| ١٦ | سعید ولی زاده | ٢٠٠ |
| ١٧- | حاجی محمد صوفی زاده | ٢٠٠ |
| ١٨- | رحمن عطاری | ١٠٠ |
| ١٩- | عبد الکریم بلوریان | ١٠٠ |
| ٢٠- | عزیز صدیقی | ٥٠٠ |

ماوه له لاپەڕەی ٤» ( لاپەڕەی ٤ پاشماوەی ئەو لیستەی تێدا نییه. تێبینی نووسەر)

له ژماره ١٦ی کوردستان دا ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ـ ١٨ی فێڤرییەی ١٩٤٦ پاشماوەی ئەو لیستەیه که گەیشتووەته ٥٧ نەفەر و بەسەر یەکەوه ٣٩٦١٠ ریالیان یارمەتی داوه نووسراوه وهەروەها لیستەی نێوی ١٩ کەسیش بڵاوکراوەتەوه که بەڵێنی یارمەتییان داوه. ئەو نێوانه له ژێر سەردێڕی: (ئەو آغایانه اعانەیان بو مەحبوسینی ری نیشتمان تعهد کردوه) بڵاوکراونەتەوه.

له ژماره ١٨ی کوردستان دا شەمۆ ٤ی ڕەشەمه ی ١٣٢٤ ـ ٢٣ی فێڤرییەی ١٩٤٦ زەبیحی بەم شێوەیه سپاسی خەڵکی له بەخێرهێنانەوەی لەلایەن ئەوانەوه کردووه:« سوپاس ومعذرت/ عدەیەک له برایان که به تشریف هینانی خویان مفتخریان کردبوم لەبەر ماموریتیک که پیم رجوع کرا نەم توانی بچمەوه خذمتیان و حضورا سوپاسی بی پایانی خومیان پیشکەش بکەم؛ به هۆی ئەم چەند ووشەیه داوای لی بوردن دەکەم، ایتر بژی کوردستانی آزاد! عبد الرحمن ذبیحی».

له ژماره ١٩ی کوردستان دا دووشەمۆ ٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤- ٢٥ی فێڤرییەی ١٩٤٦ دڵشاد ڕەسووڵی ئاوا سپاسی بەسەرکردنەوه وپێوەهاتنی خەڵکی کردووه: «سوپاس / ئەو هۆیەی به هەل دەزانم که سوپاسی بی پایانی خوم پیشکەش بەو گەوره و برا خوشەویستانه بکەم که له گەرانەوەی من دا ئەمنیان سەربلند کردوه و به تشریف هینانیان شادی منیان گەیانده رادەییکی زور گەوره داوام ئەوەیه به پشتیوانی خودا و له ژیر سایەی بەیداغی کوردستانا به منتهای آرەزو بگەین. دلشاد رەسولی»

هەر لەم ژمارەیەدا له ژێر ستوونی (اخبار نیو خومان)دا ئاوا باسی هاتنەوەی گیراوەکان کراوه: «... ٢- برایان عبد الرحمن ذبیحی و دلشاد که له پیشدا وەلامی آزادبونی ئەوانمان دابو به شانازیکی زور شەوی ١٣٢٤.١٢.٣ واردی ماله خویان بون وچاوی برا وآزادیخوایەکان و کەسوکاریان پی رون بو. برا قاسمی قادری له بەر ضعف مزاج چەند روژیک له بیمارستانی شوورەوی له تەوریز دەمینیتەوه ئەم روژانه به هومیدی خودا دەگەریتەوه له خودا دەخوازین برا وکەسوکاری ئەم خوشەویستانه هەمیشه بەیەکتر شاد و دلخوش بن.»

له ژماره ٢٦ی ڕۆژنامەی کوردستان دا، دووشەمۆ ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ ـ ١٨ی مارسی ١٩٤٦ئەو شێعرەی «هەژار»به بۆنەی بەربوون و هاتنەوەی زەبیحی و دڵشاد وقادری بڵاو کراوەتەوه:

"بو هاتنەوەی ذبیحی و دلشاد(وقادری) هەژار

فریشتەی خۆشی سەرچاوەی سروور
بابی هەژاران ئەی ...............*
نازانم تو چی له چی خولقاوی
گیانی شیرینی وبینایی چاوی

*(ئەو شوێنه نوختە چینانه به پێی وەزنی شێعرەکه دەبێ دوو وشەی «رەئیس جمهوور»بێ که جێی خاڵی یه) ـ تێبینی نووسەری ئەم باسه ـ

ڕوشن فکریشم سەرم سورماوە
ماکەی خولقانت کام گل و آوە
نا، نا تیگەییم وەختی کردگار
بەزەیی داهات بە کوردی هەژار
ایرادەی فەرمو کورد نەبریتەوە
توشی خوشی بی ببوژیتەوە
لە خاکی سەری کوردی خاک بەسەر
لە آوی چاوی لاوی دەربەدەر
تیکەلی کردن توی هینا بەرهەم
بویە هەر روحمی بومان هەمو دەم
چاکەی تو بومە گەیوەتە پایەک
صەد زمان بیلی لە کیوە کایەک
میللەت رزیبو بە زیندان و بەند
رزگارت کرد و مەدرەکت بو سەند
بەری کەوشی تو بالی هومایە
شاهیدن بو من ئەو سی برایە
زور جزیات کیشا تادەرچون لە بەند
بەدیداری وان ایمەت کرد خورسەند
بیژەن کە توم دی بروات ببی پیم
جیژنی استقلال تازە بووە لیم
"دلشاد"هەر شادبی وەک شادت کردم
لە زیندانی خەم ئازادت کردم
پیاوی آزا و ژیر بەخیر بیتەوە
دوامین گریی دل بەو دەکریتەوە
ایوە خوتان نا لە پیناو میللەت
بو ایمە دیتو ازار و ذیللەت
پیتان دل خوشە دایکی نیشتمان
رو سورن لە راست ناموسو ویجدان
کوتایو نەکرد بو سەربەرزی گەل
بەلان رووی رەش بی لیی قراندن قەل
قرەی قەل ایوەی خستە زیندانی
ئەوەش انتقام دەردی دەزانی
یاخوا هەر بژی پیشوای عەزیز
سەروکی گەورە سەربەرز وبەریز
شادە کورد هەتا پیشەوا هەیە
خودا شادمان کەی تا دنیا هەیە
بژی هوردوی سوور بە فەتح وظەفەر
وەک بو هەژاران خوی کردە لەمپەر"

هیوادارم ئەو نووسراوەیە تیشک باوێژێتە سەر یەک لە ڕووداوەکانی سەروبەندی کۆماری کوردستان.

٢٤ی مارسی ١٩٩٧

## پەراوێزەکان

١- بڕوانە کتێبی سەرلەشکر ئەحمەدی زەنگەنە: «خاطراتی از ماموریت های من در آذربایجان(از شهریور ١٣٢٠ تا دی ماه ١٣٢٥) انتشارات شرق، چاپ دوم ٢٥٣٥، (بە زمانی فارسی) ل ٥٩، ٦٠ و ٦١.

٢- بڕوانە: عەلی کەریمی، «هەڵەی مێژوویی یان...»، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٤، ژانڤییەی ١٩٩٧، سوێد، ل٢٣تا٢٩.

٣- بۆ وێنە بڕوانە کتێبی: حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤ ـ سەرماوەزی ١٣٢٥ کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ئۆترێخت، هولەند، ١٩٩٣و نووسراوەکەی د. مەردوخ و عەلی کەریمی و بەتایبەتی نووسراوەکەی کاک محەمەدی شاپەسندی.

٤ـ بڕوانە نووسراوەی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی: "دودمانی ئاریایی و مێژووی کورد وکوردستانی ئەمین زەکی بەگ"، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٣٢، بەغدا، عێراق، ١٩٩٣.

لەو نووسراوەیەدا ڕۆژبەیانی گزی و زیانی «ئەدەبی» سەرلەشکر زەنگەنەی سەبارەت بە وەرگرتنی چەند بەند لە کتێبی ئەمین زەکی بەگ و لەچاپدانی بە نێوی خۆی بەباڵگەوە وەڕڕوخستووە.

5- Foreign Relations of The United States, diplomatic papers 1945. volume VIII, The Near East and Africa. United States, Government Printing Office. Washington: 1969.p. 400.

٦- د. عەبدوڵلا مەردوخ، کۆمەڵەی "ژیانەوەی کورد" و "کۆمەڵەی هیوا"، بەشی دووهەم، گۆڤاری گزینگ، ژمارە١٤، ژانڤییەی ١٩٩٧، سوێد، ل٣٣.

٧- بڕوانە محەمەدی شاپەسندی: "دەربارەی حکومەتی کوردستان ـ کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا"، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١١٩، یەکشەممە ٢٤-١١-١٩٩٤، هەولێر، خوارووی کوردستان.

٨- تاریخی چاپ بوونی ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمان ئاوایە:

ژمارە١ ساڵی یەکەم پووش پەڕی١٣٢٢ (ی هەتاوی) جولای(ژوویيە)١٩٤٣

ژمارە٢ ساڵی یەکەم خەزەڵوەڕی ١٣٢٢ نۆڤامبری ١٩٤٣

ژمارە٣-٤ ساڵی یەکەم سەرماوەز و ڕێبەندانی ١٣٢٢ دیسامبری ١٩٤٣، ژانڤییەی ١٩٤٤

ژمارە٥ ساڵی یەکەم ڕێ بەندانی ١٣٢٢ ژانڤییەی ١٩٤٤، فێڤرییەی ١٩٤٤

ژمارە٦ ساڵی یەکەم ڕەشەمەی ١٣٢٢ مارسی ١٩٤٤

ژمارە ٧.٨و٩ ساڵی یەکەم خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردان١٣٢٣ (بەهاری ١٣٢٣) ئاوریل، مای، ژووەنی ١٩٤٤.

بەداخەوە کاتێک مامۆستا جەماڵ نەبەز لە ساڵی ١٩٨٥دا شەش ژمارەی نیشتمان ی لە تەک پێشەکییەکی درێژ بە کوردی و ئاڵمانی بڵاوکردەوە، ئاخرژمارەکانی نیشتمان ی لە بەر دەستدا نەبوو تا ئەوانیشی لەگەڵ بڵاوبکاتەوە. ئەو کارەی مامۆستا خزمەتێکی گەورەیە بۆ زیندووکردنەوەی ئەدەبییاتی سیاسی کوردی.

٩- پەیوەستی نامەی زەبیحی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی شوورەوی لە کتێبی غەنی بلوریان: "ئاڵەکۆک ـ بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم"، ستۆکهۆڵم، سوێد، ١٩٧٧ وەرگیراوە و ئاوایە:

کۆمەڵەی ژ.ک Komeley J.K.

ادارەی ناوەندی Idarey nawendy

ژمارە ٤٤٤ Jimare 444

بەرواری ٧ی بەفرانباری ١٣٢٣ Berwari 28 Decacambre (٢٨ی دیسامبر١٩٤٤) 1944

بژی کورد وکوردستانی گەورە

معظم سووەت اتفاقنین گنرال کونسولی ـ تبریز شهرینده

احترما عرض اولنور بو مکتوبین ضمیمە سندە پارتیا مزین طرفندان سووەت اتفاقینی خارجی ایشلر کومیسری جناب مولوتوف یولداش عنوانیە یازیلمیش بیر مکتوب تقدیم و اونین مقصدە یترمەسین خواهش ایدیریک.

ژ.ک. پارتیانین مرکزی ادارەسی طرفندان

مطبوعات مدیری رحمن ذبیحی.

مور وئیمزا.

10- The Kurdish Republic of 1946. William Eagleton Jr. Oxford University Press.1963.

ئەگەرچی کتێبەکەی ئیگلتن تا ئێستا یەک لە سەرچاوە هەرە باشەکانە لە سەر کۆماری کوردستان، بەڵام چ سەنەد و بەڵگەیەکی نەکردووەتە پاڵپشتی بۆچوونەکانی. ئەو، لە یەکدوو جێدا نەبێ نێوی سەرچاوەی کوردی و ئەو کوردانەی لەگەڵیان دواوە نەهێناوە. ئەگەرچی لە پێشەکی کتێبەکەیدا سەرکۆنەی ئارچیباڵد ڕوزڤێڵتی کردووە لە بەر تاقوجووتکردنی هێندێک لە ڕووداوەکان، بەداخەوە بۆخۆشی لە چەند جێ؛ وەک تاریخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەو بۆنەییەی لێرەدا باسی کرا، هەڵەی کردووە.

# ئاڵەکۆک،

# گێژەڵوکەی جەعل و زریانی تەحریف

**تاهیر عەلیار**

ئاڵەکۆک(بەسەرهاتەکانی ژیانم)، کتێبێکی ٤١٦ لاپەڕەیی یە و لەلایەن کاک« غەنی بلوریان» و بەکۆکردنەوە ویاریدەری کاک حامید گەوهەری لە ئورووپا بڵاوبووەتەوە. کاک غەنی بلوریان ماوەیەکی دوورودرێژ ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، پاشان پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار و دوای ئەویش ئەندامی حیزبی تودەی ئێران بووە.

ئاڵەکۆک بە کوردییەکی پاراو و زمانێکی شیرین نووسراوە و ئەگەر پیاو چاوپۆشی لە هێندێک هەڵەی چاپی بکا، لەوبارەوە دڵپەسندە. بەڵام ئەو سەداقەت و ئەمانەتەی کە هەر نووسەرێک لە گێڕانەوەی وەقایع دا، لە ڕێگای نووسینەوە دەبێ بیگوێزێتەوە بەر دەستی خوێنەرەوە وە، لەو کتێبەدا زۆر کەمە. بارستایی جەعل وتەحریف لە زۆر جێگادا، ڕاستییەکانی وەها شاردووەتەوە کە سەنەدیەتی ئەو کتێبە بە تەواوی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

کاک حەسەنی قازی لە ژمارەی پێشووی گزینگ دا، قامکی لە سەر چەند خاڵێکی نادروست کە لە ئاڵەکۆکدا هاتوون دانابوو و هەوڵی دابوو ڕاستییەکان بنووسێتەوە.

کەموکووڕی بەرچاوی ئاڵەکۆک ئەوەیە کە تەقریبەن تەنیا باسی ئەو بەشە لە ژیانی نووسەر دەکات کە پێوەندی بە دەورانی لاوی و ئەندامبوونی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دایە و بەشێکی کەمی پێوەندی بەو کاتەوە هەیە کە ئەندامی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار و پاشان حیزبی تودەی ئێرانە. یانی لە ٤١٦ لاپەڕە تەنیا ٢٨ لاپەڕەی بۆ تەرخان کراوە، هەرچەند ئەوە ماوەیەکی دەساڵەی پڕ لە ڕووداوە، بۆ وایە؟ بڵێی لەو دوو ڕێکخراوەدا هیچ شتی چاک و خراپی وا ڕووینەدابێ کە بۆ باسکردن بێ؟ یان بە مەبەستی تایبەتی دیزە بە دەرخۆنە کراوە و بەردی بێدەنگی لە سەر داندراوە؟ خۆ لەو ساڵانەی ئاخریدا بە هۆی نەمانی بەرەی سۆڤیەتی پێشوو، ئاڵوگۆڕ بەسەر حیزبەکانی سەر بەو بەرەیە یان پێوەندیدار لەگەڵ ئەو بەرەیەش هاتووە و ئەو ئاڵوگۆڕانە دەبێ زەمینەیەکی باس ولێکۆڵینەوەی جیدی و هەڵوێست گرتنی ڕێکخراوەیی و تاکەکەسی پێکهێنابێ و نووسەر لە پۆستی ئەندامی دەفتەری سیاسیدا دەبێ زۆر زانیاری هەبێ کە لە ئیختیار خوێنەرەوەوەی بنێ. بۆ وا نییە؟! ئەوە ئەگەر بە سەهویش بێ پلە وپایەی ئاڵەکۆک زۆر دێنێتەخوار.

زەبرێکی کاریگەریش کە نووسەر خۆی لە پلە وپایەی ئاڵەکۆکی دەدا ئەوەیە کە لە زۆر جێگادا سیمایەکی دیکە بۆخۆی ڕەسم دەکا و خوێنەرەوە وەشک دەخا کە بە ڕاستی دەگەڵ کێ تەرەفە؟ مەسەلەن: نووسەر لە ئاڵەکۆکدا دامەزرێنەری یەکیەتی لاوانە، پاشان ئەندامی کۆمەڵەی ژێکافە و دواتر ئەندامی حیزبی دێمۆکرات و هەڵسوڕاوی کۆماری کوردستانە و نزیک لە شەخسی «قازی محەمەد»ە. ئەو بۆ فێربوونی زانستی ئەفسەری ناردراوەتە باکۆ کە پاشان بگەڕێتەوە و ببێتە ئەفسەر لە ئەرتەشی میللی کورددا. ئەو کاتێک دەگەڕێتەوە کۆماری کوردستان ڕووخاوە. قازی محەمەد لە دار دراوە... هەموو ئەوانەش بە دەستی ئەرتەشی ئێران کراوە. ئەو لەلایەن دەوڵەتەوە تووشی موشکلێک نابێ. وەزعی ماڵی باشە و لە دانیشسەرادا دەخوێنێ و هیچ گیروگرفتێکی تایبەتی نییە. بەڵام ڕاست لەوکاتەدا داوا دەکا بچێ لە دانیشکەدەی ئەفسەری ئەرتەشی ئێران بخوێنێ و لەوێ ببێتە ئەفسەر. لەو ئەرتەشەدا کە دەزانێ تێکدەری کۆماری کوردستانە. کاک غەنی بلوریان دەڵێ: «لە ڕۆژنامەدا نووسرابوو زانکۆی ئەفسەری ئەرتەشی ئێران پێویستی بە ئەندام هەیە. گوتمان ئێمە ئەفسەری مان خوێندووە. باشترە بچین داوا بکەین لە زانکۆی ئەفسەری ڕامان گرن. چووین. سەرهەنگ (پاڵەوان) فەرماندەی زانکۆ بوو.» (ل٧٧)

هەڵبەت ئێرانییەکان وەریناگرن. وادیارە ئەو مەبەستی ئەوەیە ئەفسەر بێ، بەبێ ئەوەی فکری لێبکاتەوە لە چ ئەرتەشێکدا و بە چ ئەرکێکەوە، دەنا چۆن دەکرێ ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بی ولە باکۆ زانستی ئەفسەری بخوێنی کە بەشێکی ئیدەئۆلۆژیک بووە، ئەمما لە ئەرتەشی شادا ئەویش ڕاست پاش تێکدانی کۆماری کوردستان بتەوێ کار بکەی؟

یان کاتێک باسی (رحمان کریمی) دەکا، بە سۆزەوە بەتاریفی دادێ. ئەو رحمان کریمی یەی کە لە سەفی پێشەوەی پاسداران دا هەڵمەتی بردۆتە سەر سەنگەری پێشمەرگە... کاتێک کوردێک چەکی دەسەڵاتی ناوەندی پێبووە و بە چەکی دەوڵەتییەوە شەڕی پێشمەرگەی کردووە، جووڵانەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ولە هەموو مێژووی خۆیدا هەمیشە پشتی تێکردووە، کەچی کاک غەنی دەی لاوێنێتەوە و هەوڵ دەدا حەیسییەتی پێ ببەخشێ: «رحمان کریمی کادرێکی ئازا و نەترس بوو» «پاش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و شەهیدبوونی رحمان کریمی (یادی بەخێر)». (ل٣٥٤)

هەویری ئاڵەکۆک ئاو زۆر هەڵدەگرێ. کاک غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ٣٥١ لە ژێر عینوانی (شەڕی حیزبی دێمۆکرات دژی هێزی نحۆ) ئیشارە بە تێکهەڵچوونەکانی بەینی حیزبی دێمۆکرات و کاک سەننار مامدی دەکا و زۆر موختەسەر بە سەر ڕووداوەکەدا بازدەدا و سەروبەری مەسەلەکە بەکەیفی خۆی تێکدەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو کارەساتەی کاک غەنی ویارانی بە یاریدەی قیادەی مووەقەت و سپای پاسداران خوڵقاندیان ئاشکرا نەبێ. ئەو کێشەیە، کێشەی حیزبی دێمۆکرات و هێزی نحۆ نەبوو. پیلانێکی

گەورەبوو کە سپای پاسداران بە دەستی قیادەی مووەقەت و کاک غەنی ویارانی لە دژی جووڵانەوەی کورد بەگشتی و (حدکا) لەوکاتەدا بەتایبەتی بەڕێویان برد. ئاوری شەڕەکە لە ناوچەی چەهریق بەینی شاپوور وخۆی سازبوو، لەوێرا بەرەو شنۆ هەموو شیمالی گرتەوە و بوو بە هۆی گیرانەوەی ئەو ناوچانەو شاری شنۆ بە دەستی سپای پاسداران و قیادەی مووەقەت. شەڕو پێکدادانی قیادەی مووەقەت و(حدکا) دوای ئەو کارەساتەی شیمال ماوەیەکی دووروودرێژی خایاند. کاک غەنی ویاران خۆشکەری ئاور و بەشداری ئەو شەڕ و کارەساتە زیانبارە بوون.

ئەمن پێش ئەوەی باسی ئەو کارەساتە بکەم، پێم خۆشە ڕوونی بکەمەوە مەبەستم لە کاک غەنی و یاران کێیە؟ پاش دابڕانی کاک غەنی وهاوفکرانی لە (حدکا)، لە ژێرناوی (پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار)دا، ئەو ڕێکخراوەیە گۆڕانی بەسەردا هات و وەک خۆی نەمایەوە. مەسەلەن خانمی فوزییەی قازی کچی قازی محەمەد کە ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی چواردا بوو، هەر پاش زۆر ماوەیەکی کورت دوای جیابوونەوە لە ماڵی خۆی دانیشت و لە هیچ هەنگاوێکدا بەشداری نەکرد. ماموستا هێمن لە شیلاناوێ دانیشتبوو و تا نزیک سێ ساڵ دوای ئەو جیابوونەوەش کە شیلاناوێ لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بوو، ئەو لەگەڵ هەڵسووڕانی کاک غەنی و یارانی هاوئاهەنگ نەبوو. دوکتور ڕەحیمی قازی لە تاران بوو و پاش ماوەیەک خەبەر هات کە گەڕاوەتەوە باکۆ. فاروقی کەیخوسرەوی لە زیندانی حیزبی دێمۆکرات دا بوو. بەشێکی کادر وئەندامانیان گەڕابوونەوە نێو حیزبی دێمۆکرات و بەشێکیشیان ڕاست چوونە نێو حیزبی تودە و بەشێکیشیان هەر دانیشتن وسیاسەتیان وەلانا. هەرکام بە دەلیلێک کە کاک غەنی باسیان ناکا. مەبەستی من لە کاک غەنی ویاران ئەو کەسانەن کە لە ڕێکخراوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چواردا مابوونەوە و لەر کوردستان وبەتایبەت لە شیمالی ناوچەدا دەوری ناحەزیان گێڕا. بە گوێرەی ئەخلاق وا بەباش دەزانم ئەو هەڵاواردنە لە تەرکیبی پەیڕەوانی کۆنگرەی چواردا دەست نیشان بکەم، با چاک وخراپ نی ئەوکەسانە بێ کە بۆخۆیان تێیدا بەشداربوون و هەرکەس وەباڵی خۆی بە ئەستۆی خۆی بێ.

**کارەساتی شیمال:** مەبەستم لە شیمال ئەو بەشەی کوردستانی ئێرانە کە لە شنۆیەڕا دەست پێدەکا و تا لێواری قەرەسوو هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئەو بەشە دەگرێتەوە. جادەی ئێران ـ ئورووپا لە سێرۆ، جادەی ئاسنی ئێران ـ ئورووپا لە قوتور و جادەی ئێران ـ ئورووپا لە بازرگان بەو ناوچەیەدا تێدەپەڕێ. بوون لە دەوروبەری ئەو ناوچانە و دەست بەسەرداگرتنییان لە لایەن (حدکا)وە گرینگییەکی زۆری پێ دەدرا. (حدکا) لە شیمال دوو هێزی هەبوو، هێزی نحۆ لە دەوری ورمێ و هێزی سەرگورد عەبباسی لە دەوروبەری شاپوور وخۆی. ئەو سەروبەندەی لە ئاڵەکۆک دا لە ژێر عینوانی «شەڕی حیزبی دێمۆکرات دژی هێزی نحۆ» هاتووە، (حدکا) لە شیمال هێندێک گیروگرفتی تازەی بۆ خولقابوو. لەلایەکەوە ڕووداوە ناخۆشەکەی گلکۆی بارزانی ئەمر قەومابوو ـ قیادەی مووەقەت بە ڕادیۆ هەڕەشەی دەکرد و بە ئاشکرا زەمینەی فکری تێیهەڵچوونێکی چەکدارانەی لە نێو خەڵکدا ئامادە دەکرد. لە لایەکەی دیکەوە لە مەڵبەندی بەینی شاپوور وخۆی، کاک سەننار مامدی و کاک جەهانگیری ئیسماعیل زادە کە هەردووکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) بوون لە حیزب جیاببوونەوە و هێندێک کادر و پێشمەرگەی سەرگوردعەبباسیشیان لەگەڵ کەوتبوو و سەربەخۆ کاریان دەکرد. کاک غەنی ویاران لەوکاتەدا کادرەکانی خۆیان بە سەر ئەو دوو کێشەیەدا دابەشکردبوو. بەشێکیان لە ڕاژان لە دەوروبەری ناوەندی قیادە ـ لە مەرگەوەڕ بوون و بەشێکیان لە چەهریق لە بەینی خۆی وشاپوور و لە بنکەکانی کاک سەننار دا بوون. ئەوان نە دەگەڵ قیادە لە شێوازی فکر و... یەک بوون و، نە دەگەڵ کاک سەننار. بەڵکوو بە قەول و بەڵێنییەکانی دەوڵەتەوە هاتبوون بۆ دنەدان؛ کە دەیانبینی ئەو دوو شوێنە ئومێدی شەڕ لەگەڵ (حدکا)ی زۆرە تێی خزابوون. بەڵام کاک غەنی لە ئاڵەکۆک دا سەبەبی بوونی خۆیان لەو دوو کێشەیەدا ئاوا باس دەکا: « ئەندامانی بەرپرسی کۆنگرەی چوار، واتە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار کە لێرە بە دوایە بە کۆنگرەی چواریان ناودەبەم. بۆ ئەوەی دەگەڵ باڵەکەی تری حیزب تووشی پێکهەڵپڕژانی چەکدارانە نەبن، بڕیاریان دا بنکەی خۆیان لە گوندی ڕاژان لە نزیکی سنووری دەسکردی عێراق و ئێران دابمەزرێنن». (ل٣٤٧)

هەروەها دەڵێ: « کۆنگرەی چوار لەو هەلومەرجەدا بیری لەوە دەکردەوە کە بە ناردنی کادری سیاسی بۆ نێو هێزی نحۆ بە شێوازی خەباتی سیاسی و هەڵسووڕانی حیزبایەتی کاریگاتە سەر ئەندامانی بەستراوە بە سەننار و ئەوان لە ژێر سەرکردایەتی عەشیرەیی سەننار ڕزگار بکا». (ل٣٥٢)

بێ ئیختیار دەکەومەوە بیری ئەو شێعرەی «قاانی شیروانی» یەوە کە دەڵێ: تا نشان سم اسبت گم کنند/ترکمانا نعل را وارونه زن.

کاک غەنی لە ئاڵەکۆک (ل٣٥٢)دا دەنووسێ:«پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار لە بەرەی هاوکاری حیزبی تودە و فیداییەکانی ئەکسەرییەت و فیرقەی دێمۆکراتی سەر بە حیزبی تودەدا بوو و لە حیزبی تودە و ڕێکخراوی ئەکسەرییەت یارێدەی ماڵی وەردەگرت».

لەبیر کەس نەچووەتەوە کە ئەو بازنە فکرییە ئەوکات حکوومەتی ئێرانی بە دژی ئیمپریالیست دەزانی و هەر جموجۆڵێکی دژ بەحکوومەتیان بە جۆرێک ڕەنگ دەکرد. ئەوان، پاسدارانیان بە دامەزراوەی شۆڕشگێڕی دەزانی و داوای چەکی قورسیان بۆ دەکردن. ئەو بازنەیە، حەرەکەتی کوردستان و (حدکا)ی بە دژی شۆڕش و دروستکراوی بەعس دەزانی. ئەوان هاتبوونە ڕاژان و چەهریق کە بەو چەکە ئیدەئۆلۆژیکەوە ئەو دوو بنکەیە دژی (حدکا) هان بدەن و پشتیوانییان بکەن.

(حدکا) ئەوکات بە دیتنی ئەو وەزعە هەوڵی دا دەستەیەک بنێرێتە شیمال کە بێجگە لەکاری ئاسایی حیزبی و بەسەرکردنەوەی شانەکانی، دەگەڵ کاک سەنناریش پێوەندی بگرێ و هەرچەندی ئیمکان هەیە بە ڕێگایەکی هێمنانەوەکەرەسەی حیزبی لێ وەربگرێتەوە و بە ژێری چارەسەری ئەو ناکۆکییانە بکا کە لە شیمال پێکهاتبوو. بەرپرسی ئێمە موهەندیس عەبدولڕەحمانی حاجی ئەحمەدی دیاری کرا. ئەمن ئەوکات ئەندامی حیزب بووم و یەک لەو کەسانە بووم کە دەگەڵ باقی ئەندامانی دەستەکە لە شیمال لە ژێر چاودێری حاجی ئەحمەدی دا کارم دەکرد.

ئێمە چەند ڕۆژێک بوو لە شیمال دەست بەکاربووین. لە سنووری تورکیا پێشمەرگەکان نەفەرێکیان لە ئاوایی خانک گرتبوو، دەرکەوت کە

ئەفسەر و فەرماندەی پایەگای زێوەیە کە بنکەی سەرەکی قیادەی لێبوو. ئەو ئەفسەرە خەریک بوو بۆ تورکیا دەرباز بێ کە گرتبوویان. داوای زانیارییان لێکرد، زۆر شتی بۆ کاک رەحیمی محەمەدزادە ــ بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی حیزب و یەکێک لە ئەندامانی دەستەی ناردراو بۆ شیمال ــ باس کردبوو. ئەفسەرەکە گوتبووی قیادە و پاسداران هێرش دەکەنە سەر ناوچە و دەستی بەسەردا دەگرن. هاوکات دەگەڵ ئەوە بە یاریدە و رێنوێنی دڵسۆزانەی تاهیرخانی سمکۆ دەگەڵ کاک سەننار پێوەندی گیرابوو و تەقریبەن نەوعێک وتووێژ لە رێگای رابیتەوە پێکهاتبوو و تاهیرخان ئاگادار بوو. عەشیرەتەکانی دیکەی ناوچەش کە چەکی دەوڵەتییان پێ بوو، هەر لە پێشترەوە دەگەڵ بەرپرسانی حیزب لە ناوچەدا پێوەندییان هەبوو و هەموو شت بە ئارامی دەچووە پێش و هیچ بەرهەڵستێکی چەکدارانە لە دژی حیزب نەبوو. لەوکاتەدا وابزانم سەرکۆماری ئێران هەڵدەبژێردرا. (حدکا) داوای کردبوو خەڵکی کوردستان بەشداری نەکا. بەڵام لە شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی کاک سەننار‌دا سندووق هاتبوو و بەرپرسانی دەوڵەتی هاتووچۆیان دەکرد. یارانی کاک غەنی لە بنکەکانی کاک سەننار‌دا خەڵکیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا هاندەدا. کاک غەنی دەڵێ: «ئێمە رێکخراوێکی سەربەخۆ بووین و سەر بە حیزبی تودە نەبووین و بە هیچ رێژیمێکەوە نەبەسترابووینەوە». (ل٣٥٢)

کاری وتووێژ دەگەڵ کاک سەننار نە پێشرەفتێکی وای کرد و نە بنەبڕیش بوو. بەیانییەکی زوو پێشمەرگەکانی حیزبی کە بنکەیەکی کاک سەننارِیان لە ئاوایی گەردیان لە ژێر چاودێریدا ببوو، کاتێک پێشمەرگەکانی هاتبوونەدەرێ و لە سەر کانییەکی خەریکی نوێژکردن ببوون، دەورەیان گرتبوون و هێنابوویانن. نزیکەی دەکەس دەبوون. کاک سەننار وتووێژی پساند و ئولتیماتۆمی دا کە دەبێ ئەوانە دەرباز بکرێن. کاک حاجی و ئێمەش گوتمان چەک و چۆڵەکانی حیزب بدرێتەوە جا ئەوانە ئازاد دەکرێن. گۆڕینەوەکە سەری نەگرت وبۆ سبەینێ پێشمەرگەی کاک سەننار هاتنە سەرمان وبوو بە شەڕ وتەقریبەن چوار رۆژی کێشاو شەڕەکە دووراودوور بوو. شەڕەکە خەریک بوو ئەهوەن ببێتەوە و نێونجی وقاسید بێتە گۆڕێ کە خەبەرمان بۆ هات چەند ئوتوبوس پێشمەرگەی قیادە لە رێگای ورمێ و شاپوورەوە هاتوونەتە نێو پێشمەرگەکانی کاک سەننار. هەروەها رەحمانی کەریمی و یەکانێکی پاسداریش هاتوون. ئێمە شەو تەقەمان وەستاند و لە شوێنی شەڕەکە کشاینەوە بۆ ئەوەی بزانین وەزعەکە چی لێ دێ. ئیدی شەڕ دەگەڵ کاک سەننار تەواوبوو. نە ئێمە چووینە سەر ئەوان ونە ئەوانیش هاتنەوە سەرئێمە. قیادە وپاسدار ئیبتیکاری وەزعەکەیان بە دەستەوە گرت و لە هەموو شوێنێک و لە هەموو رێگاوبانێک سەریان وەدەرنا و بە مەڵبەندەکەدا بڵاوبوونەوە و دامەزران. ماوەی چەند رۆژێک ئەوە رەوتی وەزعەکە بوو. ئێمە هەوڵمان دا هیچ تێکهەڵچوونێک نەکەین و چاومان بە رووداوەکانەوە بوو. یارانی کاک غەنی و شاسوارەکەیان رەحمانی کەریمی هاورێ دەگەڵ ستوونە رەنگینەکانی دەوڵەتی کۆبوونەوەیان لە نێو خەڵکی دا دەکرد و ئەوەی لە سەر دژی شۆڕش ؟! دەیانگوت نەیان دەگوتەوە.

کاک غەنی لە ئاڵەکۆک دا دەڵێ: «کۆنگرەی چوار بە دوای هەڵوێستی جیابوونەوە لە باڵەکەی تری حیزب بڕیاری دابوو هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی و موشاویری ناوەندی حیزب لە گرووپی قاسملوو جیابێتەوە و بێتە لای ئێمە بە شێوەی ئوتوماتیکی لە کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چواردا جێگای دەکرێتەوە. لەبەر ئەوە سەننار- جهانگیر و کەریمی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوار دەژمێردران». (ل٣٥٢) هەروەها دەڵێ: «سەننار بۆ ئەوەی پترخۆ تەیار بکا وتەنانەت رێژەی پێشمەرگەکانی بەرێتەسەر بە هۆی رەحمان کەریمییەوە کە بەرپرسی پێوەندی ناوبراو دەگەڵ پاسداران بوو نەوەد دانە چەکی برنوی درێژی لە پاسدارانی ورمێ وەرگرت». (ل٣٥٢ ــ ٣٥٣)

پاشان هەزار و دوولای دەکا ودەڵێ: «هەروەها لە کاتی شەڕەکەدا چەند کادری کۆنگرەی چواریش لە نێو هێزی نحۆ(پێشمەرگەکانی کاک سەننار)دا بەرپرسی کاری سیاسی و دانانی شانە و رێکخستنی پێشمەرگەکان بوون، کە بە داخەوە ژمارەیەکیان لەو شەڕە وەردران و جگە لەوان پێشمەرگەکانی پارتی دێموکراتیش بە هاواری سەننارەوە چووبوون». (ل٣٥٣)

لەو وەزعەدا عەشیرەتەکان پێوەندییان بە بەرپرسانی حیزبەوە گرت و گوتیان قیادە و پاسدار لە هەموو شوێنێک دامەزراون و پاسدار دەسەرییان کردووین لە هەر جێگایەک قیادە بەشەڕ بێ دەبێ ئێوەش پشتی بگرن و داوایان کردبوو ئێمە رێگاچارەیەک ببینینەوە. گوتبوویان دڵیان بە شەڕکردن لەگەڵ پێشمەرگەوە نییە بەڵام ئەگەر شەڕێک بقەومێ ئەوان لە بەر هەبوونی قیادە وپاسدار ناتوانن نەیکەن. تەنانەت «عیسمەت دەری» تەقەمەنییەکی زۆری بۆ ناردبووین و گوتبووی شەوێ لە دەوروبەری سێرو تەقە دەکەم بۆ ئەوەی ئەگەر پاسدار لە تەقەمەنییەکەیان پرسیەوە بڵێم شەوێ «دژی شۆڕش» هاتوون و بە ئەوانمەوە ناون. هەر واشی کرد. ئێمە بە دیتنی ئەو وەزعە بڕیارمان دا شەڕ نەکەین و پاشەکشە بکەین و هەرکات ئەو شەپۆلە نیشتەوە بگەڕێینەوە شیمال. چونکە نە پێشمەرگەمان زۆر بوو و نە تەقەمەنیمان تەواو پێ بوو. کۆمەڵێکی زۆریشمان کچ وکوڕی کوردستانی تورکیا لەگەڵ بوون و تەقریبەن هەموویان بێ چەک بوون. وابزانم ئی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیا بوون و بە هەر شەڕێک ئەوانیش لە خەتەر دەکەوتن. شەڕ دەگەڵ عەشایرەکانیشمان پێ باش نەبوو، بۆیە قەرارمان دا هێندێک کادر بە نهێنی لە ناوچەدا بمێننەوە و باقی پاشەکشەبکا و خەریکی پێکهێنانی سەرەتاکانی ئەو کارە بووین. لە وەزعەدا پەیکی کاک سەننار هات. ناوبراو رایسپاردبوو ئێمە نەڕۆین وبمێنینەوە. گوتبووی یەکانێکی پاسدار بە تەقەمەنییەکی زۆر و تفەنگی ١٠٦میلیمیترییەوەلە دەوروبەرە و هەروەها یارانی کاک غەنی لەوێن. گوتبووی ئەو کێشەکەی خۆی لەگەڵ حیزب لە دوارۆژدا بە رێگای وتووێژ چارەسەر دەکا و ئێستا کە شیمال لە خەتەر دایە خەیاڵی هەیە شەوێ بە سەر ئەو پاسدارانە و یارانی کاک غەنی دابدا و هەموویان بگرێ وپاشان سزایان بدا. گوتبووی ئێمە نەڕۆین و بەو تەقەمەنییەدەسکەوتە بە هەموو لایەکمان شەڕێکی قورس بکەین و شیمال نەجات بدەین. ئێمە بە بیستنی ئەو وەڵامە داماین. لەلایکەوە هەستمان بە کێشە و دووبەرەکی نیوانیان کرد و لەلایەکی دیکەشەوە بە فرتوفێڵمان دانا و گوتمان دەیانەوێ مەحتەلمان بکەن و رێگای پاشەکشەمان لێ ببەستن. هەروەها دامانئا ئەگەر راستیش بێ بەو شتانەی نێوان ئێمە و کاک سەننار رووی داوە ناکرێ دەستبەجێ پێکەوە بچینەوە پاڵ یەکتر. بێجگە لەوە چونکە دەگەڵ

←

عەشایری مەنتەقەکە شەڕ سازدەبوو، هەر پێمان باش نەبوو بیکەین، بۆیە بڕیارەکەی خۆمان نەگۆڕی. بەڵام بە پەیکی کاک سەننارمان ئاشکرا نەکرد کە دەڕۆین و گوتمان ئێمە دەمێنینەوە و ئەویش هەرچی زووتر دەست بەکاربێ. ئێمە بە ڕاستی باوەڕمان بە قەولی کاک سەننار نەکرد. ئەوە سەرەتای ئاشکرابوونی دووبەرەکی و نیفاق لەبەینی ڕیزی کاک غەنی و یاران بوو دەگەڵ کاک سەننار.

ئێمە بەهەرحاڵ پاشەکشەمان کرد و دوای کشانەوەی ئێمە کاک سەننار دەرفەتی پەیدا نەکردبوو بەرنامەکەی خۆی وەکوو دەیەویست پیادەی بکا. بەڵام ڕاستی کردبوو لە ڕێگای ورمێ ڕا دەگەڵ دەفتەری سیاسی پێوەندی گرتبوو و ڕێککەوتبوو لە هەوەڵین دەرفەتدا کە زیاتر لە مانگێکی نەخایاند تەکلیفی خۆی دەگەڵ یاران و پاسدارانی دەوروبەری ڕوون کردەوە!

کاک سەننار تەسویە حیسابێکی خوێناوی دەگەڵ کاک غەنی ویاران کرد و ڕەحمانی کەریمی لەو تەسویە حیسابەدا سەری تێداچوو. شەڕی کاک سەننار و دەوڵەتیش هەر فەوری دەستی پێکردەوە و پاشان پێشمەرگە چوونەوە شیمال.

تەسویەحیسابی کاک سەننار لەگەڵ کاک غەنی و یاران نوختە عەتفی زۆر شت بوو:

یەکەم: سنوورێکی ڕوونی بەینی خۆی دەگەڵ دەوڵەت و هەروەها کاک غەنی ویاران دیاری کرد. کاک سەننار ئیختیلافی دەگەڵ حیزب هەبوو بەڵام ئامادە نەبوو وەکوو کاک غەنی ویاران دەگەڵ پاسداران هاوسەنگەر بێ و بۆ دەسرەیەک قەیسەرییەک ئاور تێبەردا.

دووهەم: دوای دیاریکردنی ئەو سنوورە بۆوە بە ئەندامی (حدکا) و هەر فەوری دەگەڵ باقی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب شەڕی دەوڵەتی دەست پێکردەوە و زیاتر لە ساڵێک دوای ئەو ڕووداوە هەر لە شیمالی کوردستانی ئێران بوو.

سێهەم: دوای تەسویە حیسابی کاک سەننار ودادگا مەشهوورەکەی کاک غەنی و یاران وەها تاسان و زراویان چوو کە ئیدی وەکوو ئاو چوونە بن عەرزەوە ولە هیچ شوێنی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە نەمان و تەنانەت لە شارەکانی کوردستانیش بە نهێنی و بە ئیوی موستەعار دەژیان و فروفێڵیان نەما و ئێویشیان لە کوولەکەی تەڕدا نەما.

کاک غەنی بلوریان لە ئاڵەکۆک دا باسی ئەندامانی دادگاکەی کاک سەننار دەکا بەڵام باسی کەیفەرخاستی[سزاخوازی] دادگاکە ناکا. کاک سەننار بۆ وەڵامدانەوە بەو کڵاوە گوشادەی کە کاک غەنی و یاران لە سەریان نا وخەریک بوون کەوڵی خەزی بەسەر شان دادەن ئەو دادگایەی دانا نەک هیچ شتێکی دیکە.

کاک غەنی لە ئاڵەکۆک دا دەڵێ: «من ئەوکاتە لە تاران بووم و هەرکە خەبەری ئەو شەڕەم بیست بە پەلە خۆم گەیاندەوە "ڕاژان"... من بۆ ئازادکردنی پێشمەرگە بەدیل گیراوەکان [مەبەست ئی حیزبی دێمۆکراتە] پێوەندیم بە کاک مەسعود گرت و ناوبراویش بۆ ئەوەی کە بەدیلگیراوەکان وەدەست پاسداران نەکەون، ئەوانی ئازاد کرد. من دەگەڵ ڕەحمان کریمی چوومە بەردەرگای زیندان و پاش ئەوەی ڕەحمان هەموو بە دیل گیراوەکانی ئازاد کرد و ئەوانی گەڕاندەوە بۆ لای حیزبی دێمۆکرات مامەوە.» (ل٣٥٣)

ئەوەندی من لە بیرم بێ حیزبی دێمۆکرات لە ڕووداوی شیمال دا دیلی نەدا.

داستانی لەنگەر گواستنەوەی نووسەر لە ئەندامەتی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی چوارەوە بۆ ئەندامەتی دەفتەری سیاسی حیزبی تودەی ئێرانیش بەو شێوەیەی لە (ڕۆمانی) ئاڵەکۆک دا هاتووە یەکجار سەرنجڕاکێشە. کاک غەنی لە سەر بڕیارێکی خۆی ڕێکخراوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار هەڵدەوەشێنێتەوە و کەشتی چارەنووسی خۆی و یاران بە دەریای بێ بن دەسپێرێ و لەسەر بڕیارێکی (حەمید سەفەری)لە پڕ بە قولاپی حیزبی تودەوە دەبن و بۆ خۆشی بەخێر وخۆشی لە دەفتەری سیاسی حیزبی تودە سەردەردێنێ. ئیدی میکانیزمی تەشکیلاتی هیچ نەخشێکی لەو ئاڵوگۆڕانەدا نییە و نووسەریش بەسەلاحی نازانێ لێفە لە سەر فەقیران هەڵداتەوە و بۆ کردنەوەی گرێیەک ئەوی ڕستوویە هەمووی بکاتەوە بە خوری؟

٩٧/٤/١٤

## خەڵاتی ئاشتی بۆ یاشار کەماڵ

هێدی

ئەوساڵ لە پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت، لە ١٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٧دا، خەڵاتی ئاشتی (Friedenspreis des Deutschen Buchhandels) کە نرخەکەی ٢٥٠٠٠ مارکی ئاڵمانی یە، دەدرێ بە یاشار کەماڵ.

ناوبراو کە ٧٤ ساڵی تەمەنە و لە باری ئەدەبییەوە لە جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە، لەبەر هەڵوێستی سیاسی و پشتیوانی لە مافی چەوساوە و ڕاونراوەکانی وڵاتەکەی چەند جاران تووشی گرتن و دوورە وڵاتی بووە، هەر لەبەر ئەو هۆیانەش بە شایانی ئەو خەڵاتە زانراوە. لە ساڵی ١٩٧٢دا بۆ یەکەم جار پێشنیار کرا کە خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی بدرێتێ.

یاشار کەماڵ کە بە ڕەگەز کوردە، لە ساڵی ١٩٢٣دا، لە گوندێکی نزیک ئەدەنا لە دایک بووە و لەوبەری هەژاریدا بە خێوکراوە و یەکەم منداڵی گوندەکەیان بووە کە فێرە نووسین و خوێندنەوە بووە. هەتا ساڵی ١٩٥١ کە وەک ڕۆژنامەنووس دامەزرا هەر بە کرێکاری ژیاوە. لە ساڵی ١٩٥٥دا، ڕۆمانە هەرە بە ئێو بانگەکەی «ئینجە مەمەد» بڵاوکرایەوەو بەو ڕۆمانەی لە جیهاندا ناوبانگی دەرکرد. ئێستا ئەو ڕۆمانە بە ٣٠ زمانان* وەرگێردراوەتەوە. لە پەنا ئەو ڕۆمانەدا چەند ڕۆمانی دیکەشی، بۆ وێنە ڕۆمانی «زەوی ئاسن و ئاسمانی مس» بە ئاڵمانی لەبەر دەست دان.

یاشار کەماڵ، لەبەر ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی حکوومەتی تورک سەبارەت بە کوردان و بەتایبەت بە بڵاوبوونەوەی نووسراوەیەکی ناوبراو دە گۆڤاری «شپیگێل» لە ساڵی ١٩٩٦دا، دیسان تووشی دادگا بۆوە و تاوانبار کرا کە «پڕوپاگەندای جیاوازیخوازی» کردووە و بەو بۆنەوە بە ٢٠مانگ زیندان حوکم درا.

□□□

* ئەو ڕۆمانە لە لایەن دوو کەسەوە: یەکیان بە ئیوی «حەمەچکۆڵ» لەلایەن «کەریم حیسامی» و ئەوی دیکە بە ئیوی «حەمەدۆک»لە لایەن «عەبدوڵڵا حەسەنزادە»وە وەرگێردراوەتە سەر کوردی.

# پاشگری (انه) و هەڵەیەک لە بەکارهێنانیدا

عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە

پاشگری *(انه)* لە زمانی کوردیدا ئامرازێکی گرینگی ڕێزمانییە. ئەم پاشگرە بۆ دروستکردنی ناو(اسم)، ئاوەڵناو(صفت) و ئاوەڵکردار(قید) بەکار دەهێندرێ، واتا بە چەند شێوەی جۆراوجۆر دەور دەبینێ. لەم ڕوویەوە ئەم پاشگرە شوێنێکی تایبەتی و گرینگی لە ناو پاشگرەکانی زمانی کوردیدا هەیە. لە گەڵ ئەمەشدا، ئەم پاشگرە لە کتێبە ڕێزمانییەکان و لە قامووسە کوردییەکاندا، ئەوەندەی من ئاگارار بم، مافی خۆی بە تەواوی پێنەدراوە. لە فەرهەنگی «هەنبانە بۆرینە» دا لە ڕستەیەک پتری لە سەر نەنووسراوە! لە «قامووسی زەبیحی» دا لێکدانەوەیەکی بەربلاوتر و ڕێکوپێکتر بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەو لێکدانەوەیەش سەرەڕای هەموو سەرکەوتوویی خۆی، وا نییە کە ڕێگای تێگەیشتنی چەوت و پێکهاتنی گرێوگۆڵ بۆ خوێنەرەوە بە تەواوی بەربەست بکا. بێگومان دەبێ بابەتی ڕێزمانیی دیکە و لەوانەیە لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە سەر ئەم بابەتە نووسرابن، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەیکە من تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆم وەدەست نەکەوتووە، ناتوانم ئەو نووسراوانە هەڵسەنگێنم و لەم نووسینەدا کەڵکیان لێوەرگرم. ئامانجی ئەم نووسینەش لە ڕاستیدا ئەوە نییە کە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر نووسراو، هەڵبسەنگێندرێن و لە سەر بنچینەی ئەوان لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلتر پێشکێش بکرێ.

ئەوەی منی هێنایە سەر نووسینی ئەم چەند دێڕە، زۆرتر هەستکردن بە بوونی هەڵەیەکی ڕێزمانی یە لە بەکارهێنانی ئەم پاشگرە دا و هەوڵدانێکە بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە تاکوو زیاتر لەوە کە ئێستا وەبەر چاو دەکەوێ، لە زمانی کوردیدا بڵاو نەبێتەوە.

بۆ لێدوان و دەستنیشانکردنی هەڵەکە باشتر وایە بە سەر ئەو ئەرکانە دا بچینەوە کە پاشگری *انه* لە زمانی کوردیدا هەیەتی و وێڕای شیکردنەوەی ئەرکەکان بێینە سەر باسی هەڵەکە و لە پاڵەوەش چەند وردە بابەتێکی پێوەندیدار بە باسەکەوە بخەینە بەر سەرنج. ئەرکەکانی پاشگری *انه*بەم جۆرەی خوارەوەن:

١- پاشگرەکە جۆرێکی تایبەتی لە ئاوەڵناو دروست دەکا کە پێوەندی بە «کات»ەوە هەیە و بۆ ئەم مەبەستە بە ناوێکەوە دەلکێ کە کاتێکی تایبەتی دیاریدەکا، وەک: **شەو، ڕۆژ، ساڵ، مانگ، هاوین، وەرز، شەممۆ، نیوەڕۆ** و هتد.... لە ئەنجامدا ئاوەڵناوێک دروست دەبێ کە لە باری کاتەوە ناو وەسف دەکا: **ڕۆژانە، شەوانە، شەممۆیانە** و هتد.... شیاوی باسە کە ئەگەر وشەیەک وەک: «شەممۆ» بە دەنگێکی ڤاوێل کۆتایی بێ، پێش پاشگری *انه* کۆنسۆنانتی «ی» دێتە ئاراوە و دەبێتە لەمپەر لە نێوان دوو ڤاوێلدا: «شەممۆیانە= شەممۆ + ی + انه».

٢- **ئاوەڵکرداری کات:** ئەم جۆرە ئاوەڵکردارە هەروەک ئەو ئاوەڵناوانە دروست دەبێ کە لە سەرەوە باسکرا. بۆ جیاوازیی خاڵی «١ و ٢» بڕوانە ئەم دوو ڕستەیە: «**کاری شەوانە سەختە**»، «**شەوانە کار ناکا**». لە ڕستەی یەکەمدا وشەی «شەوانە» ئاوەڵناوە و لە ڕستەی دووهەمدا ئاوەڵکرداری کاتە.

٣- لە هێندێ وشە دا پاشگرەکە بە ناوێکەوە دەلکێ و ناوێکی تازە دروست دەکا. تایبەتمەندیی ئەم ناوانەی دروست دەبن ئەمەیە کە بۆ پارە یان پیتاک یان دیارییەک بەکار دەهێندرێن کە بە بۆنەیەکەوە دەدرێن: **سەرانە، مەڕانە، پووشانە، هێلکانە، جێژنانە، سەرقەڵەمانە، ڕێزانە، مانگانە(مووچە)، دەستخۆشانە** و...

٤- لە چەند وشەیەکی وەک *تەنگانە، فەرعانە*[1]، *پاکانە* دا پاشگرەکە بە ئاوەڵناوەوە لکاوە و پێکهێنەری ناوە. لە وشەی زەنگیانەو مۆرانە/مۆریانە و وشەی دیکەی لەم چەشنە دا، ئەگەر هەبن، پاشگرەکە لە ناوێکەوە ناوێکی تازە دروست دەکا و لەوانەیە ئاماژەیەکیش بۆ بچووک بوون بکا، واتا بۆ ناولێنانی شتی بچووک بەکارهێندرابێ[ ؟]. دوو وشەی **دووانە** و **تاقانە**ش هەن کە ئەمانیش بە یارمەتی پاشگری انه دروستکراون و لە باری ماناشەوە پێوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە.

٥- **تەئکید کردن:** چەند وشەیەک هەن وەک: **بچکۆڵە، ژیکەڵە، خنجیلە، نەشمیل/نەشمیلە**، و...؛ ئەم ئاوەڵناوانە بەم جۆرەی سەرەوەش بەکاردەهێندرێن و هەروەها زۆر جاریش پاشگری *انه*یان پێوە دەلکێندرێ: **بچکۆلانە، ژیکەلانە**...؛ لێرە دا پاشگرەکە گۆڕانێک لە ڕووی مانا و مەبەستەوە پێکناهێنێ. لەو باوەڕە دام کە پاشگر لەم وشانە دا دەوری جەختکردن دەبینێ، دەنا چ پێویست دەکا شاعیر یارە ژیکەڵەکەی خۆی بە ژیکەلانە وەسف بکا؟

٦- پاشگرەکە دەلکێ بە ئاوەڵناوەوە و دیسان هەر ئاوەڵناو دروست دەکا: ژیر= ژیرانە، دلێرانە، زیرەکانە، ئازایانە، چالاکانە، دڵسۆزانە، وردبینانە، ڕاستگۆیانە و...

سەبارەت بەم جۆرە ئاوەڵناوانە جیاوازییەک هەیە لە نێوان زمانی کوردی و زمانەکانی بیانی وەک ئینگلیزی و ئاڵمانیدا. بۆ وێنە لە زمانی ئاڵمانیدا دەگوترێ: kluge Frau/ ژنێکی زیرەک یانglückliches Kind منداڵێکی بەختەوەر و هەر بەم جۆرەش دەگوترێ kluge Idee/ بیرورایەکی زیرەک یان glückliches Leben / ژیانێکی بەختەوەر. بەڵام لە زمانی کوردیدا کاتێک بیروڕا وەسف بکرێ زیرەک دەکرێتە زیرەکانە و دەڵێین: بیروڕایەکی زیرەکانە، یان بەختەوەر دەبێتە

بەختەوەرانە و دەڵێین: ژیانێکی بەختەوەرانە. وەک دەبیندرێ ناوەڵناوەکان گۆڕانێکیان بەسەردادێ.

لێرە دا پێویستە هەوڵبدەین وەڵامی دوو پرسیار روون بکەینەوە: یەکەم، ئەو ناوەڵناوانەی پاشگری *انە* یان دەخرێتە سەر کامانەن؟ دووهەم، بۆچی گۆڕانیان بەسەردادێ؟

بە سەرنجدانی لیستەی ئەو ناوەڵناوانە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو جۆرە ناوەڵناوانە لە بنچینەدا بۆ مرۆڤ دروستکراون؛ لایەنێک لە لایەنەکانی مرۆڤ یان کۆمەڵێک و پێکهاتوویەک لە مرۆڤ، بە تایبەتی لە باری کاراکتێرەوە، وەسف دەکەن، وەک: زیرەک، بوێر، ئازاد، ئەبەز، کۆنەپەرست، زۆردار و...؛ کاتێک ناوی وەسفکراو مرۆڤ خۆی نەبێ، بەڵکوو " شت"ێک بێ کە بۆ مرۆڤەکان بگەڕێتەوە، ئەوسا ناوەڵناوەکان گۆڕانیان بەسەردادێ و پاشگرەکەیان پێوە دەلکێ: پیاوی دلێر و ئازا/هەنگاوی دلێرانە و ئازایانە، نووسەری زانا و دڵسۆز/ڕەخنەی زانایانە و دڵسۆزانە، ڕێژیمی زۆردار و داگیرکەر/سیاسەتی زۆردارانە و داگیرکەرانە...

گۆڕانی ناوەڵناو بەو جۆرەی سەرەوە لە زمانی کوردیدا باوە و قاعیدەیەکی گشتی یە. جاروبارە لادانێک لەم قاعیدەیە دەبیندرێ، بۆ وێنە دەگوترێ کاری ئازاد لە جیاتی ئازادانە، دەوری چالاک لە جیاتی چالاکانە و چەند نموونەیەکی دیکەش. هەرچەند ئەم جۆرە داڕشتنە تاکوو ئێستا دۆخێکی ریزپەڕ(استثناء)ی لە زمانی کوردیدا هەیە و لە ڕاستیدا لادانە لە قاعیدە گشتییەکە، بەڵام من بە هەڵەی نازانم، چونکوو ئەوەی لێرە دا کراوە کورتکردنەوە و هاسانکردنەوەی ناوەڵناوەکەیە بە بێ ئەوەی زیانێک بە مەبەستەکە گەیەندرابێ. ئەوەی من بە هەڵەی دەزانم و لە سەرەتاوە وەک بابەتی سەرەکی ئەم نووسینە ئاماژەم بۆ کرد لە جێگەیەکی دیکە دا خۆی دەردەخا. ئێستا با بزانین ئەم هەڵەیە چییە و لە کوێدایە.

ئەگەر سەیرێکی نووسراوە کوردییەکان بکەین، هێندێ جار دەبینین کە پاشگری *انە* بە ناوەڵناوێکەوە دەلکێندرێ کە لە ڕاستیدا نە پاشگری پێویستە و نە لە باری ڕێزمانییەوە پاشگر هەڵدەگرێ. چەند نموونە لەم جۆرە ناوەڵناوانە کە کەوتوونە ناو نووسین و وێژەی کوردی و کەم یان زۆر بەکار دەهێندرێن و لەم داڕشتنانەی خوارەوە دا بەدیدەکرێن: **ڕەخنەی زانستییانە، بەکارهێنانی ورد و هونەرییانە، چەواشەکردنێکی مێژووییانە، هەلومەرجی بابەتییانە**، بەرهەمهێنانی کۆلۆنیالییانە، پێوەندی عەشایرییانە، حوکمی ناشەرعییانە، ڕەوتی سروشتییانە و هتد.

بە بۆچوونی من بەکارهێنانی پاشگری *انە*بەم شێوەیە هەڵەیە و لەگەڵ ڕێزمانی کوردی ناگونجێ. وەک پێشتر باسکرا، لە زمانی کوردیدا ئەو ناوەڵناوانەی پاشگری *انە* وەخۆ دەگرن، ئەوانەن کە لە بنچینە دا بۆ وەسفکردنی مرۆڤ، بەگشتی گیانلەبەر، پێکهاتوون و کاتێک لە جیاتی مرۆڤ " شت"ێکی بێگیان وەسف بکەن، ئەوسا پاشگرەکەیان دەچێتە سەر.

دەستەیەکی دیکە لە ناوەڵناوەکان، ئەوانەی کە بە یارمەتی «ی»ی نیسبەت پێکدێن، وەک: مێژوویی، هونەری، بابەتی، عەشایری، نەتەوەیی، دەتوانن یان مرۆڤ، یان شت و یان هەردووکیان وەسف بکەن. ئەم ناوەڵناوانە لە هیچ دۆخێکدا پێویستیان بە پاشگری انە نییە و بە بێ پاشگریش ماناکەیان تەواوە. ئەمە قاعیدەیەکی ڕێزمانی کوردییە. کاتێک دەگوترێ ڕەخنەی زانستی یان هەلومەرجی بابەتی یان حوکمی ناشەرعی ئیدی مەبەستەکە بە تەواوی ئاشکرایە و پێویست ناکا و ناشکرێ ئاشکراتری بکەین. ئاوەڵناوی کۆتایی هاتوو بە «ی»ی نیسبەت، ناوەڵناوی نیسبی، تەنیا لە دۆخێکی تایبەتی دا پاشگری *انە* ی پێوە دەلکێندرێ، کە ئەویش تایبەتمەندییەکی زمانی کوردییە و هۆیەکەشی هەر بۆ ئەو مرۆڤ بوون یان شت بوونەی ناو دەگەڕێتەوە کە لە سەرەوە باسکرا. لە کوردیدا بۆ وێنە دەگوترێ: بانەیی، سنەیی، هەولێری، کاتێک مرۆڤی سەر بەم شارانە وەسف بکرێن. بەڵام کاتێک شتی جۆراوجۆری سەر بە شارەکان وەک کەلوپەل یان ڕێوڕەسم وەسف بکرێن، ئەوسا بۆ وێنە دەگوترێ: جلوبەرگی بانەییانە، هەڵپەڕینی سنەییانە...؛ لێرە دا پاشگری *انە* لەبەر شت بوونی ناوەکە بە ناوەڵناوەوە دەلکێندرێ و ناوەڵناوەکە دیاریکراوتر دەکا، واتا ڕوونی دەکاتەوە کە ناوی وەسفکراو شتێکە، نەک مرۆڤ. وەک گوترا ئەمە دۆخێکی تایبەتییە و ناکرێ بە سەر ناوەڵناوەکانی دیکەشدا بسەپێندرێ.

بەکارهێنانی بە هەڵەی پاشگرەکە و بڵاوبوونەوەی بەم چەشنە ڕەنگە بۆ هەڵەیەکی بە هەڵکەوت بگەڕێتەوە کە پاشان لە زمانی ئەدەبیدا بڵاوبۆتەوە. لەوانەشە هەڵەیەکی ئاگادارانە بووبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی ڕێنووسی، واتا ڕێزمان فیدای ڕێنووس کرابێ!

یەکێک لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بۆ وێنە لەم ڕستەیە دا دەبیندرێ: کێشەی زانستی ئەم چەرخە... ئەم ڕستەیە دەتواندرێ بە دوو جۆر بخوێندرێتەوە و دوو مانا بدا: کێشەی زانست + ی + ئەم چەرخە...(The problem of the science of this century...) یان بەم جۆرە: کێشەی زانستی + ی + ئەم چەرخە... (The scientific problem of this century... ). لە ڕستەی یەکەمدا زانستی ناوەڵناو نییە، بەڵکوو ناوی زانست + (ی)ی ئیزافەیە. لە ڕستەی دووهەمدا کە شێوەی نووسینەکەی هەروەک هی یەکەمە، زانستی ناوەڵناوە: زانست + (ی)ی نیسبەت. کەواتە بۆی هەیە ئەم کێشە ڕێنووسییە هێندێ مامۆستا و نووسەری کوردی بەرەو ئەو بۆچوونە ڕاکێشابێ کە بە لکاندنی پاشگری انە کێشەکە چارەسەر بکەن، چونکوو کاتێک بنووسرێ زانستییانە لە باتی زانستی، ئەوسا ئیدی مەودای ئەو تێکەڵبوونەی سەرەوە نامێنێ. بەڵام ئەمە چارەسەرییەکی چەوتە، چونکوو بۆ چارەسەریی کێشەکانی ڕێنووسی نابێ ڕێزمان پێشێل بکرێ، بە پێچەوانە، پێویستە پشت بە ڕێزمان ببەسترێ. لەم دۆخەی بەرباس ڕێگای دەربازبوون لە کێشە ڕێنووسییەکە دەکارهێنانی بە هەڵەی پاشگری *انە* نییە، بەڵکوو نووسینی دوو «ی»یە: کێشەی زانستی ی یان باشتر، کێشەی زانستیی ئەم چەرخە...

کەواتە پێویستییەک بەدیناکرێ بۆ لکاندنی پاشگری *انە* بە ناوەڵناوە نیسبییەکانەوە. بۆیە بە ڕای من بەکارهێنانی پاشگر لەم شوێنە دا نەک هەر پێویست نییە، بەڵکوو هەڵە کردن و لادانە لە ڕێزمان و ئاکامەکەی پێکهێنانی ناڕێکوپێکی و بێ سەرەوبەرەیی زۆرتر لە زمانی ئەدەبیدایە.

خاڵێکی دیکەش لەم پێوەندییە دا جێگەی سەرنجە. لکاندنی پاشگری *انە* بە ناوەڵناوەکان، لە دۆخی کۆکردندا گیروگرفت پێکدێنێ. ڕستەی «ئەو

کوڕە ئازایە کوڕی خاڵمە» لە دۆخی کۆ دا بە هاسانی دەکرێتە: «ئەو کوڕە ئازایانە کوڕی خاڵمن». بەڵام ڕستەی «ئەو کارە ئازایانەیە کاری خاڵمە»، کە لەوێدا کار تاکە، چۆن بیکەینە کۆ؟ ئایا دەکرێ دوو جار *انە* بخەینە ناو وشەکەوە، جارێک بۆ پاشگری ئاوەڵناو و جارێکیش وەک نیشانەی کۆ و ئەوسا بڵێین: «ئەوکارە ئازایانانە...[ئازایانانە = ئازا + ی +انە +ان + ە]»؟ ئایا وشەی «ئازایانانە» جیا لە نامۆ بوونی، قورس و لە زار ناخۆش نابێ؟ ئەگەر ئاوەڵناوی وەک: زانستی، مێژوویی، هونەری و هیتر کە بەم شێوەیەی خۆیان لە دۆخی کۆکردندا هیچ گیروگرفتێکیان لە بەر نییە، بگۆڕینە سەر: زانستییانە، مێژووییانە،...، ئەوا لە باری کۆ کردنیشەوە گیروگرفتێکی زۆرمان بۆ پەیدا دەبێ. ئەوسا لە وتەیەکی وەک: «ئەو رەخنە زانستییانە»یە دا دەبێ رەخنەکە بە تاک تێبگەین و ئەگەریش ویستمان بیکەینە کۆ، بە هاسانی بۆمان جێبەجێ نابێ!

مەسەلەی گۆڕان و داهێنان لە زماندا شتێکی بەڵگەنەویستە. ئەوەی جێگەی لێدوانە ئەوەیە کە چ دەگۆڕدرێ و چۆن دەبێ بگۆڕدرێ. ئەو داهێنانەی گیروگرفتێک چارەسەر دەکا، بۆشاییەک پڕ دەکاتەوە، یان دارشتنەکان هاسانتر و دەقیقتر دەکا، کارێکی زۆر بەرێوجێ یە و پێویستە بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی پشتگیری لێبکرێ و کەڵکی لێوەربگیرێ. بەڵام ئەگەر داهێنانێک، وەک ئەم ئاوەڵناوە باسکراوانە، چ پێویستییەکی رێزمانیی لە پشت نەبێ، نەک هەر گیروگرفت چارەسەر نەکا، بەڵکوو گیروگرفتێکی تازەش پێکبێنێ، ئەوا باشترە وازی لێبهێندرێ.

٧- پاشگری *انە* دەلکێ بە ناوێکەوە و ئاوەڵناو دروست دەکا: پیاوانە، ژنانە، منداڵانە، دۆستانە، شاعیرانە، کرێکارانە، قوتابییانە، دەرەبەگانە و هتد.... ئەوەی لێرە دا جێگەی سەرنجە ئەمەیە کە ئەو ناوانەی پاشگرەکەیان دەچێتە سەر، ناوی مرۆڤن و جۆرێک لە جۆرەکانی مرۆڤ دیاریدەکەن و ئاوەڵناوەکانیش بۆ ئەم مرۆڤانە دەگەڕێنەوە. ناوی ئاژەڵ دکانیش دەچنە ژێر ئەم یاسایەوە: شێر= شێرانە، کەر= کەرانە و...؛ بەڵام ناوی شت ی بێگیان ناکەوێتە بەر ئەم یاسایە و ئەو جۆرە ناوانە بە یارمەتی [ی]ای نیسبەت ئاوەڵناویان لێ دروست دەکرێ، وەک: کێو= کێوی، لادێ = لادێیی، زانست= زانستی و.... جا بۆیە ئەگەر کەسێک لە وشەی زانست ئاوەڵناو دروست بکا و بیکاتە زانستانە، یان بابەت بکاتە بابەتانە ئەمە دەبێتە هەڵەیەکی زۆر زەق و ئاشکرا. ناوی بێگیان لە تاکە دۆخێکدا بە پاشگری *انە* ئاوەڵناوی لێ دروست دەکرێ کە ئەمەش لە خاڵی یەکەمدا باسکرا، واتا کاتێک ناوەکە بۆ دیاریکردنی کات بێ، وەک: رۆژ، شەو و...

بە پێچەوانەی ناوی شت کە بە «ی»ی نیسبەت دەبێتە ئاوەڵناو، ناوی مرۆڤ دەتوانێ جگە لە پاشگری انە، هێندێ جار«ی»ی نیسبەتیش وەخۆ بگرێ و لەم رێگەوە بکرێتە ئاوەڵناو. بەڵام لەم پێوەندییەدا جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو جۆرە ناوە دا هەیە. بۆ روونکردنەوەی ئەم جیاوازییە ناچارین نەختێک لە بنەمای باسەکە دوور بکەوینەوە.

لە زمانی کوردیدا چەند «ی»مان هەیە کە دوویان بە لای باسەکەی ئێمەوە گرینگن. یەکەمیان ئەو «ی»ی نیسبەتەیە کە بە ناوەوە دەلکێ و ئاوەڵناو دروست دەکا. ئەم «ی»یە وەک دەگوترێ لە سەردەمی کۆندا دەبێ ئیک/ik بووبێ کە ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا بە وێنەی ic و لە زمانی ئاڵمانیدا بە وێنەی ig دەبیندرێ. وابزانم لە وشەی " خەریک"ی کوردیدا شوێنەواری ئەم ik ە ماوەتەوە (خەریک =کار +ik): مشغول. بەم پێیە مشغول لە شغل وەرگیراوە و خەریک یش لە کارا [؟].

«ی»ی دووهەم، ئەوەیە کە بە ئاوەڵناوەوە دەلکێ و ناوی واتا/اسم معنی دروست دەکا: جوان =جوانی، دوور=دووری، راست =راستی....

کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکا کە ناوەکانی مرۆڤ لە کوردیدا، نەک هەر ناون، بەڵکوو دەتوانن لە جێی ئاوەڵناویش دەور بگێڕن، وەک: شاعیرێکی منداڵ یان منداڵێکی شاعیر، کابرای کرێکار، دۆستی هونەرمەند، خزمی بازرگان و...؛ لەم نموونانە دا هەر ناوەی بە ناوێکی دیکە وەسف دەکرێ، واتا ناوی دووهەم دەوری ئاوەڵناو دەبینێ. ناوەکان هەم بە لای ناو و هەم بە لای ئاوەڵناو دا دەشکێنەوە. ئەم شتە لە زمانی فارسیشدا هەیە، بەڵام لە ئینگلیزی و ئاڵمانیدا دەست نادا.

لەبەر دوو لایەنەبوونی ناوەکان، کاتێک ئەو ناوانە «ی» یان پێوە بلکێندرێ، ئەوە دەتوانێ هەم «ی»ی نیسبەت بێ کە لە ناو، ئاوەڵناو دروست دەکا (کرێکار وەک: ناو+ ی =کرێکاری)و هەم دەتوانێ «ی»ی پێکهێنەری ناوی واتا بێ کە بە ئاوەڵناوەوە دەلکێ (کرێکار وەک ئاوەڵناو+ی =کرێکاری). کرێکاری یەکەم ئاوەڵناوە، وەک لە حیزبی کرێکاری دا. کرێکاری دووهەم ناوە، وەک لەم ڕستەیە دا: کرێکاری پڕ ناخۆشە. زۆر جار لە رووی ڕستەکەوە دەزانین کە وشەی بەکارهێندراو، وەک ناو یان وەک ئاوەڵناو بەکارهێندراوە، بەڵام زۆر جاریش ناکرێ بە تەواوی بزاندرێ کە وشەکە ئاوەڵناوە یان ناوی واتایە. لە وتەی: **جلوبەرگی سەربازی** دا بە تەواوی روون نییە کە مەبەست مضاف و مضاف الیەە، وەک چۆن هەم صفت بێ و هەم مضاف الیە، بە وتەیەکی دیکە هەم ناو و هەم ئاوەڵناو.

لە دۆخی ئەوها دا ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە یەکجاری ساغی بکەینەوە کە صفت و موصوف یان مضاف و مضاف الیەمان مەبەستە، ئەوا باشترە «ی» بۆ دۆخی وەپاڵدان (اضافە) دابنێین و *انە*ش بۆ ئاوەڵناو. بەم شێوەیە گوتنەکان لە باری رێزمانییەوە دەقیقتر دەبن و بۆ وێنە کاتێک بڵێین بابەتێکی رامیاری ئەوا دۆخی وەپاڵدانمان مەبەستە a subject of politics و ئەگەریش گوتمان بابەتێکی رامیارانە ئەوا مەبەستەکە دەبێتە a political subject. بەم جۆرە بە تەواوی روون دەبێتەوە کە دەمانەوێ باسێکی «سیاسەت» بکەین یان باسێکی «سیاسی». وەگەڕێینەوە سەر بنەمای باسەکەمان.

٨ - **ئاوەڵکرداری چۆنێتی** ــ پاشگری *انە* لە دروستکردنی ئەم جۆرە ئاوەڵکردارەشدا دەور دەبینێ و یەکێکە لە گرینگترین ئامرازەکان بۆ ئەم مەبەستە. ئەو ئاوەڵکردارانە لە باری رواڵەتەوە هەر وەک ئەو ئاوەڵناوانە دەچن کە پاشگری *انە* یان خراوەتە سەر، بەڵام بەپێی شوێنی هاتنیان لە ڕستە دا دەوری ئاولکردار دەگێڕن، وەک: ئازایانە، زانایانە، سەربەستانە و...؛ لە ڕستەی «**منداڵەکە کارێکی ئازایانەی کرد**» دا وشەی «ئازایانە» ئاوەڵناوە و چۆنێتی کار دکە وەسف دەکا. لە ڕستەی «منداڵەکە ئازایانە کار دەکا» دا وشەی «ئازایانە» دەبێتە ئاوەڵکردار و وەسفی کارکردن دەکا. لە باسی ئاوەڵکرداری چۆنێتی دا بۆی هەیە پرسیارێک بێتەگۆڕێ: وشەی وەک: زانستییانە، بابەتییانە و هیتر کە وەک ئاوەڵناو بە هەڵەمان

دانان، ئایا وەک ئاوەڵکرداریش بەکار دەهێندرێن، ئەگەر نا، ئایا بەکارهێنانی ئەوانیش هەر هەڵەیە؟

بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە وەک ئاوەڵکردار لە زمانی کوردیدا باو نییە و رەنگە هەر بە دەگمەن هەڵکەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەم وشانە لە جیاتی کردنیان بە ئاوەڵناو، وەک ئاوەڵکردار بەکارهێندرابان، ئەوسا بە لای منەوە داهێنانیان هەڵە نەدەبوو و دەکرا سوودیشیان لێوەربگیرێ.

لە زمانی کوردیدا ئەگەر بمانهەوێ لە ئاوەڵناوی وەک: زانستی، مێژوویی، سیاسی و هیتر ئاوەڵکردار دروست بکەین، ئاوەڵکردارەکە هێندێ دوور و درێژ دەردەچێ، بۆ وێنە دەگوترێ: نووسەر بە شێوەیەکی زانستی کێشەکە شیدەکاتەوە یان کێشەکە بە شێوەی سیاسی چارەسەر دەکرێ یان رووداوەکە لە باری مێژووییەوە چەواشە کراوە...؛ لە شوێنی وا دا، هەرچەند نامۆ دەنوێنێ، بەڵام لام وایە هەڵەیەکی تێدا نەبێ، ئەگەر بگوترێ: نووسەر زانستییانە کێشەکە شیدەکاتەوە، کێشەکە سیاسییانە چارەسەر دەکرێ، رووداوەکە مێژووییانە چەواشە کراوە.

لێرە دا پێویستە ئاماژە بە شێوەیەکی دیکەش بکەین کە لە نووسینی کوردیدا بۆ دروستکردنی ئاوەڵکرداری چۆنێتی کەڵکی لێوەردەگیرێ کە بە داخەوە ئەویش هەر دەگەرێتەوە سەر ئەو هەڵەیەی لە سەرەوە باسکرا: هەڵەکە لێرەدایە کە دەگوترێ: «بە شێوەیەکی زانستییانە»، «بە شێوەیەکی بابەتییانە»، «بە شێوەیەکی (...)انە» و هتد. وشەی چەشنی زانستی، بابەتی، سروشتی و (...) گەرچی بە یارمەتی پاژی «بە شێوەیەکی» ئاوەڵکرداریان لێ دروستدەکرێ، بەڵام خۆیان ئاوەڵناون و وەک باسکرا پاشگری *انە* هەڵناگرن. دروستەکەی ئەوەیە بگوترێ: بە شێوەیەکی زانستی، بە شێوەیەکی بابەتی و سروشتی و بە شێوەیەکی(...)ی. دەشکرێ وەک پێشنیار کرا پاژی «بە شێوەیەکی» لێدەرهاوێژرێ و بەکورتی بگوترێ: زانستییانە، بابەتییانە، ...، دیارە ئەمە لە دۆخی ئاوەڵکردار دا دەگونجێ!

لە زمانی عەرەبی دا ئاوەڵناوەکان بە هاسانی دەکرێنە ئاوەڵکردار، واتا بە یارمەتی تنوین، وەک:علمیا، تاریخیا، سیاسیا ...؛ لە زمانی ئینگلیزیشدا پاشگری y دەخرێتە کۆتایی ئاوەڵناوەکان و ئاوەڵکرداریان لێ دروووست دەکا. دەکرێ ئێمەش بیری لێبکەینەوە و هەڵیسەنگێنین کە ئایا پەرەپێدان بە دەوری پاشگری *انە* لە دروستکردنی ئاوەڵکرداری چۆنێتی دا، بەم جۆرەی باسکرا، کارێکی بەجێیە و ئایا سوودێک بە زمانەکەمان دەگەیەنێ یان نا.

بە بۆچوونی من داهێنانی وشەی وەک: زانستییانە، مێژووییانە و... خۆی لە خۆیدا هەڵە نییە. هەڵەکە لێرە دایە کە ئەم وشانە لە جێی خۆیاندا بەکار نەهێندراون، وەک ئاوەڵناو کەڵکیان لێوەرگیراوە، کەچی بۆ ئاوەڵکردار دەشێن. بە گواستنەوەی ئەم وشانە لە ئاوەڵناوەوە بۆ ئاوەڵکردار دەتوانین هەڵەکە راست بکەینەوە.

١ بە روالەت وا وێدەچێ کە وشەی «فەرعانە» لە وشەی «فرح»ی عەرەبییەوە هاتبێ لە لایەکی دیکەوە لە زمانی ئاوێستاییدا وشەی Frihā هەیە بە مانای "ستایشت کردن و خۆشحاڵکردن" لە زمانی ئاڵمانی ئەمڕۆشدا کە زمانێکی هاو رەچەڵەک لە گەڵ کوردییە. چەند وشەیەک هەن وەک froh, Freude,freuen کە مانای خۆشحاڵ، خۆشحاڵیی و خۆشحاڵکردن دەگەیەنن بەم پێیە بۆی هەیە ریشەی وشەی «فەرعانە» لە کوردیشدا هەبووبێ لەوانەیە وشەکە پێوەندی بە [فرەای سۆرانی و [فرەها]ی کرمانجیشەوە هەبێ: تەنگ = تەنگانە. فرە = فەرعانە[؟]. لە بیرمان نەچێ کە [فرەها] چ بە مانای "زۆر و زەوەندی" بێ و چ بە مانای "هەراو و کراوە" بێ - دڵ کراوە!- پێوەندییەکی راستەوخۆی بە چەمکی«خۆشی» یەوە هەیە «فرەهی» لە "فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە" دا بەمجۆرە مانا لێدراوەتەوە: ١- ئاسوودەیی ٢- هەرزانی ٣- خۆش رابواردن

# فیلمێکی ڕادیکاڵ لەمەڕ سەرهەڵدانی کورد

بروسکەیەکی بوێرانەی ڕووناکی لە سەر شەڕێکی ڕەش لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا

ستێفن کینزر Stephen kinzer

سێرڤیسی نیویۆرک تایمز

**وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: هاشمی ئەحمەدزادە**

دیاربەکر- لە شەقامە هەژارەکانی ئەم شارە پڕ حەشیمەت و غەمبارە کوردییەدا، شەڕێک کە گریلا کوردەکان دژی ئەرتەشی تورکیا بەڕێوەی دەبەن بابەتێکی هەرە گەورەیە کە قسەی لێناکرێ.

زۆربەی دانیشتووانی دیاربەکر ئەو پەنابەرە کوردانەن کە لە ئاواییە ناباوئەژدادییەکانی خۆیان ڕایان کردووە، بەڵام کەمیان باسی ئەو هەلومەرجە دەکەن کە ئەوانی ناچار کردووە تا گوندەکانی خۆیان بەجێبهێڵن.

ئەو کەسانەی خاوەنی بیر وڕای سیاسیی لایەنگرانە لە ناسیۆنالیزمی کوردن، بێدەنگن. ئەگەرچی ئێستا دەستەجاتی مەرگ (ئەو کەسانەی بەرپەرسی کوشتنی بەرهەڵستکارانی دەوڵەتن ــ وەرگێڕ) دوژمنانی گومانلێکراوی دەوڵەت ڕاوناکەن و گەشتەکانی پۆلیس لەومانگانەی دواییدا کەمتر بوونەتەوە، بەڵام بەکرێگیراوان و سیخوڕان لە هەموو شوێنێک هەن و باسی ئازاد بە مەترسییەکی گران دەژمێردرێ.

لە کەش وفەزایەکی ئاوادا، ئەوەی لە سینەمایەکی شاردا ڕوودەدا، شتێکە تاڕادەیەک دوور لەباوەڕ؛ فیلمێک نیشان دەدرێ کەوا خەریکە ڕازی شاراوەی دڵی زۆر لە کوردان بە ئاشکرایی دەربڕێ.

فیلمی «با، ڕووناکی ببێ»، لە زۆر بارانەوە ئەزموونێکی ڕادیکاڵە. ئەم فیلمە گەمارۆکانی تورکیا لەمەڕ ئازادی دەربڕین بەرپەرچ دەداتەوە و تاڕادەیەکی زۆر بەرتەسکیان دەکا و لە دژی تابووەکانی(Taboos) ئەم مەڵبەندە کە بەدرێژایی دەیان ساڵە سەقامگیر بوون، ڕادەوەستێ.

هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر تەنانەت دەربڕینی وشەی کورد لە بواری گشتیدا بە شتێکی خراپ دادەندرا، دەتگوت لەوانەیە گۆیا بێدەنگی ئەو ڕاستییە بسڕێتەوە کە یەک لە چواری دانیشتووانی تورکیا کوردن هەتا ئەمڕۆش یاساگەلی زۆر توندوتیژ (هێندێکیان بە نووسراوە و هێندێکیان بێئەوەی نووسرابن بە هاسانی دەناسرێنەوە و مرۆڤ هەستیان پێدەکات) لە ئارادا هەن لەمەڕ ئەوەیکە دەبێ چۆن هەلومەرجی خراپ و پڕ کارەساتی کورد لە ئاست جەماوەردا نیشان بدرێ

ئەو شەڕە کە ماوەی ١٣ ساڵە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای هەژاندووە، زۆرجاربە«هەلومەرج» ناودەبرێ و گریلاکان بە ئاسانی وەک ترۆریست ئاماژەیان پێدەکرێ. دانانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە بەرهەڵستی تورکیا دەکات، لە ئاستێکی یەکسان لەگەڵ ئەرتەشدا یان پێشنیاری ئەمە کە هەردووک هێز لە خاوەنباوەڕانێک پێکهاتوون کە قسە

⬅

وباسی سیاسیی خۆیان هەیە، بەتوندی پێشگیری لێدەکرێ.

«با، رووناکی ببێ» لە دژی ئەم باوەڕ و یاسایانە کە ئەمجۆرە بۆچوونانە دەردەبڕن، ڕادەوەستێ. ئەمە یەکەم فیلمە کە کارێکی وا دەکات و ئەم ڕاستییە کە فیلمێکی ئاوا لە تورکیادا سازکراوە وکەموزۆر بە ئازادی بڵاوبووەتەوە نیشان دەدات لەوانەیەحکومەت کە بە توندی لەمەڕ بەرتەسککردنەوەی ئازادی دەربڕین ڕەخنەی لێگیراوە، بەرەو تابووشتێکی زۆرتر بچێ.

فیلمەکە باسی دەستەیەک سەرهەڵداو دەکا کە گەشتێکی ئەرتەش لە کۆمەڵەکێوی زۆر سارددا بە شوێنیانەوەن. زۆربەی شەرکەرەکانی هەردووک لا لە ئاکامی ڕنوویەکەدا دەکوژرێن و تەنیا سەربازێک و گریلایەک کە تەرمی هاورێیەکی بریندار بە کۆڵەوەیە، زیندوومـاون. ئەم سەربازو گریلایە لە چەند تێکهەڵچووندا تووشی گەلێک دمەقاڵە دێن کە کێشەکە زۆر بەراشکاوی لە قەوارەیەک داوێن کە هەتا ئێستا لە تورکیا لە هیچ فیلمێکدا کاری وا نەکراوە. «ئەم خائینانە دەیانەوێ وڵات دابەش کەن» سەربازەکە دەڵێ؛ «بیانووشیان ئەوەیە کە گۆیا مافیان لەبەرچاو نەگیراوە. ئایا ئێمە دەبێ دەست لە سەردەست دابنێین و بڕوانین؟»

«ئێوە چیتان بۆ کورد کردووە؟» گریلاکە دەپرسێ؛ «ئەوە ئێوەن کە دەبێ سەرکۆنە بکرێن، ئێوە و ساڵانی درێژی داپڵۆسینتان.»

ئەوانەی «با، ڕووناکی ببێ»یان سازکردووە بەوێرانی ئەوەیکە هەردووک لایەن لە ئاستێکی بەرانبەردا نیشان بدەن، بوونەتە هۆی پێکهێنانی هەیەجانێکی گەورە لە دیاربەکر و زۆربەی شارەکانی تری تورکیا.

دادگـای ئەمنییـەتی نەتەوەیی کـە یاسـاکـانی دژی پروپاگـەندای جیاوازیخوازی بەڕێوەدەبا، سازندە و کارگێری فیلمەکەی بۆ دادگا بانگ کرد، بەڵام هیچ بڕیارێکی لەسەر سزادان دەرنەکرد.

وێدەچێ فیلمسازەکان بە دروستی حیسابی ئەوەیان کردبێ هەتا کوێی شوولێهەڵکێشن. ئەوان کێشەی کوردییان بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەی نوێ دەربڕیوە، بەڵام بەهیچ کلوجێک تەوهینیان بە ئەرتەش نەکردووە و پلەی ئەوانیان نەهێناوەتە خوار.

سـەرەڕای ئـەوەش، خـاوەن سـینـەمـاکـانی زۆر لـەو شـارانـەی دانیشـتووەکـانیان زۆربەی کوردن، لە نیشـاندانی ئەم فیلمە خۆیان پاراسـتـووە و هۆیەکـەشی بە ئاشکرایی دەگـەڕێتـەوە سـەر زەختـی دەسەڵاتدارانی ئەرتەش. لەو سینەمایانەی فیلمەکەیان لێ نیشان دراوە، بەتایبەتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە زۆربەی کوردەکان لەوێ دەژین، دیمەنگەلی فیلمەکە بە ئاه و فرمێسک و چەپڵەلێدانی بینەران تێکەڵاو بووە. لە دیاربەکر گەورەترین شاری باشووری ڕۆژهەڵات، پۆلیس لە سەرەتادا کەوتە ڕاونان و گرتنی کەسانێک کە بۆ بینینی فیلمەکە دەچوونە سینەما. بەڵام ئێستا وازیان لەوە هێناوە و فیلمەکە بە ئازادی نیشان دەدرێ.

قـاوەچییـەکی نزیک بە سینەماکە، کـە وەک زۆربەی خـەڵکی تری دیاربەکـر نایەوێ نێـوی خـۆی لەلای ئەناسـیـاوان بدرکـێنێ دەڵێ کـە گرینگترین سەردێری باسی سەرمێزەکانی قاوەخانەکەی لەم ڕۆژانەدا، بابەتی ئەو فیلمە بووە. «ئەوە تەواو شتێکی تازە بوو کە مرۆڤ ببینێ ئەم کـێـشـەیە وا نـیـشـان بـدرێ کـە خـاوەنی دوولایـەنی، شـەرعی و دانپێهێنراوە.» قاوەچییەکە دەڵێ «زۆر شتی تر هەیە کە دەبێ بگوترێ، بەڵام ئەمە یەکەم فیلمە زانیارییەک دەدات لە سەر ئەو شتەی لەو ناوچەیە دەقـەومێ. ئێـمـە قـەت چاوەڕوانی بینینی شـتێکی لـەم چەشنەمـان نەدەکرد.»

خوێندکارێکی زانکۆ دەڵێ کە ئەو بەتایبەتی دیمەنی کۆتایی فیلمەکەی بە دڵە کە تێیدا هەردوو کەسە دژ بەیەکەکە (سەرباز و پێشمەرگەکە - وەرگێڕ) لە کاتێکدا لە دێیەکی چۆڵکراو کەوتوونەتە بن دەستڕێژی گوللە، بۆ وەستاندنی تەقە و بەمەبەستی ڕزگارکردنی منداڵێک کە لەناو خانووە ڕمێنراوەکانی گوندەکەدا دۆزیویانەتەوە. دەربازدەبن.

«لەم دیمەنەدا دەبـینـی مـرۆڤ لە فـەزایەکی پڕ زەبروزەنگدا هەوڵی پاراستنی ژیان دەدا»، خوێندکارەکە دەڵێ «ئەوە بەدروستی ئەم ئەرکەیە کە لێرە بەرەورووی ئێمەیە.»

کارگێری فیلمەکە: ڕەئیس چەلیک کە ٣٥ ساڵانەیە، باوەڕێکی بەگوڕی بە فیلمی سیاسی هەیە. «با، ڕووناکی ببێ» بەدوای سازکردنی چەند فیلمی دۆکۆمێنت، یەکەمین ئەزموونی ئەوە و بۆ نیشاندان لە فێستیواڵی ئەم دواییەی ئەستەمبووڵ هەڵبژێردرا.

لە وتووێژێکدا، بەدوای تەواوبوونی فێستیواڵەکە، چەلیک گوتی کە گیران و بەندکردنی دەیان ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار لەبەر ڕاوبۆچوونیان لە سەر ناسیۆنالیزمی کورد، ببووە هۆی ترسان و نەوێرانی زۆر لەو کەسانەی کە ئەو بەتەمابوو بۆ سازکردنی فیلمەکەی، داوای هاوکارییان لێبکا. هەروەها ئەرتەشیش داوای ئیجازەی سازکردنی فیلمەکە و هێندێک هاوکاریی تری بە تورەیی ڕەتکردەوە.

چەلیک گوتی: «کاتێک ئێمە نووسراوەی فیلمەکەمان بۆ ئەرتەش نارد، وەڵامی ئەوان ئەمە بوو: "ئێـوە چۆن دەوێرن وغـێـرەتی ئـەوەتان هەیە فیلمێکی لەم چەشنە ساز بکەن لە کاتێکدا ئێمە لە شەڕداین؟ دەستبەجێ ئەم کارە لە بیر خۆتان بەرنەوە". بەڵام ئێمە لە پێشدا خۆمان گەیاندبووە کێوی و کارەکەمان درێژە پێدا. لە ئەساسدا ئێمە ئەم فیلمەمان بە قاچاغی سازکرد. هێندێک لە کاربەدەستانی دەوڵەت و و تەنانەت چەند ئەفسەری ئەرتەش لە ناوچەداچاویان لێ هەڵبـواردین، بەڵام ئێـمـە قـەت ئەو ئیجازەیەمان پێنەدرا کە دەبا بۆ سازکردنی فیلمەکە بووبامان».

زۆربەی ئەو پێداچوونەوانەی لە سەر فیلمەکە نووسراون، پۆزیتیڤ بوون. یەک لە وان هەتا ئەوەندە چووە کە کێشەی کوردی وەک "برینێکی سەرئاوەڵەیە کە بە هۆی بێدەنگییەکی تەواو سەری هەڵداوە" ناوبەرێ و کەوتە ستایشی فیلمکە وەک "هەوڵێکی بوێرانە بۆ شکاندنی بێدەنگی."

بەڵام ڕۆژنامەی *دیمۆکراسی* لە ئەستەمبووڵ کە زۆربەی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەبەر داکۆکی کردنی ئەم ڕۆژنامەیە لە مەسەلەی کورد، قینیان لێیـەتی لە پێداچوونەوەیەکدا فیلمەکـە وەک کـارێکی سـارد وسڕی سەرنەکەوتوو کە لە بنەڕەتدا لایەنی ئەرتەش دەگرێ، هەڵدەسەنگێنێ.

"گریلاکان ڕژد و پیس، بەڵام سەربازەکان بە قۆزی و بەئەدەب نیشان دراون." ڕۆژنامـەکـە دەنووسێ: "مـرۆڤ هێـشـتا ئارەزووی فیلمێکی ئەوهایی لە سەر ئەم بابەتە دەکا کە هێندە باش و ڕاستگۆیانە بێ، یان بیسووتێنێ یان نەهێڵێ بڵاوبێتەوە."

International Herald Tribune, Friday, May 16, 1997

هەڤپەیڤینێك لەگەڵ

# ڕەخنەگر و شاعیر:

## «حەمەسەعید حەسەن» دا



ئامادەکردنی: سیروان ڕەحیم

**● وەکوو زۆربە پێمواپێ یەکەم هەنگاوی ئێوەش هەر لە شێعرەوە دەستی پێکردووە، بە ڕای ئێوە شێعر دەرەقەتی ئەم هەموو کارەساتە گەورانە دێت؟**

ـ نازانم کێ گوتوویەتی: «ڕەخنەگر شاعیرێکی سەرنەکەوتووە» بەڵام دەزانم بە هەڵەدا چووە. زۆرن ئەوانەی بە شێعر دەستیان پێکردووە و دواتر لە بواری دیکەداسەرکەوتنی مەزنیان تۆمارکردووە، لەوانە: بیکێت، فۆکنەر و جۆیس. پاسترناک ئەو شاعیرە گەورەیە لە بەر ڕۆمانی دوکتور ژیفاگۆ خەڵاتی نۆبێلی پێ ڕەوابینرا.

ئەدیب هەرچی بنووسێ ناتوانێ دەستبەرداری شێعر بێ. هەر بەرهەمێکی ئەدەبی پەنا بۆ شێعر نەبا ناژی. شێعر کاکڵەی شاکارە ئەدەبییەکانە. من ئەو چیرۆکانە پەسند دەکەم کە بە داوی شێعر چنراون. یەکێک لەو هۆکارە گرینگانەی داستایۆفسکی بە ئەمریی هێشتۆتەوە لایەنی شێعریی ڕۆمانەکانێتی.

گرینگ ئەوە نییە کەی و چۆن دەستت پێکرد؟ ئەوە گرینگە دەگەیتەکوێ. بازرگانانی خوێن، قارەمانانی ساتیرە شێعرەکانم یەکەم هەنگاو خەباتگێڕ بوون. من هاوزەمان لەگەڵ شێعردا و هەر لە سەرەتاوە، بابەتی ڕەخنەییشم دەنووسی یەکەم بەرهەمی ساکاری ڕەخنەییم باسێک بوو لە کۆتایی ساڵانی شەستدا نووسیم، تایبەت بوو بە کۆمەڵە شێعری«ئاسۆری دەروون»ی شاعیری هێژا(ع.ح.ب) کە لە *برایەتی* دا بڵاوکرایەوە.

شێعر گەلێ ئەرکی سەختی لە ئەستۆ نراوە. خوێنەر لە شێعردا بە دوای وەڵامی پرسیارەکانیدا وێڵە و ئەوە لە بیردەکا، شێعر خۆی پرسیاردەکا، وەڵام ناداتەوە. ئایا ئەرکی شێعرە بە دەم کارەساتانەوە بچێت وبەرانبەر هەر ڕووداوێکی گرینگ هەڵوەستە بکا؟ ئەگەر وەڵام «بەڵێ»یە، ئەوا گرینگ چۆنێتی بە دەنگەوە چوونەکەیە. ئایا لە شێعرێکی بچووک و کورتدا تراژیدیایەکی مەزن و درێژ جێی دەبێتەوە؟ شێعر، ئازار سڕ یان بنەبڕ دەکا؟

شێعر بەشێکە لە ژیان و ناکرێ ژیان بەلایەنە گەش و ڕەشەکانییەوە بەسەرنەکاتەوە. گرینگ ئەوەیە باڵەخانەی شێعر هەر بڵیند و سەرکەش بێ. شێعر هەر کۆترە کێویلە بێ نەکماڵی و باڵکراو. گرینگ ئەوەیە شاعیری کورد لە سەنگەری ئەوانەدا نەبێ کە هەوێنی کارەساتەکانن و بە ئومێدی کیسە لیرە بووکی شێعر بۆ خوێنڕێژان ئەکاتە پەردەوە.

**● ئێوە بەوە ناسراون کە خاوەنی تیغی زمانن...، ئەم ڕێبازەتان چۆن گرتۆتەبەر و لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟**

ـ ساڵی ١٩٨٤ شێعری (پەشیمانی)م نووسی کە تیری ڕەخنەی بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی ئاراستەی لایەنێک دەکرد نیازی دەستتێکەڵکردنی لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا هەبوو. ئەو شێعرە وەک ئاگر لە پووش بەربێ، لە شار و لە شاخ بڵاوبووەوە و گەیشتە ئورووپاش. بەسەرهاتی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە شێعرانە کە دەکرێ ساتیرە شێعریان ناوبنێی، لە (پەشیمانی)یەوە دەستپێدەکات، بەردەوامە و ئێستا گەلێ کەس بەو شێوازە دەنووسن.

من دەزانم ئازاری پەری شێعرم داوە، بەڵام چونکە خاوەنی مەبەستێکی پیرۆزم، بەهیوام خوای شێعر لێم ببوورێ. پێموایە ئەگەر شاعیر زاتی نەکرد ڕاستی بڵێت، چاکتر وایە بێدەنگ بێ. ئەو ساتیرە شێعرانە لە ڕاستگۆییەوە سەرچاوە دەگرن، هەر بۆیە خوێنەر بە پەرۆشەوە لە ئامێزی دڵیان دەگرێ.

قسە لە شێت یا منداڵ، شاعیر منداڵێکی شێتۆکەیە؛ هەمیشە ڕاستی دەڵێ. ئەوی(ع.ح.ب)و جەمال شارباژێڕی و لەتیف هەڵمەت بناسێ، دەزانێ دووڕوویی میوانێکی ئیسککگرانە، ئەوان هەرگیز دەرگای ماڵی شێعری لێناکەنەوە، منیش چونکە چاوەڕێی خەڵاتی بازرگانانی خوێن نیم، هەمیشە ڕاستی دەڵێم.

لەو ساتیرە شێعرانەدا هەوڵم داوە بەرگی شێعر بە بەر مەسەلە ڕۆژانەییەکاندا بکەم و ئەو بابەتانەی کە لەوە ناچن بۆ شێعر دەست بدەن، لە شێعریان نزیک بکەمەوە. حەزدەکەم دان بەو ڕاستییەشدا بنێم، کە من ئەو جۆرە شێعرانەش زۆر بە زەحمەت دەنووسم و لەگەڵ لەدایکبوونی هەر یەکێکیاندا ئەوەندە ژان و ئازار دەچێژم، وەک ئەوەی پارچە گۆشت بن و لە جەستەم بکرێنەوە.

←

من دژی ئەوەم شاعیر شێعری خۆی لێکبداتەوە، چونکە گەرچی بۆچوونی خاوەنی تێکستەکە گرینگیی خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە سەرکەوتووترین لێکدانەوە بێ، ئەمە جگە لەوەی سێحری شێعری بەتاڵدەکاتەوە. «هەردی» نەک هەر بە هەڵە شێعرەکانی خۆی لێکداوەتەوە، بەڵکوو لە پلە و پایەی شێعریی، خۆشی هێناوەتەخوارەوە.

من ساتیرە شێعر بە زمانێکی چاوەڕێنەکراو دەنووسم. یان ڕاستتر بە شێوەیەکی تایبەتی مامەڵە لەگەڵ زمانی ئاسایی و ڕۆژانەدا دەکەم، بەڵام هەمیشە ئەوەم لە بەرچاوە خوێنەر ئاشنای زمانەکەم بێ، نەک پێی نامۆ بێ.

● **لەپاڵ نووسینی شێعردا ئێوە ڕەخنەگرێکی ناسراون و لە سەر شێعر وچیرۆک و سیاسەتیش بەردەوام نووسینتان بڵاوکردۆتەوە، بزاڤی ئەمڕۆی ڕەخنەییمان چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟**

ـ ستروکتورالیزم کە سی ساڵێک لەمەوبەر لە فەرەنسا لەسەر دەستی «شتراوس»، «بارت»، «فۆکۆ»، «لاکان» و «دریدا»وە سەری هەڵداوە، ئێستا ئەو بزاڤە کە زۆر درەنگ گەیشتۆتە عەرەبستان و درەنگتریش گەیشتۆتە کوردستان، باڵێکی چالاکی گۆڕەپانی ئەمڕۆی ڕەخنەی کوردییە. ئەو نووسەرە کوردانەی سەر بەم ڕێبازەن، پێیان وایە کلیلی کردنەوەی هەموو تێکستێک تەنیا لە گیرفانی خۆیاندایە، ئەگەرچی بێجگە لە زمانی نووسین هەموو لایەنەکانی دیکەی بەرهەمی ئەدەبی پشتگوێ دەخەن. خەوشی هەرە ئاشکرای ئەم بزاڤە چاوپۆشینە لە خودی داهێنەری بەرهەمەکە، ئەمەش واتا جاڕدانی مەرگی نووسەر، کە بە دژایەتیکردنێکی زەقی مرۆڤ دەشکێتەوە، چونکە ئەوی ئەم بزاڤە گرینگیی پێنەدا، پێوەندی نێوان خود و بابەت، ئەدەب و واقیعە.

قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە تەنیا باس لە پێوەندی پێکهێنەرە زمانییەکانی دەقەکە دەکەن و زمان لایان ئامانجە. وشە لایان ناوەڕۆکە و شێوەش پێوەندی نێوان وشەکانە. زمان لە ئینسان دادەبڕن و ئەوە بەلایانەوە مەبەست نییە کێ کام وشەی بەکارهێناوە، ئەوەیان مەبەستە وشەکە لەو ڕستەیەدا چۆن لێکدەدرێتەوە. ئەدەب لایان تەنیا زمانە و کۆمەڵێ هێما. گرینگ پێوەندی نێوان هێماکانە، نەک پەیامی ئەدەب. شاعیر کە بە واتای بەرهەمهێنی داهێنەر دێ گرینگ نییە کێیە و کەی و لە کوێ ژیاوە و لە سایەی چ هەلومەرجێکدا داهێنانی تۆمار کردووە. پێیان وایە شاعیر دەبێ بە زمانێکی نامۆ بنووسێت و دژی ڕێزمان بێت.

ڕاستە شێعر شتێک دەڵێت کە زمانی ئاسایی ناتوانێ بیڵێت. یان شێعر دەربڕینێکی تایبەتییە بۆ گوتنی شتە گشتییەکان، بەڵام شێعر هەمیشە ناچارە هێندێ یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی ڕەچاوبکات، دەنا بە شێعرێتی نامێنێ و شێعر لە هەموو قۆناغێکدا هەمیشە جۆرە ڕەوانبێژییەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

بەرهەمی ئەدەبی هەر درێژەپێدانی هەڵوێستی ئەدیبە بەڵام بە شێوەیەکی دیکە. ڕێبوارانی ڕێبازی بونیادگەریی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوەندە پاسیڤن، لە سەردەمی ڕاپەڕیندا لە کونی ژوورەوە مێژووی سێکسەکەی «فۆکۆ»یان دەخوێندەوە، کەچی تازەکی دێن ڕەخنە لە ئەزموونی شووراکان دەگرن. ئەم ڕەخنەگرانە بەوپەڕی هۆشیارییەوە ڕۆڵێکی گرینگ لە

ماڵیکردنی ئینساندا دەبینن. هەست بە کەموکووڕی کردن وای لێکردوون «مەریوان قانع» کە چەند مانگێک بوو گەیشتبووە هوڵەند و هێشتا لە کەمپی پەنابەراندا بوو، کەچی لە نووسینێکدا لە ژمارە ١٧ی یەکگرتن(ساڵی ١٩٩٥) دا وای نیشاندابوو سوودی لە دوو سەرچاوەی هوڵەندی وەرگرتووە!

با نەشتوانین ئەدەب وەک بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنین، بەڵام ئەمە ڕێی ئەوەمان پێنادا لە خاوەنی و لە سەردەمەکەی دابڕین. مەنفا ناسنامەی ئورووپایی بوونی پێنەبەخشیوم، بەڵام دەترسم ناسنامەی کوردستانیبوونم لێ بستێنێتەوە. دەشێ لەبەر دوورە دەستی بە تەواوی ئاگاداری بزاڤەکە نەبم بۆیە دەگونجێ نیشانم جوان نەپێکابێ.

پێش ڕاپەڕین ڕەخنەی ئەدەبی زێتر بریتی بوو لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی، ڕەخنەگر لە ڕێی خوێندنەوەی شێعرێ، چیرۆکێ، یا شانۆنامەیەکەوە بانگاشەی بۆ بیروڕا سیاسییەکانی خۆی دەکرد. ئەم حاڵەتە تایبەت نەبوو بە کوردستان، لە هەر کوێیەک ئازادیی بیروڕادەربڕین نەبێ، ئەم دیاردەیە سەرهەڵدەدا. ئێمە بە بیانووی بەرهەمێکی ئەدەبییەوە باسی خەباتی چینایەتیمان دەکرد، بەڵام دەمانزانی ئەدەب هەر پەیامی سیاسی و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی نییە بۆیە لایەنی هونەریشمان فەرامۆش نەدەکرد.

● **لەم ڕۆژانەدا من کتێبێکی ئێوەم دەخوێندەوە: (ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا)، ئەمڕۆی چیرۆکی کوردی چ بەرهەمێکی لە هەگبە دایە؟**

ـ باختین دەڵێ: «داستایۆفسکی پێش ئەوەی فەیلەسووف یا نووسەرێکی کۆمەڵایەتی بێت، هونەرمەندێکی باڵایە». لەم دواییەدا(حەسار)ی «**شێرزاد حەسەن**» و (گەماڵ)ی «**خوسرەو جاف**»م دەخوێندەوە، هەستم کرد هونەرمەندانە نووسراون.

گەماڵ ڕۆمانێکی ڕەمزییە، خوسرەو جاف بەو شێوازە نەبوایە، نەیدەتوانی بینووسێ، چونکە سانسۆر ڕێی نەدەدا. لە گەماڵ دا نووسەر بە کەرەسەی نائاسایی خانوویەکی ئاسایی بنیاتناوە. کارەکتەرەکان ئاژەڵن، بەڵام باس لە ئینسان دەکرێ. نووسەر لە ڕێی ڕەمزەوە تێڕوانینی خۆی بە شێوەیەکی هونەری بەرجەستەکردووە. لە گەماڵ دا تەنیا ڕەنگێک زاڵ نییە، هەست بە بوونی کۆمەڵێ ڕەنگ دەکرێ. ئەو ڕەنگانە خۆڕسکانە تێکەڵ یەکتری بوون و پەلکەزێڕینەیەکیان پێکهێناوە. نووسەر بە ناخی سەگدا شۆڕدەبێتەوە کەچی ڕووناکی دەخاتە سەر ناوەوەی ئینسان. باس لە پێوەندی نێوان گیانداران دەکا، کەچی شەڕی ناوخۆ و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستان بەسەردەکاتەوە.

شێرزاد حەسەن لە حەسار دا لە دژی بەشتبوونی مرۆڤ دەوەستێ و پەردە لە سەر ئەوە لادەدات کە جیهانی ئینسان گەلێ بەرینە و خواستەکانی لە هەموو چوارچێوە و تەلبەندێک مەزنترن و زیندانی ناکرێن. ئەگەر چیرۆک هونەری گێڕانەوە بێ، ئەوا شێرزاد حەسەن گێڕەرەوەیەکە بە سەر هونەرەکەیدا زاڵ. حەسار پشت ئەستوور بە خەیاڵێکی بە پیت، ناکۆکی نێوان نامۆیی و ملهوڕی دەگێڕێتەوە. بە باڵی خەون دەفڕێ بەڵام لە هێلانەی واقیعدا دەنیشێتەوە. حەسار ناڕاستەوخۆ پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە سەردەمی باوکسالاری، ئاغایەتی، سەرۆکی مەزن و پارتی

پێشڕەو بەسەرچووە.

**● باشووری کوردستان لە ئەنجامی شەڕی براکوژیدا، بە قۆناغێکی ترسناکدا تێپەڕ دەبێ، ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد لە قۆناغێکی وەک ئەوەی ئەمڕۆدا چییە؟**

ـ من پێموایە ئەوی ئەندام و دۆستی لایەنانی شەڕی براکوژی بێ، ئەوی بە ڕاشکاوی سەنگەری دژی پارتی و یەکێتی هەڵنەبژێرێ، ئەوی خەڵکی دژیان هاننەدا، ئەوی بێدەنگ بێ، بەشدارە لە تاوانەکانی هەردوولایەندا و حەرامە پێی بگوترێ ڕۆشنبیر.

ڕۆشنبیری کورد، ئێستاش هەر ئەو ئەرکەی لە سەرشانە کە لە سایەی بەعسدا لە سەرشانی بوو. ئەوی ئەوسا دژایەتی بەعسی دەکرد، ئێستا دژایەتی پارتی و یەکێتی دەکا. ڕۆشنبیر نابێ هەر شاهید بێ، دەبێ لە سایەی بەربەرییەتی ئەواندا شەهیدیش بێ، وەک: **ڕەوف ئاکرەیی و سەلاح هەورامی و محەممەد قەرەداخی.**

ڕۆشنبیر نابێ جەماوەر فێری بێدەنگی، گوێڕایەڵی و ئارامگرتن بکات، دەبێ فێری ڕەتکردنەوە، تووڕەیی، بەربەرەکانی، بەرەنگاری، یاخیبوون و ڕاپەڕینی بکات. هێندێ ڕۆشنبیری کورد هەن، گەورەیی خۆیان لەوەدا دەبینن، لە دوای دەسەڵاتدارانەوە بڕۆن... ڕۆشنبیر نابێ چاوەڕێی پلەو پایە و دراوی لە خوێنی میللەت هەڵکێشراو بێ، دەبێ بوار نەدا متمانەی خەڵکی و ئابڕووی خۆی لە دەست بچێ.

**● بەر لە ڕاپەڕین و لە سایەی بەعسدا، هەر باسی ئازادی و دیمۆکراسی بوو تا لەو کەش و هەوایەدا بەرهەمی هونەریی بەهێز بخوڵقێ، کەچی بەپێچەوانەوە، ڕاپەڕین وایکرد بزاڤی ڕۆشنبیری بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، ئێوە چۆن لەو مەسەلەیە دەڕوانن؟**

ـ خۆشترین ساڵانی ژیانی هەموو گەلێک، ساڵانی دوابەدوای ڕاپەڕین و ئازادییە. ئەم ڕێسایە کوردی باشووری نەگرتەوە، چونکە دوای بەهاری ڕاپەڕینیش دەسەڵات هەر بە دەست بەعسەوە مایەوە، بەڵام لە شێوەی پارتی و یەکێتیدا. جارێکیان مەسعوود بارزانی گوتی: «ئەوسا کورد بە دەست یەک حیزبی فاشییەوە، دەینالاند: حیزبی بەعس، ئێستا بە دەست دوو حیزبی فاشییەوە دەناڵێنێ، پارتی و یەکێتی» ئەگەرچی (سەرکردە) نابێ هەرگیز ڕاستی بە جەماوەر بڵێت، کەچی بارزانی ئەو ڕێسایەی لەبەرچاو نەگرت و ڕاستییەکەی گوت.

شەڕ و کێشە و ناکۆکیی نێوان ئەو دوو لایەنە بۆ ئەوەیە بەعس کامیان بکاتە نوێنەر و کوتەکی دەستی خۆی لە کوردستان. ئێمە چۆن دەتوانین هاوزەمان گوێ بۆ جریوەی شێعر و خوڕەی گۆرانی و گرمەی تۆپ شل بکەین! لە سایەی ئەو شەڕانەدا... دەنگی تۆپ بە سەر دەنگی ئەدەب و هونەر و بوارەکانی ڕۆشنبیریدا زاڵ بووە.

شەڕەنگێزان دەزانن لەکەش و بایەکی ئاشتی و ئاسایش وهێمنی ودیمۆکراتیدا جێیان پێ لێژ دەبێ، بۆیە درێژەدان بە شەڕ و ملهوڕی، درێژەدانە بە تەمەنی خۆیان. ئەگەر دەسەڵاتی یاسا سەروەر بێ، دەسەڵاتدارانی کوردستان وەک تاوانکارانی شەڕ دەدرێنە دادگا، بۆیە تا پێیان بکرێ ئاو بە ئاشی شەڕدا دەکەن.

چرای بزاڤی ڕۆشنبیریی لە سایەی دەسەڵاتی ئەو دوو مافیا زەبەللاحەدا ڕاستە کز بووە، بەڵام نەکوژاوەتەوە. ئەوەی وەک دەسەڵاتدارانی کوردستان کتێب و ڕۆژنامە بسووتێنێ، ئینسانیش دەسووتێنێ، بەڵام ئایندەی لە چارەنووسی هیتلەری نموونەی باڵای ڕۆشنتر نابێ.

مایەی داخە هێشتا زۆربەی تاوان و ناپاکییەکان هەر لە ژێر لێفەدان و پێویستە بەردەوام تیشکی خۆریان تێبگیرێ. قارەمانانی (*پیاوانی ژێر خۆر*)ی «**غەسان کەنەفانی**» لە کاتێکدا دەیانەوێ سنووری عێراق کوێت ببەزێنن، لە ناو دۆزەخی تەنگی ئوتومبیلەکەدا دەمرن. دەسەڵاتدارانی باشوور کارێکیان کردووە لەو سنوورانە لاوانی کورد دووچاری هەمان چارەنووس ببنەوە. ئێمەی دوورەوڵات پێش دەسەڵاتی ئەوان بە هیوای گەڕانەوەوە دەژیاین، بەڵام کارێکیان کرد، نەک هەر ئێمە نەگەڕاینەوە، بەڵکوو وڵاتەکەمان بەرەو چۆڵبوون دەچێ.

با خوێنەران بڕیار لە سەر نووسینەکانم بدەن نەک خۆم، خۆ ئەگەر پشتگیریی گەرموگوڕی ئەوان نەبووایە لەمێژبوو کۆڵم دابوو. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕەخنە خوڵقاندنی گومانە، گومان لە سەر بناغەی لۆژیک نەک گومانی بێ بەڵگە. من وەک ڕەخنەگرێک کەسێکی ساکار و خۆشباوەڕ نیم و هەموو هەواڵێک بە حەقیقەت نازانم، بریا خوێنەریش وا دەبوو.

***





Kulturföreningen Sverige-Kurdistan
P. O. Box 615
191 26 Sollentuna, Sweden

شێعر:

# تەعبیری خەونێکی ئاڵۆز

قاسم موئیەدزادە (هەڵۆ)

پریش پریش
لە ژێر هەوری بارانی بۆمباردوماندا
پەراش پەراش
لە مەڵبەندی سەرکوتبوون لە سەرهەڵداندا
غەریب غەریب
لە غوربەتی ئینسانییەتی ئینسانداندا
تاساوتاساو
لە عالەمێک فی مابەینی ئیمکان وغەیری ئیمکاندا
شەقاوشەقاو
لە شوێنی شانۆی شینێکی بێنیشاندا
رووناک رووناک
تاریکرین نوختەی ڕەوان دەدەزۆمەوە و
دەقیق دەقیق
ژمارە ڕەمزی کلیلی ئەم زاویە ڕەمزاویە دەبینمەوە و
ژمار ژمار
وەری دەگێرمەوە بە پیت
نوختە نوختە
بە پێنووسی نووکی عەنقا
دڵۆپ دڵۆپ
بە جەوهەری خوێنی هەڵۆ
وەرەق وەرەق
لە پەرتووکی باڵی هوما
ڕستە ڕستە
بە خۆڵەمێشی قەقنەسیش
هەودا هەودا
ئەمراویشکی دەکەمەوە و
حەیران حەیران
هاودەنگ دەگەڵ
سۆزی سازی باڵندەی باڵ سەوزی شەپۆل
شەپۆل شەپۆل
هاوئاهەنگ دەگەڵ
ئاهەنگی شەقژنی فرقژنی گریان
ڕەوان ڕەوان
لە نێو جەرگ و دڵ وگۆشت و پێست وئێسک و خوێنی خوێنما
دەیخۆمەوە
قورتم قورتم
ژهەری هەلاهەلی شەوگار
دەخۆمەوە و
لێکدا لێکدا
لە تەسمییەی سەمای باڵ و پەڕ لێکدانێک
بۆی باڵ گرتن
هەپرون هەپرون
لە شەقامی قامی فەیز و فەوزی فەنا

ئاڵۆز ئاڵۆز
خەونێکتان بۆ دەگێڕمەوە و
شەقار شەقار
بۆشتانی لێک دەدەمەوە
دۆێنێ شەوێ لە خەوغدا
پەیتا پەیتا
قورقوشمیان لە گەرووم دەکرد
کە ڕاپەڕیم
خرم خرم دانی ڕق هەڵگرتنم دادەکرۆشت
دۆێنێ شەوێ لە خەوغدا
چەقەی کۆکەلاشکم دەجوو
لە بەر تاڵی بە دم و چاوی داوەڵما تف دەکردەوە
بۆ تەعبیری ئەم خەونە
چوومە لای هەتاو
هەتاو پێکەنی وچی نەگوت
دۆێنێ شەوێ لە خەوغدا
چیا بۆ دەریا دەگریا
بۆ تەعبیری ئەم خەونە
چوومە لای هەور
هەور بە سەر مندا گریا و
هیچی نەگوت
دۆێنێ شەوێ لە خەوغدا
تەرم لە سەر بێشکەی شەپۆلان ڕادەژا
بۆ تەعبیری ئەم خەونە
چوومە لای باوکم
باوکم وڕیی و
هیچی نەگوت
دۆێنێ شەوێ لە خەوغدا
گورگێکی گەر
بە کلکی ڕێویێکی گەڕۆڵ
شمشاڵی بۆ شوان لێدەدا
شوانیش خرپ بۆی خەوتبوو
چوارپێ کارتی داوەتی دەبرد بۆ شەگەل
ئێمە لێمان گێراونەوە
بۆ هاتنی ئێوەی بەڕێز
بۆ زەماوەندی ددان وگۆشتی تازە
ڕۆژ: نادیار
کاتژمێریش: دیاری نەکراو
ئەم خەونەم بۆ شوان گێراوە
گۆچانی لە مل مەڕێک کرد
سەری بری و
کەوڵی کرد و
جەرگ و دڵ وسیپەلاکی خوارد وگوتی:

←

ئەمەش تەعبیری خەونەکەت!...
دۆینێ شەوێ لە خەوغدا
دە نێو جەرگەی دڵی دەردا
ددانێکی دەردێکی تازە
چزووی دەر دا
کە ڕاپەڕیم زەوی زاری ئاوەڵە کرد
گوڵاڵەیێک دەنێو گوللە و پووکە و خوێندا
سەری هەڵدا
دەستی دروو ڕادەوەشا
بە گژە با
بۆ تەهنیەت بە خێوی شەو
دۆینێ شەوێ لە خەوغدا
دێوەزمە جەرگ ودڵی منی دەخوارد
پەنجەی براکەمی دەکرۆشت
بە هاوریشمی پرچی خوشکم
دەم وپەلی دەسترپەوە
بە ئێسکی پەراسووی باوکم
دانی ئاژنیوە
کە ڕاپەڕیم
با، لە کووچە
لانکی بەتاڵی ڕادەژاند
جادووگەرێک لە کەلاوە
مەشکەی خوێنی خەڵکی دەژاند
بە پەتکی ماری زمانی
پەڕسللێرکەی دەخنکاند
تۆکووڵەکەی زمانی خەڵکی دەترووکاند
پەڕ وباڵی هەڵفرینی هەڵدەپرووزاند
.....................
ملوێنکێکی لە مل دابوو
دەنکەکانی کەللەی سەری بنیادەم بوو
بنێشتی نەرمایی گوێچکەی منداڵێکی ساوای دەجوو
نینۆکی پلووسکی خوێن و
تژی سووری، تاڤگەی بەراوژووی گڕ بوو
.....................
گوێچکەکانی کونە مێرووی پیتی مورس و
زاری هێلانە زەرگەتە و ژەنگەسوورەی
تەوس و تیس وتانە و بوختان و درۆ بوو
کلکی پردی دووپشکی دوژمنایەتی و
هەناسەی ڕەشی دوکەڵی پشوو سوار بوون
لەپی دەستی جێگە مۆڵی گورگ و بەراز ورێوی بوو
لاقەکانی تاکو نەژنۆ بە عەردا ڕۆچووبوونەخواری
چاوەکانی گۆمی خوێن بوو
جێگەی مەلە قرنەگۆمەی دێوەزمە ورموزنە
نوشتەی نەسکەناسی بە مل ڕەشەگادا هەڵداوەسی
ڕەنگوڵەی دەکردە گوارەی گوێچکەی کەللەشێری شەرزە و
بە کلکی گوێدرێژی دا هەڵداوەسی
ناوری بە خاک دەگۆڕیوە و
بادەی دەفرۆشت و
ناوی دەکڕی

قرقرۆچکەی عەنقای عەشقی هەڵدەلووشی و
دەڵەمەی هێلکە قەقنەسی سەرهەڵدانەوەی
هەڵدەقوڕاند
دانەکانی پێکەنین ولێوی بزەی
وەبەر چەرخی کەڵپی بێ بزەیی دەدا
بە تەبەنەی شاخەمار و
داوەدەزووی جاڵجاڵۆکە
کلاوی ونبوونی دەچنی
بۆ سەخرەجن

دوو دووپشک پەپوولەیەکیان دەکرماند
چوار چوارپێ پێشەیان دەکرۆشت
دەستفرۆشێک دەستی دەفرۆشت
قەسابێک زگی خۆی دەدڕی
نەججارێکیش پەنجەرەیەکی سازدەکرد
لە ئێسقانی کارژۆڵەیەک
مارێک لە سەر هێلکە کەو
پاپووکەی خواردبوو
هەڵۆی مەرگ
قەرەپووڵی بۆمبی خووشەیی هەڵداویشت
بە سەر بووکی بەدبەختیدا
لە ژێر دیواری تەم و تۆز
دوو بێچووە نەیموونی بزۆز
کایەیان دەکرد پێکەوە
بە شووشە مەرمەڕی تازەی
دووچاوی شین
لە سەر گێلاسی دوو گوارەی دوو گوێچکەی
هەڵپچڕاوی کیژێکی
سەروتژ ئاڵۆز
زڕدایکێک
ئەنگوتکی دڵی زڕکچەکەی
لە تیر دەدا
ڕێویەکی پیر
بێچووە گورگێکی شیر دەدا
کتکێکی ڕەش
قاچکی بێچووەکەی خۆی دەخوارد
ورچێک بازەڵێنی دەکرد
بە دم ولوتی هەناسەی هەستی سەربەستی
لاوێک
شەقی لە کاژیلکەی سەری
دایک و باوکی دەدا
کوندێک لە سەر دارهەناری
سینەی کون کونتر لە سی نەی
لە سەر دوو هێلکەی کلۆڵی هەڵنیشتبوو
دوو هەژدیها
لە قاپیلکەی لە دایکبوونی پیلانێکی زۆر گەورە
سەریان تازە هێنابوە دەر
گژەبا بە ژێی ژێتاری دارتێلەکان
ئاهەنگی مەرگی لێدەدا

زمانم وه سیمی رووتی هەستێکی گیانسووتێن کەوت و
بوو بە کلکی دووپشکی ڕەش
بوو بە کۆچان
بوو بە مار و
بوو بە هەژدیهای بێ ئامان
تەلەڤیزیۆن فیتووی لێدەدا
بۆ ئەسپی تینووی پووچی پێچەلاوپووچ
بۆ مبێکی ساعەتیان لە نێو ڕادیۆکەمان دانابۆوە
بۆمبێکی ساعەتیان لە ژێر زمانی من دانابۆوە
بۆمبێکی ساعەتی لە نێو کاتژمێرە باغەڵیەکەم
دوو بۆمبی ساعەتی لە نێو لۆکەی هەرتک گوێچکەکانم
بۆمبێکی ساعەتی گەورە لە نێو مێشکم
بۆمبێک لە نێو باخچەکەمان
بۆمبێک لە بەر دەرکەی حەوشەی
دەرک وفام و تێگەیشتن
بۆمبێک لە نێو بارە لۆکەی هەوری سپی
بۆمبێک لە نێو بارە ڕەژی هەورێکی ڕەش
بۆمبێک لە نێو بووکە شووشەی منداڵێکی سەرەتایی
بۆمبێک لە نێو گرێپووچکەی پەروەندەیەکی جینایی
بۆمبێکی ساعەتی بچووک
لە نێو بۆمبێکی گەورەتر
بۆمبێک لە سەر ڕێگەی مێژوو
بۆمبێک لە ژێر نەخشەی کۆنی جوغرافیا
بۆمبێکی زۆر گەورە لە ژێر مەعنای قووڵی
شێعری باران
بۆمبێکی زۆر گەورە لەناو
کۆشکی هەتاو
گەورەترین بۆمبی ساعەتی ئاتۆمیان
لە نێو بەردی کاتژمێری دڵی پڕم
دانابۆوە
دوێنێ شەوێ لە خوخنمدا
قش قش ڕوحی پەپوولەیەک
لە نێو قیلی قەهر و ڕق و قینیدا دەکوڵی
کە ڕاپەڕیم
سەری بڕاو
لە سەرتەرمی سەربڕاوی خۆی دەگریا
تەرمی بێسەر
سەری بڕاوی خۆی دەبرد بە دیاری
بۆ سوڵتانی نادیاری دەریای فرمێسک
گرین
قاقا پێدەکەنی و
پێکەنین گورگوڕ دەگریا
ئەسپی ڕەشی سەرکەشی ئاسمانی شەو دەیحیلاند
شێعرێک
پڕ بە زاری هەموو دەریاکان دەخرۆشا:
ئینسانییەت بەستوویەتی
ئینسانییەت بەستوویەتی لە مەڵبەندی بەستەڵەکی
کفری تف هەڵاویشتنی ژێری سیفری موتڵەقی مینهای بێ برانەوە
بەستوویەتەوە زنجیری کەڕەی قافیە

دەست وپێی شێعری زەردی گەڵاڕێزان
پاییزێکی زۆر ناخۆشە
ناباری شەکراوی بزە
لە هیچ دارە شەکرە سێوێک
ناباری پەپوولەی ئەوین
لە هیچ هەورە سپیلکەیەک
ناباری پەری نەستەڕەن
لە باڵی هیچ فرندەیەک
کرێوەی گەڵای پەنجەیە و
ڕەهێڵەی بارانی فرمێسک
تەم تۆمانی شڵەژانەو
تۆقینی زراوی زەندەق
گردەلوولی هەناسەیەکی درێژە
لە بادیەی سینەیەکی زۆر بە تاسە
پاییزێکی زۆر ناخۆشە
زۆر ناخۆشە زۆر ناخۆشە
شەختە لێی داوە تەماتەی دڵی بێستانی تەڕاوەت
دۆک لێی داوە ترێ ڕەشەی دارەمێوی باخی ئەوین
شەختە لێی داوە هەناری ترش وشیرنی باخی ژیان
پشتاوپشت دەگەڕێتەوە عەقرەبەکانی ئینتیزار
شل بوونەوە پێچ و مۆرەی بزووتنەوە

ئەی پەپوولە بەستەزمانەکە
پەڕەکانت بۆ وەریون
کام گژەبا
پەڕەکانتی وەبەر جەنجەڕ وخەنجەری کەلپی داون؟
باڵەکانت بە مقەستی کام زریانی بێ بەزەیی هەڵقرتاون؟
هۆ فریشتەی چاوەڕوانی ڕوانی ڕەوان
تێکرمانی ڕەوحی ڕوحم بۆ هێناوی
بە دیاری
لە دیاری بۆمباردومانی هەناسە
هۆ هێژا فریشتەکانی جەهەننەمی قەهر و عەزاب
دەقاودەق ڕەسمی دۆزەخێکی وام بۆ کێشاون
بە وردبینی
کە سەدان دۆزەخی نێوەی
دەبێ بدەن لە مزگێنی
هۆ سوڵتانی دەریای ئەوین
وێنەی مرواریی فرمێسکم بۆ هێناوی بە دیاری
لە سەرچاوەی هەستێکی خاوێنی روون ڕا
هۆ سوڵتانی چیای بەرزیی
وێنەی هەتاوی زێڕینم بۆ هێناوی بە دیاری
لە ئاوێنەی فرمێسکی پڕشنگداری چاوەکانمدا
هۆ ڕوحی گەورەی دەریاکان
هۆ ئاوێنەی هەورەکانی ڕەش وسپی
ئەڵقەی شەپۆلی دەریای کولێنم بۆ هێناوی بە دیاری
لە سەر لەپی دەستی دڵما
هۆ هێژا دوو فریشتەی تەحریری خێر وشەڕان
نامەیەکی ڕەش وسپیم بۆ هێناون بە دیاری
لە شەوگاران ورۆژگارانی تەنیایی

له ئەوپەڕی پەڕیوەبوونی هەبوونیدا
هۆ باڵندە باڵ سەوزەکە
وێنەی گوڵێکی سووری باغێکی دوورم بۆ هێناوی بە دیاری
دەگەڵ گەڵای پەنجەی خەناوی وخوێناوی
هۆ حۆری و فریشتەکانی بەهەشتی هەتاهەتایی
ڕوحی پەپوولەیەکی نوورانیم بۆ هێناون بەدیاری
کە شوهرەتی «پاییزە»یەلە بەهاری نەمامیدا
ئەلا ئەی سوڵتانی جەنگەڵەکانی هەڵدڕین
غەریبێک بە تەوەرداس و تەوری بەیان
هاتۆتە شەڕی پڵینگ و بەوری بەیان
بە بێ چاوەدێری شێری پشت ئەستووری

دۆینێ شەوێ لە خەونمدا
تریفەی سێحری زێوینی شێعری بەدرم دەدۆزێوە
تا هەڵبەستی سەرمەستی کۆتری سەربەستی هەستی لەڕوو بهۆنمەوە
دۆینێ شەوێ لە خەونمدا
پۆلی شەپۆلی پڕشنگی سەوزی تاوم دەدۆزێوە
تا وێنەی ئاوێنەی شێعری کەسکی بەسەردا بنێمەوە
کە ڕاپەڕیم
شێعری ڕووتی پەنجەی زەردی گەڵایەکی هەڵوەریوم وا هۆندەوە
کە وێنەی داری بێ بەروبەرگی دەهێنا بەرچاوان
کە ڕاپەڕیم
حەیرانی ژانی برینی بەرزترین چیاکانم وا تێهەڵکرد
کە وێنەی لەعلی گرینی جەرگی دەهێنا بەرچاوان
کە ڕاپەڕیم
ئاهەنگی فڕینی پێلی گەورەترین دەریاکانم وا خوێندەوە
کە سەرتاپای ئەندامی سەراپا خوێنی دەهێنا بەرچاوان

ئەرێ ئەمن پەڕە کەسک و سوورەکانی پشکوتنی پشکۆ نەبووم؟
لە ئاگردانی سەرسەوزی
گوڵی سووری هەوەڵباخی یومن و هاتا؟
ئایا من بازی سەرشانی مێژوو نەبووم؟
بەر لەوەیکە گەڵای پەڕەکانی هوما هەڵوەرێن و
لق وپۆپی باڵەکانی بقرتێن
داخۆ من مێژووزانێکی گەورە نەبووم؟
بەر لەوەیکە مێژوو پەڕوپۆ دەربێنێ و
دوو شاخی ڕەشی لێ بڕوێ؟...
حوبارا نیم
حوبارا نیم؛ هیلانەیەک بە کوێرەوەری سازکەم و
پاشانیش پێی نەزانمەوە!
وەبیرم دێ
لە حەسری ڕامسیسی دووهەم
وێنەگەرێکی گەورە بووم
وێنەی سەیرم دەکێشانەوە بێ وێنە
لە سەر پێستی ئاسکە کێوی
هێندێکیان لێ ڕادەمام و دەمسووتاندن
لە ترسی تۆڵەی زیلنەوتاد
دەگریام وفرمێسکەکانم
دەتکانە سەر خۆڵەمێشی شاکارە سووتاوەکانی
تەیاربوو بۆ بابردن
با دەیبردن
خۆڵەمێشی تابلۆکانی نهێنی
بالانوێنی قەساوەت و بێ بەزەیی
وەبیرم دێ
کە دوایین جار تابلۆیەکەم کێشایەوە
تابلۆیەک بە درێژایی ڕێگەی شەوگار
بە پانایی قورس ترین هەنگاو بەرەو قەڵای مەرگ
لە تاقمێک دیلی بەستراوە لە یەکتر
بە گوریسی ئاخێکی زۆر دووردرێژ
کە گڕم دا
تەنیا گوریسەکە سووتا
لە پڕێکا دیم دیلەکان ڕێک هاتنەدەرێ و
هەڵاتن ڕووە و دەریای خوێن
بوون بە شەپۆل
دەریا سەیر تۆفانی بوو
شەپۆلەکان دەگەیشتنە هەورەکان
هەورەکانیش
بۆ ئاسمانی هەر کوێیەک، با، کە دەیبردن
ڕێژنە بارانی فرمێسک و خوێن دەباری بە سەروێدا
گوڵی سووری شێعر و
داری سەوزی مۆسیقاشین دەبوون
هەزارهەزار
بەرلەوەیەک هومای هەتاو
لە قاپیلکەی کازێوە سەر بێنێتەدەر
تەنیای تەنیا
تەنیا تەنیا هەر ئینسانێک
تەنها دیلێک
لە چوارچێوەی جەهننەمی تابلۆکەمدا مابوویەوە
بێدەرفەت ودەرەتانی دەربازبوون دامابوویەوە
کە ورد ڕوانیم
وردورد ڕوانیم
وێنەی خۆم دی گڕگڕ دەسووتا دە گڕدا
دوای ڕامانێک خۆڵەمێشی دوایین وێنەم بایەکی توند هات و بردی
بەرەو سەحرایەکی دووری چۆڵی چەند کاکی بە کاکی

دۆینێ شەوێ لە خەونمدا
ماڵەکەمان
بە باڵی پەنجەرە فڕی
لە تاپۆی سەوزی سێبەری دارگوێزەکەی حەوشەکەمان
پرسیارم کرد
تەعبیری ئەم خەونە چییە؟
تاپۆ گوتی:
ها نابینی؟
لە هەوری هەستی سەربەستی
بارانی گوڵ دەبارێت و
پەنجەرەکان
چەپڵە لێدەدەن
بۆ باران.

# تارماییەکانی سێبەر!!

هاشم کۆچانی

## سێبەری ئاسیا

کلیلەکەم
خستە کوونی دەرگاکەوەو
نووسیم دایخە
کچە پۆستەچییەکە گەیشت
بەدەم زەردەخەنەیەکی ڕۆتینەوە
نامەیەکی دایە دەستم
پیتەکانی بە سێبەری ئاسیاو
بەهەناسەی باوکم نووسرابوون.

جاران
سێبەری ئاسیا
بالکۆنێک بووخڕ وەک ئاسمان
هەناسەکانی باوکم
ئاونگی گۆنای مەرەزەو
هەڵمی نان بوون
دەسماڵێک بوون لە موزایکی ئاوریشم،
کلاوێکی پڕ لە قەزوان.
ئێستاش
باوکم لە تاقەدارێکی بێ گەڵادەچێ..
وڵاتیش
بە گۆڕستان لە نیوە شەودا

١٩٩٦

## کریستاڵ

ئەمشەو لەناخی ناخمدا
سەگوەڕێکی پاییزی دێ
یان جەنجاڵی مەیدانەکەی (ڕەحیمئاوا)
یان بۆنی سمڵ و دارچینی
کۆڵانەکانی قەیسەری
هەموو جوانی
ئەم بەهەشتە مقەبایەی ئێرە دێنێ.

ئای چاڵە تاریکەکانی ئەوێ
ئای دۆزەخە کریستاڵییەکانی ئێرە.

دەمگوت لەوێ
ئازارێک بووم، نۆ مانگ لە سکی دایکما
دەمگوت ئەوێ سەرەتایە...
ئاسۆیەکە...
بەپیریش دەمناسێتەوە.

دەمگوت ئێرە حوجرەیەکەو
بۆ چەند ساڵێ
لە مەسیح بە کرێی دەگرم.

ئای چاڵە تاریکەکانی ئەوێ
ئای دۆزەخە کریستاڵییەکانی ئێرە.

١-٤-١٩٩٧

## هەرەس

خۆ من وانەهاتم
لێرە سامناکی لوولم بدا
کەچی ئێستا
ڕەگەکانی دڵم گوڵ دەکەن
خەریکە چرۆکانی دڵم ناناسمەوە.

نەدەکرا ئەم کۆچە نەکەم؟

ئێستا نا، جاران
دڵی من تەکیەیەک بوو
(دەف) ەکانی لە دارەبەن
زیکری من بۆ کازێوە بوو
کەچی بولێڵ لە ژێر پێمدا تەقییەوە.

قورسایی هەرەس پیری کردووم
تۆش وا دەڕۆیت و
کەلاوەیەکی ترم لە دڵدا
بۆ بەجێدێڵی.

١٠-٤-١٩٩٧

## ئاگرێکی پرتەقاڵیی

سەحرایەکی تاریک
زەردەبایەکی لماویی
تیشکی کاڵی چرای سەر گۆڕەکان
چەند شوێن پێیەک
شوێن پێی ئێوە
شوێن پێی شوانێکی ڕەوەندو حوشترەکەی
شوێن پێی شمشێر بەدەستێ
پارچەیەک دەواری ڕەش و
ئاگرێکی پرتەقاڵیی.
ئەمە تابلۆیە؟
یان زاکیرە؟
ئەمە شانۆیە؟
یان دارەمەیتی ئەمڕۆیە؟

شەمەندەفەرەکانی ئەم شارە
دەڵێی بەسەر باڵەکانی مندا دەڕۆن.

ئەمشەو
نۆی ئەمشەو، چ شەوێکە ئەمشەو
ئەمشەو...
مۆمێکی نارنجی لەناو دڵمدا هەڵدەکەم
ئەمشەو دێم و
ڕوودەکەمە وڵاتی خورماو خۆرەتاو
تکایەک لە (دجلە) دەکەم
تاوێک لە (فرات) دەپاڕێمەوە
چنگێ تیشکی کریستاڵیی ئاوبخەنە بەرپێمەوە.

یان ئەوەتا
ئەمشەو من لە جیاتی ئێوە
لەو سێبەرە یاخی دەبم
کە دوێنێ بە لێشاو چووینە، ئامێزییەوە

١٩٩٧

## درز

چرە دوکەڵ وەکو پاڵتۆ
بەسەر شانی دارستانەکانەوەیە
مێژوومان کردۆتە زیندان،
ئایندەش بە(ڕۆخ)بۆ تاسان
ئێستاش بە سیمفۆنیای ئەشکەوت
دڵی خۆمان دەدەینەوە.

بەسە چیتر
کاسەی سەرت مەکە بە کووپەڵەو گۆزە
شەرابی تیا بگرنەوە.
سوارەکان هەموو شەوکوێربوون
حیکایەتەکان ئایەتی دڵنیابوون.

چیتر ئەم ڕۆحە وێرانەم
مەلاوێنەوە تکایە
تکایە چیتر
هۆرەی دڵنیابوونم بۆ مەڵێ:

من خۆم دەزانم
ئەملام ونبوونەو
ئەولاشم سڕبوون.

ئەو کوولەکەیەی بەسەر شانتەوە
قیت ڕاوەستاوە

ئەم کوولەکەیەی بەسەر شانمەوە
قیت ڕاوەستاوە
درزێک
گومانیان
تیا هەڵنەکراوە.

١٩٩٦

## سەرابی ڕێگاکان و شێتی تریش....

پشکۆ نەجمەدین

بەگۆڕستانی نەگەیاندم هیچ ڕێگایێک
بۆ منالدانی دایکمی نەبردمەوە هیچ ئاقارێک
داڕزاون جەستەی ڕێگاکان، بێ جوولەن لە وەستانی بزووتندا و
بێ سرتەن لە هەنگاوی هەنگامەدا.
لە نێوانی مردن و لەدایکبوونەوەمدا
بۆ ئیکسیلیان دوورهەڵدام ڕێگاکانی ولات.
لە ئاسمانی ونبووندا رەهایانکردم دڕەسیاسییەکانی نیشتمان!
سلاوی نامۆییم لێوەرناگرنەوە خانەخوێکانی غوربەت
نایپرژێنن مەستەژنانی شەوانەبەزمی بارەکان
تنۆکێ ئاونگی خەندە لە رووخسارم.

سەگێکی تیسکن و پیرەپیاوێکی سەرلەرزیوی گۆچان بەدەست....
پشیلەیەکی یەکلەت رەشی نێوچاو چار و پیرەژنێکی حەفتاساڵەی ماکیاجکردوو...
شۆخەژنێکی زراوبەژن و منداڵێکی پۆشتە و تێر و قنج دانیشتووی نێو گالیسکە،
تابلۆی ئێوارەیەکی رەنگاوڕەنگی پاییزن.

وێنەکان دەبینم و وێنام ناکەن وێنەکان
روو لە ڕێگاکان دەنێم و رووم لێناکەن ڕێگایەکان
نامگەیەنێ ماراتۆنی ڕۆژەکان بە کەلەپۆی خۆرئاوابوون
پێمنابەخشێ ڕێچکە مێرووڵەی شەوەکان
لەزەتی خونچەماچی کازیوەیەک.
کومبوونە نێوانی تاراوگە و نیشتمان
گومانە نێوانی خۆرنیشتن و خۆرهەلاتن
پردی گومانە دیتنی من بۆ خۆم
گێژاوی ونبوونە مەودای نێوانی من و تۆ...

چۆن بزانم کە بۆنی باروت و رەنگی بێرەنگیی ناپاکییان نەگرتووە گەلاسەوزەکانی ڕۆحت؟!
گوللەباران نەکراون لە گۆڕەپانی گەورەی شاردا، پەیکەری پتورکاوی بەدیلگیراوی ئێسکەکانت؟!
کێ چووزانێ هەڕاج نەکراون لە کەوشەنی گۆڕستاندا کێلە پیرۆزەکانی مەزارت...
کێ چووزانێ؟!
تەنیا هەر گومانە و گومان...
چ سەوز هەڵدەتۆقن لەبەر بارانی گوماندا تۆمەکانی حەقیقەت!
چۆن دەبنە بلقی سەرئاو لە پرسەی ناشتنی خەونەکاندا
ورشەی زێڕی فەلسەفەکان!

کوشتەی سەرابی ئەو ڕێگایانەم کە نایانگەمێ و
مۆرەم لێدەکەن ئەو ڕێگا لوت بەرزانەش کە پێیان لەسەر نانێم !
چ گۆڕەوشارێکم دەدەن ڕێگا ناپاکەکان!
چلۆنی دەکرۆژن هزرم
ئەو سەرە بەکڕنووشانەی  لە نزمییدا بە پێلاو دەچن!
چ سپلەن ئەو زێوانە بەد مەستانەی  دەرکەی مەزارەکانیان هەمیشە والاکردووە!
چ چروکن ئەو جەستە بۆگەنانەی بە مردووەکانیش تێر نابن!

نەگریام لە مەرگی تۆدا و لە شەپۆڕی گۆڕستاندا هەنیسک دەدەم.
نەمردم لە کۆچی تۆدا و لە رەوی نیشتماندا دەبم بە ئاو!
.................................
ئای ولاتی: پڕ لە جەلاد!
پڕ لەمردوو....
پڕ لە جەردە....
پڕ لە مانگا و لە سەرکردە
لە مەرگت تەواو دلنیام!...ئێستا.... تەواو!.

سەرابی ڕێگاکان و شێتی تریش....
پشکۆ نەجمەدین

کورته چیرۆک:

# واوەیلا

نووسینی: ر. مەسعوود

تابلۆکە یەک بە خۆی دەیزریکاند: «بووق لێ مەدەن»، ماشێنەکەی ئەمانیش ئەینەڕاند: «لاچن، لاچن» تا... زرم، ئاوێتەی یەک بوون. ئەو ویستبووی هەڵێ، بەڵام ژێر تاکەوشەکەی لکابوو بە قیری شەقامەکەوە. ئەمیش بۆ ئەوەی بێدەنگی بکا، تەپی دایە سەری و بڕبڕەی لەشی لە یەک ئالاند. لە ئاکامدا ئەو دەمی نایە بینی زوڕناکەی و لە داخان هەتا هەتا ژەندی. ئێستاش دەنگی نەبڕاوەتەوە.

دایکی کاوە ناچار بوو لە دەرگای شۆفیرەوە دابەزێ، ئاخر هەتا بن باڵی ماشێنەکە کەوتبوە نێو جۆگەڵەی بەرپێی تابلۆ. ئەمجاریش... گیرەی چوارچەرخی ماشێنێکی تر، سینگی شەقامەکەو پەردەی گوێچکەی کاوەی هەڵکڕاند. خورپەی دڵی دایکی کاوە کە توند دەردەچوو خوێنەکانی نەگرتە خۆی، خوا ڕەحمی کرد.

بەپرتاو سیگناڵی لێدەداو دەیگوت: لاچن، لاچن... چارشێوەکەی لە دواوە پێی دەوەڕی وهەر پەلاماری دەدا. ئاخری داکەوتە نێو قیری ژێرپێی.

ئەو خەڵکانەی لە هۆڵی نەخۆشخانە وێستابوون لەگەڵ دیوارەکان بەرەودوا هەڵدەهاتن تا دەرگای ژووری دوکتور گەیشتە بەرپێی کاوە ودایکی، ئەویش خۆی پێ نەگیرا و قووتی دان. ئەمجار بۆڵە وخوتەی نۆبەداران گەڕایەوە و وەک هەنگ تەموورەی سەر و گوێلاکی دایکی کاوەی دا. خەیاڵی هەر وەک کلکی ئەسپ دەخولایەوە و مێشەکانی دەردەکرد. لەم لاشەوە بەچاو نیگای دوکتوری هەڵدەلووشی تا نەیانبینێ.

– دوکتور بە قوربانت بم کوڕەکەم هیلاکە. «ئەم ڕستە چەند جار لە مێشکیدا دەنگی دایەوە». لە هەمان کاتدا چەند پەردە لە هیلاکی خۆی هاتە بەرچاوی، جارێکیان لە سەر تەختێکدا بە پشتدا کەوتبوو، سەر نەختێک هەڵگەڕابۆوە دواوە و لە نێو مژێکی سووردا چەند کەسێک دەورەیان دابوو. ئەمجار خۆی لە نێو ماشێنێکدا دەدی کە چەپ بووە و سەری و دەستێکی لە پەنجەرەی ماشێنەکەوە شۆڕببوونەوە. پێی وابوو دوکتوریش ئەو پەردانەی دیوە و باوەڕ بە هیلاکی کوڕەکەی دەکا.

بێدەنگی... تیکتاک، تیکتاک... خورپەی دڵی کاتژمێر لە زرمەی سینگی کاوەهێمنتر بوو. تیشکی چراقووە نێو قورگی وەک گووپەکانی سوورهەڵگەڕاند و سەرنجی لەگەڵ خۆی ڕادەکێشا.

سەرلقی چەند تاڵێک قژی خاوی خاوێن، نەرم نەرم خزابوونە سەر دەستی دوکتور... بە شەرمەوە لادران.

ورتەی مێشەکان هێندێکی تر زڕایەوە. بەفرووزیان هێنا، بێدەنگ نەدەبوون، تا... نەعرەتەی لە ناکاوی بڵیندگۆکانی نەخۆشخانە هەروەک گژەبا هەڵی سووڕاندن و کپ بوون. «ئۆخەی مەیانکە»، تەوێڵی دوکتور هەڵقرچا: «ئامان ئەوە چییە؟! پەڕەی چاوی لە سەر ڕیتمی ئەو ئاهەنگەی وا باسمان کرد بە تووڕەیی دەدران لە یەک: «خوا ڕەحمی کرد». پێنووسەکەی هەروەک گۆچانی شەپلە لێدراو خاڵی دەڕست. لە نێو کەردووی هێڵەکانیدا ویزەی ئەو مێشانە و بلمەبلمی شتی وەک ورچ دەبینرا... «گرامافۆن».

کاوەی هەڵگرت. دوکتور گوتی بیخەوێنن. دیسان دەرگای ژوور و خەڵک و هۆڵ بەرەوپیری هاتن. هەروەک سوارێ بە لەشکری دوژمندا تێپەڕێ. لە هەر لاوە سەرە ڕمێکیان تێدەگرت. ڕووباری تاریکی هۆڵ دوایی هات. حەوشە پڕاوپڕ بوو لە دەنگی واوەیلا. بۆمبای هەرا هەروەک خومپارەی دوو زەمانە بە سەریاندا دەتەقینەوە.

کاوە ئۆقرەی لێبڕا. خۆی ودایکی لە نێو تانکێرێکی گەورەدا دەدی. دایکی زرم زرم بە هەموو لایەکدا هەڵدەهات. لە ڕۆچنی تانکێرەکەوە کەڕەنایەکی ڕەش یەکبەخۆی دەیهووژاند و تۆزی ژەنگاویی ئسنی بە ڕوویاندا دەپژاند. هاکا بخنکاییێت، دڵی گوڕپی کردبوو. ویستی خۆی ڕزگارکا. پەنجەی بڕژۆڵی لەیەک هەڵچراند، ڕۆچن نەختێ کرایەوە و دیان هاتەوە یەک. هەستی بە پەنجەی دایکی کرد کە ڕایگرتبوو، لەشیشی ناسیەوە. ئەمجاریش هەوڵی دا چاوی هەڵێنێ، ڕۆچن وردەوردە دەمی کردەوە و کە ئاسمان دەرکەوت زانی نەخۆشخانەیە. ژانە سەر کەڕاکەی قورس کردبوو. دەنگی بێپشووی واوەیلا واوەیلای دەبیست.

←

ئەو سەری لێشێوابوو، ڕووی کردە هۆڵێکی تر، پەرەستاری نوسخەی لە دەمی گرت و لەو وشە لەرزۆکانەی دوکتوری لە دەفتەری بەردەستی نووسی و گوتی: تەختی شەش.

سەرپایی(تەقتەقیلە)ی پەرەستارەکان لێیان نووسرابوو«بووق لێ نادەین»، کەوشەکانی دایکی کاوە حەیایان نەما، کە وێستاش هەر «تەق توق، تەق توق دەبیستران. بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، بە سەری پەنجەکانی لە سەر کۆمۆدی پاڵ تەختەکەی کاوە ئاهەنگی کەوشەکانی دووپات دەکردەوە... بەخۆی زانی... دیسان شەرم وەڕەزی کرد، خۆی وخەیاڵی کپ بوون... کتوپڕ هاواری «واوەیلا» لە دەرک و پەنجەرەوە خۆیان کرد بە ژوورەکەیدا. تەوێڵی کاوە هەڵقرچابوو. سەری بەملاوئەولادا دەخست. پەنجەی پێی بە توندی دەجووڵانەوە.

ـ ئەی بۆ نەهاتن بە لایدا؟

سەرپاییەکان بە ناو هۆڵەکەدا تێدەپەڕین تا دوو جووتیان هاتنە نێو ژوورەکە. هەرکام بە کارێکەوە نووسان، هیچیان نەدەگوت. دەستیان ڕاهاتبوو. بێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە، کارە جۆراوجۆرەکانیان ڕەدەپەڕاند. ئەو شتانەی ئەوان دەیانکرد لە پێش چاوی دایکی کاوە گەلێ لە کابانی بە نرختر بوو و وێدەچوو هەمووکەس نەیانزانێ. کاوە ناڵاندی: دایە بێدەنگیان بکە، سەرم تەقی...

گەرمای سەری کاوە، دەستی دایکی ڕاچڵەکاند. لە وانی ڕوانی: «خۆ بێدەنگن؟!» تەوێڵی یەکێکیان هەڵقرچابوو. دەنگی واوەیلای لێوە دەبیسترا. شووشەی پەنجەرەی ژوورەکە زرینگەی دەهات. دەنگەکە هەر وەک سیگناڵی کامیۆن یەکبەدوای یەکدا دەتەقیەوە و دەدرا لە چواردیواری ژوورەکەی کاوە وکەمانەی دەکرد. سەری کاوە و ئەو پەرستارە زۆرتری بەر دەکەوت.

سەرپاییەکان سینگیان بە سەر ئەرزدا دەخشاند و وەک گریلا سەریان دەپاراست. ... بە قامک بزەی لێوی شەق کردبوو و دەپاڕایەوە: «بوق لێ مەدەن». چاوەکانی نەرم ونیان پێدەکەنین، سەرگۆنای تۆپەگوڵی ئاسنی پێشکەش دەکرد. لەشکری هەرا و قیژە بەردیان دە شووشەی قاپەکەی دەگرت. بەڵام ئەو بەردانە لە سنووری ئەوڕۆ بەرەودواتر نەدەچوون و نەدەگەیشتنە ئەوکامەرایە کە پێشتر لە نامێزی گرتبوو، هەربۆیە ئەویش بە نازێکی ساوایانەوە دەیگوتەوە: «تکایە هەتاهەتا... بوق لێ مەدەن».

دایکی کاوە، بە هێمنی تووڕەیی خۆی خواردەوە. دڵی بۆی دەسووتا کە ئاوا بێدڵی دەکەن. لەوپەڕی تابلۆی بزەی چاوی، وەڕەزیی کاوەی بەدیکرد. ڕەنگی سوری یاو زابوە گۆنای ڕەش وسپی ئەویش. ژانەسەر دابویە قاپەکەی دەوری و دیوارەکەشی پێوەدەنێشا... یەک جار قامکی لە سەر لێوی لابرد و گوتی: «دایە هیلاکم». دڵسۆزی ومووچورکە بە گشت لەشی ئەودا تێپەڕین. گوویەکانی سوور هەڵگەڕان و دووتک فرمێسک زانە گۆشەی هەردووچاوی. کاوە و وێنەی دیوار وئەوەی لە ناو ژوورەکەدا بوون لە هەردوو تکەکەوە وەک یەک دەبینران. لە دیوی ناوەوە بەتەنیا کاوە و وێنەی دیوار دیاربوون کە ئەوانیش دەست لە نێو دەستی یەکتر هەڵدەهاتن. دەوروبەریان پڕ بوو لە گوڵ وپەپوولە. گوڵەکان هەڵدەفڕین و هەرکام ڕەنگی خۆیان لە ئاسمان و جلوبەرگەکانی ئەوان دەسوو. پەپوولەکان چاوی خونچەتازەکانیان دەپشکوواند و باڵیان بۆ دەڕستن. خوڕەی ڕووباری بن خونچەکان لە هەموو لاوە دەبیسترا. گشتیان هەروەک هەوای بەریەیان هەڵیان دەمژی، کتوپڕ قرم وقاڵێکی ڕەش وەک پۆلی قەل، بەقاوەقاو دەرکەوتن. باڵیان لە ئاسمان دەسوو و گوڵیان دەخوارد.

خونچەکان خۆیان خزاندە ژێر باڵی پەپوولە. کاوە و ئەو بە قامک گوێچکەیان خنی بوو وهەرکام بە لایەکدا هەڵدەهاتن تا هەردووکیان ون بوون.

تکە فرمێسکێک بە ئەسپایی بەسەر گۆنایا خزا و تکاوە سەر دەستی کاوە. قامکی هەر بە سەر لێویەوە بوو. ئەو و کاوە لەو ماوەیەشدا هەر دەنگ وهەرایان بیستبوو. ئەمیش کە بە خۆی زانی بەو ئاهەنگە سەری کاوەی دەشێلا و ئاگادار بوو چەند بە توندی سەری دەچەقێنێتە لەشی سەرنیاکە.

دوو جووت سەرپایی خزابوونە ژوورەکە، یەکیان یاوی کاوەی دەپێوا، ئەوی تریان هەناسەی کاتژمێرە دیوارییەکەی بە خوڕەی دڵی کاوە دەژمارد. دوکتور لە پای ئەو دەمەی، بەقەد یەکدوو لۆچی ناوچاو هیلاکتر ببوو و وەک یەکەمجار دەنگی «واوەیلا»ی لێوە دەبیسترا. دوکتور گیان چی بۆ دەنوسی؟

«بێدەنگی دادە، بێدەنگی... پاشۆرە و دەرمانی یاو هیچی ترمان لە دەست نایە بەڵکوو شانس یاری بێ و...« بە ریتمی ئەو ئاهەنگەی وا باسمان کرد بە نۆبە لە سەر پاییەکنی دەڕوانی و ڕۆیشتن. گایەکی ڕەش یەکبەخۆی دەیبۆڕاند و پێی لە عەرز دەکوتا. کونی لووتی بەقەد لولە کوورە، ڕەش و هەراوببوون. لەوێوە هەڵم و لیکاوی دەپرماند و تووکی دەوروبەر، لەوسە سوورەکەی خووساندبوو. ددانی بە دوو ڕیز پووکی زەردەوە دەردەخست و ئامادە بوو هێرش بۆ کاوە بێنێ. هەناسەی هەر لە دوورەوە تەپوتۆزی بە قورگی کاوەدا دەکرد وهاکا بخنکێت. کتوپڕ ڕێکەوت و هێرشی بۆ کاوە هێنا، زرمەی پێی، تەختەکەی دەلەرزاندەوە. هەورێکی ڕەش بە سەر ئاسماندا کێشرا. بەتەنیا ڕۆچنێک تیشک مایەوە و ئەویش تەپوتۆزی پێدا دەچووەدەرێ. تیشک وگا لێی نزیک بوونەوە، گاکە وەک نەقاشیی منداڵانەی لێهات، بەڵام هەر تووڕەبوو و شاخەکانی لە سەر دڵی کاوە توند ببوون و بوقیان لێدەدا. هەر وەهاش چرکەی نەدەکرد. بە هیلاکی دەیپرماند. هەناسەی قورس بوو... یەکسەر ڕەنگیشی نەما و

بوو بە ڕەسمێکی ڕووت. ئەمجار هێڵەکانی لەیەک ترازان و کشانەوە و لەبەر چاوی لاچوون.

پەنجەی برژۆڵی لەیەک هەڵچڕی. شەوقی گڵۆپەکانی بە سەر تەوێڵییەوە دی، قامکی لە سەر لێوی دانابوو و بۆی پێدەکەنی. «خەوت دیوە، ئەهەوەن بەوە». هەناسەی نەرمتر بوونەوە.

ئەو تکە فرمێسکەی تری هەر لە سەر گۆنایدا ڕاگرت تا کاوە نەیبینێ: «ڕۆڵە بە قوربانی ئیمتیحانەکەشت بم... بە خوا خۆم بەیانی ئەچم بۆ مەدرەسە وپێیان ئێژم».

هالاوی یاو وەک مژێکی نارنجی دەنگی ڕەنگاندبوو: «دایە خۆ بەیانیش تەعتیلە...». ئەمیش وەک باران: «مالەکەم دوو بەیانی...».

هەردوو پێکەوە بێدەنگ بوون و گرمەی «واوەیلا»یان هاتەوە گوێ. ئەویان وردەوردە لە هێز و برست کەوت و دامرکا. ئەمیان دەمەدەمە خوێنی جۆشا و هەڵگیرسا. یەکێ نییە پێیانبێژێ ئێرە چەند بێ خاوەنە با خۆم برۆم.

خۆی لە بەر دەرگا دەدی، فرمێسک بە چاویدا دەهاتنەخوار: «برادەر کوڕەکەم هیلاکە». ئەو ویشک وێستابوو. ئەمجار خۆی بێ فرمێسک دەدی، نەختێکیش گڕژ. «ئاغەگیان ڕەحم لە دڵتانا نییە وابزانن منداڵی خۆتان وایە هەر بۆخۆتانی بگرن خۆ ئێمە تێ ناگەین». ئەو چرکەی نەدەکرد. ئەم یەخەی گرتبوو و ڕایدەتلەکاند. چەکەکەی لێ داکەوت، دەستی بۆبرد و بە قۆنداغەکەی نیشتەسەری، مەنزووریشی نەبوو. نەختێ خۆفی کرد. چەکەکەی بۆ فڕێدا و لێی دوورکەوتەوە. ئەویش ترسا لە دواوە شاخی لێ بدا، تا بەیەکجاری لە بەر چاوی لاچوو، لێوی ویشک بووبوو و هەناسەی سوار...

بزەی ژێرقامکی بەردەوام بوو، ئەهوەنتری کردەوە. شەوقی گڵۆپەکان زیاتر پێش خۆیان دەردەخست. هەوا نەختێک تاریک بوو.

جریکە جریکی سیسرک کە جنسەکەی لە شووشەی زۆر ناسک دەچوو، لە حەوشی نەخۆشخانەوە دەبیسترا. لە چەند لاوە دەنگیان دەهات. وەک خۆویژ لە دەمی یەکتریان دەسەندەوە. بەڵام شوێنەکەیان دیاری نەدەکرا. بێ وچان جریکەیان دەدا دەم یەک وخەیاڵیان بە خۆیانەوە دەناڵاند. دایکی کاوە نەیزانی چۆن پردێ لە نێوان گوێچکەی ئەو و ئاوازی ئەو قرپۆقانەی کە لە زۆر دوورەوە نەهۆنرایەوە بەسترا. دەنگیان هەروەک گەڵای مێو بەڵام بە ڕەنگی قاوەیی دەهاتەبەرچاو، جنسەکەشی لە نانەڕەقە دەچوو و ئەم لە ژێر ددانیدا دەیقرتاند و بەو بۆنەوە بە تەواوی هەستی بەچەم و دارایی و مانگەشەو و بۆنی دارسنجوو دەکرد. چەند جاریش سیمای ئەوی هاتەوەبەرچاو، کەچی نەیدەتوانی زۆری لەگەڵ بدوێ.

نێزەی تیژی دەنگی سیسرک پەردەکەی ڕووخاند و ئەم کەوتەوە نێو ژوورەکە. تەوێڵی کاوە دەقی گرتبوو وسەری دەنگی دەدایەوە. ئەمیش دڵی بۆی هەڵدەقووچا. «ڕۆڵە قوری کوێ بەسەرما کەم...»

با سیمەکەیان بقرتێنم. لە تاریکی خەیاڵیدا بۆ سیم دەگەڕا جار و بار سیمێکی ئاڵۆزاو دەهاتە بەرچاوی، پەلاماری دەدا. هەرچی سیمی خەیاڵی بوو هەمووی پچڕاند، بەڵام دەنگی «واوەیلا»نەدەبڕایەوە.

جووتێک سەرپایی خزانە لای تەختەکەی، پێکەوەهەڵیان گرت و ئاوی شێرەکەیان بە دەست وپێی هێناکوڵ.

چاوی هەڵبڕی... ئیتر دەنگی واوەیلا»ی نەدەبیست. ئەویش ودایکی دەمیان دەجوولایەوە. بەڵام هیچیان نەدەگوت. ڕوویان دەکردە یەکتر وپێکەوە دەمیان زیاتر دادەچەقاند، کەچی ڕەنگیان بوو و دەنگیان نەبوو. دەستی ڕاکێشا دەنگیان زیادکا. وڵۆمەکەی پەیدا نەدەکرد، وێنەکەشیان لێڵ بوو. ئەمجار چاوی ڕەشکە وپەشکەی دەکرد ودڵی تێکهەڵدەهات و هێزی لێدەبڕا، وردەوردە کووژایەوە وتاریکی داهات. واوەیلا لە ژێر هاواری ئەمدا کز ببوو. کاوەگیان ... ڕۆڵە، نا باوکەکەم، براکەم گشت کەسم. هەروەها کە دەیقیژاند جارێ ئەو چەکدارە دەهاتە بەرچاوی وجارێکیش سیمەکەیان. دای بە سینگی سەپاییەکەدا وهەڵات.

پەلاماری سیمەکانی دەدا. گڵۆپەکان بەرەوڕووی دەهاتن و بینیان دەنایە نێو مشتی. تاریکی بە دوایدا هەڵدەهات.

ڕووباری ڕووناکی هۆڵ دوایی هات. حەوشە پڕاوپڕ بوو لە دەنگی «واوەیلا»، کفنێکی ساوای بە باوەش خۆیەوە دەدی بەسەر چارشێوی قیری حەوشەکەدا پێی دەکوتا و وەک شەمشەمەکوێرە خۆی لە دوندی هەرا دەگرت.

لە دواوە هاواریان دەکرد دادە هیچ نوبووە بەس نابینێ. ئەم دە سیمێکی ڕەش ئالابوو و تا هێزی هەبوو کێشای و بۆی نەپچڕا، دەمی نایە بینی.

لەبەر چاویدا ئەو بە پشتا کەوتبوو وخەریک بوو چەکەکەی لە دەستی دادەکەوت و بینی لە دەمی ئەمدا بوو. هاواری «واوەیلا»و مقۆی ئەو خەڵکانە و بوقی ماشێنێکی هەر دەبیست. ددانی لێ توند کرد، هەستی بە هالاوی قورگی کرد، ئۆخەی لە دڵی کەوت. لە خەیاڵیدا شاخێکی سوورەوەبووی بە دەستیەوە گرتبوو وەک باوڵە دەیخوارد. شاخەکە بە توندی دەلەرایەوە و لەشی ئەمی دەلەرزاند. لە هەمان کاتدا دەچزا بە قورگیدا و دڵیشی هەڵدەکزاند، ئیتر دەنگی نەبیست. هێزو برستی لێبڕا. ددانی کاری لێنەدەکرد، دەمی هەروا قەتیس مابوو، شاخەکە کووژایەوە، دنیا تاریک و بێدەنگ بوو.

سەقز: ١٤/٣/٧٤(١٩٩٥)

کورتە چیرۆک:

# سەمای مێیەتی

نووسینی: ح. ک زمناکۆ

بەدەم دەرگا پێوەدانەوە، سەرم تەپتەپ لە لەشمەوە جوێ دەبێتەوە و بە پەیژەوە تل دەخواتەوە. وەدووی دەکەوم، پلە پلە، ڕاست چەپ، ڕاست چەپ هەنگاو هەڵدەنێم، دەڵێی سەمام فێر دەکا، دەنووشتێمەوە، نایگرمەوە. جار هەیە بەرز دەبێتەوە، وادەزانم دێتەوە جێی خۆی. گوێیەکان دەبنە پەروانە گیزەگیز بەرز ونەویی دەکەنەوە و لە دەرووغدا دەیسووڕێنن. نائاگا ڕێگە دەبڕم، ئەویش لەگەڵم دێت و لێم دوورناکەوێتەوە.. گوێم لە هیچ دەنگێک نابێ جگە لە دەنگی سەرم کە وەک هیلوکۆپتەرێک پەیتا پەیتا گڤەگڤەیەتی و ناهێڵێ ئەو ئاوازەی بەتەمام گوێی بۆ ڕادێرم، بیبیسم... فرمێسک لە چاوانم دەزێ، نیگەرانم، نەکا ئاواتم پێک نەیەت. گەیشتمە جێ جوان جوان لە جێی خۆی نیشتەوە، بۆ دڵنیاییش بێ تاوناتاوێک دەستێکم لە قژم وەردەدا.

چرکەچرکی کات نیگای بەرەو وێڵی دەفڕاندم، زووش بوو، دەبوایە هێندێکی تر پێش چوونە ژوورەوە لەوێ لەبەر دەرگا بەسەرببەم. وردەوردە دەهاتن، ئەویش هات. چەند ساتێک ئیستێکی گرت، لە ئاسمان ڕاما، ڕوانییە ئاسۆ، لە نیگاکانی خەوشێکم بە دی نەکرد. بزەی بە پەیژەی گەروومدا هەڵزنی. سەرنجم دایێ.. لە فکردا ڕۆچووم. هێنامە بەرچاوی خۆم، بە سەرتاپێی گیانم هەستم پێکرد. سیماکەیم بە چاو خواردەوە و نیگا و هەڵوێستیم بە گیان هەڵمژی. شنەی جێژنێک لە هەموو کووچە وکۆڵانان هەڵیکرد. دەستێکم بە سەری خۆم داهێنا نەکا دیسان لێم جوێ بێتەوە.

لەو باوەڕەدا بووم کە ئەمەیە بە نێو ئاسمانی پەژارە و خەمەکانمدا، بەهارێکی پڕ لە مەل وگیاو گوڵی ڕەنگاوڕەنگ ڕەگەڵ خۆی پەلکێش دەکات.

برینەکانی خەونەکەی دۆینێی هێشتا سارێژ نەبووبوونەوە... لینگێکی مێیینە بە پێ و بەلەک وڕان و سمتێک و لێوێکی ئەندامی مێیەتی کە مووی گەش گەش و پاراو و شادی لێ ڕوابوون... لینگێکی هەرە زیندوو، دابڕاو لە جەستە بە کێردی تیشک، بەتەنێ لە کازێوە،لە نێو ژووره شێدارەکەمدا هێدی هێدی هەنگاو دەنێ...

پێڵاوێکی پاژنە نزمی لە پێ یە.، بەرەو ڕووی منی لەسەر پشت ڕاکشاو دێت، لێم نزیک دەبێتەوە، لە سەر دڵم ڕادەوەستێ و بەهەموو هێزی خۆی فشارم دەدا، خوێن لە هەر حەوت کونی سەرمەوە فیچقەی کرد.

ئەم پێڵاوەی لە پێیەتی هەمان پێڵاوی لینگەکەیە. بەلەک و گوێزینگ و ئەو هەندە ڕانەش هەر دەبێ هی لینگەکە بن.

هەموو... کێ بێ؟ شڵەژام، وەک سەگێک مڵ ومۆم دەکرد... ئەمنی نەوێر چۆن زات بکەم؟ ڕێ وڕاست پێی بڵێم: خاتوونێ! ئەی مێیە شادەکە! ئەتۆ هەوی؟! بەڵام نیگاکان لێک حاڵی دەبن...

لە من مەگرە مانێ دەگەڵ ئەوێ گەورە مانێ
ئەمن هەورێک بووم لە هەورەکانی دە ئاسمانێ
ئەمن لەبۆ تۆ هاتوومە خوار دەگەڵ دڵۆپەی دە بارانێ
تاکوو پێکەوە بکەین سەیر وسەفایێ دەگەڵ سەیرانێ

هێشتا دڵم تێراو نەبوو بەو وەڵامەی... هێندێکی ترم لە نیگاکان وەڵام ویستەوە:

ئەمن هەنارێک بووم دە ڕەزەکانی دە بەهەشتێ
خوداوەندی عالەمیان ئەمنی لە بۆ تۆ هاویشتە پێدەشتێ

دڵم تۆزێک سەبووری هات... بەڵام مەراقم بوو بزانم لە باخی ڕاز و خەڵوەتی کام عاشق، کاتی سەمای پەری ئاسا بۆ شوکرانەی کام فێنکایی نێو هەناوی گڕگرتووی، شلکە باسکی تاڤگەیی خۆی هەڵدەبڕێ!

بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەە هەنارە... هەناری خەونی مەرگەکەم. لەبەر تەنیایی خۆم حەپەسابووم و نمنم باران دەباری و بۆنی پرچی باراناوی گەورە کچە نەشمیلانەی چاوڕەشی کوڵمە سووتاوی خوێن شیرین منی گوڵاوپرژێن کرد. تاوێک لەبەر دەرگا گەشایەوە وڕاخوشی وڕۆیشتە ژووررەوە.

تا ئەو دەمەی هێشتا ئاهەنگ ومۆسیقا دەستی پێنەکردبوو، دنیا لە سەر ڕەوتی ئاسایی و باوی خۆی بوو.

لە قەراخ شانۆکە، لە جێگەیەکی زۆر باش کە نیگام سێرە بە

بۆشایی نەگرێ بۆی دانیشتم. هەنار لە مەودای شەش میتری منەوە گەش گەش دەبریسکایەوە... خولیایەکی دووورودرێژ هەڵیگرتبوو، چاوەکانی بریبووە سەمای تیشکەکانی خۆی. لەوشەوەدا، شەپۆلەکانی چاوی دڵنیاییان دەبەخشی.

ئاوازێک لە مێیەتی نیگەرانی وی ڕادەژەنێ و خەیاڵێک وەک ئاورینگی مەی، زاری پەرێشانم دەسووتێنێ... لە تەماشاکردنی هەنار بیلبیلەکانی چاوم فێ دەگرن... تریفەی کوڵمەکانی بۆ نێو ئامێزە ئاوەڵاکانی پاییزی من دەڕژا. ڕەشبەڵەکیش خولیایەک بوو لە ناو لەزەتەکانی شوێندا دەستی درێژکراوی خۆری دەگرت.

لەو باوەڕەدا بووم کە هەڵپەرکێ ڕێگەیەکی باش دەبێ بۆ گەیەشتن بە هەنار... سەیرم کرد کە هەڵدەبەزێ و دەلەرێتەوە، سووک سووک، نەرم نەرم شل دەبووەوە، خۆی دەکردەوە، بەوە خۆشییەکی دامێ ئەو سەری دیار نەبوو.

شاییەکە خۆی سەروبەری دەکرد... دەستچۆپی ڕووت ڕووتی کردەوە! ئەرێ هەر ڕووت! تەواو ڕووت وکردی پتر بە هەنار... لەوەدەمەدا دڵنیا بووم کە هەنار تەنیا ئەو مێیە نییە کە نیگام لە سەر گوێزینگی پێیان و شلکە ڕانەکانی دەمەیی و هیچی بۆ نەدرکاندم... تەنیا ئەو هەنارە نییە کە لینگەکەی هەناومی دەرهێنا و ژوورەکەمی لە خوێنی خۆمدا تلاندەوە.

سەمای لە سەر نیگای چاوەکانم بوو. لە هەر گەڕێکدا بۆ لەحزەیەک نیگاکانمان یەکانگیر دەبوون و تیرێکیان پێکدەهێنا.

لەو لەحزەیەدا بێنەوەی خۆی هەست بکا، چ ئاوازێکی بە لێوەکانی دەژەنی... بزەی، بەختەکەی تەماوی دەکردم، هەموو جەستەی وەکوو نیگاکانی لە بزاڤێکی ئەبەدی دایە.

دەبوایە لە پشت ئەو چاوانە شتگەلێکی تر هەبوایە، لە پشت نیگاکانی... بزەکانی، «هەنار»ێکی دیکە هەبێت... لە فەزایەکی فرەوانتردا هەنارێکی تر هەناسە بدات.

بەرەو هەنار خۆی دەئاژوام، لە دەرەوەی هەناردا پەیدۆزی هەنارم کرد، هەر بەو مەبەستەی تا پێمدەکرێ گیرۆدەی بم. دەستچۆپییەکەی هێشتی خەیاڵ بکەم هەنارێکی تر هەیە.

دانیشتەوە پشوویەک بدات، لە ناکاو تابڵێی گۆڕا، وەک ئەوەی هەور بەری ئاسمانی گرتبێت ولەپڕ ڕووناکی وسێبەر پەیدابن و پێدەشتی پان وبەرین بتەنێنەوە.

هەنار گوێ لە مۆسیقا دەگرێ... سەرنجم دا، ئاوازەکە وای لێکرد زۆر لە خۆیدا دەربچێ تەنانەت دانەسوور وگەشەکانی ببینم. ئەمنیش کە تاکە تەماشاکەر بووم بینیم و هەستم بە ساتی گۆڕینەکە کرد کە خێرا ون بووەوە، ساتی نواندنی هەنار لە هەناردا.

هەر ئاهەنگێکی تازە هەناری زۆرتر ڕووت دەکردەوە، تەنانەت زۆر زۆرتر لەوەی خۆی هەستی پێبکا و دەیگواستەوە بۆ نێو دنیای فانتازیا و پەروباڵی لێ ڕوا.

قەت هەستی بەوە نەدەکرد کە من بۆخاتری ئاهەنگەکان نەهاتووم. لە بیریشی نەبوو کە سووک سووک و نەرم نەرم گواستنەوەی ئاوازێک بۆ ئاوازێکی تر وای دەگۆڕی ودەیکردە بوونەوەرێکی تر کە ناچاری دەکردم چاوان بنوقێنم نەکا لەپڕ و بێناگا لە خۆم پڕی بدەمێ وبیبفڕێنم و شێتانە لە سەر شەقام و کۆڵانانداغارغارێن بکەین.

پێکوتی و بزەکانی لە هەناومەوە ئاورینگیان هەڵدەدا... نیگاکان سێ گۆشەیەکی پڕشنگداریان نەخشاند، لە هەنارەوە بۆ وێنەی کچی کافرۆش، لەوێوە بەرەو من ودیسان بەرەو هەنار.

بۆ چرکەیەک چاوم لە گۆڕینەکانی هەڵگرت... زۆر بە تاسە بووم هەر بە ڕووتی بمێنێتەوە وەکوو پشکۆیەک لە فەزای تەماویدا، لە ئامێزی بکەم تاکوو هەمووشت ئاشکرا وعەیان بێ و چیمان لە بەیندا نەگوتراوە بگوترێ... هەتا یەکەم کازێوەی ژینمان لە دایک دەبێ.

کەواتە، ئاخریەکەی هەر هەنار، هەناری ئەزەل وئەبەد... مەیدانی شەڕی مەغلووبەی نیگاکان.

گەیشتینە کۆتایی شاییەکە، بەرەو دەروازەی دەرەوە وەرێکەوتم، هێشتا ڕووم وەرنەچەرخاندبوو بۆ دەرێ، بەتەما بووم هەوای تازە هەڵمژم و ئەستێرەکان ڕازونیازی هەنارم بۆ بگێڕنەوە... دیتم هێشتا دانیشتووە، ڕووخساری خەرمانەی داوە و گوێ لە وردە مۆسیقا ڕادەدێرێ.

گۆڕینێکی تری بۆ پەیکەرێکی هێدی زۆر جیاواز لە هەموو بوونەوەرێک،لەوێ ڕووی دا.

هەنگاوم بەرەو دواوە هەڵهێنا بۆ ئەوەی سێ گۆشەکە پێکبێنمەوە ـ سەرم تلێپ لە لەشمەوە جوێ بووەوە، لە دەوری ڕووخساری هەنار وەکوو تەیرێک دەخولایەوە... نازانم چەند جار خولی خواردەوە. هەنار لە نێو مۆسیقاکەدا ون بوو. سێ گۆشەکەش تێکچووبوو،پێکنەهاتەوە.

هەنار ڕووی وەرچەرخاند و ون بووەوە، چووبووە نێو وێنەی کچی کافرۆش و ببرای ببرای نەگەڕایەوە... دروست ببووەوە کچی کافرۆش بەڵام درەوشاوەتر... ئەوەش دوا گۆڕینەکەی بوو. دەیڕوانییە ئاسۆیەک کە تەنیا خۆی دەیبینێ، کەسێکی تر نایبینێ... تەنیا هەنار بە نیگاکانی خۆیەوە.

ئەمنیش زوو گەڕامەوە و لە ژوورەکەمدا لەگەڵ خۆم و وێنەی هەنار ئاهەنگەکەم کۆتایی پێنەهێنا... لینگێکی زیندوو، دابڕاو لە جەستە بە کێردی تێشک لە کازێوە لە نێو ڕووە شێدارەکەمدا هێدی هێدی هەنگاو دەنێ و بەرەو ڕووی من دێت.

◇◇◇◇◇

## کورتیلە چیرۆکی فرانتس کافکا

وەرگێر، لەئاڵمانییەوە: هێدی

### ئەفسانۆکە

مشک گوتی: « ئاخ، دنیا هەر دێ و تەنگتر دەبێتەوە. دە پێشدا هێند بەرین بوو، دەترسام. هەڵدەهاتم و بەختەوەر بووم کە ئاخری لە دوورەوە، راست و چەپ، دیوارم دەدیتن. بەڵام ئەو دیوارە درێژانە وا بە پەلە بەرەو یەکتر دێن کە ئەمن ئەوە لە دوایین هۆدەم و لەوێ لە قولینچکێکی تەڵە دانراوە هەتا ئەمن پێوەی بم. »

پشیلە پێیگوت: « ئەتۆ هەر دەبێ رێگات بگۆڕی و بۆ لایەکی دیکە هەڵێی »، پاشان قووتی دا.

### دارەکان

ئێمە وەک ئەو دارانە واین کە لە بەفرێ دا کەوتبن. بە رواڵەت لە سەر بەفری لووس وا دەنوێن کە پێمانوایە دەکرێ بە سووکە پاڵپێوەنانێک بیانگوێزینەوە. نا، ناکرێ، چونکە توند بە زەوییەوە نووساون. بەڵام بروانە، تەنانەت ئەوەش هەر بە رواڵەتە.

### گوندەکەی دیکە

باپیرم دەیگوت: ژیان هێند کورتە نەبێتەوە. ئێستا ئەو وتەیە وا دە بیرمدا جێی گرتووە، کە بۆ وێنە تێناگەم چۆن لاوێک بڕیار دەدا بەرەو گوندێکی دیکە باژوێ بە بێوەی بترسێ ــ باسی نەهاتییش هەر ناکەم ــ کە زەمانی ژیانێکی ئاسایی و بەختەوەرانە بەشی ئاژوانێکی وا ناکا.

### واز بێنە!

بەیانییەکی زوو بوو . شەقامەکان خاوێن و چۆڵ بوون. بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر دەڕۆیشتم. کاتێ سەعاتی سەر بوورجێکم دەگەڵ سەعاتەکەی خۆم پێکگرتن، دیتم زۆر درەنگترە لەوەی کە پێموابوو. دەبوایە زۆر پەلەی بکەم. کە بۆم دەرکەوت وا درەنگە سام گرتمی و لە رێگاکە خاترجەم نەبووم. لەو شارەی هێشتا نابەلەد بووم. بەختەوەرانە پۆلیسێکم لێ نیزیک بوو. بە هەناسە بڕکێ خۆم گەیاندێ و داوام لێکرد رێگاکەم پێنیشانبدا. بزەی هاتێ و گوتی: واز بێنە، واز بێنە، پاشان بە پڕتاو پشتی تێکردم، وەک ئەوانەی کە دەیانەوێ دەگەڵ پێکەنینی خۆیان بە تەنیا بن.

### داڵ

داڵێک لاقەکانی وەبەر دندووکان دابوو. چەکمە و گۆرەوییەکانی دڕیبوون. ئێستا لاقە رووتەکانی دندووکتاژن دەکرد. پەیتا پەیتا دەیکوتام. زۆر جاران نائارام بە دەورەمدا دەفڕی و پاشان خەریک دەبۆوە.

پیاوێک لێم نیزیک بۆوە. ماوەیەک سەیری کردین و پاشان پرسی، بۆ دێڵم ئەو داڵە وا بکا. گوتم: دەسەڵاتم نییە. هات و دەستی کرد بە دندووکتاژنکردنم. دیارە ویستم لە خۆمی دەرکەم، تەنانەت ویستم بیخنکێنم بەڵام باڵندەیەکی وا، زۆر بەهێزە. دەشیویست بەرپێتە چروچاوم. بۆیە بۆ لاقەکانم پێخۆشتر بوو. ئێستاش چیوایان نەماوە بپچڕێن. پیاوەکە گوتی: سەیرە کە دێڵی وا ئازار بدرێی، ئەو داڵە گوللەیەکی بەسە. پرسیم: بەراستی وایە؟ دەتەوێ ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگری؟ پیاوەکە گوتی: زۆرم پێخۆشە، ئەمن دەبێ بچم لە ماڵێ تفەنگەکەم بێنم. دەتوانی نیو سەعاتێکی چاوەڕوان بی؟ گوتم: نازانم. پاشان بە ژانێکی قورسەوە تاوێکی لە سەر پێیان تێیرامام و پێمگوت: تکایە وەخۆ کەوە. پیاوەکە گوتی: باشە، پەلەی دەکەم. داڵە دەو ماوەیەیدا بە هێمنی گوێی هەڵخستبوو و مەودای دا دەگەڵ پیاوەکە نیگامان تێکببەزێ. بۆم دەرکەوت کە دە هەموو شتێکی گەیبوو. هەڵفڕی و لە دوور ڕا هێزی هێنایەوە بەر خۆی و بە تاو بەرەو من لوور بۆوە. وەک تیرهاوێژێک دندووکی دە زارم راکرد و دە هەناومی چەقاند. بەرەو پشت کەوتم و کاتێک دیتم کە دە هەناوی پڕ هەستمدا، دە نێو دەریای خوێنمدا بێ دەربازبوون دەخنکێ، هەستم بە رزگاریی کرد.

◆◆◆◆

# ڤانگۆک دوایین نامە دەنووسێ


وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: هەندرێن

**کریڤەکەم سیۆ:**

ژیان بەرەوکوێم دەبا ؟ ئاوەز چیمان لێ دروست دەکا ؟ ئەوە شتکانن کە سروورەکەیان ون دەکەن بەرو خەمۆکیمان خاوکێش دەکەن... ئەگەر من ئەو پەڕەمووچە و ڕەنگانەم نەبێ دەنا لە یەکنەنوایییان کەڕەگیڤە هەڵدێنم، بەوانە لە نوژەنەوە دووبارە شتەکان دروست دەکەمەوە... هەموو شتەکان دوای ئەوەیکە زەمان دەیانگەچرێنێ سارد و کاڵ دەگوزەرێن...

چ دروست بکەم؟ دەمەوێ چەند هێڵ و ڕەنگێکی تازە دابهێنم، جیا لەوانەی کە هەموو ڕووژێ بیناییمان ساتەی لێدەکەن... هەموو ڕەنگەکان لە دڵمدا پرشنگێکی خەمگینیان هەیە. ئاخۆ دەبێ ئەوە هەر خۆیان لە سروشتدا ئەوهابن یان ئەوە چاوەکانی منە نەخۆشن؟ ئا ئەوە من سەرلەنوێ وێنەکەی دەکێشمەوە وەک ئەوەی ئاگرە خەفەکەی ناوەوەی جۆشبدەم.

لە ناو جەرگەی مەرگەساتەکانەوە لە ڕەنگەکانم دەخوازم هێڵە سروورییەکان پیشانبدەن، لە کێڵگەکاندا«قەلەڕەشەکان»و فەریکە گەنمەکان بە گەردنە چەمیوەکانیان. نامەوێ بەهۆی ڕەنگ وبزوانەوە هەتا «پێڵاوی جووتێر»یش کە کلۆڵی و تادڵخۆشییەکەی دەتکێنێ بەدەست بهێنم... شتە کرێتەکان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، ڕەنگە لە شتە جوانکیلەکاندا نەیانبینین چاوی هونەرمەندیش لەمەدا هەڵە ناکات.



**ئەمڕۆ وێنەکەی خۆم کێشا**

هەموو سپێدەیەک، کە سەیری ئاوێنەکان دەکەم بە خۆم ئێژم: تۆ ئەی ڕووخسارە دووپاتەکەم، ئەی ڕووخسار کە مرۆڤ کرێتە، بۆچی تازە نابییەوە؟

**ئاوێنەکان تفرێژ دەکەم و دەچمە دەرێ...**

ئەمڕۆ هەستام لە نوژەنەوە ڕووخساری خۆم کێشایەوە؛ نەک وەک ئەوەی کە سروشت دەیخوازێ، بەڵکوو وەک ئەوەی کە خۆم چۆنم دەویست: دوو چاوی هەراسان و گورگانە. ڕووخسارێکی سەوز و ڕیشێکی ددانەداری ناگرناسا. لە تابلۆکەدا گوێچکەکە ناهەمواربوو پێویستم پێی نییە. پەڕەمووچەکەم گرتە دەست، مەبەستم گوێزانی ڕیشتاشینە و داماڵی... لە نێوان سەرمدا لە دەرەوە و ناوەوەی تابلۆکەدا، وێدەچێ کارەکەم لێ تێکەڵاوبووبێ... ئێ باشە چ لەم بارستاییە گۆشتییە بکەم؟

بۆ ئەو ژنەم نارد کە نرخی نەدەزانیم و بە مەزندەش وێدەچوو خۆشم دەوێ... هەروا دەبێ دەبا زیادەکان لەگەڵ یەکتر کۆببنەوە... ها ئەوەش گوێچکەکەم با بۆ تۆ بێ ئەی ژنە چەنەبازەکە، دە بۆی بپەیڤە... ئێستا دەتوانم گوێم لێ بێ و بە پەنجەکانیشم بیبینم. هەتا شەشەمین پەنجە «پەڕەمووچەکەم» لەوەش زێتر کارا بێ: ئەوە کە سەما دەکا دەگریێ و توێژی تابلۆکە ختۆکە دەدا...

بە تێرامانەوە ڕۆدەنیشم:

جیهان کە تەخت بوو تادێ لۆچەکانیشی زێتر دەبن و هەتا دێش ڕوخساری تابلۆکەش زێتر خاودەبێتەوە... ئاخ خواکەم بەر لەوەی شەوبێ و لە سەر گومەزی ڕوح دابەزێ من چیم لە تواناداپە بیکەم؟

فلچەکان. ڕەنگەکان و... زوو ئامادەیان دەکەم: تریوەیەکی ڕێک وکورتە. تیژ و ژیکەڵەیە...

ڕەنگەکانم دیار وسەرەتایین. زەرد شین سوور.. دەمەوێ شتەکان بۆ وادە ڕەمەکییەکانی بەرایی خۆیان بزفرێنمەوە وەک ئەوەی کە جیهان تازەکی لە یەکەمین هێلکە گەردوونییەکەیدا چاوی پشکووتبێ.

هێشتا لە یادمە:

کات زەردەپەڕ یان دوای زەردەپەڕ وپێش کازێوە بوو... ڕەنگی سوورمەیی هێڵی ئاسۆی خوناڤرێژ دەکرد... ئاخ لە موچوڕکەی سوورمەیی. ئەو کاتانەی کە ئێمە بۆ دزینی «تووی» کێوی بۆ ناو بێستانەکان دەچووین. لە گوشادی درەختەکە ئۆقرەم گرتبوو چاودێری کرمە سەوز و زەردەکانم دەکرد کەچی «ئۆرسولا» بەزێدە لاساریو سروورەوە لە نێوان چڵەکاندا هەڵدەبەزی و لە نەکاو هاوسەنگی ڕتکچوو خزا. بەر لەوەی لە تازەکیدا بە گەردنمەوە ئاوێزان بێ موچوڕکم بە سینگدا هات. لە ئامێزم گرت ونەویش وەک ئاسکۆڵەیەکی سەر لە دوونراو هەناسەی دەدا... کە لەمپەرم لێکرد دەنکە «توو»یێک بوو کە شیلە سوورمەییەکەی لە سەر کراسە سپییەکەم جێهێشتبوو... هەر لە وێ ڕۆژێوە، کە دوانزە ساڵانە بووم هەست دەکەم کە ئەگەر درزێکی سوورمەیی بکرێتەوە تا لە سەرووی سپێتییەکەوە بزنێ بەختەوەری بە خۆم دەگرێ...



ئای بۆ موچوڕکەی سوورمەیی...

هزرێک زۆر جەختم لە سەر دەکا ئاخۆ دەتوانم پیرۆزی بکەم؟

لە گوڵە بەرۆژەدا خەفەیە، تۆ ئەی ڕەنگە زەردەکە ئەی من. لە تیشکی ئەم گەردوونە سرووڕەدا شیلەکەم هەڵدەمژم. تێڕوانین بە دوای تێڕوانین لە چاوی هەتاو دەڕوانم تا ئەوەی ڕوحی گەردوون چاوەکانم دەسووتێنێ.

دوو شت ڕوحم بە سەرەتاتکێ دەخەن: تێڕوانین لە هەتاو، تێڕوانین لە مەرگ... دەمەوێ بەرەو ئەستێرەکان سەفەر بکەم و ئەم جەستە کلۆڵە پێشم دەگرێ! ئێمەی وەچەی زەوی، کە دەسماڵە خڵتێنراوەکانمان هەڵگرتووە، کەی ڕێدەکەین؟

ـ بەڵام بەرەو کوێ؟

ـ هەڵبەت بەرەو خەونەکان.

دۆینێ بە ڕەنگی قوڕ گوڵێکم کێشایەوە، دوای ئەوەی خۆم لە ناو ئاخدا چاند، فەریکە سەوز وزەردەکان لە سەر پانتایی سەرمدا دەفراژان و قەلەڕەشەکانی بیرەوەریش بە بێ هەوا هەڵدەفڕین. فەریکە گەنم و قەلەڕەشەکان. قەلەڕەشەکان وگەنمەکان... قەلە ڕەشەکان دندووکیان لە مۆخم دەژەنی، قاژ...قاژ... هەموو شتێک خەونن. خەونە خاکەسارەکان، پەڕەمووچەکانی ئاخ هەموو وەختێک دەسخەڕۆمان دەدەن... بەم نزیکانە ڕاسپاردەکەی ئاخ دەگەڕێنمەوە و چۆلەکەکانی سینگم بەرەو وڵاتی هەتاو هەڵدەفڕێنم... ئاخ ئەی پەڕەسێلکەکە بەم دەمانچەیە قەفەزەکەت بۆ والا دەکەم: سووره تۆخەکە دەتەنێتەوە، خوێن یان ئاگر؟

نێرگەلەکەم دادەگیرسێ

ڕەش وسپی ڕەنگی ژیان دەکەنە خۆڵەمێش. بۆ خۆڵەمێش چەند شیعانە هەیە کۆتایی نایێ: خۆڵەمێشی سوور، خۆڵەمێشی شین، خۆڵەمێشی سەوز. تووتن دەسووتێ و ژیانیش گەشە دەسێنێ. خۆڵەمێش تامێکی تاڵی هەیە بەئاسایی هۆگری دەبین، ڤێجا خووی پێدەگرین، کتومت وەک ژیان: هەرچەند تەمەنمان بەرەو پێش بڕوات زێتر بە ڕۆیشتنمان ئاوێزان دەبین... لە پێناوی ئەوەدا لە کڵپەی داگیرساندا دەسبەرداری دەبم... بەڵام بۆچی؟!

جارێکی تریش ئەوە درێغی یە. کڵۆڵی هەرگیز کۆتایی نایێ... هۆ «سیۆ» ماڵئاوا، ئەوا بەرەو بەهار بەڕێدەکەوم. ■

# خورافات لە کۆمەڵی کوردەواریدا

س. گ. ماکوان

## پێشەکی

هەر نەتەوەیەکی زیندوو و خاوەن شارستانیەتی ئەم سەردەمە، هەوڵی داوە کەلەپوور و فەرهەنگی نەتەوەکەی بە باشترین شێوە بپارێزێ. بەتایبەتی لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی بوارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵدا، هەوڵ دراوە تێکڕای کەلەپووری نەتەوەیی بە لایەنە باش و بایەخدارەکان و هەروەها لایەنە خراپ و دواکەوتووەکانی لەودەمەیدا تێکنۆلۆژی بەخێرایی گەشەی ئەستاندووە، لە نەمان و لەبیرچوونەوە ڕزگار بکا و لە فەرهەنگ و ئەدەبی نووسراوی نەتەوەییدا تۆماریان بکا.

گەلی کورد سەبارەت بەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی تێیدا ژیاوە، بەداخەوە نەیتوانیوە یان بۆی نەکراوە، ئاوڕێکی گشتی و هەمەلایەنە لە فەرهەنگ و کەلەپووری خۆی بداتەوە. لەم نێوەدا ئەوەی لە هەمووی زیاتر وەپشت گوێ خراوە، ئەو دابونەریت و بیر و باوەڕە دواکەوتووانەی باوی نێو کۆمەڵی کوردەواری یە. ڕەنگە یەکێک لەو هۆیانە بۆ کۆ نەکردنەوە و تۆمار نەکردنی ئەو دابونەریت و باوەڕە خورافییانە لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا، ئەوە بێ کە خودی نووسەرە کوردەکان نەیانویستووە سیمایەکی دواکەوتووانە و خورافەپەرستی لە گەلەکەیان نیشان بدەن و هەر بەئەنقەست خۆیان لە قەرەی نەدابێ.

بیر و باوەڕی دواکەوتووانە و دوور لە بناخەی زانستی لەلای خەڵکی ئاسایی گەلانی جیهان هەبووە و یان ئێستاش هەروا هەن و هێندێکیان پێوەی دەتلێنەوە. ئەوە ئیدی ڕەوتی خێرایی یان بەشێنەیی پێشکەوتنی ئەو گەلانە بووە کە لە درێژایی زەماندا ئەو بیروباوەڕانەی لە بیر خەڵکی بردووەتەوە یان هەروا هێشتوویەتەوە.

هەر بەم پێیە سروشتییە کە گەلی کوردیش لەو چوارچێوەیە بەدەر نەبێ. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، کۆکردنەوەی ئەو ڕێوشوێن و بیروباوەڕانە لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا، دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ لێکۆڵەرەوانی کۆمەڵناسیی کە لە پێوەندی لەگەڵ ژیان وگوزەران و لایەنەکانی دیکەی ژیانی ڕابردووی کۆمەڵگەی ←

کوردەواریدا دەکۆڵنەوە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ نێوەرۆکی ئەم باسەدا، ئاماژەکردن بە چەند خاڵ بە پێویست دەزانم:

**یەکەم:** لە سەرجەمی تەواوی ئەو سەرچاوانەی کە دەستم کەوتوون و لە ئامادەکردنی ئەم باسەدا کەڵکم لێوەرگرتوون زیاتر خۆم بە کتێبی: (*نیرنگستان*)ی نووسەری ئێرانی «**صادق هدایت**»ەوە خەریک کردووە. سروشتی یە، کە فەرهەنگی گەلانی دراوسێی کورد کەم و زۆر شوێنەواری لە سەر فەرهەنگ و کەلەپووری گەلی کورد داناوە. یەک لە وان ڕەنگە گەلی فارس لە بەر دراوسێیەتی نزیک، یان مانەوە لە ژێر حوکم و دەسەڵاتی واندا بۆ ماوەیەکی زۆر، بەشێوەیەکی نەخوازراو کارتێکەریی فەرهەنگی زیاتر بووە. هەر بەم پێیەش بەشێک لە دابونەریتی دواکەوتووانە و بیروباوەڕی خورافی لەلای ئەوانەوە هاتبێتە کوردستان و بەتایبەتی ئەم کارتێکەریی فەرهەنگییە ڕەنگە لە بەشی خوارووی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا زۆر زەقتر وەبەرچاو بکەوێ تاکوو ناوچەکانی دیکە. هەر بۆیە زۆر خورافاتی باوی نێو کۆمەڵی کوردەواریم لەو کتێبەدا دیوەتەوە کە دەقاودەق یان بەهێندێک وردەگۆڕانکارییەوە، لای گەلانی دیکەی دانیشتووی ئێران باون. لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە بگوترێ کە «صادق هدایت» ئاماژەی بە هێندێک خورافە کردووە کە دەڵێ ئەوانە لە نێو خەڵکی ئازەربایجاندا باون. بەوپێیەش کە چەند ناوچەیەکی کوردستان بەگوێرەی سیستمی دابەشکردنی ئیداری لە لایە ن حکوومەتی ئێرانەوە کەوتوونەتە ناوچەی ئازەربایجان و هەروەها لە بەراوردکردنیشدا بۆم دەرکەوت کە ئەو خورافاتانە لای کوردەکانیش باون. بۆیە دەکرێ بڵێین ڕەنگە ئەو خورافاتانە تایبەت بەهی کوردەکان بووبن و بەپێچەوانە لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا باونەبن.

**دووهەم:** وا هەڵدەکەوێ خورافە و دابونەریتی خورافی لە ناوچەیەکی کوردستانەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاواز بێ، بۆنموونە دەتوانین دەیان خورافەی ئەوتۆ ناوبەرین کە لە خوارووترین ناوچەکانی کوردستان واتە لە کرماشان و دەوروبەردا باون و زیاتر بەهۆی مەزهەبی شیعەوە هاتوونەتە نێو خەڵکی کە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا باو نەبن. بۆیە خورافەی وا لەم نووسراوەیەدا وەبەرچاوی خوێنەرەوە دەکەوێ کە ڕەنگە بۆی نامۆ بێ یان نەیبیستبێ. پێویستی بە وەبیرهێنانەوەیە کە مەزهەب بۆ خۆی لە هێنان و پاراستنی خورافەدا لەلای هەر نەتەوەیەک بێ، نەخشی سەرەکی گێڕاوە.

**سێهەم:** بۆ بەراوردکردنی سەرچاوەکان پرس و ڕام بە هێندێک ژن و پیاوی بەساڵداچوو کردووە و کەڵکی زۆرم لێوەرگرتوون. لێرەدا جێی خۆیەتی، زۆر سپاسی برای بەڕێزم کاک حامیدی درودی بکەم کە لە ئامادەکردنی ئەم باسەدا هەم یارمەتییەکی زۆری دام و هەم هێندێک سەرچاوەی باشی لەبەر دەست نام.

## خەون

ـ هەر ژنێک لە خەوندا گەوهەری بدەنێ، کچی دەبێ.

ـ هەر ژنێک لە خەونیدا سێوی بدەنێ، کوڕی دەبێ.

ـ هەر کەسێک لە خەونیدا ددانی بکەوێ، مردووی لێدەمرێ.

ـ لە خەوندا، ئاو ڕووناکایی یە.

ـ لە خەوندا، ئەگەر ژنێک پرچی درێژ بێ، ئەوە تووشی خەم دەبێ و بەپێچەوانەش ئەگەر پرچی کورت ببێتەوە، خەمی دەڕەوێتەوە.

ـ ئەگەر لە خەوندا کەوشت لێبدرێ یان لێت ون ببێ، تووشی تەنگانە نابی.

ـ لە خەوندا ئەگەرکچ یان ژنی بێ مێرد سەرپۆش لەسەر بکا، مێرد دەکات.

ـ ئەگەر هاتوو لە لای منداڵە هەتیوێک شت بخۆی و بەشی نەدەی، لە خەوندا مارێکی حەوت سەرت دێتە ڕێ.

ـ شەوانە لە کاتی خەوتندا، ئەگەر گۆرەوی لە بن سەرت بنێی، خەوت لێتێکدەچێ وخەونی ناخۆش دەبینی.[1]

ـ هەرکەس لە خەونیدا مردوو ببینێ تەمەنی درێژ دەبێ.[2]

ـ شەو پانتۆڵ لە ژوور سەرتەوە بێ و خەونی ناخۆش ببینی، مانا تەواو تەعبیر ناکرێ.[3]

ـ ژنی دووگیان لە خەونیدا خەنجەری بێتە خەوێ کوڕی دەبێ.[4]

ـ مردوو لە خەوندا شتێک بدا، نیشانەی تەمەن درێژی یە و کەسێکیش لێی وەربگرێ بە نیشانەیەکی خراپ دەژمێردرێ.[5]

ـ ماچکردن لە خەوندا، دووری و غەریبایەتی دێنێ.[6]

ـ لە خەوندا لەشت وە شتی پیس بکەوێ رزقت زیاد دەبێ.

ـ لە خەوندا، لە هەوراز وەسەرکەوتن، نیشانەی باش بەرەوپێشچوونی کارەکانی مرۆڤە.[7]

ـ بینینی گا و گوێلک لە خەوندا، دوژمنایەتی دێنێ.[8]

ـ لە خەوندا، مانگ ببیندرێ نیشانەی هەواڵی خۆشە.[9]

- خەون دیتن بە کوڕەوە خەبەرە.
- خەون دیتن بە کچەوە دنیایە.
- لە خەوندا، گۆشت بخۆی، کەست لێ دەمرێ.
- لە خەوندا مارت بێتە سەر ڕێ گەنج دەبینییەوە.
- هێلکە لە خەوندا، زیادبوونی سەروەت و سامانە.
- شەڕ لە خەوندا ئاشتی و ئاشتیش لە خەوندا شەڕ و هەرایە.
- لافاو و ئاوی لێل لە خەوندا، خەم و خەفەتە و پێچەوانەکەشی ڕووناکایی یە.
- وردەپوول(قەرەپوول) لە خەوندا خراپە و ئیسکەناس باشە.

## مردن

- شەوانی هەینی لەبەر ئەوەی مردووەکان دەگەڕێنەوە مالێ، دەبێ چرای زۆر هەلبکرێ وخواردنی خۆش لێبندرێ. هەروەها ئەندامانی بنەمالە دەبێ ڕووخۆش بن و باسی مردووەکان بە خراپە نەکەن و کە باسیشیان کرا هەر باسی عێزەت و چاکەیان بکرێ.١٠
- هەر کەس لە ئاسماندا ئەستێرەیەکی هەیە و کە مردیش ئەستێرەکەی دەکەوێ.١١
- تازە مردوو نابێ لە شەودا، بە تەنیا جێبهێلرێ و دەبێ لە ژوور سەری چرا هەلبکرێ.
- لە شەوان یان ڕۆژانی هەینی بۆ خێری مردووان کولیچە و نانساجی ببەخشرێتەوە باشە.
- دەلێن بۆیە چاو و چەنەی مردوو دەبەستن، چونکە پێی خۆش نییە دنیا بەجێبهێلێ.١٢
- دەلێن کە مردوو چاوی کرابێتەوە، بە تەمای دیتنی کەسێکی نزیکی خۆیەتی.
- کە مردوو بزەی لەسەرلێو بوو، بەهەشتی یە و ئەگەر سەروبێچمیشی تووڕە وتۆسن دیاربوو، ئەوە تاوانبار وجەهەنەمی یە.١٣
- دارتەرمی مردوو لە کاتی بردن بۆ سەر قەبران کە سووک بوو نیشانەی ئەوەیە کابرا پیاوچاک بووە.١٤
- مندالی کەمتر لە حەوت سال کە مرد یەکراست دەچێتە بەهەشت.١٥
- مندال کە بمرێ دەبێتە پەپوولەی بەهەشتێ.
- مردووی ژن پاش ئەوەی لە قەبریان نا، دەبێ کەسێک لە خزمەنزیک و مەحرەمەکانی ڕووی ئاوەلە بکا.١٦
- ئاوپڕژێنی سەر قەبری مردوو، ڕوحی تازەدەکاتەوە.١٧

## ژنی دووگیان(زگپڕ)

ژنی دووگیان لە شەودا ئاوی کولیو بڕژێ یان ئەگەر هاتوو ڕشتی دەبێ بیسمیللا بکات بۆ ئەوەی جندۆکە دەستی لێنەوەشێن.

- ژنی دووگیان بە تاریکە شەو نابێ بچێتەدەرێ، چونکە جندۆکە دەستی لێدەوەشێن.
- کە ژنی دووگیان چاو لە کەسێک بکا و لە هەمان کاتدا مندالەکەی لە زگیدا بجوولێتەوە، یان ڕووبەوکەسە بجوولێتەوە، سەروبێچمی مندالەکەی هەروەک ئەو کەسە دەبێت.١٨
- ئەگەر ژنی دووگیان خواردن لە کەسێک وەربگرێ، مندالەکەی هەر وەکوو ئەو کەسە دەبێ، هەربۆیە دەلێن نابێ ژنی دووگیان لە کەسانی بێگانە و نەناسراو، خواردن وەربگرێ.١٩
- کە ژنی دووگیان پەلە و خالی زۆری لە سەر دەموچاوی بکەوێ، کچی دەبێ.٢٠

ژنی دووگیان ئەگەر دەرزیلە ببینێتەوە، مندالەی کچ دەبێ و کە دەرزی دورمانی دیتەوە مندالەکەی کوڕ دەبێ.٢١

- کە چێشتی خۆش لێ دەنرێ، دەبێ بەشی ژنی دووگیانی لێبدرێ تا مشکلۆزمەی مندالەکەی نەبێ.٢٢
- ژنی دووگیان کە توانی کاری زۆر بکا و ڕێگای درێژ ببڕێ، مندالەکەی کوڕ دەبێ و ئەگەریش هەر بخوا و بخەوێ ئەوا مندالەکەی کچ دەبێ. هەروەها ئەگەر سەر گۆی مەمکی ژن سوور بوو ئەوە کوڕی دەبێ و پێچەوانەکەشی کچ.٢٣
- ئەو ژوورەی کە ژنی لێدەزێ نابێ ڕێگە بدرێ ژنی مندال لەبەرچوو یان مندال مردوو بچێتەوێ.٢٤
- ئال جەرگی ژنی زەیستان دە نێو قەرتالەیەک دەنێ و دەیبا، بۆ ئەوەی کردەوەی ئال لە بەرانبەر ژنی تازەزاودا پووچەل بکەنەوە، ٣ یان ٥ دەنک پیواز دە نێو شووشەیەک دەنێن و لە قولینچکی ژووری ژنی زەیستان دایدەنێن. هەروەها دەلێن بوونی تفەنگ یان خەنجەر لە ژووری ژنی تازەزاو باشە.٢٥
- ئال ژنێکی دەست و لاق باریک وکزۆلەیە کە ڕەنگی دەموچاوی سوورە وکەپۆی لە قوڕ دروست کراوە.
- تا دە ڕۆژ دوای مندال بون، نابێ ژنی زەیستان بە تەنیا جێ بهێلدرێ، چونکە جندۆکە دەستی لێدەوەشێن.٢٦

## مندال

- کە مندالی ساوا نەخۆش کەوت و بە هیچ دەرمانێکی خۆمالی چارەسەر نەکرا، نیشانەی ئەوەیە جندۆکە دەستیان لێوەشاندووە، یان کەسێک دوعای خراپی لێکردووە، دەبێ ببرێتە لای دوعانووس و نوشتووی بۆ بکرێ.
- لانکی بەتال ڕاژەندرێ، مندال تووشی ژانەگوێ دەبێ.٢٧
- ئەو مندالەی بە حەوت مانگی بێتە دنیا، بە گەورەیی لە هەموو کارێک پەلەی دەکا.٢٨
- مندالی یەکەم کە پشتەقوونی شین بێ، مندالی دوای وی کوڕە.
- بۆ یەکەم جار کە مندال زمانی دەکرێتەوە، ئەگەر گوتی: بابە،

ئەوا منداڵی دوای وی کـوڕە، ئەگـەریش گـوتی: دایە، ئەوا منداڵی دوایە کچ دەبێ.

ـ منداڵی سەر بە ڕسق ئەو منداڵەیە کە پاش لەدایکبوونی وەزعی ئابووری بنەماڵە بەرەوباشبوون چووە.

ـ منداڵی سەرەخۆرە ئەو منداڵەیە کە بە زیندوویی لە دایک دەبێ ، بەڵام دایکەکەی دەمرێ.

ـ ئەو منداڵەی زۆر بگری، خراپەی بۆ بنەماڵەکەی بەدواوە دەبێ.

ـ منداڵی تازە لەدایکبوو تاکوو چلەی دەچێ، قورئانێکی لە پشت سەری دادەنێن، ئەگەر نا ، لەتکە نانێکی لە باتی دادەنێن.

ـ تا منداڵ حەوتووی دەچێ، چەقۆیەکی لە پشت سەری بێ باشە.

ـ تا منداڵ حـەوتووی نەچووە، نابێ بشـۆردرێ، چونکە خـراپە و لەسەری حەوت ڕۆژەشرا دەبێ ژنێکی بەتەمەنتر لە دایکی بیشوا.

ـ لە ڕۆژی یەکەمی منداڵبوونەوە، ژووری ژنی زاو ڕووناک دەکەن و تارۆژ چرای تێدا دادەگیرسێنن، هەروەها کە خەوت کێشکی لەسەر دەگرن و یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە لای دەمێنێتەوە و ناخەوێ.

ـ پاش حـەوت ڕۆژان و دوای ئەوەی بۆ یەکـەمـجـار منداڵ شـۆرا ، بەهۆی منداڵێکی مـەعسوومەوە، بە جامی « چل کلیل» حەوت جار ئاوی بەسەردا دەکەن و بەم شێوەیە حەوتووی لێدەردەکەن.[٢٩]

ـ حـەوتوو دەرکردن لە ژن: هەر ئەو کـارەی لە شـوشـتنی منداڵدا ئەنجـام دەدرێ، بۆ دایکیـشی دووپاتە دەکـەنەوە وحـەوتووی لێ دەردەکـەن. هەر لەو مـاڵەدا کـە دایک و منداڵەکـە دەشـۆن قـاپێک هەڵوا دروست دەکەن وهەر دایک لە حـەمـام هاتەدەر، هەڵواکـەی بۆ دەبەن ئەویش لە بن پارچەیەکەوە یان لە بن لێفەوە بۆنی پێوەدەکا و تۆزقـاڵێکیـشی لێ دەخوا و پاشـان لێی دەنوێ. دەبێ لەو هەڵوایە بەشی حەوت دەروجیرانیشی لێ بدرێ.

ـ ئەگەر ئاوەڵ منداڵ، لە چاڵێکدا بەباشی نەشاردرێتەوە و خۆڵی بەسەردا نەکرێ ئەوا منداڵەکە لە تەمـەنی دوو سێ مـانگیدا تووشی نەخۆشیی ڕشانەوە دەبێ.

ـ نێوکی بردراوی منداڵ کە ویشک بووەوە بوخۆی دەکەوێ، بەڵام نابێ فـڕێ بدرێ و دەبێ لە پەڕۆیەکـدا وەشـێـردرێ و لە بن سـەرینی منداڵەکە دابندرێ بۆئەوەی زووزوو نەگری وبەباشی خەوی لێبکەوێ.

ـ جل وبەرگی منداڵی یەکەم هەڵبگیرێ و لەبەر منداڵەکانی دوای وی بکردرێ باشـە ، دەبێ ئەم قـسـەیە لەوەڕا هاتبێ کـە دەڵێن:"جلی نۆبەرەت هەڵگرە بۆ نۆبەرەی خۆی.

ـ منداڵێک کە لە ڕۆژی جێژنی قورباندا لە دایک بێ حاجی یە ، هەربۆیە ناوی لێـدەنێن «حـاجی» . لە هێندێک ناوچەشدا ئەگـەر بە مانگی ڕەمەزان لە دایک بێ، ناوی «ڕەمەزان»ی لێدەنێن.

ـ کە منداڵ زۆر بگری بە گەورەیی دەنگی خۆش دەبێ.

ـ کە منداڵ بە خوڕبگری چاوی ڕەش وگەش دەبێ.

ـ منداڵ دەبێ لە کەسانی چاوپیس بشاردرێتەوە.[٣٠]

ـ منداڵێک کـە قـامکی گـەورەی خـۆی بمژێ، دەڵێن هاواڵی بە دوای خۆیدا دەوێ.

ـ منداڵی چووکە کە گەسک لێبدا، نیشانەی هاتنی میوانە.

ـ منداڵێک کە بە سەر ئاگردا بازبازێن بکا، ئەوا لە شەودا میز بە خۆی دادەکا.

ـ ئەگـــەر هاتوو منداڵێک لە دایک بوو و هەر لەو ڕۆژەشـــدا کەسێک لە خزمە نزیکەکانی منداڵەکە بمرێ دەڵێن ئەو منداڵە پێ و قەدەمی خێر نەبووە.[٣١]

ـ منداڵ ڕسقی لەگەڵ خۆی دێنێ، هەروەک دەڵێن: «خودا سـەر بدا ڕۆزیش دەدا» .

ـ ئەو منداڵەی ددانی سەرەوەی لە پێشدا بێتەدەرێ دەڵێن پێ و قەدەمی خێر نابێ و بنەماڵە تووشی کارەسات دەکا.

ـ کـە مـاڵێک کـچـیـان زۆر بوو، بۆ ئەوەی کـوڕێکیـان ببێ، نەزردەکەن، هاتوو نەزرەکەیان وەدی هات، تا حـەوت سـاڵان تووکی سەری کوڕەکەیان ناتاشن و هەرکە کوڕەکە پێی نایە تەمـەنی حەوت ساڵی سەری دەتاشن و هاوسەنگی مووی سـەری، زێڕی بۆ دەکڕن و بەسەر فەقیراندا دەیبەشنەوە.[٣٢]

## پەراوێزەکان

١، ٢و٣) نیرنگستان، صادق هدایت، ل٤٨.

٤) ــــ ، ل١٣٩. ئەم خورافەیە لەگەڵ بیر وڕای «فرۆید» لە سەر لێکدانەوەی خەون یەکدەگرێتەوە.

٥، ٦، ٧، ٨و٩) ــــ ، ل٤٨.

١٠) صادق هدایت ئەم خورافەی بە شێوەیەکی نەختێک جیاواز هێناوەتەوە.بڕوانە: ل٤٩ی هەمان سەرچاوە.

١١و١٢) ــــ ، ل ٤٩.

١٣، ١٤، ١٥ و١٦) ــــ ، ل٥٠.

١٧) ــــ ، ل١٣٩.

١٨و١٩) ــــ ، ل٢٥.

٢٠و٢١) ــــ ، ل٢٦. لە زۆربەی هەرەزۆری خورافەکانی ئەم بەشەدا، ناعەداڵەتییەکی زۆر و نەک هەر پێشێل کردنی مافی ژن، بەڵکوو هەر بە ئینسان نەزانینی ژن زۆر زەق و بەرچاوە. بەڕاستی مرۆڤ دەبێ بیر لەوەی بکاتەوە کە چۆن ژنی کورد توانیویەتی بەرگەی ئەو هەموو زوڵم و ستەمە بگرێ کە لەلایەن پیاوی کوردەوە پێی ڕەوا بینراوە.

٢٢) ــــ ، ل٢٥.

٢٣) ــــ ، ل٢٦.

٢٤و٢٥) ــــ ، ل٢٧.

٢٦) ــــ ، ل١٣٤.

٢٧و٢٨) ــــ ، ل١٣٥.

٢٩) ئەمە زۆرتر لای کوردە شێعەکانی خوارووی کوردستانی ڕۆژهەڵات باوە.

جامی چل کلیل: قاپێکی بچووکە کە دەوروبەرەکەی ئایەتی قورئانی لێ نوسراوە و چەند کلیلی پێوە هەڵواسراوە.

٣٠و٣١) نیرنگستان...ل٣٠.

٣٢) لای کوردە شیعەکان، زێڕی هاوسەنگی تووکی سەری منداڵی حەوت ساڵانە، باربووی ئیمامزادەکان دەکرێ. بڕوانە: نیرنگستان... ل٣٣.

*****

ڕانانی کتێب:

س.ج هێرش

## «لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ»

**دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥-١٩٧٨»**

**نەوشیروان مستەفا ئەمین**

چاپ و بڵاوکردنەوە:

Postfach 210231, 10502, Berlin - Germany

ئەو ڕۆژانە کتێبی *«لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥-١٩٧٨»* بەرهەمی نووسەری دەستڕەنگینی کورد کاک **«نەوشیروان مستەفا ئەمین»**، بە بەرگێکی جوان و ڕازاوەکەوتە بازاڕەوە و ڕووخساری کتێبخانەی کوردی پێ گەشایەوە. کاک نەوشیروان پێشتریش دوو کتێبی بایەخداری مێژوویی وەک: «کورد و عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئیران» و «حکومەتی کوردستان، ڕیبەندانی ١٣٢٤ ــ سەرماوەزی١٣٢٥، کورد لە گەمەی سۆڤیێتی دا» نووسیوە و پێشکێشی کتێبخانەی کوردی کردووە کە تا ڕادەیەکی بەرچاو جێی ڕەزامەندی بوون و کەلێنێکی بەتاڵیان لە کتێبخانەی کوردی پڕ کردووەتەوە.

کتێبی *«لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ...»* ٤٤٢ لاپەڕەی مام ناوەنجییە کە نزیکەی ٨٠ لاپەڕەیێک لە سەرجەمی کتێبەکە بۆ بەڵگە و دیکۆمێنت تەرخان کراوە و هەروەها نەخشە(خەریتە) یێکی جۆغرافیایی و وێنەییێکیشی تێدا هێنراوەتەوە کە ئەگەر نەشبووبا، چی وای لە نرخی کتێبەکە کەم نەدەکردەوە. هەروەک نووسەر، لە پێشەکی کتێبەکەیدا نیشارەی پێکردووە ئەو کتێبە ئاڵقەی یەکەمی زنجیرەییێکی پێنج ئاڵقەیی یە، کە چیرۆکەکانی دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٦ی کوردستانی عێراق دەگێڕێتەوە و هیوادارم خۆی گوتەنی، خوای گەورە دەست بە عومر و باڵییەوە بگرێ و، بە ڕێنووسێکی جوان و یەکدەست و یەکگرتوو، بەشەکانی دیکەش یەک لەدوای یەک بڵاو بکاتەوە و کتێبخانەی کوردی پێ بڕازێتەوە. جێی خۆیەتی ئەوەش بگوترێ کە لەبەر چاونەگرتنی ڕێنووسێکی یەکدەست و هەروەها بێ پێزیی چڕێشی کتێبەکە و پەڕپەڕبوونی لاپەڕەکان لە کاتی هەڵدانەوەیان، دیارە سووچی نووسەری تێدا نییە، بەڵام دەکرێ لە تایپ و مونتاژی ئاڵقەکانی دیکەدا ئەو خاڵانە لەبەر چاو بگیرێن و کەموکوڕییەکان تێهەڵێندرێنەوە.

دیارە لێرەدا سەبارەت بە نێوەرۆک و شێوازی نووسینی *«لە کەناری دانوبەوە...»*، جگە لە دەستنیشانکردنی چەند خاڵێکی گشتی، نە ئەو دەرفەتە هەیە کە کتێبەکە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە شیبکرێتەوە و، نە نووسەری ئەو دێڕانەش خۆی لە جەرگەی ڕووداوەکاندا بووە تا بە وردی پێیاندابێتەوە و هەڵە و ناهەڵەکانی دەستنیشان بکا. بەڵام شایانی گوتنە کە ئەو کتێبە سەرەڕای کەموکوڕی لە باری میتۆدۆلۆژی و کرۆنۆلۆژییەوە (کە خۆی سەرجەمی کتێبە بیرەوەرییەکانی کوردی دەگرێتەوە)، پڕە لە زانیاریی بە کەڵکی مێژوویی وکۆمەڵایەتی و لانیکەم دەرخەری گەلێک لە ڕاز و ڕەمز و نهێنییەکانی سەردەمێکی دیاریکراوە کە ئەگەر نەبێژرابان و نەنووسرابان لەوانەبوو بووبانە گرێپووچکەی مێژوویی و بەکەس نەکرابانەوە...

شتێکی زۆر گرینگ کە هەق نییە پیاو چاوی لێ بپۆشێ، قەڵەمی بەبڕشت و زمانی پاراوی نووسەرە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بابەتەکان و باسەکان بە شێوەی پچڕپچڕ پێشکێش کراون (کە خۆی گوتەنی شێوەیێکی ئامال ڕیپۆرتاژییە)، خوێنەرەوە لە هیچکام لە بەشەکاندا هەست بە وەڕەزیی ناکا و لەگەڵ خوێندنەوەی هەربەشێک فرە زانیاریی باش و بەنرخ لە هەموو بوارەکاندا چ مێژوویی و سیاسی، چ کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی بەدەست دێنێ؛ بەتایبەت ناساندن و شیکردنەوەی گەلێک وشەی پەتی و واژەرۆک و زاراوەی جۆراوجۆری کوردەواری شایانی سەرنجن. بۆیە نووسینی کتێبیکی ئاوا بەتام و شیرین، هەم جێی ڕێزلێنانە و هەم جێی دەستخۆشانەیە.

هەروەک دەزانین لەوساڵانەی دواییدا، لە نێو کۆڕوکۆمەڵی کوردەواریشدا، بیرەوەری وێژی و خاترەنووسیی گشتی(memoirs) کە بەشێکە لە فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەیی، شوێنێکی بەرچاوی بۆ خۆی تەرخان کردووە و گەلێک لە کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکان دەستیان داوەتە قەڵەم و خاترە و بیروەرییەکانی خۆیان بە تایبەت لە بواری سیاسییەوە نووسیوەتەوە و دیارە بەشێکیان لەوبارەوە خزمەتێکی بەرچاویان لە خۆیان نیشان داوە و بەشێکی زۆریشیان زەحمەت بە خەسارچوون. هەڵبەت ئەوەی لەوبارەوە جێی داخە لەبەرچاونەگرتنی شێوە ومێتۆدێکی تایبەتە بۆ نووسینی بیروەرییەکان بە گشتی کە ئەویش خۆی تاڕادەییێک دەکەوێتە ژێر کارتێکەریی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی ژیانی سیاسی نووسەرانی خاترەنووس. ئەوەی تا ئێستا لە خاترەنووسیی گشتی کوردیدا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە دیاردەی ڕۆژنامەوێژیی/ڕۆژانەنووسیی(diary)و ڕووداونووسیی(chronicle) یە لە سەر ئەساسی کرۆنۆلۆژی(chronology). شتێکی ئاشکرایە کە ئەو ڕووداوانەی کە لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن، ئەگەر وەک خۆیان نەنووسرێنەوە، لە دوارۆژدا یان لە لایەن نووسەری بیرەوەرییەکان تووشی شوێنەونکەی زەینیی دەکرێن یان تۆزی فەرامۆشیان بەسەردادێ و بەمجۆرە بەشێکی زۆر لە ڕاستییەکان کوێردەبنەوە

هەرچەند هیچکام لە جۆرەکانی خاترەنووسیی گشتی، شکڵێکی قانوونی و چوارچێوەییێکی لۆژیکی و فۆڕمێکی ئەدەبی بە خۆوە ناگرن؛ بەڵام بە گوێرەی نێوەرۆک و بابەتی تەواوی ئەو بیرەوەرییانەی تا ئێستا نووسراون، دەکرێ بە چەند لقی جۆراوجۆر وەک: ڕۆژنامەوێژیی / ڕۆژانەنووسیی(diary)، ڕووداونووسیی(chronicle)، ←

خاترەنووسیی(memoirs) و ژیـانــنــامـــــە/ژیـانـی خـــۆ نووسیی(autobiography) ئاماژە بکرێ. ئێمە لێرەدا لە شیکردنەوەی هەرکام لەو بەشانە خۆ دەبوێرین و تەنیا ئەوەندە دەڵێین بۆ ئەوەی نێوەرۆک و کاکڵی ئەو بیرەوەرییانەی دەنووسرێن ببێتە پێوانەیێکی باوەڕپێکراو بۆ کاری مێژوونووسیی، نووسەرانی خاترە نووس پێویستە ئەو دابەشکردنەی سەرەوە لەبەر چاو بگرن؛ دەنا کارەکەیان لە ڕادەی خاترەنووسیی ئاسایی کە زیاتر پەنا بۆ زانیارییەکانی زەینی دەبردرێ، دەمێنێتەوە و کەڵکێکی وای بۆ بەرەی دوارۆژ نابێ. بۆیە زۆربەی ئەوانەی بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە، یان بە چاوی ئەورۆ سەیری دوێنێی ڕووداوەکانیان کردووە یان تووشی شوێنەونکەی زەینیی بوون و ئامانجەکانیان نەپێکاوە. ڕاستە کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیاردەی خاترەنووسیی، تێپەڕبوونی زەمان و مەودای ڕووداوەکانە، بەڵام ئەگەر ئەو دیاردەیە بە هۆی بەڵگە و لەسەر بنەمـای ڕۆژانەنـووسیی و ڕووداونووسییـەوە بکرێ، نەتەنیـا کـارێکی سەرکەوتوو دەبێ بەڵکوو دەچێتە نێو چوارچێوەی کارێکی زانستیشەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا، ئەگەر کتێبەکەی کاک نەوشیروان بەو پێوانەیە هەڵسەنگێنین، ڕاستە لەگەڵ هیچکام لەو لقە سەربەخۆیانەی سەرەوە یەک ناگرێتەوە کە زیاتر تێکەڵاوێکە لە ئاوێتەی هەموو لقەکان، بەڵام بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو کتێبە بیرەوەرییانەی تا ئێستا نووسراون کتێبێکی بێ وێنەیە. دیارە مەبەست لە یەکنەگرتنەوەی کتێبەکە لەگەڵ ئەو دابەشکردنەی سەرەوە تەنیا لە باری نێوەرۆک و شێوازەوەیە کە بە تێکڕایی چەند دیاردەی وەک: چاو، ڕووداو، زەین و گێـڕانەوە دەور دەبینن. یانی ئەگەر لە خاترەنووسیدا چاو و بینین بەسەر گوێ و بیستندا زاڵ بێ، یان لایەنی کرۆنۆلۆژیی ڕووداوەکان بەهێزتربێ، ئەوا کارەکە سەرکەوتووتر دەبێ. هەرچەند *«لە کەناری دانوبەوە...»* لە زۆر شوێن دیاردەی گوێ و بیستن دەور دەبینێ، بەڵام نووسەر زمانی گێڕانەوەی بەتایبەت لە باری سەداقەت و ئەمانەتەوە ئەوەندە کاربڕە کە خوێنەرەوە کەمتر تووشی گومان و دڕدۆنگی دەکا.

خـاڵێکی دیکەی گـرینگ ئەوەیە کە کـاک نەوشـیروان لە پێشـەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: "**ڕوداوەکانم لە ڕوانگەی خۆمەوە بە شێوەی «ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەوان» نوسیوەتەوە**"، لە حـاڵێکدا بەشـێکی زۆر لە نێـوەرۆکی کـتێبـەکە، سەیر و تێڕوانینەوەی دوێنێی ڕووداوەکـانە بە چاوی ئەورۆ. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە واژەڕۆکی «ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەوان» هەڵەیە و دەبوو«ڕیپـۆرتاجی ڕۆژنامـەوانیی» ، یـان «ڕیپـۆرتـاجی ڕۆژنامــەیی» بەکارهێنابا. لە باری شێوەی کاریشەوە، هەروەک ئاشکرایە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی «ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەیی» ئەوەیە کە واقیعی ڕووداوەکان وەک خۆیان بنوسرێنەوە و نووسەر یان ڕیپۆرتێر بە مەیل و ویستی خۆی واقیعی ڕووداوەکان نەگۆڕێ؛ ئەگەرچی ڕیپۆرتێر یان ڕۆژنامەوان، بۆی هەیە دوای هێنانەوە و دەستنیشانکردنی فاکت و بەڵگەی پێوەندیدار، بیروبۆچوون و لێکدانەوە و شیکردنەوەی خۆی هەبێ. هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە بڵێین کە کاک نەوشیروان بە مەیلی خۆی ڕووداوەکانی گۆڕیوە و پاشان بۆ ئامانجێکی تایبەت نەتیجەی لێوەرگرتوون؛ بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە کتێبەکە بەپێچەوانەی قسەی خۆی، ناچێتە نێو چوارچێوەی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەگەرییەوە و بەتایبەت لە کاتی نووسینی کتێبەکەشدا ئەو


لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ
دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق
١٩٧٥ - ١٩٧٨

نەوشیروان مستەفا ئەمین

خودایا! بەسە ئیتر لایەری دەیجووری ئیحتیحلال
تلوعی پێ بکە خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستیقلال
لەگەڵ خولیای هیجرندا بەسەرچوو عومری شیرینم
دەسا تۆزێ ویصالە، ئاخ ...
ئەی ئومێدی ئیستیقلالە
(م. نووری ١٩٢٢)

بەڵگە و دیکۆمێنتانەی کە لەوبارەوە بوویەتی، لە لای نەبوون. بەکورتی، ئەگـەر لە هێندێک لایەنی شـوێنەونکەی مـەرامییی( کـە زۆربەی خاترەنووسەکان تووشی دەبن ) ، یان لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان بە پێوانە و بیـروبۆچوونی ئەورۆیی نووسەر، چاو بپۆشین کـتێبەکە بە تێکڕایی بە چاوێکی ورد و قـەڵەمـێکی سـەرنجـدەرانە نـووسـراوە و سـەرەڕای ڕوونکردنەوەی گەلێک پێچ وخەمی مێژوویی و سیاسی، زۆر بابەتی بەکـەڵـک و زانیــاریی بەنرخی وەک: دیاردەی جـوغـرافـیــایی، ئاژەڵداریی(گـا) ، ڕاوەکەو، دابونەریتی مەرداریی ، ژن بەژنە و... تێدا تۆمارکراوە.

ئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەرەوە ڕادەکێشێ ئەوەیە کە کاک نەوشیروان، بە پێچەوانەی زۆربەی خـاترەنووسەکـان کـەمـتر خـۆی وەک«قارەمـانی دیوقران» نیـشـان داوە و ئەوەیکە لە پێشـەکی کـتێـبەکـەیدا بوێرانە ڕایگەیاندووە کە «**بێگومـان من لە نووسینەکەم دا ناتوانم بێلایەن بم، چونکە خۆم لە کیشەکاندا لایەن بوم، بویە لە باتی ئەوەی خوینەر ڕەخنەی بێلایەن نەبونم لی بگری، باشـترە داوا لە کـەسـانی پەیوەندیدار بکا ئەوانیش بیرەوەرییـەکانی خۆیان لە باری سەرنجی خویانەوە بنوسنەوە»** ، ئەوەش خـۆی هەڵوێسـتێکی بە جـێیـە و داوایێکی ئەوتۆ، دەتوانێ بەشێکی زۆر لە نهێنییەکانی ئەو سەردەمە ئاڵۆزە بۆ بەرەی داهاتوو ڕوون بکاتەوە.

لە کۆتاییدا وێڕای ئاواتەخوازی تەمەن درێژی و سەرکەوتوویی زیاتر بۆ نووسەری ڕێزدار کاک نەوشیروان، پێویستە ئەو خاڵە گرینگەشی وەبیر بخرێتـەوە کـە ئەو کـەلوپەلانەی تێکەڵاوی «**ئارشیفە دەولەمەندەکەی مامجەلال**»ی کردووە (وابزانم هەر دەبێ لە کوردستان بن) ، تا زووە بۆ لای خـۆیـانی ڕابگـوێزێتـەوە، چونکـە لەو بێنەوبەرە و بـگر و هـەڵلایـەی کوردستـاندا( کە ڕەحم بە منداڵی سەر لانکێ و ژنی زگپڕ ناکرێ) ، کێ دەزانێ چیان بەسەر دێ و چۆن سەریان تێدا دەچێ؟ ■

ڕانانی کتێب:

**حەسەنی قازی**

## سیاسەتی دەوڵەتیی لەمەڕ زمانی کوردی و مافی زمانیی




ئەم نووسراوەیەی دوکتور ئەمیری حەسەنپوور، بەندێکی کاری لێکۆڵینەوەی دەیان ساڵەی وی، لە سەر بارودۆخی زمانی کوردی یە و لە کتێبە بە نرخەکەی «ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستان، ١٩١٨-١٩٨٥» لە ساڵی ١٩٩٢دا بلاوبووەتەوە؛ لەلایەن تێکۆشەری کورد کاک«جەمیل گوێندۆغان» لە ساڵی ١٩٩٣ لە زیندانی غازیان تەپ دا وەرگێردراوەتە سەر زمانی تورکی و پێشتر لە کاتی زیندانی بوونی وەرگێڕ لە ڕۆژنامەی «نوزگویر پۆلیتیکا» و ئەمساڵ لەلایەن بنکەی چاپەمەنی ئاوێستا لە ئەستەمبووڵ بلاوکراوەتەوە.


کاک جەمیل دوای دوازدە ساڵ زیندانی بوون، پارەکە(ساڵی ١٩٩٦) لەزیندان بەربوو و بۆ گەیشتنەوە بە هاوسەری ژیانی ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژی.

ئەو، ئێستا لە سەر وەرگێرانی بەشەکانی دیکەی ئەو کارە بەنرخەی هاوکارمان کاردەکا. بۆ وەرگرتنی ئیجازەی چاپی ئەو بەشە لە کتێبەکەی مامۆستا ئەمیر کە پێشتر لە گۆڤاری ئینگلیزی زمانی Kurdish Times لە ساڵی ١٩٩١دا بلاوکرابووەوە. کاک جەمیل لە زیندانەوە بە ڕێگای هاوسەرەکەیەوە پێوەندی بە نووسەرەوە گرتبوو.

داستانی چلۆنایەتی وەرگێران، بلاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیەی سەرەوە، گۆشەیەکە لە حەماسەی ژیانی:

**«ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە».**

## ڕاز




ڕۆمانی «ڕاز» بە قەڵەمی توانای کاک خوسرەو جاف لە ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن «دارالحریه للطباعه» لە بەغدا ـ عێراق چاپ و بلاوکراوەتەوە.

کاک خوسرەو نووسەرێکی کارلێهاتوو و بە توانایە و تا ئێستا ٦ ڕۆمانی بلاوکراوەتەوە لەوانە: «کۆڕەدەرە» و «کێ پاشای کوشت».

«ڕاز» بەسەرهاتی دەستەیەکی دێرینەناسی لاوەیی و هاوکارێکی کوردیانە کە بۆ توێژینەوەی زیادتری ئاسەواری دێرینە و ساخکردنەوەی هێندێک دیمانەی مێژوویی لە جەنگەی شۆڕشی ئێران و ڕووخانی ڕێژیی پاشایەتیدا دەچنە ئێران. ئەم لێکۆڵەرەوانە، هەر لە کاتی گەیشتنیان بە فرۆکەخانەی تاران لەگەڵ کارشکێنی و سووکایەتی پێکردنی کاربەدەستانی تازەکووره بەرەوڕوودەبن و بە هەزارحاڵ خۆیان دەگەیێننە پێرسپۆلیس و لەوێ بە خوێندنەوەی کەتیبەکان بۆ «هەڵهێنانی» ڕاز ڕێیان بەرەو«داڵەهوو»دەردەکەن. لەم ناوچەیەی کوردستاندا کە لە بەر دەست هێزی ئۆپۆزیسیۆن دایە لەگەڵ فەرماندەیەکی پارتیزان ناسیاوی پەیدا دەکەن و دوایە بۆ هەڵهێنانی ڕاز بە کون و کەلەبەری ئەشکەوتاندا، دەچنەوە زەمانی کۆن و بۆیان دەردەکەوێ «ڕاز»ەکان هەر یەک و دوو نین و کاری دۆزینەوەی ڕاستی دەبێ بەردەوام بێ:

نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەدا دەڵێ: «تا من و تۆی دوا هەناسەی سەدەی بیستەم تۆمارەکانی مێژوو پڕە لە ڕاست ودرۆ و هەڵە،زۆر نارەزایی تیادا[ تێدا] بە ڕەوا و، زۆر ڕاستی بە ناڕەوا تیاکراوە. ئێمەی کوردیش لەم زەوارە چەندین هەزار ساڵەدا وەک جانەوەرێکی برینداری دەریایی، ماسی گەورە و بچووکمان زۆر بە سەرەوە ژیاوە.

سەیر لەوەدایە بەم هەموو پچڕ پچڕەشەوە یەشتا هەر ماوین».

ئێمە بە کاک خوسرەو دەستخۆشانە دەڵێین و لە ژیان و بەردەوامی کاری نووسین و هونەریدا داوای سەرکەوتنی زیادتری بۆ دەکەین.

# GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture.*



**Editor**:
Solaiman Chireh

**Editorial Board**:
Hashem Ahmadzadeh (Sweden)
Hassan Ghazi (Sweden)
Amir Hassanpour (Canada)
Abbas Vali (U.K.)

**Associate:**
Ali Karimi (U.K.)



**Address:**
GZING
Box: 327
824 41 Hudiksvall - Sweden

**Fax**: +46-650-94029
**E-mail**: chireh.solaiman@hudiksvall.mail.telia.com.
**Postgiro**: 443 5022-1



No. 16 Summer 1997. Published in Sweden ISSN 1104-3473

GZING
*Journal of Kurdish Politics and Culture.*
No.16, July 1997

**«کتێبی ئەرزان» ئامادەیە بەرهەمەکانی ئێوە بە نرخێکی باش و گونجاو بەچاپ بگەیێنێ.**

ئاگـــــــــاداریی

نووسەران و مامۆستایانی بەڕێزی زمانی کوردی!

«**کتێبی ئەرزان**»لە حەولی ئەوەدایە کۆکراوەییێکی تەواو و گونجاو سەبارەت بە **قامووسی وشەی کوردی**، **ڕێزمانی کوردی**، **قامووسی ئینگلیسی ـ کوردی** و هەروەها کتێبگەلی فێربوونی بناغەیی **زمانی کوردی** بۆ دەورەی سەرەتایی و ناوەندی، چاپ و بڵاوبکاتەوە...

بەم بۆنەوە لە تەواوی شارەزایان وکۆمەڵی ئەهلی قەڵەم داوادەکرێ، هەر بەرهەم و نووسراوە و پێشنووسێکیان لەوبارەوە لە دەستدا هەیە، نوسخەییێکی بۆ «کتێبی ئەرزان» ڕەوانە بکەن تا بڕیاری چاپ وبڵاوکردنەوەی لەسەر بدرێ. دیارە سەبارەت بە بڕیاردان و وەڵامدانەوەی پێشنیارەکان، خاوەنی نوسخەکان به نامە ئاگادار دەکرێنەوە. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە بەرهەم و نووسراوە ناردراوەکان، وەک ئەمانەت لە لای ئێمە دەپارێزرێن. بە هیوای بەشداری چالاکانەی ئێوە و گەشەکەردنی زیاتری فەرهەنگ و زمان و وشەی کوردی.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز: «کتێبی ئەرزان»

**ئەدرێس:**

Kitab-i-Arzan
Barnarps g 31
553 16 Jönköping
SWDEn

**فاکس و تەلەفۆن:**

Fax:(+46)-36-710999
Tel:(+46)-36-710999
Mobil:070-4926924

**کاری تایپ وچاپەمەنی، بە نرخێکی باش و زووترین کات، لە کتێبی ئەرزان**